# دەسەڵات و ئازادی

## رامین جەهانبەگلوو

# دەسەڵات و ئازادی

## وەرگێڕانی
## عەتا جەمالی




**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی**
**سەلاحەددین و دەزگای موکریانی**

**٣**

ناوی کتێب: **دەسەڵات و ئازادی**

نووسینی: **رامین جەهانبەگلوو**

وەرگێڕانی: **عەتا جەماڵی**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **رێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **دلێر سادق (دەزگای موکریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال رواندزی**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

ژمارەی سپاردن: **(٩٢٧)**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەکەم: **(٢٠٠٩)**

نرخ: **(٢٥٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**

## ناوەڕۆك

پێشەکیی وەرگێڕ........................................ ٧
وتەیەك بۆ خوێنەر ........................................ ١٠
فەلسەفەی سیاسی چییە ........................................ ١١
توماس هۆبز ........................................ ٣٥
جان لاك ........................................ ٥٥
بارۆخ ئیسپینۆزا ........................................ ٧٩
"ژان ژاك رۆسۆ" ........................................ ٨٩
ڤۆڵتێر و چاخی رۆشنگەری ........................................ ١٠٧
بارۆن دۆ مۆنتسکیۆ ........................................ ١١٧
ئیدمۆند بۆرك ........................................ ١٣٧
ئیمانوێل کانت ........................................ ١٥٥
گیۆرگ ویلهۆڵم فریدریش هیگڵ ........................................ ١٧٩
کارل مارکس ........................................ ٢٠٣
ئەلێکسی دۆتۆکڤیڵ ........................................ ٢١٧
بێنیامین کۆنتسانت ........................................ ٢٢٩
جۆن ستیوارت میل ........................................ ٢٣٩

**پێشەکیی وەرگێڕ:**

زەروورەتی بیرکردنەوە لە سیاسەت و هەنگاو نان بەرەو پانتایەکی هزری بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەی رووداوە سیاسییەکان و خوێندنەوەی مەبەستداری رەوتی هزری سیاسی، رەنگە هەوڵێکی بنچینەیی بێت بۆ دامەزراندنی سیاسەتێکی خۆجێیی و بیرلێکراوە. بەدانانی بەو راستییەدا کە هەموو گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستان تا ئێستا بەرهەمی گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانن و حوزووری سیاسیی کورد نەك لە پانتای نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا بەڵکو لە ئاستی ناوخۆییشدا حوزوورێکی نەزۆکە، کە ئەوەش خۆی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هزری سیاسی و زاڵبوونی سیاسەتی پراکتیکی و بەبێ پشتیوانیی تیۆری بەسەر هزری سیاسیدا.

گەڕانەوە بۆ سەرەتای بیچمگرتنی هزری سیاسی و خوێندنەوەی فەلسەفییانەی سیاسەت و دۆزینی فەلسەفەی سیاسی، دەشێ هەنگاوێکی جددی بێت بۆ دروستکردنی سۆنگەیەکی لۆژیکی لەمەڕ کرداری سیاسی.

"دەسەڵات و ئازادی" تاوتوێی هزری سیاسیی ١٣ فەیلەسووفی خۆرئاوا دەکات و تیۆری و بۆچوونەکانی ئەوان سەبارەت بە چەمکەکانی دەسەڵاتدارێتی و ئازادی شرۆڤە دەکات و بە سەرنجدان بەوەی لەڕاستیدا هەرکام لە برگەکانی ئەم کتێبە وانەیەکی زانکۆیین، سەرەڕای ئەوەی هەوڵ دراوە لایەن و رەهەندە گرنگەکانی هزری سیاسیی ئەو فەیلەسووفانە باس بکات، زمانێکی زۆر ساکار و پتەویشی هەیە کە دەبێتە هۆی بە هاسانتر تێگەیشتنی بیرۆکە و تیۆرییەکان.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم ناوی (دەسەڵات و ئازادی) ئەگەرچی پڕبەپێستی ناوی راستەقینەی کتێبەکە (حاکمیت و ازادی) نییە، لەبەر ئەوەی چەمکی حاکمییەت واتایەکی کردەکییە و راستەوخۆ ئاماژە بە خاوەندارێتیی دەسەڵاتی



بڕیاردان و حکوومەت کردن دەکات بەڵام چەمکی دەسەڵات وەك خۆی واتایەکی هێزەکیی هەیە و ئامرازی حاکمییەتە، رەنگە بە هاومانا دانانی ئەو دوو چەمکە کارێکی هەڵە بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی دەسەڵات بە جێگەی حاکمییەت هەڵەیەکی باوە و جێکەوتووە و بە ئاشکرایی لە نووسینەکاندا سوودی لێوەردەگیرێت منیش خۆم داوەتە دەم ئەو هەڵە باوە، بەڵام تێبینیی خۆم سەبارەت راست و هەڵەکەی خستۆتەڕوو.

لەکۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم ئەمەگدارانە و بێ کەموکورتی ئەرکی خۆم لە ئەستۆ نابێ.

عەتا جەماڵی
٢٠٠٩/١/٨

**ئازارەکان پێم پێدەکەنن،**
**رۆئیا..**
**شەونخوونییەکانم بۆ تۆ.!**



## وتەیەک بۆ خوێنەر:

ئەو کتێبەی لەبەردەستتاندایە وەرگێڕانی کۆمەڵە وانەیەکە لەبواری فەلسەفەی سیاسی لەنێوان ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠١ لە زانکۆی تۆرێنتۆ پێشکەش کراون. هەرچەندە دەکرێ هەرکام لە بڕگەکانی ئەم کتێبە بە جیا تاوتوێ بکرێن بەڵام بۆ مەبەستی تێگەیشتنی باشتری رەوتی پێکهاتن و گۆڕانی هزری سیاسیی مۆدێڕن، پێویستە سەرنج بدرێتە رەوتی مێژوویی دەرکەوتی هەرکام لەم هزرانە" هەروەها لەو رووەوە کە ئەم هزرانە لەچوارچێوەی کلاسدا پێشکەش کراون، کتێبەکە هیچ چەشنە بیبلۆگرافیایەکی نییە، بەڵام بەهەرحاڵ هیوادارم ئەم کتێبە سوودبەخش بێت بۆ ئەو کەسانەی هۆگری مێژووی باوەڕە سیاسییەکانن، بەتایبەت بۆ خوێندکارانی بەشەکانی فەلسەفە و زانستی سیاسی.

لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ماندووبوونی خوا لێخۆشبوو مەنسوور گوودەرزی، وەرگێڕی ئەم کتێبە، بکەم.

رامین جەهانبەگلوو

## فەلسەفەی سیاسی چییە؟

ئەمڕۆکە ناتوانرێ سیاسەتی مۆدێڕن بە دابڕاو و بەبێ پێوەندی لەگەڵ سوننەتی فەلسفەی ڕۆژئاوا لەبەر چاو بگیرێ، چونکە بۆ ئاوا هەڵبڕانێك پێویستە مێژووی هزری سیاسی ڕۆژئاوا بناسرێت و پرسیاری لەبارەوە بکرێت. لە وها حاڵەتێکدا ئێمە دیسان بۆ جارێکی تر دەکەوینەوە ناو سوننەتی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاواوە. سوننەتی فەلسەفەی سیاسی لە ماوەی ٢٥ سەدەی ڕابردوودا وەك دابڕانێك خۆدەنوێنێ کە تا بە ئەمڕۆکە زۆربەی باوەڕ و یەقینە فیکری و فەلسەفییەکانی مرۆڤایەتی بردۆتە ژێر پرسیارەوە. بەردەوام و درێژەداربوونی ئەم سوننەتی دابڕانە لەبەر ئەوەیە کە فەلسەفەی سیاسی بەردەوام بەشوێن ڕاستییەکدا دەگەڕێ کە واتای خۆی لە جووڵەی خۆیدا بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوەی لەو لایەنەوە هەر چەشنە پرسیارێکی فەلسەفی سەبارەت بە سیاسەت لەم" خۆ جووڵەییە" ی چەمکی هەقیقەت دا کورت دەبێتەوە. بەم پێیە هەڵەیە ئەگەر ئیدعا بکەین کە ئەمڕۆکە شایستەیی گەلاڵەی هەر چەشنە پرسیارێکی فەلسەفی و دادوەرییەکی ڕەخنەگرانەمان سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەکان دۆڕاندووە، چونکە لەم حاڵەتەدا گوتەزایەك لە ژێر ناوی فەلسەفەی سیاسی لە ئارادا نابێت.

گەلاڵە کردنی پرسیار سەبارەت بە سیاسەت بە مانای کەوتنە ناو چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی، وەك لقێکی تەکنیکی و زانستی نییە. فەلسەفەی سیاسی بە پێچەوانەی فیزیکی ناوەکی یان زیندەوەرناسی خانەیی، لقێکی پسپۆڕی نییە، چونکە چوارچێوەیەکی داخراو نییە کە فەیلەسووفان لەوێدا تەنیا لەگەڵ یەکتردا دانیشن بۆ دیالۆگی فەلسەفی. بێگومان ئاوا



دیالۆگێك لە نێوان شارۆمەندانی کۆمەڵگایەك دا بیچم دەگرێ و لە قاڵبی چەمکگەلێکی فیکری دا دەبێتە فەلسەفەی سیاسی. بەڵام فەلسەفەی سیاسی خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە لە سەرەتای دەرکەوتنی لە یۆنانی کۆنەوە تا بە ئێستا هەر هەبووە. ئەم تایبەتمەندییە لە پرسیارکردن سەبارەت بە لەبەرچی و چلۆنیەتی ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای سیاسی دایە. ئەم پرسیارە گرینگە هەر لەو کاتەوە لەگەڵ پرسیارێکی سەرەکیتردا هاتووە کە ئەویش گەلاڵەکردنی تەوەری " باشترین جۆری ژیانی کۆمەلایەتی" یان بە گوتەیەکی تر گەلاڵەی پرسیاری " باشترین سیستەمی سیاسیی" یە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەیە کە پرسیارکردن سەبارەت بە دەسەڵات و درێژ بوونەوەی لە مێژوودا لە پرسیارە کلیدییەکانی فەلسەفەی سیاسی دێتە ئەژمار. هەڵبەت یەکێك لە بابەتە هەمیشە گرینکەکانی فەلسەفەی سیاسی ئەوەیە کە دەسەڵات چ دامەزراوەگەلێکی بە دواوەیە، واتا لە چ قاڵبێکی شارستانی دا بیچم دەگرێ. یەکێك لە دامەزراوەکان " یاسا "یە کە لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە جیا نییە لە جەوهەری سیاسەت. هەروەها لەبۆ فەلسەفەی سیاسی گەلاڵە کردنی پرسیاری بونیادیی " سیاسەت " لەگەڵ گەلاڵە کردنی پێوەندی نێوان فەزای گشتی و فەزای تایبەتی (جیا نەکردنەوەی لە نێوان کلاسیکەکان دا و جیا کردنەوەی لە نێوان مۆدێڕنەکاندا)دا هاتووە.

کەواتا هەروەك دەبینین فەلسەفە و سیاسەت لێك جیا ناکرێنەوە . فەلسەفە، لە کۆمەڵگای مرۆڤەکان، واتا کۆمەڵگای سیاسی دا سەر هەڵدەدا و ئەندێشەی سەبارەت بە سیاسەت خۆی دەبێتە چەمکێکی فەلسەفی. هەر لەبەر ئەوە ئەندێشەی سیاسی هزرێکی تاکییە بەڵام مانایەکی گشتی هەیە، ڕەنگە لەسەر چەمکگەلێك دەدوێ کە گشتی و جیهانین. بە گوتەیەکی تر، پرسیار کردن سەبارەت بە وجوودی هاوبەشی مرۆڤەکان پرسیارێکی فەلسەفییە. ئەم پرسیارە

" له" from و "لەبۆ"to کۆمەڵگا سیاسییە جیاوازەکان مانای جیاواز بە خۆوە دەگرێت. دەشێ ئەم کۆمەڵگایانە دیموکراتیك بن یاخود ئیستبدادی یان تۆتالیتێر، واتا بە گوتەیەك " کۆمەڵگای کراوە" بن یاخود "کۆمەڵگای داخراو".

کۆمەڵگای دیموکراتیك بەرهەمی دیاردەیەکە کە تۆکۆڤیل بە " شۆڕشی دیموکراتیك " ناودێری دەکات. لە روانگەی ئەوەوە دیموکراسی دیاردەیەکە کە گەیشتۆتە ئەنجامی کۆتایی هاتنی زنجیرە پلە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان و بە لووتکە گەیشتنی تاکێتی. لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکان دا بە پێچەوانەی کۆمەڵگا ئیستبدادی و تۆتالیتێرەکان یاسا لە سەرەوە و بە چەشنێکی سەروەرانە نادرێتە تاکەکان، بەڵکو بەرهەمی کرداری سۆژە ئازاد و خودموختارەکانە کە وەك شارۆمەندێکی سیاسی یاسا لەخۆیاندا دەروونی دەکەن. بەم پێیە لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە پرسیار لەسەر سیاسەت، پرسیارە سەبارەت بە "ژیانی هاوەبەش"ی مرۆڤەکان و فەیلەسووف کەسێکە کە بیر لەم وجوودە هاوبەشە دەکاتەوە و بە مێشکێکی ئازادەوە سەبارەت بەم تەوەرە دیالۆگ دەکات. بەڵام فەیلەسووف، بە قسەکردن سەبارەت بە وجوودی سیاسی ( کە بە پێی پێناسەکەی شتێکی هاوبەشە ) پێویستی بە فەلسەفەی سیاسییە. لەو لایەنەوە کە فەیلەسووف خۆی شارمەندی کۆمەڵگای سیاسییە دەکرێ بگەیتە ئەم ئەنجامە کە فەلسەفەی سیاسی خۆی بەرهەمی کۆمەڵگایەکی سیاسییە کە بیر لە ئامانج و غایەتەکانی ژیانی هاوبەشی خۆی دەکاتەوە. بە واتایەکیتر، بە هەمان ئەو رادەیەی کە سیاسەت وەك هونەری رێکخستنی کۆمەڵگا، بە درێژایی سەدە یەك لە دوای یەکەکان دا لەگەڵماندا بووە، پرسیاری فەلسەفی لەسەر سیاسەت لە کۆمەڵگا سیاسییەکان دا گەلاڵە کراوە. ئەوەش دەشێ لەبەر ئەوە بێت کە سیاسەت خۆی خاوەنی ناوەرۆکێکی



تەواو مرۆڤانەیە. واتا نە جەوهەرێکی ئاژەڵی هەیە و نە جەوهەرێکی خوداوەندی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری کۆمەلایەتیی مرۆڤ. بەڵام ئایا هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی دەتوانرێ بە گۆمەڵگایەکی سیاسی دابنرێت؟ و ئایا لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی دا هەموو شت سیاسییە؟ یان ئەوەیکە لە نێوان سیاسەت (La politique -polities) و کاروباری سیاسی دا ( le politique-policy) جیاوازی دابنرێت؟ هەروەها چلۆن دەبێ جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەوەی کە سیاسییە و ئەوەیکە سیاسی نییە (بۆ وێنە رەهەندی جوانیناسانە) مەگەر جگە لەوەیە کە بە سیاسی کردنی رەهەندە ناسیاسییەکان هەمیشە وێرانی بەرهەم دێنێت (دوو ئەزموونی فاشیزم و ستالینیزم لە سەدەی بیستەم دا بەڵگەن بۆ ئەم بابەتە)؟

کەواتا لێدوان لەسەر فەلسەفەی سیاسی دەبێ بە چ شێوەیەك بێت؟ دەتوانین تا چەندە لە فەلسەفەیەك بدوێین کە لە سیاسەت دەکۆڵێتەوە بەڵام مەترسی بە ئایدیۆلۆژی بوون هەڕەشەی لێ ناکات؟ لە راستیدا کاتێك کە باسی فەلسەفەی سیاسی دێتە ئاراوە، دەبێ جیاوازییەك لە نێوان ئەو زانستانەدا دابنرێت. زانستی سیاسی بە ناس کردنی داتاکانی کرداری سیاسی دەگوترێ کە لە کاروباری دەرکردنی بڕیاری سیاسی دەکۆڵێتەوە. بەم شێوەیە زانستی سیاسی کاری تاقیکردنەوە و دۆزینی فاکتەرە تایبەتەکانی سیاسەت دەکات بەلام ئاوڕێك لە جەوهەری سیاسەت ناداتەوە. بە پێچەوانە، فەلسەفەی سیاسی لە چییەتی، واتا و بیچم گرتنی چەمکی سیاسەت خورد دەبێتەوە، واتا مەبەستی ئەو جۆرێك لە دیاردەناسیی سیاسەتە. رەنگە هەر بەم هۆیە، فەلسەفەی سیاسی لە رۆژمەڕەیی دوور دەکەوێتەوە و وەك فکرێکی فەلسەفی روانینێکی رەخنەگرانەی هەیە بۆ گوتەزای سیاسەت. بەلام دوورکەوتنەوەی فەیلەسووفی سیاسی لە رۆژمەڕەیی سیاسەت بە مانای بێ بایەخ بوونی ئەو بە مانای

مێژووی مرۆڤایەتی نییە. فەیلەسووفی سیاسی لە تەنیایی ژووری کارەکەی دا قەڵەم چێ دەکات بەڵام بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو دەرگیرە لەگەڵ واقیعییەتی سیاسیی جیهاندا.

لە راستیدا دەشێ بگوترێ فەیلەسووفی سیاسی دەست دەبات بۆ جۆرێك "رەخنە لە ئاوەزی سیاسی" ، واتا لە دادگای ئاوەزدا دادوەری لەسەر چەمکی سیاسەت دەکات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێت بە جیاوازی نێوان فەیلەسووفی سیاسی و ئیدئۆلۆگ. ئیدئۆلۆگ بەندیی بونیادگەلی ئیمانیی پڕۆژە سیاسییەکانی خۆیەتی لە حاڵێکدا کە فەیلەسووفی سیاسی بە بەراوردێکی رەخنەگرانەوە پرۆژەگەلی سیاسیی چوارچێوە ئیمانییەکان دەخاتە بەر پرسیار. ئیدئۆلۆگ هەمیشە و بە بەردەوامی بەرگری لە واقیعییەتێکی سیاسی دەکات کە بە رەهای دەزانێ، بەڵام فەیلەسووفی سیاسی بەردەوام بە شوێن حەقیقەتی سیاسی دا دەگەڕێ. رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت کە فەلسەفە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە پرسیاری سەبارەت بە "نوێکاری و داهێنانی سیاسی" گەلاڵە کردووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رەچەڵەکی یۆنانیی دوو چەمکی " سیاسەت" و " فەلسەفە" واتا بۆ دوو وشەی politeia و philosophia دەبینین کە لای یۆنانییەکانی کۆن ئەم دوو بابەتە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتشار یان پولیس polis دا مانا دەدات لە روانگەی یۆنانییەکانی کۆنەوە "سیاسەت" لە بنەڕەتەوە شتێکی مرۆییە نەك خودایی. هەروەها سیاسەت لە پولیسی یۆنانی دا دەکەوێتە چوارچێوەی روانینی گەردوون تەوەرەوە و بەشێکە لە سروشتی جیهان phusis. کاتێ ئەرەستۆ دەڵێ: مرۆڤ بە سروشتی ئاژەڵێکی سیاسییە، مەبەستی ئەوەیە کە سروشتی مرۆڤ ئەوی بۆ ژیان کردن لە دەوڵەتشاردا ئامادە کردووە. کەواتا دەوڵەتشار یان پولیس، کە وشەی سیاسەت politeia لەوەوە



دەرچووە کۆمەڵگایەکە کە بە شێوەیەکی سروشتی بیچمی گرتووە و راستەقینەی ئەو لە چوارچێوەی نەزمی گەردووندا مانا پەیدا دەکات.

بە گوتەیەکی تر لە روانگەی یۆنانییەکانی کۆندا مرۆڤ هیچ پاساوێکی نییە بۆداهێنان لە ژیانی سیاسی دا، چونکە وەك "پێدراوێکی سروشتی" نراوەتە خزمەتی. کێشەی سەرەکیی مرۆڤەکان بیچم پێدان و ساغکردنەوەی ئەم " پێدراوە سروشتییەیە" کە ئەرەستۆ وەك " سامانی سیاسی کۆمەڵگا" باسی لێدەکات. بەم شێوەیە، سیاسەت لە روانگەی یۆنانییەکانی کۆن دا " هونەری رێکخستنی کۆمەڵگا"یە کە لەسەر ئەساسی لۆژیکێکی گەردوون تەوەر بیچم دەگرێ. هەر بەم هۆیە، لە روانگەی فەیلەسووفە یۆنانییەکانەوە ژیان کردن لە دەوڵەتشارەکاندا شتێکی زەرورییە. بە بۆچوونی ئەرەستۆ: "ئەو کەسەی کە ناتوانێ لە کۆمەڵگادا بژی و یان ئەو کەسەی کە خۆژیێنە و پێویستییەکی بە کۆمەڵگا نییە، یان خودایە یان ئاژەڵێکی کێوی." کە واتا لەلای یۆنانییەکانی کۆن غایەتی سیاسەت ، ژیان کردنە لە دەوڵەتشاردا کە "زانستی کردار"prattein ی لەگەڵدایە. " زانستی کردار" مەعریفەیەکە کە هونەری رێکخستنی کۆمەڵگا لە رێگەی داهێنانی یاساوە گەلاڵە دەکات. لەم رووەوە سیاسەت تەنیا بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆمەڵگا نییە. بەڵکوو کار و کردارێکیشە لە ئاراستەی هەڵبژاردنی دروستی یاساکاندا. کێ یان چ کەسانێك ئەم یاسایانە هەڵدەبژێرن؟ لە روانگەی ئاتینییەکانی سەدەی پێنجی پێش زایینیدا، بڕیاردان لەسەر یاساکان و هەڵبژاردنی دروست و عادڵانە، هیچ کات لە ئەستۆی یەك تاك دا نییە، بەڵکو بەستراوە بە هێزی کۆمەڵێکەوە. هەر لەبەر ئەوە، ئەرەستوو لە بەشی سێهەم، بەندی یەکەم، پاراگرافی، ١٢٧٥ی کتێبی سیاسەت دا دەنووسێ: " لە ئاتینی دیموکرات دا دەسەڵات ملکی هیچکەس نییە".

ئەو ئاتینییانەی بەشداری دەکەن لە بڕیارە سیاسییەکاندا و هەموان خاوەنی بەرابەریی دەربڕین isegoria و بەرابەری لە بەرانبەر یاسا isonomia دان، شارۆمەندانی پیاوی سەروو هەژدە ساڵن و لە دایك و باوکی ئاتینی داکەوتوون. لەم رووەوە دەوڵەتشار تەنیا فەزایەك نییە بۆ زیندوو مانەوە بەڵکو بەر لە هەر شتێك " فەزای سیاسیی ژیانی هاوبەشە"، واتا پانتایەکی هەمەلایەنە کە کۆمەڵ تیایدا ئامادە دەبێت. کەواتا راستەقینەی دەوڵەتشار راستەقینەی کرداری ئازادی شارۆمەندانە. بەم شێوەیە، حەقیقەت راستییەکی باڵا نییە کە لە جەوهەری دەوڵەتشار جیا بێت. دەوڵەتشار لە باوەڕ و هزری شارۆمەنداندا کورت دەبێتەوە. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە سوننەتی ئەفلاتوونیی ململانێ لەگەڵ باوەڕەکان و گەڕان بەشوێن حەقیقەتی باڵا لە جیهانی ئایدیاکاندا بکرێ کە بەرهەمی دژوازیی سەرسەختانەی ئەفلاتوونە لەگەڵ کارکردی دیموکراسی ئاتینی دا. ئەفلاتوون بە داکۆکی کردن لە سەر جیاکردنەوەی " جیهانی ئایدیاکان" لە " جیهانی وجود" ی دەوڵەتشاری ئاتینی، ئۆتۆریتەی راستەقینەی سەروەر دێنێتە ناو فەلسەفەی سیاسیی یۆنانی کۆنەوە.

فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەرهەمی سەروەریی مەسیحییەتە لە ئەوروپادا، کاریگەری لە دوو سوننەتی فەلسەفەی ئەفلاتوونی ( لە یۆنان) و رەواقی (لە رۆمای کۆن) وەرگرتووە. لەم رووەوە، دونیای سەدەکانی ناوەڕاست فەلسەفەی سیاسی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیلاهیاتی مەسیحییەتەوە. فەلسەفەی سیاسیی مەسیحییەت لەسەر بنەمای ئەندێشەی فەلسەفی قەشەکانی کڵێسا واتا کەسانێکی وەك "ئاگوستین"ی پیرۆز، "پۆل"ی پیرۆز و "تۆماس ئاکڤیناس"ی پیرۆز، دارێژراوە. "پۆل"ی پیرۆز لە وتارەکەی خۆیدا بۆ رۆمییەکان دەڵێ: "جیهانی مرۆڤەکان دەبێ پەیڕەوی لە یاسای سیستەمی خوداوەندی بکات" و "ئاگۆستین"ی پیرۆز لە درێژەی رێگەی



"پول"ی پیرۆزدا، فەلسەفەی سیاسی خۆی لەسەر بنەمای جیاکارییەك لە نێوان دەوڵەتشاری خوداوەندی cite de Dieu و دەوڵەتشاری مرۆیی cite de homes دادەنێ. بەم چەشنە، ئیتر تەوەری سەرەکی فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاست چەمکگەلێکی وەك "پۆلیس" یان "سی ڤیتاس" civitas نییە، بەڵکو چەمکی یان قەڵەمڕەوی پاشایەتی، کە مەبەست قەڵەمڕەوی حهزرەتی مەسیحە.

فەلسەفەی سیاسی مەسیحی ناگەڕێ بە شوێن پێکهێنانی دەوڵەتشارێکی " ئەم دونیایی"دا و هەر لەبەر ئەوەش کار لەسەر گوتەزای "کاروباری گشتی" res publica ناکات، بەڵکوو باس لە یاسای خوداوەندی و کۆماری خوداوەندی دەکات. هەر لەبەر ئەوە، رۆڵی فەلسەفەی سیاسیی کڵێسای مەسیحی، پێکهێنانی دەلالێکی نێوان ئیرادەی خودایی و ئیرادەی جەماوەرە. بەلام فەلسەفەی سیاسیی مەسیحیی چەمکی سیاسەت دەخاتە قاڵبی سیستەمێکی زەینی نوێوە کە مەودایەکی بێ کۆتا و بێ کەنار لە نێوان خودا و مەخلووقەکانی دا دروست دەکات. بەم شێوەیە لە فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست دا دەوڵتشاری مرۆیی، مانا فەلسەفییەکەی لە ئۆتۆریتەی خوداوەندییەوە وەردەگرێ و ئامانجی کرداری مرۆڤەکان لە زەمینەی سیاسیدا هیچ نییە جگە لە دەست راگەیشتن بە ژیانی " ئەو دونیایی". کەواتا هەر بەو شێوەیەی کە لە لای یۆنانییەکانی کۆن دەوڵتشار بەبێ گەڕانەوە بۆ چەمکی " فووسیس" و چوارچێوەی " گەردوون تەوەر" بێەوودە و بێ مانا دەنوێنێ، هەر بەو شێوەیەش لە روانگەی فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست دا کرداری مرۆیی بە بێ سەرنج دان بە روانینێکی خودا تەوەر هەڵگری روونکردنەوە و وەسف نییە.

دابڕانی ڕاستەقینەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕن لە هزری سیاسی کلاسیك لە سەدەی هەڤدەهەمی زایینی دا ڕوودەدات.

لێرەدا مۆدێڕنیتە بە ڕەخنەگرتن و تێپەڕاندنی دوو ڕوانگەی کەیهان تەوەری ڕوومی و خودا تەوەری سەدەکانی ناوەڕاست، دەستی دەگاتە جیهانێکی ئاوەز تەوەر. لەم کاتەوە بە دوا تەوەری سەرەکی فەلسەفەی سیاسی، "داهێنانی سیاسی"یە. بە گوتەیەکی تر، سیاسەت خۆی دەبێتە بەرهەمێکی مرۆیی artefactum کە دەبێ دابهێنرێت. لەم سەردمەدا تووشی تیۆرییەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی دێین کە ئامانجی سەرەکییان شرۆڤە و لێکدانەوەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سیاسی و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ پتەو کردنی سامانی کۆمەڵایەتییە. پەیمانە کۆمەڵایەتییە مۆدێڕنەکان، بە پێچەوانەی پەیمانە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی کۆن و دەورەی سەدەکانی ناوەڕاست هەموان پەیڕەوی لە ئاوەزمەندییەکی سیاسی، فەلسەفی و کۆمەڵایەتی دەکەن و بە پێچەوانەی پەیمانە مەسیحییەکان لەسەر بنەمای ڕوانگەیەکی پۆلێنبەندیکراو زنجیرە پلەیی دانادرێن. هەر بەم ئاراستەیە، لە پەیمانە کۆمەڵایەتییە مۆدێڕنەکان دا دەسەڵاتی دونیایی(potestas) ئیتر لە ژێر دەسەڵات و ئۆتۆریتەی(auctoritas) پاپ و کڵێسادا نییە. لەگەڵ دەسپێکی سەدەی هەڤدەهەمی زایینی دا، تیۆریی "مافی سروشتی" جێگەی "مافی خودایی" دەگرێتەوە و شێوەی چەمکێکی کلیدیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن دەگرێتە خۆی. فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن بە دوورکەوتنەوە لە چوارچێوەی خوداوەندی — سیاسی theologico-politique کە خاوەنی چییەتییەکی گشت گەرایە holisticسیاسەت دەخاتە سەر بنەمای جیهانێکی ئاوەز تەوەر. لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسیی ئاوەز تەوەر دا، سیاسەت ئیتر پێداوێکی سروشتی نییە بەڵکوو توخمێکە کە دەبێ داهێنانی تێدا بکرێت. ئەمە دەورەی یەکەمی



مۆدێڕنیتەی سیاسییە کە لە ئەندێشەی ماکیاڤیلییەوە هەتا ڕوودانی شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ درێژە دەکێشێت. بابەتێکی سەرەکی کە لەم دەورەیەدا لە زەمینەی فەلسەفەی سیاسی دا گەڵاڵە دەکرێ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان جیهانی ئاوەز تەوەر( یان ئاوەزمەندیی مۆدێڕن) و دەسەڵاتی سیاسی (یان حاکمییەت)یە. بە خوێندنەوەیەکی نوێی دەقە یۆنانی و ڕۆمانییەکان، ڕوانینێکی نوێ لە فەلسەفەی سیاسی دا دروست دەبێ کە لە قاڵبی چەمکی "حاکمییەت" دا بیچم دەگرێ. چەمکی حاکمییەت دەرخەری فەلسەفەیەکی سیاسییە کە ئیتر بە شوێن دەست ڕاگەیشتن بە ژیانی ئەو دونیاییەوە نییە، بەڵکوو بە شوێن پێکهێنان و پاراستنی کۆمەڵگایەکی سیاسییەوەیە کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی گەڵاڵە کراوە. مەبەست لە " حاکمییەت" لێرەدا نە دەوڵەتشارێکی گەردوون تەوەرە و نە دەسەڵاتێکی سیاسیی خودا تەوەر، بەڵکوو دەسەڵاتێکی ئەم دونیاییە کە لە گرەوی ئیرادە و بەرپرسیارێتی تاك بە تاکی تاکە کۆمەڵایەتییەکان دایە. بەم پێیە دەشێ بگوترێ لە چوارچێوەی "حاکمییەت" دایە کە مۆدێڕنەکان، مێژوو، "لەم جیهانەدا" و لەسەر بنەمای "سیاسەتێکی ئەم جیهانی" بیچم پێ دەدەن. بە گوتەیەکی تر، فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن (کاروباری گشتی)، لە پێوەندی لەگەڵ سروشتێکی ماتماتیکی کراو و خاوەندار کراودا دەخاتە بەر بیر لێکردنەوە، واتا لەسەر بنەمای چەمکی دیکارتیی res extensa. لە مێژووی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژاوادا، ماکیاڤیلی وەك یەکەمین تیۆریسییەنی " حاکمییەت"ی مۆدێڕن ناسراوە، بەڵام سەیر لێرەدایە کە ئەو هیچ کات ئەم چەمکە لە نووسینەکانی دا بەکار ناهێنێت. ماکیاڤیلی وەك دابڕان لە نەزمی خودایی — سیاسی، دەڕوانێتە سیاسەت و بە ناوی قەڵەمڕەوێك لە دەسەڵات باسی لێوە دەکات کە لە ڕاستیدا حاکمییەتی مۆدێڕنە. بەم شێوەیە، دەشێ بگوترێ لە ماکیاڤیلی بە دوا

مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێتە سیاسەتێکی مرۆیی. بەڵام ئەگەر سیاسەت چیەتییەکی مرۆیی هەیە، بەم پێیە سیاسەت بەیانگەری پرۆژەیەکی مرۆییە و تێفکرین لەم پرۆژە مرۆییە و بە مانای دەستەبەر کردنی فەزایەکە بۆ کرداری سیاسی. لە روانگەی ماکیاڤیلی دا ئەم فەزای کرداری سیاسییە فەزایەکی خودموختارە، چونکە " لە خۆیدا " و " لەبۆ خۆی" بیچم دەگرێ، واتا رەگەزێك لە دەرەوەی خۆیەوە چیەتییەکەی دیاری دەکات. بەم شێوەیە ئەو فەلسەفە سیاسییەی کە لە مۆدێرنیتەی یەکەم دا بە ماکیاڤیلییەوە دەست پێدەکات نە لەسەر بنەمای رەگەزێکی خوداییە و نە لەسەر ئەساسی سیستەمە گەردوون تەوەرەکان، بەڵکو روانینێکی تەواو و بە شێوەی رەها مرۆڤ تەوەرە.

لەم رووەوە دەشێ بگوترێ کە لە ماکیاڤیلی بەدوا، مۆدێرنەکان بە پێچەوانەی کلاسیکەکان (کۆنەکان) لە سیاسەت وەك " ئەو شتەی کە هەیە" ( واتا راستەقینەی مێژوویی – سیاسیی جیهان ) و نەك " ئەو شتەی کە دەبێ وا بێ " ( واتا مەدینەیەکی ئەفلاتوونی یان ئاگۆستینی ) بیر دەکەنەوە. کێشەی مۆدێرنەکان، سیاسەتی ئارمانیی یتۆپیا نییە، بەڵکو راستییەکی سیاسییە کە لە قاڵبی "حاکمییەت" دا بیچم دەگرێ. کەواتا راستەقینەی سیاسی لە جیهانێکی مێژووییدا جێ دەگرێ نەك لە جیهانی دەرەوەی مێژوو. لێرەدا ماکیاڤیلی باس لە "زەرووورەتێك" دەکات کە مێژووییە نەك یۆتۆپیایی. گەلاڵەی تەوەری " زەرووورەت" لە لایەن ماکیاڤیلییەوە بە مانای روانینێکی نوێیە بۆ پەیوەندی نێوان ئاکار و سیاسەت. لە چاوی شەهریاری ماکیاڤیلی دا غایەتی کرداری سیاسی، چاکە و خراپە نییە، بەڵکو ئۆتۆریتە یان نەبوونی ئۆتۆریتەیە. بە بۆچوونی ماکیاڤیلی، پیاوانی سیاسی یان پێغەمبەرانێکی چەکدارن یان پێغەمبەرانێکی بێ چەك. هەر لە بەر ئەوەیە ماکیاڤیلی کرداری سیاسی لە پێوەندی لە گەڵ مەزنێتی ئاکاری دا گەلالە ناکات. بەڵکو باس لە



هونەر و لێوەشاوەیی (virtu) دەکات کە سیاسەتوان بۆ دەستەمۆ کردنی زەرووورەتی مێژوویی پێویستی پێیەتی. هەر وەك دەبینین سیاسەت لە ئەندێشەی مۆدێرنیتەی یەکەم دا (بە پێچەوانەی فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاست کە وەك قەڵەمڕەوی گوناە و گوناەکاری لە سیاسەتیان دەڕوانی) قەڵەمڕەوی کرداری مرۆڤەکانە لە قاڵبی حاکمییەتی شەهریاری یان کۆماری دا.

(ژان بۆدەن) نووسەری شەش وتار سەبارەت بە کۆماری، لە درێژەی تیۆریی سیاسی ماکیاڤیلی دا، بە واتای "ئیرادەی حوکمڕان" لە حاکمییەت دەدوێ. لە روانگەی بۆدەن دا حاکمییەت واتا دارا بوونی هێزی یاسا دانان. کەواتا بە گوتەی بۆدەن دەوڵەت لەسەر بنەمای هێز دادەمەزرێت و ئەم هێزە خاوەنی چییەتییەکی مێژوویی – سیاسییە. بەم شێوەیە لەگەڵ هاتنە ئاراوەی بۆدەن دا پڕەنسیپی حاکمییەت لە قاڵبی دەوڵەتی مێژووییدا دەردەکەوێ. دەوڵەتی مۆدێرن لە شێوەی دەسەڵاتێکدا سەرهەڵدەدات کە " مەشرووعییەت تەوەر" و " حاکمییەت تەوەر"ە، چونکە مەشرووعییەت و حاکمییەتەکەی هەردووك لە دەسەڵاتێکی سیاسی دا کورت دەبنەوە کە "ئەم جیهانی"یە.

لەگەڵ توماس هۆبز و پرۆژەی لێڤیاتان، حاکمییەت دەبێتە پایە و بنەمای مرۆییی یاسا. هۆبز بە پێچەوانەی ماکیاڤیلی کە شەهریار دەکاتە ناوەندی حاکمییەت، لە تاکەکان وەك بەدیهێنەرانی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەڕوانێ. بە رای ئەو، حاکمییەت، یەکێتی تاکەکانی کۆمەڵگایە لە پەیکەرێکی سیاسی دا و پەیڕەوی کردنی ئەوان لە نۆرم و ستراکتۆرەکانی ئەم پەیکەرە. ئەوەی دەبێتە هۆی ئەم یەکێتی و پەیمانە، پرسی ئاسایش و ترس لە مردنە. هەر لەبەر ئەمە، غایەتی پەیمانی هۆبزی، ئاشتەوایی بەردەوامی پێکهاتەی سیاسییە لە رێگەی یاساوە. هۆبز بۆ راڤە کردنی ئەو کۆمەڵگا سیاسییەی کە رەچاوی کردووە لە چەمکی " دۆخی سروشتی" بە واتای دۆخێکی لۆژیکی پێش سیاسی، دەدوێ.

بەم سوود وەرگرتنەی هۆبز لە چەمکی " سروشت" بە مانای فووسیسی یۆنانی نییە، بەڵکو گەڕانەوەی ئەوە بۆ سروشتی بە ماتماتیکی کراوی گالیلۆ و دیکارت. " یاسای سروشتی" کە هۆبز باسی لێوە دەکات نە سروشتێکی غایەت گەرایە و نە سروشتێکی خودایی. مەبەستی هۆبز دامەزراندنی فەلسەفەیەکی سیاسی نوێیە کە تەواوکەری شۆڕشەکەی گالیلۆیە لە زەمینەی کاری فیزیکی دا. هەر بەم هۆیە دەشێ بگوترێ کە لێڤیاتانی هۆبز یەکەم هەوڵە بەرەو پراکتیك کردنی سیاسەت کە جێگەی روانینی ئەرەستۆیی لە سیاسەت و مرۆڤ دا دەگرێتەوە. هەرچەندە کە لە لێڤیاتان دا هۆبز " خەڵك" بە سەرچاوە و مەشرووعییەتی دامەزراندنی پەیمانی کۆمەلایەتی لەبەر چاو دەگرێ بەلام باوەڕی وایە کە خەڵك لە بەرانبەر پەیمانێك دا کە لەگەڵ حاکمییەت دەیبەستن، بەشدار نین لە هیچ چەشنە ئازادییەکی سیاسی. فەلسەفەی سیاسی ئیسپینۆزا، دەشێ وەك ئەندێشەیەکی دژە هۆبزی لەبەر چاو بگیرێ، چونکە بنەمای فەلسەفەی سیاسیی ئەو لە ئیدەی "ترس لە مەرگ" دا نییە، بەڵکوولەسەر ئەساسی چەمکی " ئازادی" یە. لەو شوێنەوە کە هۆبز لە ئارەزووە تاکییەکانەوە بەڕێ دەکەوێ، ئیسپینۆزا لە چەمکی "پۆتێنتیا" potentia بە مانای توانستی سروشتی مرۆڤ دەدوێ. لە روانگەی ئیسپینۆزا دا ئازادی پایە و بنەمای پەیکەری سیاسییە و غایەتی سامانی سیاسی، ئازادی خەڵکە، نەك دەسەلات کردنی حوکمڕان بەسەر خەڵك دا. هەر بەم ئاراستەیە، ئیسپینۆزا گوازتنەوەی گشت دەسەلاتەکان بۆ یەك کەس بە جۆرێك لە کۆیلایەتی دەزانێ نەك ئاشتەوایی. رەنگە هەر بەم هۆیە، بە بۆچوونی ئیسپینۆزا توانستی سروشتیی تاکەکان شتێکی شیتاڵ هەڵنەگر و جیانەکراوەیە، چونکە بە گوتەی ئەو ئازادیی سیاسی زەرووڕەتێکی سروشتییە. مۆنتسکیۆ- ش هەروەك ئیسپینۆزا ئازادی مرۆڤ بە غایەتی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دادەنێ. پرۆژەی



مۆنتسکیۆ لە " رۆحی یاساکان" دا تێفکرینە لەمەڕ ئازادی و بیچم پێدانی لە قاڵبی یاسای بنەڕەتی دا. لە روانگەی ئەودا، ئازادی تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ زەرووڕەتی یاساکان دا ئەگەری هەبوونی هەیە و ئەوەیکە ئێمە ناوی "یاسا" ی لێدەنێین شتێك نییە جگە لە پەیوەندی ئامادەی نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی سامانێکی مێژوویی — سیاسی. کێشەی مۆنتسکیۆ بە پێچەوانەی هۆبز و ئیسپینۆزا بەدیهێنانی پەیمانێکی کۆمەلایەتی نییە، بەڵکو باڵانسێکی سیاسییە لە کۆمەڵگادا.

پرسیاری فەلسەفیی ئەو لەسەر شێوەی دامەزراندنی پەیکەری سیاسی نییە. فەلسەفەی سیاسیی مۆنتسکیۆ لە سەر ئەساسی پرسیارێك سەبارەت بە دامەزراوەکان و بە تایبەت دامەزراوەی یاسا، گەلالە کراوە..مۆنتسکیۆ لە خۆی دەپرسێ: " چ شتێك ستراکتۆری دامەزراوەیەکی سیاسی دیاری دەکات؟ "و وەلامی ئەو بۆ ئەم پرسیارە یەکگرتوویی نێوان "سروشت" و "پرەنسیپ" ە. دەوڵەت لە روانگەی مۆنتسکیۆ دا گشتێکی سروشتی و پرەنسیپاڵە. سروشت یان سروشتی هەر حکوومەتێك لەگەڵ پرەنسیپێك دا دەگونجێ، بۆ وێنە ترس بۆ ئیستبداد و فەزیلەت بۆ کۆماری. لەبەر ئەوە، بە دەستەبەر کردنی باڵانس لە دەوڵەت دا پێویستە سەرنج بدرێتە پەیوەندی نێوان هێزە سێیانەکان و بە شێوەیەکی چەمکی لێك جیا بکرێنەوە. بە گوتەی مۆنتسکیۆ لە دەوڵەتێکدا کە لەسەر ئەساسی ئازادی دامەزرابێت، هەر هێزێك رێگە لە رەها بوونی هێزەکەی تر دەگرێت. هەروەك دەبینین، فەلسەفەی سیاسی مۆنتسکیۆ بۆ یەکەم جار لەسەر بنەمای جیاکارییەکی کۆمەڵناسانە لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی دەسەلات وەرگیراوە و مۆنتسکیۆ وەك کۆمەڵناسێکی مۆدێرن ئەم جیاکاری و پۆلێنبەندییەی بە بەها دان بە یاسای بنەڕەتی ئینگلستان لە بەرانبەر ئیستبدادی پاشایی لە فەرەنسا دا بیچم دەدات.

مۆنتسکیۆ بە شوێن مۆدیلێکی گشتی و جیهانی دا دەگەڕێ بۆ حاکمییەتی سیاسی کە بە بۆچوونی ئەو لە یاسای بنەڕەتی ئینگلستان دا دەردەکەوێ.

هاوکات لەگەڵ ڕۆسۆ چەمکی حاکمییەت بە گشتی دەکەوێتە بەر پرسیار. هۆبز، ئیسپینۆزا و مۆنتسکیۆ، هەرسێکیان وەك ناوبژیوان باس لە حاکمییەت دەکەن. بەڵام ڕۆسۆ حاکمییەتی خەڵك بە بناغەی مەشرووعییەتی سیاسی دادەنێت نەك پرەنسیپی نوێنەرایەتی. لەم ڕووەوە ڕۆسۆ فەیلەسووفێکی مۆدێرنە بە دەروونێکی کلاسیکەوە، چونکە هەوڵ دەدات ئەزموونی یۆنانی کۆن لە مۆدێرنیتەی سیاسی دا پیادە بکات. لە لای ئەو نوێنەرایەتی سیاسی شتێك نییە جگە لە گەندەڵی حاکمییەت، چونکە بە رای ئەو ئیرادەی خەڵك شتێکی شیتاڵ هەڵنەگرە. بنەمای وجوود ناسانەی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆسۆ "ئیرادەی گشتی" Volonta generale یە.

" ئیرادەی گشتی" دەقێکی گشتییە کە ئازادی هەموان گەرەنتی دەکات. کەواتا "ئیرادەی گشتی" یانی ئیرادەی خەڵك کە بەیانگەری ئەندێشەی خەڵکە سەبارەت بە خەڵك. بە واتایەکی تر، بە گوتەی ڕۆسۆ کاتێ کە خەڵك بیر دەکەنەوە، ئەندێشەی ئەوان بیچمێکی گشتی بە خۆوە دەگرێت. چونکە لە بیچمێکی گشتی دا بیر لە ئازادی دەکەنەوە. گومانی تێدا نییە کە ڕۆسۆ یەکێك لە گرینگترین تەوەرەکانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە و تەواوی هەوڵی فەلسەفی و سیاسی و لیبراڵیزم ی سە رلە بەری سەدەی نۆزدەهەم ( کەسانێك وەك بینیامین کۆنستان) بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی هزری سیاسیی ڕۆسۆ و تیۆریی دیموکراسیی بێ نێوبژیوانی ئەوە. لە ڕۆسۆ بە دوا و بە شۆڕشی فەڕەنسا و ئەنجامە فەلسەفی و مێژووییەکانی، دەورەی مۆدێرنیتەی سیاسی دووهەم دەست پێدەکات کە دەشێ بەیانی فەلسەفییەکەی لە سێ فەیلەسووفی ئەڵمانی واتا کانت، فیشتە و هیگڵ دا ببیندرێت. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ بێت کە ڕۆسۆ



بیرمەندێکە کە لە گشتایەتیی دەوڵەتی مۆدێرن، نەك لە قاڵبی " تێزێکی مێژوویی"دا (وەك مۆنتسکیۆ) بەڵکو لە چوارچێوەی ئایدیایەکی فەلسەفیدا (وەك ئیرادەی گشتی) خورد دەبێتەوە، کەواتا دەشێ ئەو ئەنجامە بگیرێ کە ئایدیالیزمی ئەڵمانیی کانت، فیشتە و هیگڵ هەوڵێکە بۆ سیستماتیك کردنی ئەم ئایدیایە و درکاندنی لە قاڵبێکی مێتافیزیکی دا. خوێنەرە وردبینەکانی کانت دەزانن کە ئەو پەیکەری سیاسی و غایەتەکەی لەسەر بنەمای ئاوەزی پەتیی پراکتیکی دادەڕێژێت. ئەنجامی فەلسەفیی ئەم کارە دوو شتە: یەکیان، بایەخ دان بە ژیانی هاوبەشی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ماف وەك ئیدەی پێشینەیی ئاوەز و ئەویتر گەلاڵەی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان شارۆمەندان و دەوڵەت لەسەر بنەمای چەمکی ماف. لە ڕوانگەی کانت دا ئەوەی کە رەهایە و دەبێ پەیڕەوی لێبکرێ حاکمییەتی یاسایە نەك حاکمییەتی حوکمڕان، چونکە یاسا ئیدەیەکی ئاوەزییە کە ئاوەز بەشێوەیەکی خودموختارانە دەیبەخشێت بە خۆی. پەیڕەوی لە یاسا بە مانای پەیڕەوی لە ئاوەز و هۆشیاربوون لە چەمکی "مرۆڤایەتی"یە کە لە شێوەی چەمکێکی گشتی، دەمانگەیەنێتە ئیدەی ئاشتەوایی بەردەوام و پەیوەستە. بە گوتەی کانت ئیدەی ئاشتەوایی بەردەوام بەرهەمی دەرکەوتنی کارکردی ئاوەزی پراکتیکییە. بە واتایەکی تر، فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن بە تێبینی کردنی دەوڵەت وەك بابەتێکی سیاسی، ئیرادەی مۆدێرن غایەتی خۆی لە ئاشتەوایی شارستانی و نێونەتەوەیی دا بە بەردەوام و پەیوەستە دەبینێتەوە. بەم شێوەیە، چونکە کۆمەڵگای سیاسی لەسەر ئەساسی هیچ جۆرە پرەنسیپێکی سەروەر و پێشتر دیاریکراو دانەنراوە، کەواتا دەرکەوتی حاکمییەتی ئاوەزیی خەڵك لە قاڵبی یاسادا بیچم دەگرێ.

لێرەدا دەگەینە فەلسەفەی سیاسیی هیگڵ کە خاڵی کۆتایی دەورەی دووهەمی مۆدێرنیتەی سیاسییە. ئامانجی هیگڵ ئاشت کردنەوەی ئیدەی

ڕۆسۆیی دەوڵەتە ( کە لەسەر ئیرادەی گشتی وەستاوە) لەگەڵ فەلسەفەی دیاردەناسانەی خۆی دا (کە ڕەوتی ئاوەز لە مێژوودایە). دەوڵەتی هیگڵ پێکهاتەیەکی مۆدێڕن و ئاوەز باوەڕە، چونکە هەروەك دیتمان یاسا لە ڕوانگەی مۆدێڕنەکان دا دەرکەوتی کۆمەڵگای مۆدێڕنە. لە ڕوانگەی هیگڵ دا دەوڵەتێك کە ئاوەز باوەڕانە بیر لە خۆی دەکاتەوە لە چوارچێوەی گشتێکی یاسایی یان یاسایەکی گشتی دا ئەم کارە ئەنجام دەدات. هەر بەم هۆیە، هیگڵ پێی وایە هەر شتێك کە واقیعییە، عەقڵانییە و هەر شتێکیش کە عەقڵانییە واقیعییە. بە بۆچوونی هیگڵ، دەوڵت، خاڵی پێکگەیشتنی نێوان ڕاستەقینەی مێژوویی و ئاوەزی دیاردەناسانەیە. هیگڵ بەپێچەوانەی تیۆریسییەنانی پەیمانی کۆمەلایەتی لە بیری شیکردنەوەی "دۆخی سروشتی" دا نییە، چونکە لە بیری تێفکرین لەمەڕ سەرچاوەی دەوڵەت دا نییە. لە لای هیگڵ، دەوڵەت داتایەکی مێژوویی و دیاردەناسانەیە و هەر بەم ئاراستەیە، پێکهاتەی دەوڵەت، خودی دەوڵەتە. کەواتا لەگەڵ هیگڵ ، فەلسەفەی سیاسی بیچمی مێژووباوەڕ بە خۆوە دەگرێ، چونکە دەوڵەتی ەیگل سەرچاوە و غایەتێکی مێژوویی هەیە. بە گوتەی هیگڵ، دەوڵەت ڕاستییەکە کە لەوێدا پاژێتیی تاك لەگەڵ هەمەکێتیی ئاوەز دەکەونە ئاشتەواییەوە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کە تەنیا دەوڵەت و نەك کۆمەڵگای شارستانی، دەتوانێ ئیدعای هەمەك بوون بکات، چونکە کۆمەڵگای شارستانی فەزای ئابووری کۆمەڵگا پێك دێنی واتا، "سیستەمی پێداویستییەکانە" و ئازادی لە چوارچێوەی سیستەمی پێداویستییەکان دا گەڵاڵە ناکرێ. هیگڵ، فەلسەفەی سیاسی بە ڕاستەقینەی "ئاکاری گشتی" sittlichkeit وەسف دەکات. ئاکاری گشتی، یەکێتی نێوان "مافی خەیاڵی" و "ئاکار"ە. واتا ئەو شوێنەیکە ماف لە شێوەی ئاکاری گشتی دا لە لایەن شارۆمەندانەوە دەروونی دەکرێ. کەواتا، ئاکاری گشتی، هاوشێوەیی نێوان



ڕاستەقینەی دەستەبەر بووی تاکەکان بە واتای ئازادی و پرۆسەی بیچم گرتنی مافە. دەوڵەت ئاوەزیترین و دوایین قۆناغی بیچم گرتنی مافە. بە گوتەی هیگڵ، دەوڵەت، ئازادیی دەستەبەر بووە. هەروەك دەبینین بە بۆچوونی هیگڵ فەلسەفەی سیاسی قۆناغێکە لە پرۆسەی گشتیی ڕۆح و زەین کە بە شێوەیەکی دیاردەناسانە- لۆژیکی لە مێژوودا دەستەبەر دەبێت. بەم شێوەیە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی هیگڵ، دەورەی دووهەمی مۆدێڕنیتەی سیاسی کۆتایی پێدێت. کەواتا بە هەمان شێوە کە بە گوتەی ەیدگێر، هیگڵ کۆتایی مێتافیزیکی زەینییەتە، کۆتایی دەورەیەك لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕنیش هەیە.

دەورەی سێهەمی مۆدێڕنیتەی سیاسی بە مارکس و نیچە دەست پێدەکات. تایبەتمەندیی ئەم دەورەیە، دژایەتی لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی هیگڵ و مێتافیزیکی زەینییەتە. مارکس و نیچە بە بردنە ژێر پرسیاری مێژووی مێتافیزیکی ڕۆژئاوا و بە تایبەت مێژووی زەینییەت، ڕەچەڵەکی فەلسەفەی سیاسی دەبەنە ژێر پرسیار. لە ڕوانگەی مارکس دا وەڵام دانەوە بە پرسیارە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان ئیتر ئەرکی فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕن نییە، چونکە بە گوتەی ئەو  ئەمە پراکسیسی شۆڕشە کە بیچمی سیاسی داهاتوو دیاری دەکات و پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان شارۆمەندان دیاری دەکات. مارکس، سیاسەت لە بازنەی سیاسەت وەدەردەنێ، چونکە بە بۆچوونی ئەو فەلسەفە ئیتر توانای بیر کردنەوە دەربارەی سیاسەتی نییە. مارکس بە بردنە ژێر پرسیاری پەیکەری سیاسی فەلسەفەی هیگڵ، سەرلە نوێ لەسەر بنەمای هەمەکییەتێکی شۆڕشگێڕانە، ئازادی مێژوویی وەسف دەکاتەوە. بەم شێوەیە مارکس، "بوونناسی شۆڕش " دەکاتە جێ نشینی دیاردەناسی سیاسیی هیگڵ.

نیچە، بە نۆبەی خۆی بە بردنە ژێر پرسیاری مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا ( کە خاڵی سەرەتاکەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوون و خاڵی کۆتاییەکەی ئایدیالیزمی هیگڵی یە) فەلسەفەی مۆدێرن تووشی قەیران دەکات. ئەو بە رەخنە گرتن لە بەهاکانی مەسیحییەت و بەها سیاسییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیی مۆدێرن، بەشوێن روخسارێکی جۆری و ئەزەلی نوێوەیە بۆ مرۆڤ کە لە بیچمی کلیدیی " ئیرادەی دەسەڵاتگەرا" دا بیچم دەگرێ. بەم شێوەیە نیچە هەوڵ دەدات لە مرۆڤی دیموکراتیکی مۆدێرن تێپەڕێت و بگاتە مرۆڤێکی نوێ بە بەهاگەلێکی فەلسەفی و سیاسی نوێوە. تێپەڕینی نیچە لەوەیکە بە " زمانی مرۆڤایەتی" ناودێر دەکات، بە مانای رەتکردنەوەی گەوهەری مرۆیی نییە بەڵکو بە واتای کامڵ کردنیەتی. نیچە بە شوێن رینسانسێکی نوێوەیە کە رەخنەی رەهای بەهاکانی لەگەڵدایە. رەخنەی رەهای بەهاکان بە مانای رەخنە و تێپەڕین لە هێزی لاوازکەر و وێرانکەری مروڤە. بە گوتەیەکی تر، بە بۆچوونی نیچە ململانێی سیاسی شەڕێکی دەروونییە کە لە نێوان دوو روانینی ئاکاری لە دەروونی مرۆڤ دا روو دەدات. هەر بەم ئاراستەیە دەشێ بگوترێ  کە بە هاتنی نیچە فەلسەفەی سیاسی دەبێتە رەچەڵەکناسی ئاکار.

بە رەخنەی نیچەیی و مارکسیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن، رێگە بۆ دەورەی چوارەمی فەلسەفەی سیاسی ئاوەڵا دەکرێت. لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم دەورەیە رووبەڕووبوونەوەی فەیلەسووفانی سیاسییە لەگەڵ پەرەسەندنی ئاوەز ئامێری و راستەقینەی تۆتالیتێری سەدەی بیستەم دا. لەم دەورەیەدا لەگەڵ سێ بزووتنەوەی بنەڕەتیی دژبەیەك لە فەلسەفەی سیاسی دا رووبەڕوو دەبینەوە. یەکەم، رەخنەی شتراوسیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن کە دوا بە دوای رەخنەی هەیدگێری لە مێژووی مێتافیزیك بیچم دەگرێ. دووهەم، رەخنەی ئارنێت لە سیاسەتی مۆدێرن و دۆزینەوەی دووبارەی کرداری سیاسی و



سێهەم، رەخنەی پاش مۆدێرن لە فەلسەفەی رۆشنگەری و سیاسەتی مۆدێرن کە دەگاتە قەیرانی سۆژەی مێتافیزیکی و هەرەس هێنانی بکەری سیاسیی مۆدێرن.

بە کورتی، لە فەلسەفەی سیاسیی پاش مۆدێرن دا سێ تەوەری سەرەکی ئەندێشە لە ئارادا هەیە کە لە بەرهەمەکانی فۆکۆ، بۆدریار و ڤاتیمۆ دا دەبیندرێ. میشێل فۆکۆ، فەلسەفەی سیاسی، لە قالبی ئەوەیکە بە " مایکرۆفیزیکی دەسەڵات" ناوی دەبات، چێ دەکاتەوە. لە حالێکدا کە ژان بۆدریار باوەڕی بە هەرەس هێنانی بکەری سیاسی و کۆتایی فەلسەفەی سیاسییە. ڤاتیمۆ ش بە نۆبەی خۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە دەورەی پاش مێژوو دا (کە ئێمە تیایدا دەژین) ئێمە لەگەڵ قەیرانی چەمکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی رەوایەتی دەوڵەتی مۆدێرن دەرگیرین. بەم شێوەیە، ئەزموونە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کورت خایەنەکان جێگەی رەوایەتی مێژوویی و سیاسییە درێژ خایەنەکان دەگرنەوە.

بەڵام دیالکتیکی سەرەکی بۆ زیندووکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی لە نێوان "لیئۆ شتراوس" و "هانا ئارێنت" دا روو دەدات. لیئۆ شتراوس بە دوای نیچە و هەیدگێر دا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە رۆژئاوا تووشی قەیرانێکی قووڵی مەعنەوی بووە. بەڵام ئەو بە پێچەوانەی نیچە و هەیدگێر رەگەکانی ئەم نێهیلیزمە هاوچەرخە، لە گوازتنەوەی فەلسەفەی سیاسی کلاسیك بۆ فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دا دەبینێ. لە لای شتراوس، هزری سیاسیی رۆژئاوا خاوەنی دوو روخسارەیە: روخسارەیەکی کلاسیکی و روخسارەیەکی مۆدێرن. جیاوازی نێوان ئەم دوو روخسارەیە لەسەر بنەمای چەمکی " سروشت" دانراوە. لە روانگەی شتراوس دا فەلسەفەی سیاسیی کلاسیك "سروشت" وەك گوتەزایەکی تا هەتایی لەبەر چاو دەگرێ کە دیاریکەری نەزمی گەردوونییە. هەر بەم هۆیە لە

لای کلاسیکەکان، "مافی سروشتی" لە ناو پێکهاتەی ژیانێکی هاوبەش دا گەڵاڵە دەبێ. کلاسیکەکان "ژیانی هاوبەش" لەسەر بنەمای غایەت telos دادەنین. کەواتا دەشێ بگوترێ کە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیکەکان ئەندێشەیەکی غایەت باوەڕە. بە گوتەی شتراوس تەوەری سەرەکی فەلسەفەی سیاسی کلاسیك گەڵاڵە کردنی ئەم پرسیارەیە کە: "باشترین سیستەمی سیاسی کامەیە؟". شتراوس لەو باوەڕەدایە کە وەڵام دانەوە بەم پرسیارە لە قاڵبێکی مێژوو باوەڕدا ناگونجێ. ڕەخنەی شتراوس لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕن پەیوەندی بە جەوهەری مێژوو باوەڕی ئەوەوە هەیە. بە گوتەی ئەو، جەوهەری مێژووباوەڕیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن، "واقیعییەت" و "ئاڕمان" (واتا، ئەوەیکە دەبێ وا بێ و ئەوەیکە وایە) دەکاتە یەك. ماکیاڤیلی یەکەم بیرمەندی مۆدێڕنە کە بە مەبەستی پێکهێنانی پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن، بیرۆکەی نەزمی سروشتی و پۆلێنبەندیکراوی یۆنانی کۆن دەخاتە بەر پرسیار و مێژوو وەك دەلاڵی نێوان "ئەوەیکە هەیە" و "ئەوەیکە دەبێ وا بێ" گەڵاڵە دەکات. بە واتایەکی تر، شتراوس کێشەی گەورەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن لەمەدا دەبینێ کە مۆدێڕنەکان پرسی "باشترین سیستەمی سیاسی" لە پەیوەندی لەگەڵ یەك تاك دا (ماکیاڤیلی) و یان یەك کۆمەڵ (ڕۆسۆ) لەبەر چاو دەگرن و "نەزمی سروشتیی عەینی" دەدەنە بەر ڕەخنە. یەکێك لە تەوەرە گرینگەکانی لیئۆ شتراوس شێوەی لێکدانەوەی مۆدێڕنەکان لە دەقە کلاسیکەکانە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە چونکە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیك (واتا ئەفلاتوون، ئەرەستۆ و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست) مێژوو باوەڕ نییە، لەبەر ئەوەش ناتوانرێ لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی مێژووییەوە پەی بە ڕاستەقینەی دەقەکانی فەلسەفەی کلاسیك ببرێت. بە گوتەیەکی تر پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دەقی کلاسیك هەوڵێك بدرێ بۆ تێگەیشتن لە "حەقیقەت" ی



ئەو. ئەگەری کارێکی لەم چەشنە لە حاڵەتێکدایە کە تەنیا سەرنجی دەقەکان نەدرێت بەڵکو سەرنجی ئەو دیاردەیە بدرێت کە دەقەکە دەیخاتە بەر چاومان. هەر لەبەر ئەمە، شتراوس باوەڕی بە " هونەری خوێندنەوە لە نێوان هێڵەکان دا" یە، چونکە بە بڕوای ئەو فەیلەسووفانی سیاسیی کلاسیك بۆ دوو جۆرە خوێنەر دەیاننووسی: جۆرێك خوێنەری گشتی و جۆرێك خوێنەری تایبەت. ئەوەیکە بۆ هەموان نووسراوە، ئاشکرا و ڕوونە، بەڵام ئەوەیکە بۆ کەسانی تایبەت نووسراوە، ڕەمزاوییە. هەروەك دەبینین سوننەتی شتراوسیی فەلسەفەی سیاسی، گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی کلاسیك. ئەم سوننەتە لە زانکۆی شیکاگۆ بیچمی گرت، دواتر لە لایەن شاگردەکانی شتراوسەوە بە تایبەت "ئالێن بلۆم" درێژەی پەیدا کرد.

سوننەتێکی تر کە لە سی ساڵی ڕابردوو دا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن هەبووە، لە ئەندێشەی سیاسی هانا ئارێنت دا خۆ دەنوێنێ. هەرچەندە کە ئارێنت خۆی وشەی " تیۆریی سیاسی" بە جێگەی "فەلسەفەی سیاسی" بەکار دەبات و بە ئاشکرایی لە کتێبەکەی دا "سوننەتی شاراوە" ئاماژە بەم بابەتە دەکات کە " پەیوەندی بە کۆڕی فەیلەسووفانەوە نییە"، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دەوری ئەو لە بیچم پێدان بە فەلسەفەیەکی سیاسیی دیموکراتیکی نوێ لە ڕۆژئاوا گرینگ بووە. هەرچەندە ئارێنت دابەشکاریی شتراوسیی نێوان فەلسەفەی سیاسیی کلاسیك و فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕنی قەبووڵ نییە، بەڵام ئەو خۆی یەکێك لە ڕەخنەگرە جددییەکانی مۆدێڕنیتەیە. ئارێنت باوەڕی وایە کە ئێمە لە دەورەی مۆدێڕنیتە دا گەیشتووینەتە دوو جۆر لە نامۆیی، لە لایەکەوە نامۆیی لە جیهان و لە لایەکی ترەوە نامۆیی لە گۆی زەوی. ئەم نامۆییە دوولایەنەیە بە هۆی کەلەبەرێکەوەیە کە لەگەڵ ڕابردووی ئێمەدا بەدیهاتووە. بەڵام ئارێنت بە ئاگایی

تەواوەوە لەم کەلەبەرە، هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان مرۆڤە مۆدێرنەکان و میراتی فەلسەفی رابردوو دا دروست بکات. ئەو ئەم پەیوەندییە لە کرداری "بیر کردنەوە" دا دەبینێ. ئەندێشە لە لای ئارێنت بە مانای گەڵاڵەی پرسیارێکە سەبارەت بە چییەتی سیاسەت و چۆنیەتی ژیانی سیاسیی مرۆڤەکان. بە گوتەی ئارێنت لە دەورانی ئێمە دا پەیوەندی نێوان "ئەندێشە" و "رووداو" پچڕاوە و ئەرکی فەیلەسووف و بیرمەند، سەرلەنوێ خوێندنەوەی رووداوەکانە. بیر کردنەوە لەمەڕ رووداوەکان بە مانای بەدیهێنانی تەوەرەگەلی فیکرییە بە مەبەستی سامان بەخشین بە مانای سیاسەت. لەو لایەنەوە کە سیاسەت جیهانێکی هاوبەشە کە مرۆڤەکان لێک نزیك دەکاتەوە، دەتوانرێ سیاسەت وەك تەنیا فەزایەك لەبەر چاو بگیرێ کە مانا بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبەخشێ. لە روانگەی ئارێنت دا سیاسەت تەنیا فەزایەکە کە مرۆڤەکان دەتوانن تیایدا ئازادی خۆیان بەدەست بێنن. لەم رووەوە سیاسەت جیهانی فرە چەشنییە. چونکە جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکانە. ئەم فرە چەشنییە، مەرجی پێویستی "وتە" و "کردار" ی مرۆییە. بە رای ئارنێت "کردەوە" هەمیشە سەرەتایەکی نوێیە و ئەم دەسپێکە نوێیەیە کە رێگەمان پێدەدا ئازاد بین. ئارنێت دوو تەوەری ئازادی و کرداری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ دوو پرسیار دا گەڵاڵە دەکات. یەکەم ئەوەیکە، چلۆن دەتوانرێ لە پاش ئەزموونی سیستەمە تۆتالیتێرەکان بیر لە سیاسەت بکرێتەوە؟ و دووهەم، چۆن و لەبەر چی لە جیهانی ئەمرۆ دا فەزای تایبەتی زاڵ بووە بەسەر فەزای گشتی دا؟ لە روانگەی ئارنێت دا، وەڵام دانەوە بەم پرسیارە لە شێوەی بیر کردنەوە و بڕیار دان لەسەر رووداوە مێژووییەکان دا کورت دەبێتەوە.  بە گوتەی ئەو، بیر کردنەوە واتا گەڕان بە شوێن مانا دا  و گەڵاڵە کردنی پرسیار لە بابەت جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکان. لەبەر ئەوە، تەنیا لە رێگەی گەڵاڵەی پرسیار و بڕیاری



دروستەوەیە کە مرۆڤەکان دەتوانن لەمەڕ تەوەری "شەڕ" (کە هەڕەشە لە سیاسەتی جیهانی هاوچەرخ دەکات) بەرپرسیارانە بیر بکەنەوە و کار بکەن. لە لای ئارێنت تەنیا رێگەی بەربەرەکانێ لەگەڵ "شەڕ"  و نائومێدی کە لە زەمینەی سیاسەت دا بەدی دێت، رامانی سەرلەنوێیە لە سیاسەت. سەرلەنوێ بیر کردنەوە واتا توانستی گەڵاڵە کردنی پرسیار لە بەرانبەر ئەم رووداوە سیاسییانەدا  کە هانمان دەدەن بۆ پرسیار کردن. کەواتا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "فەلسەفەی سیاسی چییە؟" دەشێ بگوترێ: فەلسەفەی سیاسی سیاسەتێکی بیر لێکراوەیە، واتا ئەو شوێنەی کە سیاسەت خۆی دەبێتە چەمکێکی فەلسەفی. بەم شێوەیە، فەیلەسووفی سیاسی بە گەڵاڵە کردنی چەمکی راستەقینەی سیاسەت دەستی دەگاتە راستەقینەی سیاسەت چونکە فەلسەفەی سیاسی شتێك نییە جگە لە سیاسەتێکی فەلسەفی.

## توماس هۆبز

تیۆری "ئەخلاق" ی توماس هۆبز تەکانێکی قورسی لە پەیکەرەی جیهانی فیکریی نیوەی سەدەی هەڤدەهەم دا. هەتا بەر لە ماکیاڤیلی هیچ فەیلەسووفێکی تر بەم شێوەیە لە دروست کردنەوە و چاکسازیی روانگە کۆنەکانی تراسیماخووس thrasymachus سەبارەت بە "دادگەری" و ئەوەیکە "دادگەری" میوەی توانایانە، نەهاتبووە پێشەوە.

هۆبز یەکەم کەسێك بوو کە روانگەکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی بەڵگەمەند، لۆژیکی، تۆکمە و قووڵ‌دا پێشکەش بکات. هەر لەم رووەوەیە کە زۆریەك لە توێژەران بە خوێندنەوەی لێڤیاتان، دانیان بە روانگەکانی هۆبز سەبارەت بە ئەخلاق و بوونی مرۆییدا ناوە. ئەوان لەوە دەترسان کە روانگەکانی هۆبز سەبارەت بە ئەخلاق راست بێت. بەم پێیە ئەرکی گرینگی فەلسەفیی کەسانێك کە تووشی روانگەکانی هۆبز دەبوون ئەوە بوو کە سێ خاڵ روون بکەنەوە:

١. مرۆڤ لە دۆخی سروشتی دا لە حاڵەتی شەڕ دا نییە.

٢. تیۆرییەکەی هۆبز، تیۆرییەکی ناپایەدارە.

٣. وشەگەلێك وەك "بەختەوەری"، "ماف"، "دادگەری"، بەیانگەری هەندێ تایبەمەندی هەرمان و زیندووی حاڵەتەکان و شتەکانە.

لە راستیدا یەکەم هەڵوێستی جددی لە بەرانبەر روانگەکانی هۆبز دا لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە ئەنجام درا. ئەوان لە ساڵانی ١٨٣٩ — ١٨٤٥ تەواوی بەرهەمەکانی هۆبز- یان بە دوو زمانی ئینگلیزی و لاتین چاپ و بڵاو کردەوە. سەرەنجام ئەوپەڕی ئەم سەرنجە لە نووسینەکانی فێردیناندۆ توونیس، کۆمەڵناسی ئەڵمانی دا دەرکەوت. پاش ئەوە، بایەخ دان بە بەرهەمەکانی هۆبز بە



دەرکەوتنی ئەندێشەگەلی سیاسیی تۆتالیتێر وەك رێگەچارەیەك بۆ کێشە سەرهەڵداوەکانی پەیوەست بە گەشەی پیشەسازی لە رووسیا، ئیتالیا و ئەڵمانیا، زیادیان کرد.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا، شەپۆلێکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەندێشەکانی هۆبز لەو وڵاتانە بەرێ کەوت. خاڵێکی بە هێزی تر لەم بوارەدا، لە ساڵانی کۆتایی دەیەی ٣٠ واتا لە کاتێکدا بوو کە لیئۆ شتراوس کتێبەکەی خۆی سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسیی هۆبز بە چاپ گەیاند و ئەی.ئی.تیلۆر-یش کتێبی "میتۆدی ئەندێشەی ئەخلاقیی هۆبز"ی لە ساڵی ١٩٣٨ بلاو کردەوە.

تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەی تیلۆر ئەوەیە کە راڤەیەکی یەکپارچە و هاوسەنگ بۆ کاراکتەری هۆبز وەك " خود باوەڕ"egoist و " غایەت گەرا"teleologist (واتا کەسێك کە پێی وایە دەروەست بوون بە شتێك بە گشتی دەرهاوێشتەی دەرەنجام و پاشهاتە پراکتیکییەکانی بەجێهێنانی ئەو کارەیە) لە ئەخلاقییات دا هەڵەیە. بە بۆچوونی تیلۆر، هۆبز غایەت گەرا نییە، دیۆنتۆلۆژیستە deontologist (واتا کەسێك کە بڕوای وایە هەندێ کار هەن کە مرۆڤ دەبێ بە بێ سەرنجدان بە ئەنجام و پاشهاتەکانی، ئەنجامیان بدەن). لێرەدا بە خوێندنەوەی روانگە فەلسەفییەکانی هۆبز لەسەر مرۆڤ، یەزدان و کۆمەڵگا، بۆمان دەردەکەوێ کە دەتوانێ غایەت گەرا یان دیۆنتۆلۆژیست بێت.

ئێستا باشتر وایە روونی بکەینەوە کە کێشەی هۆبز چییە و ئەو بۆ چارەسەری کێشەی سیاسەت سوود لە چ شێوازگەلێك وەردەگرێ؟ بابەتێك کە لە بواری ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسیدا هۆبز ناچار بە بیر کردنەوە دەکات، ئەمەیە کە چلۆن دەتوانرێ رێگە لە شەڕی ناوخۆیی و ئاژاوە و بێ نەزمییە شارستانییەکان لە کۆمەڵگایەك دا بگیرێ. بەم پێیە دەبێ بگوترێ فەلسەفەی سیاسی لە راستیدا دەبێ وەڵامێك بێت بۆ هەڕەشە و مەترسییەکان و

واقیعییەتی شەڕە ناوخۆییەکان. لەم بابەتە دا دەبێ وەڵامی ئەم خاڵە بدرێتەوە کە چلۆن دەتوانرێ پەرێز لە شەڕی ناوخۆیی و پاشهاتەکانی بکرێت. بە بۆچوونی هۆبز پەیڕەوی کردنی رەها لە لایەن گوێڕایەڵ و بەندەکانەوە، تەنیا رێگەی پێکهێنانی سەقامگیری سیاسییە. بەم پێیە، فەلسەفەی سیاسیی هۆبز هەوڵێکە بۆ سەلماندنی زەرووریيەتی حاکمییەتی رەها. بەڵام لێرەشدا هۆبز تووشی کێشەیەك دێت، ئەویش ئەمەیە کە ئەو نایەوێ قەبووڵی بکات کە هەڵوێست گرتن بە دژی مافە یەزدانییەکانی شا، بەشێکە لە پێکهاتەی سەدەکانی ناوەڕاستیی کۆمەڵگا و ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاستی. تەنانەت ئەگەر هۆبز هەڵوێست بە دژی ئۆتۆریتەی کلێسایی و هەڵوێست بە دژی چەمکی ئەرەستۆیی زانست قەبووڵ دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نایەوێ مافی بەرەنگار بوونەوە بە دژی شا قەبووڵ بکات. بەم پێیە پاڕادۆکسێك هەیە لە کاری هۆبز دا، چونکە لە لایەکەوە گۆڕانە مەزنەکان لە زانست و ئایین دا قەبووڵ دەکات و لە لایەکی ترەوە دەیەوێ لە بواری ئەخلاق و سیاسەت دا، ئۆتۆریتە بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

بەم حاڵە، ئەوەی سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسیی هۆبز تازە و بەرچاوە، میتۆدی ئەندێشەی ئەو لەمەڕ رەهاییگەرایی سیاسی نییە، بەڵکو میتۆدێکە کە ئەو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی بەکاری هێناوە. فەلسەفەی هۆبز لە راستیدا هەوڵێکە بۆ بەکار بردنی میتۆدەکان و چەمکە بنەڕەتییەکانی فیزیکی مۆدێڕن بۆ توێژینەوەی مرۆڤ، هەم وەك تاك و هەم وەك شارۆمەند. بەم شێوەیە هۆبز هەوڵ دەدات لە دوو رێگەوە بێتە ناو توێژینەوەی مرۆڤەوە: یەکیان رێگەی زانستییە. هۆبز لێرەدا میتۆدی شیکردنەوەی هۆکار و بەرهۆیی ( علت و معلولی) هەڵدەبژێرێت. دووهەم، ئەوەیکە هۆبز زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بە بەشێك لە فیزیك دەزانێ و بە پێی یاسای فیزیك لێیان



دەڕوانێ. ئەم روانگەیە لە راستیدا کلیلی ماددەگەرایی مێتافیزیکیی ئەوە. بە بۆچوونی هۆبز زۆرجاران فەلسەفە و زانست یەك شتن، چونکە لە سەدەی هەڤدەهەم دا هێشتا جیاکارییەك نەکرابوو لە نێوان ئەو دوو چەمکە دا. فەلسەفە و زانست هەردووکیان بە واتای توێژینەوە inquiry بەکار دهێنران و هۆبزیش زیاتر رووی لە توێژینەوە لەسەر کرداری مرۆڤ لە کۆمەڵگای خاوەن نەزم بوو. بەڵام هۆبز لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوەش هیچ ئەنجامێکی سوود بەخشی نەبووە، هێرش دەکاتە سەر فەلسەفەی کلاسیك و لەم بابەتە دا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بەهاکانی ئەندازە (هندسە).

بەبۆچوونی هۆبز، کەسانێك کە دەیانەوێ فەلسەفە فێری خەڵك بکەن، پێشتر پێویستە زانیارییەکی فراوان لە ئەندازەدا وەرگرن. بەم پێیە میتۆدی هۆبز میتۆدێکی ئەندازەییە و لێرەدا، هۆبز لە راستیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری گالیلۆوە. چونکە گالیلۆ باوەڕی وابوو کە کتێبی سروشت دەبێ بە زمانی ماتماتیك بنووسرێتەوە.

لە راستیدا هۆبز ناڵێ کە دەتوانرێ میتۆدی ئەندازەیی لە توێژینەوەی رەفتاری مرۆییدا بەکار ببرێت. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەو میتۆدە لۆژیکییەی کە لە ئەندازەدا هەیە، میتۆدێکی زانستیی دروستە کە دەتوانێ لە توێژینەوەی تاك و کۆمەڵگاشدا کەڵکی لێوەربگیرێ. مەبەستی هۆبز ئەوەیە کە دەبێ پەیوەندیی هۆکاری و بەرهۆیی نێوان چییەتیی مرۆڤ و چییەتیی کۆمەڵگا بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە. بە بۆچوونی ئەو یاساکانی سروشت خۆیان پێمان دەڵێن چۆن پارێزگاری لە دۆخ و دەوڵەتێکی سەقامگیر بکرێ.

هۆبز دەزگای فەلسەفەی سیاسیی خۆی بەم تیۆرییە لە واقیعییەت دەست پێدەکات کە بە رای ئەو زۆر سادەیە بۆ تێگەیشتن و لەسەر ئەم تەوەرە دامەزراوە کە دونیا پێکهاتەیەکە لە جسم و ماددەی بزێو (لە حاڵی جووڵە دا).

کاتێك که  هۆبز باس له ئەندێشەی ماددەی بزێو دەکات، له راستی دا هەوڵ دەدات تێکهەڵکێشێك دروست بکات له تیۆرییەکەی گالیلۆ و ڤیلیام هارۆی دا. هۆبز ئەم ئەندێشەیە پەروەردە دەکات کە ژیان بیچمێکه له جووڵه و بزووتنی دەروونیی مادده. بەم پێیە، هۆبز رەفتاری گیانلەبەران و لەوانیش رەفتاری مرۆڤ به بیچمێك له ماددەی بزێو دەزانێ. کە بەرهۆی بزووتنێکی دەروونیی پەیکەرناسانەیە (کالبد شناسانه). هۆبز به پێشکەشکردنی چەمکێکی ماتریالیستانه له هەست و دەرك، وەك دەرکەوت و نیشانەی جووڵەی پەیکەری، له هەوڵی ئەوەدایە که وێنایەك له ئەزموونەکانی مەعریفە، کە لەسەر بنەمای هەست بیچم دەگرن، بخاتە بەر دەست. ئەو لەرێگەی ئەم بونیادە ساکارانەوە لێکدانەوەیەکی ئاڵۆز بۆ پاڵنەر و هەستەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدات.

هۆبز، "بەختەوەری" و "رۆژرەشی" له قالبی مانای "حەز" و "رق" دا پێناسە دەکات. به بۆچوونی ئەو، له راستیدا "بەختەوەری" مەبەستی حەزە و "رۆژڕەشی" ئامانج و سۆزەی رق و پشت لێکردنە. بەم پێیە، کردارێك که له بزووتنی پەیکەرییەوە سەرچاوە دەگرێ، به شێوەی حەز یان به شێوەی رق دەردەکەوێ. بەم پێیە، کردارێك که به هۆی ئیرادەوە دەکرێت، ئیختیارییە. هۆبز هاوکات لەگەڵ رەتکردنەوەی چەمکی ئیرادەی ئازاددا رەفتاری ئیختیاری و خوازراو و رەفتاری نەخوازراو لێك جیادەکاتەوە. به بۆچوونی ئەو هەموو کردارێك پێویستە، بەڵام هەموو کردارەکان به هۆی هۆکارە دەرەکییەکانەوە زەرووڕەت پەیدا ناکەن. ئازادی و رزگاری دوو شتن به دژی جەبری دەرەکی. بۆ وێنە ئەگەر من له زیندان بکەن، ئیتر ئازاد نیم.

چلۆن دەتوانرێ رای هۆبز سەبارەت به پەیکەرناسی و پاڵنەرە مرۆییەکان له رستەیەك دا بەیان بکرێت؟ دەتوانرێ بگوترێ که به بۆچوونی ئەو، تاکە مرۆییەکان دەزگاگەلێکی ئاوەزین لە ژێر کاریگەری پاڵنەری سۆزدارییدا و



هەروەها به پێی رێنوێنیی ئاوەزیی خۆیانە که حەزیان له بەختەوەری یان سەرکەوتنی بەردەوامە له بەدەست هێنانی ئەو شتانەدا که مرۆڤ له هەموو کاتێکدا حەزی لێیانە. بەڵام ئەو بۆچوونە چ یارمەتییەکی تەوەری دسیپلینی کۆمەڵایەتی دەدات؟ بەو جۆرەی که  هۆبز پێی وایە پرسی کۆلایەتی ئەوەیە که مرۆڤ به پێی جەوهەری سروشتیی خۆی، به شوێن سەروەری و بەختەوەری خویەوەیەتی و هەرکات رۆحی دوو تاکی مرۆیی حەزیان له یەك شت بێت ئەو دوانە دەبنە دوژمنی یەك و ئەگەریش ببنە دوژمنی یەك هەوڵ دەدەن یەکتر بسڕنەوە یاخود یەکیان لەبەرانبەر ئەوی تردا پاشەکشە بکات. بەم شێوەیە هۆبز لەو باوەڕەدایە که تەواوی مرۆڤەکان به شوێن گەیشتن به بەختەوەریی خۆیانەوەن. به گوتەیەکی تر، به رای هۆبز به ئەزموون کردن بۆمان دەردەکەوێ که جەوهەری مرۆڤ، زیاتر "خۆپەرستانە"یە. بۆچی؟ چونکە خواستی سروشتیی هەر مرۆڤێك ئەوەیە ژیانی خۆی راگرێ و بیپارێزێ. بەم پێیە مرۆڤەکان له بنەڕەتەوە به شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن، هەر بەم ئاراستەیە دەکەونە رکەبەری و ململانێی یەکدییەوە. لەم رووەوەیە که هۆبز پێی وایە هەرج و مەرج شتێکی سروشتییە. له حاڵێکدا کۆمەڵگای رێك و پێك و سەقامگیر، داهێنراو و دەستکردە. کەواتە مرۆڤ له دۆخی سروشتی دا حەزی له بەختەوەریی خۆیەتی و هەموو هەوڵێك دەدات بۆ پاراستنی خۆی. به پێی بۆچوونی هۆبز، حەزی مرۆڤ بۆ بەختەوەریی بەردەوام، رایدەکێشێت بەلای چێژخوازی و هەموارکردنی چێژ بۆ داهاتوو.

بەڵام دۆخی سروشتی له روانگەی  هۆبز دا چۆنە؟ بەڕای ئەو، زێدە لەوەیکە چەمکێکی مێژوویی بێت، ئامرازێکی شرۆڤەکارانەیە. ئەویش هەروەك تیۆریسییەنە سیاسییەکانی تر لەو باوەڕەدایە که شوێنگەی مرۆڤ له دۆخی سروشتیدا، هەلومەرجێك دەڕەخسێنێ که ئەو له رێگەی روون کردنەوەی

مەترسییەکانەوە تیایدا بە شوێن دیاریکردنی سوودەکانی ئۆتۆریتەی سیاسی لە حاڵەتی نەبوونی ئەم ئۆتۆریتەیەدا دەگەڕێ. بەر لە هۆبز، تیۆریسییەنەکانی تر لەسەر چۆنیەتی رەفتار کردن لەگەڵ مرۆڤ لە بەرانبەر هەلومەرجە پێشهاتووەکان، دواون، بەڵام چەمکی دۆخی سروشتیی هۆبز تەنیا گریمانەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو شرۆڤەیەکی مێژووییە لەوەیکە هەر کەسێکی ئاوەزمەند لە هەلومەرجی نەبوونی مەعریفە سەبارەت بە ژیانی پاش مردن و لە هەلومەرجی نەبوونی ئۆتۆریتەیەکی سیاسییدا کە توانایی دسیپلینکردنی هەبێت، چلۆن دەبێ رەفتار بکات.

هۆبز، لانیکەم بە پێی دوو بەڵگە باس لە دۆخی سروشتی دەکات: یەکەم ئەوەیکە کۆمەڵگای مرۆیی لە لای تاکی مرۆیی شتێکی سروشتی نییە. سروشتی، بەو چەشنەی کە کۆمەڵگای گیانلەبەران، وەك مێروو یان هەنگ لە لای هەر مێروو یان هەنگێك، سروشتییە. بەڵگەکانی هۆبز لەوەدا کە دەڵێ کۆمەڵگای مرۆیی لەلای مرۆڤ سروشتی نییە، بم چەشنەیە:

١. کۆمەڵگا مرۆییەکان بەرهەمی کاری سروشتی نین، بەڵکو هەندێ بەرهەمی دەستکردن کە بە دەستی مرۆڤەکان دروست کراون.

٢. هیچ تاك یان گرووپێك لە مرۆڤەکان، بە پێی سروشتی خۆیان، ئۆتۆریتەی بەسەر تاك یان گرووپە مرۆییەکانی تردا نییە. بە گوتەیەکی تر، ئۆتۆریتە، لە لایەن سروشتەوە پێی نابەخشرێت بەڵکو لە رێگەی پەیمان و رێککەوتنی نێوان مرۆڤەکانەوە، بە سوود وەرگرتن لە ئاوەز بەرهەم دێت.

ئەو بەڵگەیەی دووهەمی باسی چەمکی دۆخی سروشتی، لەبەر ئەوەیە کە نیشان بدات مرۆڤەکان بە حوکمی ئاوەز، کۆمەڵگا مرۆییەکان پێکدێنن و هەر بەو پێیبەش ئۆتۆریتە دەبەخشن بە تاك یان گرووپگەلێك. هۆبز هەوڵ دەدات بۆ روون کردنەوەی ئەم تەوەرە، بڵێ کە دۆخی سروشتی دۆخێکی نائارام و پڕ



مەترسییە. بەم پێیە دەتوانرێ بگوترێ کە بە بۆچوونی هۆبز، دۆخی سروشتی بەلای مرۆڤەکانەوە سروشتییە بەڵام ئاوەزی نییە. لە حاڵێکدا کە کۆمەڵگا ئاوەزییە بەڵام سروشتی نییە. بەڵام دەشێ دژوازیی نێوان ئاوەز و سروشت چارەسەر بکرێت، چونکە مرۆڤ بوونێکی ئاوەزمەندە. بەم حاڵەوە، سروشتی نائاوەزیی مرۆڤ، بەردەوام هانی دەدات بەرەو دۆخی سروشتی. بەم پێیە، هەبوونی دۆخی سروشتی هەڕەشەیەکی بەردەوام و راستەقینەیە کە پێویستە بە هێزی ئاوەز بەرەبەرەکانێی لەگەڵ دا بکرێت.

هۆبز زاراوەی دۆخی سروشتی بە دوو مانا بەکار دەبات: یەکیان لە مانای گشتی دا، کە ئاماژە بە نەبوونی هیچ چەشنە کۆمەڵگایەکی سەقامگیری مرۆیی دەکات و دووهەم لە مانایەکی تایبەتتردا کە بە سادەیی ئاماژەیەك بە نەبوونی حاکمییەتی کۆمەڵگای شارستانی دەکات. هۆبز هەوڵ دەدات بسەلمێنێ کە لە دۆخی سروشتیدا، هەر تاکێك بەرژەوندییەکی هەیە کە دژ بە بەرژەوەندی تاکەکانی ترە. بەم پێیە، هەمووکەس رێگە پێدراوە کە بەر لەویکە بکەوێتە بەر هێرش، هێرش بکاتە سەر دراوسێکانی. لەو رووەوە، دۆخی سروشتی، دۆخی شەڕ ئامێزی بەردەوامە بۆ هەر مرۆڤێك بە دژی ئەوی تر.

هەڵبەت ئەم بۆچوونەی هۆبز بەو مانایە نییە کە لە دۆخی سروشتی دا هەمیشە شەڕ و ململانێ بەرپا دەبێ، بەڵکو تەنیا بەم مانایەیە کە هەلومەرجی شەڕ ئامادەیە. ئەو شەڕ و ململانێیە دەرهاویشتەی سێ رەگەزی ئامادەیە لە مرۆڤدا: یەکەم، رکەبەرێتی، دووهەم، ململانێ و سێهەم، ناوبانگ. پڕەنسیپی یەکەم مرۆڤەکان بۆ کامەرانی دەکاتە هێرشبەر. دووهەمیان مرۆڤەکان بۆ سەروەری دەکاتە هێرشبەر و سێهەم مرۆڤەکان هان دەدات کە بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ پەنا بۆ توندوتیژی بەرن. بەم شێوەیە گرووپی یەکەم بۆ زاڵبوون بەسەر دیتراندا سوود لە توندوتیژی وەردەگرن. گرووپی دووهەم لە توندوتیژی بە

مەبەستی بەرگری کردن لە خۆیان سوود وەردەگرن و گرووپی سێهەمیش بۆ بەدەستهێنانی پلە و پێگە ئەو کارە دەکەن.

هۆبز بەو قسانە دەیەوێ لە تەوەری خاوەنداری و پیشەی مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتیدا بدوێ. تەوەرێك کە دواتر ژان ژاك رۆسۆ لە بەرهەمەکانی خۆی دا وەك تەنیا ئەگەری ئامادە لە کۆمەڵگا دا باسی لێوە دەکات. بە بۆچوونی هۆبز، پێوەری خاوەنداری لە دۆخی سروشتیدا، لەڕێگەی توانایی تاکەوە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی ئەو خاوەندارێتییە هەڵدەسەنگێندرێ. من تەنیا کاتێ خاوەنی شتێکم کە توانایی بەدەستهێنانی ئەوم هەبێ و بتوانم هەر لەو توانایەم بۆ پاراستنیشی سوود وەربگرم. لە دۆخی سروشتی دا شتێکی وەك دروست و نادروست و حەق و ناحەق و دادگەری و بێدادی لە ئارادا نییە. بەڵام هەرکەسێك ئەرکێکی سروشتی هەیە بۆ ئەوەی هەرشتێك کە پێی وایە بۆ بەختەوەرییەکەی پێویستە ئەنجامی بدات. بەم شێوەیە، مرۆڤ هەوڵ بۆ بەختەوەریی بەردەوامی ژیانی خۆی دەدات و لەم ڕێیەدا پێدەچێ هەلومەرجێك بێتە پێشەوە کە تەنانەت ژیانی خۆی بدۆڕێنێ. مرۆڤەکان بە چەشنێکی سروشتی رقیان لە مەرگە و لەم رووەوە، لە دۆخی سروشتیدا کە لە راستیدا دۆخێکی شەڕ ئامێزە رووبەڕووی ترس دەبنەوە. دۆخی سروشتیی شەڕ ئامێز بە ئاوا سەرەنجامێکەوە، هەر پیاوێکی ئاوەزمەند ناچار دەکات بە شوێن دۆخێکی باشترەوە بێت و خوازیاری ئاشتی بێت. ئەم ڕێگەچارە ئاوەزییەی کە خۆی پێویستی بە ئامرازێکە بۆ پاراستن و دەستەبەر کردنی ئامانجی بنەڕەتی مرۆڤ بۆ بەختەوەری خۆی، لە لایەن هۆبزەوە بە واتای یاسای گشتی یان "ئامۆژەی ئاوەز" ناودێر دەکرێ. هۆبز ئەو دۆخە بە "یەکەم یاسای سروشت" یش ناودێر دەکات. یاسای سروشت جیاوازە لەگەڵ مافی سروشتی. مافی سروشتی شتێکە کە ئێمە بۆ پاراستنی بەختەوەری خۆمان سوودی لێوەردەگرین یان کارێکە کە دەمانەوێ



ئازادانە ئەنجامی بدەین. بەڵام یاسای سروشت، رێنوێن یان یاسایەکی گشتییە کە لەسەر بناغەی ئاوەز داڕێژاوە و مرۆڤ بە هۆی ئەوەوە رێگە لەو کارانەی دەگیرێت کە مەترسی و وێرانی دەخەنە سەر رێی ژیانی. بەم پێیە یاسای سروشت پێمان دەڵێ کە دەبێ چ کارێك بکەین و دەبێ بۆ پاراستنی ژیانی خۆمان بە چی پابەند بین. ئەمە حوکمێکی گریمانەییە hypothetcal کە کۆمەڵێك ئامراز و رێنوێنی پێویست بۆ بەرژەوەندیی ئێمە پێشنیار و دەست نیشان دەکات. ئەو بەهایانەی کە لە لایەن یاساوە پێشنیار دەکرێن حاڵەتی مشوورییان هەیە. نە بە شێوەی رەها ئەخلاقین و نە فەرمان و نە دەستووریشن. بەم پێیە هەنگاوی بە پێچەوانەی یاسای سروشت کردارێکی نائاوەزمەندانەیە.

١. یاسای یەکەمی سروشت ئاماژە بەوە دەکات کە چونکە ئاشتی سوود بەخشە بۆ ژیانی هەموو مرۆڤەکان کەواتە لە بەرژەوەندی هەمواندایە کە هەوڵ بدەن بۆ بەدیهێنانی.

٢. یاسای دووهەمی سروشت پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مرۆڤەکان دەبێ چ بکەن بۆ ئەوەی بە ئاشتی بگەن و بەم شێوەیە حەزەکانیان تێر بێت. کەواتا یاسای دووهەم پێویستی بە کەسانێکە کە چاو لە هەموو مافێکی سروشتیی خۆیان بپۆشن، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی کە دیترانیش ئەو کارە بکەن. بەم شێوەیە، ئەگەر بڕیار وابێ یاسای دووهەم جێبەجێ بکرێ، پێویستە مرۆڤەکان لەگەڵ یەك رێککەون و جووت بن. بەڵام رێککەوتنەکان وەك خۆیان بڕستیان نییە، مەگەر ئەوەیکە بەهێز بکرێن. لە راستیدا ئەوە تەوەری یاسای دووهەمی سروشتە.

٣. یاسای سێهەمی سروشت، داوا لە مرۆڤەکان دەکات کە پابەند بن بە رێککەوتن و پەیمانەکانی خۆیان. بە بۆچوونی هۆبز، یاسای سێهەمی سروشت لە راستیدا ئاخێزگە و سەرچاوەی دادگەرییە. بە واتایەکی تر، پابەندی بە

پەیمان، واتا یاسامەند کردنی دادگەری و چونکە بەر لە ڕێککەوتنی مرۆڤەکان هەڵەیەك نەبووە لە ئارادا کەواتا لە بنەڕەت دا دادگەری پەیوەستە بە ڕێککەوتنگەلێکی لەم چەشنە. بە بۆچوونی هۆبز، دادگەری بە مانای پاراستن و پابەند بوون بە ڕێککەوتنگەلی مانادار ە و بێدادی بە مانای شکاندنی ئەو پەیمانانەیە. هۆبز لە کتێبی " شارۆمەند"ی خۆی دا ئاماژەی بە ١٨ یاسای تەواوکەری تری سروشت کردووە و لە کتێبی " لێڤیاتان" دا بە گشتی باسی لە ١٩ یاسای سروشتی کردووە. ئەمانە بریتین لەو یاسایانە کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ دەگرن:

١. مرۆڤەکان سپاسگوزار و دڵخۆش بن بەو سوودانەی کە بە ئازادانە بە یەکتری دەگەیێنن.
٢. مرۆڤەکان هەوڵ بدەن خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا بگونجێنن.
٣. مرۆڤەکان لە هەڵەی ئەوانەی کە دان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێن و داوای لێبوردن دەخوازن، ببوورێن.
٤. مرۆڤەکان ئەزموونی باش لە سزا وەربگرن.
٥. مرۆڤەکان پەرێز بکەن لە رق و قین لە یەکتری.
٦. هەر مرۆڤێك، لە گەوهەری مرۆییدا دیترانیش لەگەڵ خۆیدا بە یەکسان بزانێ.
٧. هیچ مرۆڤێك مافی تایبەتی بۆخۆی لەبەرچاو نەگرێت.
٨. مرۆڤەکان دادوەرییەکی یەکسان و بێ لایەنانەیان بە نیسبەت یەکترەوە هەبێت.
٩. هیچ کەس لە شەڕ لەگەڵ ئەویتردا خۆی نەکاتە دادوەر و بڕیاردەر.

بەم شێوەیە، یاساکانی سروشت لە ڕاستیدا دنیای هاوکاری و ئاسایشی مرۆییە و لەوێدا، هونەرەکان، پیشەکان و کلتوور دەپشکوێن.



هۆبز هەوڵدەدا بڵێ کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی بەکاربردنی دەسەڵات و بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سیاسییەوە بیچمدەگرێت. هەروەك هۆبز جەخت دەکاتەوە، پەیمانی کۆمەڵایەتی پەیمانێکە کە لە نێوان هەموو شارۆمەندانی داهاتووی دەوڵەتدا دەبەسترێت. هەرکام لە شارۆمەندان بەڵێن دەدەن کە دەست لە مافە سروشتییەکانی خۆیان بشۆرنەوە و پەیڕەوی لە کەس یان ئەنجومەنێکی کە وەك حاکمییەتی دەوڵەت بیچمی گرتووە، بکەن.

لە ڕاستیدا حاکمییەت، لایەنێکی پەیمان نییە. واتا هیچ بەڵێنێك نادات، چونکە دەبێ ئۆتۆریتەی ڕەهای هەبێ و نابێ مافەکانی ئەو بە هۆی بەڵێنە پەیمانەکانیەوە سنووردار بکرێت. حاکم، پەیڕەوی یاسای سروشتە و لەم حاڵەتە هاوشێوە و یەکسانەدا، یەك لە تاکەکان، جودایە لە پەیمانی کۆمەڵایەتی. ئەم خاڵە بەو مانایەیە کە ئەرکەکانی حاکمییەت پارێزکارانەیە prudential .

لە ڕاستیدا ئەمە ئەرکی حاکمە کە کۆمەڵگا لە هەلومەرجی ئاشتیدا ڕاگرێت و هەر کارێك کە پێویستە بۆ ئاسایشی شارۆمەندان، ئەنجامی بدات. چونکە شکست هێنان لە بەجێهێنانی ئەرکی لەو شێوەیە بە مانای گەڕانەوەیە بۆ دۆخی سروشتی.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بکرێت: حاکم هیچ دەروەستییەکی پەیمانی یان دەستکردی نییە. بەم پێیە ئازادە لەوەی، بیر لە هەر شتێك کە دەکاتەوە ئەنجامی بدات. دووهەم ئەوەیکە، پەیڕەوان یان بەندەکان بە هۆی پەیمانەوە بەڵێنیان داوە کە پەیڕەوی لە تەواوی ئەو یاسایانە بکەن کە حاکم بڕیاریان لەسەر دەدا و جێبەجێیان دەکات، چونکە کۆمەڵگا بەبێ حاکم، بوونی نییە. کەواتا ناتوانێ لە دژی حاکم هەڵوێست بگرێ. چونکە بەبێ حاکم کۆمەڵگا تەنیا کۆی ژمارەی تاکەکانە.

ئێستا دەبێ روون بێتەوە کە حاکمییەت چلۆن بیچم بە دەسەڵاتی خۆی دەدات و مافەکانی چییە؟ بەبۆچوونی هۆبز حاکمییەت لە دوو ڕێگەوە بیچم دەگرێ: یەکیان بە هۆی جەبری سروشتی کە زۆر جاران لە کەژاوەی شەڕدایە. هەرکات حاکمییەت لەو ڕێگەیەوە بیچم بگرێت، ئەو کۆمەڵگایەی کە دروست دەبێ یان تایبەتمەندیی ئیستبدادی هەیە despotic یان باوك سالارانە paternalistic.

هۆبز ئەم کۆمەڵگایە بە ڕێککەوتنی دەستڤنای (اکتسابی) ناودێر دەکات. شێوەی دووهەمی بیچم گرتنی حاکمییەت، لە ڕێگەی ڕێککەوتنی تاکەکان لەگەڵ یەکدییەوەیە بۆ پەیڕەوی کردن لە تاك یان گرووپێك لە تاکەکان. هۆبز ئەم شێوەیە بە ڕێککەوتنی دامەزراوەیی ناودێر دەکات. قەبووڵکردنی ملکەچی بۆ حاکم لە هەردوو حاڵەت دا بە هۆی ترسەوە پێك دێت. لە شێوەی یەکەمدا، ئێمە لەو کەسە دەترسین کە وەك حاکم قەبووڵ کراوە و لە شێوەی دووهەمدا، ئێمە لە یەکتر دەترسین و هەر بەم ئاراستەیە، ئێمە بە پێکهێنانی کۆمەڵگا و دامەزراندنی حاکم، لە هەوڵی دەستەبەر کردنی ئاسایش دا دەبین. بەو پێیە، لە شێوەی یەکەمدا بۆ رزگار بوون لە هەڕەشەی گیانی، حاکمییەت قەبووڵ دەکەین و لە شێوەی دووهەم دا، بە هۆی ترس لە کوژران بە دەستی ئەوانی تر، حاکمییەت دادەمەزرێنین. لێرەدا، لە نێوان هۆبز لە لایەکەوە و لۆك و رۆسۆ لە لایەکی ترەوە دژوازیگەلێك لە ئارادا هەیە. لۆك و رۆسۆ لەو رایەدان کەسانێك کە «حاکمییەت» ناچاریان دەکات بە پەیڕەوی کردن، هیچ دەروەست نین بە پەیڕەوی و ملکەچکردن بۆی و بەمەرجێك کە هێزی پێویستیان هەبێ بە ئاسانی دەتوانن سەرپێچی لە فەرمانەکانی بکەن. بە بۆچوونی هۆبز، پەیڕەوان بەبێ ئەوەی حاکمیان دانابێت یان نا و یان دیل نەبن و لە زیندان نەبن، دەروەستن بەوەی پەیڕەویی لێبکەن.



بەڵام لە روانگەی رۆسۆ دا، واتای پەیمانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکە کە لایەنی پەیمان تەنیا کاتێك دەروەستە بە پەیڕەوی لە یاساکانی حاکمییەت کە وەك هەر تاکێکی تر خاوەنی دەنگی یەکسان بێت لە بەگشتی پرۆسە سیاسی و بڕیارەکاندا. لە فەلسەفەی سیاسیی رۆسۆدا، هەر تاکێك خاوەنی پێگەیەکی دوو لایەنەیە. پێگەی شارۆمەندی و پێگەی ملکەچی. ئەو وەك کەسێکی چالۆك، شارۆمەندە و لە بەرگی کەسێکی ناکارامە و بێباردا، بەندە و ملکەچە. بەم پێیە، بە بۆچوونی رۆسۆ چەمکی پەیمان بە شێوەیەکە کە هیچ کەس لە پێگەی ملکەچ و بەندە دا دەروەست نییە بەوەی پەیڕەوی لە یاسا و فەرمانەکانی حاکم بکات مەگەر ئەوەیکە شارۆمەند بێت. بە واتایەکی تر، ناوەرۆکی پەیمان بە جۆرێکە کە هەندێ کرداری وەك نافەرمانی مەدەنی و شۆڕشگێڕانە تیایدا ئەگەری روودانی هەیە و هەڵگری پاساوە. بۆچوونی "لۆك"یش هەر بەم شێوەیەیە. لۆك یش لەو رایەدایە کە ناوەرۆکی پەیمان بە جۆرێکە کە هەر کەسێکی خاوەن پەیمان، ئەم مافەی پێدەدرێت کە یاسا و کردارەکانی حاکم هەڵسەنگێنێت و چاودێرییان بکات.

بێ گومان هۆبز بۆچوونی لۆك و رۆسۆی قەبووڵ نەدەکرد. لە لای ئەو، روانگەی رۆسۆ روانگەیەکی بەرتەسك و نابەجێیە. چونکە بە بۆچوونی هۆبز سیستەمە پاشایەتییەکان یان دەرەبەگایەتییەکان دەتوانن بە شێوەی رەسمی دامەزرێن. بەم پێیە ئەگەر ڕێککەوتنەکان رەسمی و دەروەستی هێنەرن، ئیتر نافەرمانیی مەدەنی و شۆڕش مانای نییە. هەر لەم رووەوەیە کە لای هۆبز پێناسەی بێدادگەری هەمان جێبەجێ نەکرانی ڕێککەوتن و پەیمانە. بە واتایەکی تر رەفتاری دروستی عادلانە ئەوەیە کە پەیڕەو و ملکەچی حاکم بین و ئەگەر کەسێك ئەم پەیمانە بشکێنێ، ئەوە کە ناعادلە. رۆسۆ لە شوێنێکی تردا دەڵێ ئەگەر سەرپێچی لە ماددەکانی پەیمانەکەدا بکرێت، ئەوا کەسی پەیڕەوی

پەیمانەکە هیچ دەروەستییەکی نابێ بۆ بەندەگی، بەڵام هۆبز دان بەو بۆچوونەی رۆسۆشدا نانێت. هۆبز دیسان نکۆڵی لەوە دەکات کە بەندەکان بتوانن سەرپێچی لە حاکم بکەن. لۆك یش لەو رایەدایە کە بە پێی ناوەرۆکی پەیمانی کۆمەڵایەتی، هەر کام لە لایەنەکانی پەیمان، ئەو مافەی هەیە کە یاسا و کارەکانی حکوومەت هەڵسەنگێنێت. بەڵام دیسان هۆبز ئەو بۆچوونەی لۆك یش قەبووڵ ناکات.

بە بۆچوونی هۆبز نافەرمانیی مەدەنی و شۆڕش بەشێك نین لە ناوەرۆکەکانی پەیمان. چەنکە ئەگەر وابوایە، تێپەڕین لە مەترسییەکانی دۆخی سروشتی زۆر دژوار و قورس دەبوو، بەڵام یاسای سروشتی بەندە بەو مەرجەی کە کاتێك وەلامان نا ، لە هەلومەرجێکدا بین کە ئەگەری گەڕانەوەمان بۆی بگاتە کەمترین رادە. بەم پێیە، یاسای سروشتی ئەرکبارمان دەکات بە پەیڕەوی کردن لە یاسا دیاری کراوەکان لە لایەن حاکمەوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە یاسای سروشتی و یاسای شارستانی یەك شتن. هەر وەك پێشتر گوترا، یاسای سروشتی چەشنێك دەرکی یەزدانییە کە بە هۆی ئاوەزەوە پەردەی لێهەڵگیراوە. بەڵام یاسا شارستانییەکان یاساگەلێکی مرۆیین و خاوەنی دوو لایەنن: لایەنی روونکردنەوەیی explaning و لایەنی سزایی vindicative. بەشی روونکردنەوەیی، ئازادییە شارستانییەکانی پەیڕەوان دیاری دەکات. یاسای شارستانی، بە تەواوی لە ژێر ئیرادە و جەبری حاکم دایە. بەم پێیە، بەندە ژێردەستەکان، تەنیا بەشیان لەو مافانەدا هەیە کە حاکم پێیان رەوا دەبینێ و بە رەسمیی ناسیوە. لەم رووەوە پەیڕەوەکان تەنیا لە دوو رێگەوە دەتوانن ئازادییەکانی خۆیان بەدەست بهێنن:

یەکەم، لە رێگەی ئاشکرا کردن و درکاندنی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن حاکمەوە دیاری کراون و دووهەم لە رێگەی پەنجە خستنە سەر ئەو شتانەی کە



حاکم گوێی لێخەواندوون. بەڵام حاکم هەمیشە دەتوانێ پێداچوونەوە بەسەر یاسا شارستانییەکاندا بکاتەوە و لە هەر حاڵێکدا ئازادییەکان سنووردار بکات. ئەو، رەنگە رێگە بدات بە پەیڕەوەکانی کە باوەڕ بە هەر ئایینێك بێنن کە پێیان باشە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێ، لایەنگری لە هەندێ ئەندێشە بکات و هەروەها بەرێوە بردنی هەندێ لە سرووتەکانی ئایینەکان قەدەغە بکات. بەم شێوەیە بڕیارەکان بە تەواوی لە دەستی حاکمدایە کە ئایا ئازادیگەلی شارستانی ببەخشێت یان نا، بە واتایەکی تر، مافەکانی حاکم بە رادەی مافە سروشتییەکان بەرفراوان و بێسنوورە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو مافانە سنوورداریش بن، حاکم خۆی پەیڕەوی لە یاسا سروشتییەکان دەکات. هەروەها ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆی حاکمە کە بڕیار بدات چ شتێك پێویستە بۆ ئاشتی و یان چ شتێك بۆ شەڕ. خاڵی گرینگ ئەمەیە کە حاکم سەبارەت بەو بڕیارانە بەرپرسیار نییە لە بەرانبەر پەیڕەوەکانیدا. تاکە خاڵی گرینگ ئاشتییە و هەر لەبەر ئەوە دەسەڵاتی حاکم (بە هێزەکی) سێبەر دەخاتە سەر گشت لایەنەکانی ژیان. بەڵام ئەم خاڵە کە حاکمییەت شتێکی رەهایە، بەو مانایە نییە کە هیچ سنوورێك نییە لەسەر ئۆتۆریتەی حاکمان. هۆبز سێ چەشنە سنوور لەم بوارەدا دیاری دەکات. سنووری یەکەم پەیوەندی هەیە بە کردارە ناپاکەکانەوە. سنووری دووهەم دەگەڕێتەوە بۆ تەوەری بەختەوەری و سنووری سێهەم لە جیاوازیی دەسەڵات لە ئۆتۆریتەی حاکم دا حەشارە. ئەگەر حاکمێك ئەمر بە بەندەکەی خۆی بکات بۆ ئەنجامی کارێك کە خۆی شەرم دەکات لە ئەنجام دانی، بەندە هیچ دەروەست نییە بەوەی ئەو کارە بکات. بۆوێنە، حاکم ئەمر بە بەندەیەك دەکات کە دایك و باوکی خۆی بکووژێت. سنووری دووهەم دەگەڕێتەوە بۆ بەختەوەریی تاکی. چەمکی بەختەوەریی تاکی لای هۆبز تاکە دەروەستییی بێ مەرجە بۆ هەر کەسێك. بە گشتی، ئەم دەروەستییە تەنیا لە

ڕێگەی پەیڕەوی کردن لە حاکمەوە دەگاتە ئەنجام. بەڵام ئەگەر حاکم ئەمر بە کەسێك بکات کە خۆی بریندار بکات یان بکووژێت، ئەو کەسە ئازادە کە سەرپێچی لەم فەرمانە بکات. هەروەها ئەگەر بەندە، هیچ ئومێدێکی بە رزگاری یان بەخشران نەبێت، دەروەست نییە بەوەی دان بە تاوانێکدا بنێ کە کردوویەتی. هۆبز تەنانەت پێی زیاتر دادەگرێ و دەڵێ کە هیچ تاکێك، تەنانەت ئەگەر فەرمانی لە حاکم وەرگرتبێت، دەروەست نییە کە تاکێکی تر بکووژێت، بەڵام هەرگیز ناشێ لە فەرمانی حاکم بۆ بەرگری لە دیتران، سەرپێچی بکرێ.

سنووری سێهەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵێنی بنەڕەتی و سروشتیی حاکم، ڕاگرتن و پاراستنی سەروەری و ساخڵەمێی بەندەکانی خۆیەتی. مەبەستی هۆبز لە ساخڵەمیێ لە ڕاستێدا ساخڵەمێی گشت ناوەرۆکەکانی ژیانە. بەڵام حاکم بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەڵێنەی خۆی، تەنیا لە بەرانبەر یەزداندا بەرپرسیارە و لە لای ئەو جوابگۆ دەبێت. حاکم نابێ یاساگەلێك کە بە دژی سروشت و لە ئەنجامدا بە دژی یەزدانن، قەبووڵ بکات یان بچەسپێنێت. بەم پێیە حاکمی دەروەست و دادگەر، دەبێ یاسای دەروەست بچەسپێنێت. چونکە تەنیا لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی یاساگەلێکی لەم چەشنەیە کە بەندەکانی فەرمانەکانی وەردەگرن. لەم ڕووەوە، ئۆتۆریتەی حاکم، تا ئەو جێیە پایەدار دەبێت کە ئەو توانایی و ئیرادەی پارێزگاری کردن لە بەندەکانی خۆی هەبێت هەر کات ئەو توانایەی لە دەست بدات، بەڵێنی بەندەکانیشی بەتاڵ دەبێتەوە. دەسەڵاتی حاکم دەتوانێ بهۆی شۆڕشی ناوخۆییەوە یان سەرکەوتنی هێزە دەرەکییەکان، بڕووخێت. بە چاوپۆشین لەوەیکە چ جۆرە هێزێکی شۆڕشگێر، چ جۆرە حاکمێك (باش یان خراپ) بڕووخێنێ، ئەوان دەبنە خاوەن دەسەڵات و مافی پێکهێنانی حاکمییەتێکی نوێیان بە جێی حاکمییەتی پێشوو



دەبێت و ئەگەر ئەم حاکمییەتە نوێیە هێز و حەزی پارێزگاری کردن لە بەندەکانی خۆی هەبێت، کەواتە بەندە، بەڵێنی سروشتیی لە ئەستۆدایە بۆ پەیڕەوی کردن لەو وەك حاکمێك.

وەك دەبینین فەلسەفەی سیاسیی هۆبز لە ڕاستیدا فەلسەفەی دەسەڵاتە کە تەنانەت بۆ ئەمڕۆش لە زۆرینەی حاڵەتەکان دا وەك ڕەسەنترین و ڕێکوپێکترین نموونەی فەلسەفەی سیاسییە کە تا ئێستا خراوەتە بەر دەست، خۆ دەنوێنێ. جیاوکی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسیی هۆبز لەوەدایە کە جیاوازیی نێوان دەسەڵات و ئۆتۆریتە ڕوون دەکاتەوە و دەری دەخات کە ناتوانرێ تەنیا لە دیدگای دەسەڵاتەوە ساز و کاری دامەزراوە سیاسییەکان ڕوون بکرێتەوە. کاری دەوڵەتێك بەوە بەستراوەتەوە کە پێوەرێکی هەبێت بۆ حەز و ڕەزامەندیی شارۆمەندان بۆ پەیڕەوی کردن. دەتوانرێ سەرنجی بنەڕەتی و کەڵکەڵەی سەرەکیی هۆبز، لە ڕێگەی ئاماژەی جۆن لۆك سەبارەت بە "ڕازی بوون" باشتر دەرکەوێ. ڕای جۆن لۆك ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە لە وڵاتێکدا بژین کە نارەزاییەکمان لە یاساکانی نییە و سەرپێچییان لێناکەین، کەواتە دەروەستین بە قەبووڵکردن و پەیڕەوی کردن لێیان. لۆك لە باسەکەی خۆیدا سەبارەت بە پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئۆتۆریتەی حاکم سنووردار دەکات. بەڵام هۆبز هەروەك دیتمان دژی سنوورداریێتی حاکمییەت بە شێوەی لۆکە. لەلای هۆبز هیچ شتێك ناخۆشتر و خراپتر لە شەڕی ناوخۆ نییە. لێرەدا، دەروونناسیی ڕەسەنی هۆبز لە کرۆکی باسەکانی ئەودا دووبارە دەردەکەوێ. ئەو، ئەو گریمانەیە دادەنێ کە لە یەك جیاوازیی بۆچووندا، پێویستە بۆ چارەسەری کێشەکە کەڵك لە هێز و ئۆتۆریتە وەربگیرێ. بەم پێیە ئۆتۆریتەی سیاسی و هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی دەبێ بە پەیمانێکی ڕەزایەت ئامێزەوە بەسترابێتەوە لەگەڵ پەیمانێك لە پەیوەندیدا بێت کە توخمی "بڕواپێبوون" تیایدا لەبەر چاو گیرابێت. بە واتایەکی

تر، کاکڵی میتۆدی ئەندێشەی هۆبز بەیان بکەین، دەبێ بڵێین کە هۆبز سیستەمێکی ئاوەزیی داڕشتووە کە بەگشتی سەروکاری لەگەڵ مانەوەی مرۆڤدا هەیە. فەلسەفەی سیاسیی هۆبز لەبۆ وەڵام دانەوە بە تەوەرێکی واقیعی گەڵاڵە کراوە و ئەویش ئەمەیە کە چلۆن دەتوانرێ رێگە لە ئاژاوەی ناو کۆمەڵگا بگیرێ و هەوڵ بدرێت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سەقامگیر. ئەم فەلسەفەیە دەرخەری یەکەمین هەوڵی گرینگە لە رێگەی لەسەر پێ راگرتنی ئەخلاق و زانستی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای لۆژیکێکی ئاوەزمەندانەی بە بێ پشت بەستن بە مەزهەبە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە هۆبز بوو بە ئیلهام بەخشی زۆریەك لە بیرمەندانی سیاسیی پاش خۆی. بە تایبەت، روانگە مرۆڤناسانەکانی، ستایشی زۆریەك لە کۆمەڵناسانی مۆدێرن وەك بیرمەندانی قوتابخانەی دۆرکایم ی لێ کەوتەوە. تەنانەت ئەگەر بڕیار وابێ مەزنیی مرۆڤێك بە دژایەتیی زۆر و رەخنەگەلی توند لەو، بەراوەرد بکرێ، هۆبز لە رێزەی مەزنترینەکان دایە. هیچ بیرمەندێك بەرادەی هۆبز نەکەوتۆتە بەر رەخنەی توندی هاوچەرخانی خۆی. رۆحانییەتی مەسیحی بە تایبەت، وەك بیرمەندێکی ئازاد، رقیان لێی بوو. رۆیالیستەکان بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەو لە شاکارەکەی خۆی دا واتا "لێڤیاتان"، بنەکای پاشایەتی داوە بە بادا. بە راستی ناکرێ بەرهەمەکانی هۆبز لە جەدەل و ئەو رەخنانەدا کە ئەم بەرهەمانە لە هەر شوێنێك لێیدەکەوێتەوە، بەرتەسك کرێتەوە. ئەندێشە لۆژیکییە شایانی سەرنجەکانی هۆبز لە راستیدا، ناکارامەیی میتۆدە باوەکانی پێشووی سەلماند و هاوچەرخەکانی ناچار کرد کە پێداچوونەوە بە بەسەر بنەمای روانگە فەلسەفییەکانی خۆیان، لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت دا، بکەنەوە. بەم پێیە، ئەندێشەی هۆبز بووە هۆی پەرچەکرداری دوو رەوتی جیاوازی فیکری کە یەکیان لە لایەن رەوتێکەوە بە ناوی "ئەزموون باوەڕان" کە لە لایەن کەسانێکەوە وەك



دێڤید هیوم و ئادام ئیسمیت نوێنەرایەتی دەکرا و ئەویتر لە لایەن لقە رۆشنبیرییەکانەوە بە نوێنەرایەتیی سامۆئێل کلارێك و پرایس، ئەنجام دەدرا. کاریگەرییە پۆزێتیڤەکانی هۆبز، سەرەڕای ئەوەی زۆر گرینگن، کەمتر ناسراون. لە نێو ئەم بیرمەندانەدا کە ئیلهامیان لە هۆبز وەرگرتووە دەتوانرێ گەورە پیاوانێك وەك ئیسپینۆزا، لایب نیتز، هەلۆسیۆس، رۆسۆ، دیدرۆ، ئۆگست کۆنت و نیچە دەستنیشان بکرێن. زەروورەتی لە رادە بەدەری ئەو تەوەرانەی کە هۆبز پەنجەی لەسەر داناون و وردبینی زۆری ئەو لە بڕیاردان لەسەر پرسەکان، ناچارمان دەکات باوەڕ بەوە بێنین کە رۆڵێك کە ئەو لە مێژووی هزری سیاسی دا گرتوویەتە ئەستۆ، هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە.

## جان لاك

زانیارییەکانی ئێمە لەسەر وردەکارییەکانی ئەندێشەی جان لاك، تا رادەیەك زیاترە لە فەیلەسووفانی تری سەدەی هەڤدەهەمی ئەورووپا. لە پاش مردنی جان لاك، کۆمەڵێکی گەورە لە وتار و نامە بڵاونەکراوەکانی ئەو بەجێ ما ، کە کەوتە دەست ئێرڵ لاڤلیس. جیا لەو کۆمەڵەیەی لاڤلیس، هەندێ کتێبی دەستنووسی تری ئەویش لە ئەرشیفەکان دا هەبوون. ئەم کۆمەڵە وتارە لە ساڵی ١٩٤٢ گوێزرایەوە بۆ کتێبخانەی ئاکسفۆرد. ئەو بەڵگەنامانەی لەپاش لاك ماونەتەوە، رەشنووسی لێکۆڵینەوەکان، بڵاوکراوە، یادداوارە، کتێبگەلی ژمێریاری، پێڕستی کتێبخانەکان و وەرەقەی پزیشکی لەخۆ دەگرێ. لە بارستای مەزنی پاشماوە و دەستنووسەکانی لاك دەردەکەوێ کە ئەو تا چ رادەیەك و لە چ زەمینەگەلێك دا سەرقاڵی فکرین بووە. لەوانیش دەکرێ ئاماژە بە ئەخلاق، ئەپیستمۆلۆژی، ئابووری، تیۆلۆژی و پزیشکی بکرێت. لە راستیدا، جان لاك، یەکەمین بیرمەندێکە کە زۆریەك لە پرەنسیپ و بابەتە قەبەکانی لیبراڵیزمی لە کۆمەڵەیەکی پەیوەست بە یەك دا کۆ کردووتەوە. ئێستەش پێویستە ئاوڕێك لە بنەماکانی ئەندێشەی لاك بدەینەوە. لاکیش وەك هابز، مەعریفە ناس و هەروەها فەیلەسووفی سیاسییە. هەروەها خاڵی دەسپێکی لاك هەر وەك هابز، تەوەری مرۆڤ باوەریی مرۆڤ سەنتەرییە (Anthropocentic humanism). بەڵام ئەنجامگیرییەکانی ئەو لەگەڵ هابز جیاوازە. چونکە میتۆدی ئەندێشەی سیاسیی ئەو لە ئامۆژەکانی هابز میانەڕەوترە و بەم پێیە ئەو ئامادەتر و بە تواناترە بۆ قەبووڵ کردنی گۆڕانکاری لە ئەندێشەی خۆی دا. بە چاو خشاندنێك بەسەر



"وتارێك لەمەڕ دەرکی مرۆیی" کە لە راستیدا بە شاکار ئەپستمۆلۆژیکیی ئەو دەژمێردرێ دەتوانرێ هەندێ خاڵی هاوبەش و هەڵگری هەڵسەنگاندنی زۆر لە نێوان ئەو و هابز دا دەستکەوێت. لاك و هابز لە تەڤاهییە سروشت باوەڕانەکان دا بە نیسبەت مرۆڤ و جیهانەوە، گەلێك بۆچوونی هاوبەشیان هەیە. هەردووکیان لەو رایەدان کە مرۆڤایەتی، خۆی خاوەنداری جیهانی خۆیەتی. لە لای لاك، مرۆڤەکان وەك لاپەڕەیەکی سپی و دەست لێنەدراو و بەتاڵ لە زانست دێنە دونیاوە. ئەوان هیچ زانیارییەکی دەروونی و شەوودییان نییە. هەر شتێك کە دەیزانن لە رێگەی بینینەوە، کە ئەزموونی پێ دەگوترێ بەدەستی دێنن بەم پێیە، لەوێوە کە ئەزموونەکانی ئێمە بەرتەسکن، مەعریفەی ئێمەش بەرتەسکە. مەعریفەی ئێمە هیچکات کامڵ و رەها نابێ. کە واتا، ئەمەیە کە لە رێگەی توێژینەوەی سروشت و ئاوەز و بە یارمەتی زانست دەتوانین بەسەر جیهانەکەمان دا زاڵ بین و دەرك و تێگەیشتن لە جیهان بەدەست بێنین. لاك، هەروەك ئەرەستۆ، فەلسەفەی خۆی بە هەستێك لە سەرسووڕمان و ئاگاەی بەسەر نەزانیی خۆیدا، دەست پێدەکات. لەو رووەوە کە مرۆڤ لە پرسیار کردن لە پرسەکان ، وەڵامێك بە زمانی خۆی وەردەگرێت کەواتا پرسیارەکانی ئەو بەڕادەی پێویستیی ئەو بۆ ژیان کردن لە جیهاندان.

لاك دەڵێ: کاری ئێمە لێرە ناسینی هەموو شتەکان نییە، بەڵکو ناسینی ئەو شتانەیە کە بەکارمان دێن. ئەگەر ئێمە بتوانین هەندێ پێوەر بدۆزینەوە کە لە رێگەی ئەوانەوە، بوونەوەرێکی ئاوەزمەند لە دۆخێکی چەشنی ئەو دۆخەدا کە مرۆڤ لەم جیهانەدا تیایدایە، بتوانێ باوەڕ و کارەکانی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە سامان بدات، لەم حاڵەتەدا پێویست ناکا بەوە نیگەران بین کە شتانی تر لە حەوزەی مەعریفەی ئێمەدا ناگونجێن. بە گوتەیەکی تر، وشنگەری، لە راستیدا جیاکردنەوەی نێوان ناس هەڵگر و ناس هەڵنەگرە.

خالّی سەرنج راکێش سەبارەت بە لاک ئەوەیە کە ئەو، ئاگاهانە بەشوێن دۆزینەوەی خالّێکی دەسپێکی نوێوەیە لە مەعریفە ناسی دا. بەم پێیە هیچ هەولّێك نادات بۆ نیشاندانی پێوەندی و درێژکردنەوەی رێسەی ئەندێشەکانی پێش مۆدێرن دا. بەم حالّە، دەتوانرێ لە چوارچێوەی فەلسەفەی لاکی دا چەمکگەلێك لە ئەندێشەی ئەخلاقییە ethical پێش مۆدێڕنەکان، وەك چەمکی یاسای سروشتی دسکەوێت.

بە بۆچوونی لاك، "یاسای سروشتی" یاسایەکە کە لەژێر تیشکی سروشت دا واتا، بەبێ یارمەتیی ئاوەز ناس دەکرێت.

لە روانگەی لاك دا، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەلّ سروشت دا زۆر ئالّۆزە. چونکە لە بازنەی کاروباری دەسەلاّت خوازی و دەسەلاّت وەرگریدان. بەم شێوەیە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی زیندوو، لە لایەن سروشتەوە شوێنگەکەی دیاری دەکرێت بەلاّم ئەم دەرفەتەی هەیە کە لە رێگەی بەکاربردنی ئاوەزی خۆیەوە، زالّ بێت بەسەر دۆخە دیاریکراوەکان دا. لاك ئەم دەرفەتە بە "دیاریی سروشت" ناودێر دەکات. ئەم هەل و مەرجە ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤ بزانێ بەشێکە لە سروشت، بەلاّم بە تەنیا ناتوانێ دەرك بە کردار و کاری خۆی بکات. ئەمەبە و مانایەیە کە ئاوەز لە روانگەی لاك دا، تایبەتمەندیی مرۆیی جیاکردنەوە و جیاوازی کردنە، بەلاّم لەم روانگەیەوە، زۆرینەی مرۆڤەکان لە سەردەمەکانی پێش سەردەمی ئەو دا زۆر بە کەمی سوودیان لێ وەرگرتووە. بەم پێیە، سەردەمی شیاوی ئاوەزی نوێ دەستی پێکردووە. ئەم ئەنجامگیرییە لاك هیوادار دەکات کە بە مەبەستی پشتگیری لە پرەنسیپە ئاوەزییەکان لە سیاسەت دا بیر لە ئامۆژگاریی مرۆڤ بکاتەوە.

بە بۆچوونی لاك، زۆرینەی حکوومەتەکان لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان دا لەسەر بنەمای هەلّە و بێ ئاوەزی بنیات نراون. لاك هەولّ دەدات بۆ دەروەستیی



سیاسی obligation بنەمایەکی زانستی دامەزرێنێ. لەم رووەوە، بەم پرسیارەوە دەست پێدەکات: " لەبەرچی حکوومەت بوونی هەیە؟ "و دەگاتە ئەم ئەنجامە کە دەبێ کاتێك بێتە بوون کە لەوێدا، هیچ حکوومەتێك لەسەر زەوی لە ئارادا نەبووە. ئاشکرایە کە مرۆڤەکان و کۆمەلّگا سیاسییەکان لە " دۆخی هەرج و مەرج " و یان ئەوەیکە لاك لە پاش هابز بە " دۆخی سروشتی " ناوی دەبات، نەدەژیان. لاك وەك هابز لەسەر ئەو رایەیە کە حکوومەتەکان نەیاندەتوانی مافێك و دەسەلاّتێکی زیاتر لەوەیان هەبێت کە بەندە و فەرمانبەرەکانیان پێیان دابوون و بەم پێیە حکوومەتەکان لە لایەنی ماف و دەسەلاّتەوە لەگەلّ ئەو کەسانەی کە لە "دۆخی سروشتی" دا دەژیان، یەکسان و بەرابەر بوون. بەلاّم بۆچوونی لاك لە دۆخی سروشتی زۆر گەشبینانەترە لە هابز:

١. لاك بە پێچەوانەی هابز لەم باوەڕەدایە کە یاسایەکی زاتی و رەسەنی حاکم بەسەر رەفتارەکان لە دۆخی سروشتی دا هەیە.

٢. لاك پێی وا نییە ململانێیەکی بێ چارەسەر حاکمە لە نێوان تاکەکان و بەرژەوەندی مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتی دا. لاك گرینگایەتیی هەندێ بابەتی دەروونی وەك، لووت بەرزی و شانازی و خۆ پەرستی رەت ناکاتەوە، بەلاّم بە پێچەوانەی هابز گرینگی کرۆکیی پێنادات.

٣. چەمکی دۆخی سروشتی بە بۆچوونی هابز دەرخەری رەفتاری پراکتیکیی خەلّکە لەو دۆخەدا، هەرچەندە کە ئەم دۆخە حالّەتێکی زەینی و وێنایی هەبێت. بەلاّم بە بۆچوونی لاك، دۆخی سروشتی مۆدیلی رەفتاری پراکتیکی نییە. بەلّکو بە پێچەوانە، ئاماژە بە رێساگەلێك دەکات کە مرۆڤەکان کاتێك کە هێشتا نەهاتوونەتە ناو پەیمانێکی کۆمەلاّتییەوە، لە لایەنی ئەخلاقییەوە دەروەستن بە پەیڕەوی کردن لێیان. بەم پێیە، چەمکی دۆخی سروشتی بۆچوونی

لاك دا، له راستیدا ئەخلاقی بەر لە مێژووییە. بەڵام بە بۆچوونی هابز، دۆخی سروشتی تەواو تایبەتمەندییەکی پراکتیکی ڕەفتاریی هەیە. ئەمە بەم مانایەیە کە بە بۆچوونی لاك، مرۆڤەکان تەنانەت لە دۆخی سروشتی دا، لە لایەنی ئەخلاقییەوە بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان و دیتران پەیوەستن بە یاسایەکی ڕەسەن و خوداوەندییەوە. بە گوتەیەکی تر، تاکەکان لە دۆخی سروشتی دا دەتوانن جیای بکەنەوە کە چ شتێك ەی ئەوانە و چ شتێك ەی ئەوانی ترە. چونکە خاوەنداری بە بۆچوونی لاك تەنیا بنەمایەکی سروشتیی هەیە. کە واتا، دۆخی سروشتی لە فەلسەفەی لاك دا، هەرێمی ململانێ و بەربەرەکانێ نییە، بەڵکو فەزای هاوکاری و هاوبەشی کردنە.

بەڵام دۆخی سروشتی خۆی هەندێ گرفتی هەیە. بۆچی؟ چونکە مرۆڤەکان هەم سەربەستن هەم بەرابەریشن، و لە هەمان کات دا، کاروباری مرۆیی پڕ کێشە و نامسۆگەرە. چونکە دەسەڵاتێکی سیاسی نییە کە چاودێری بەسەر کاروبارەکانی یاسای سروشتی دا بکات و هەر مرۆڤێك بە جیا ڕاڤەیەکی لێی هەیە و خۆی بە جێ بە جێ کاری یاسای سروشتی دادەنێ. بە واتایەکی ڕوونتر، دۆخی سروشتی سێ ناڕەسایی و کەمایەسیی بنەڕەتی هەیە:

١. تاکەکان توانایی پێویستیان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆیان نییە.

٢. یاسای حاکم بەسەر ئەواندا لەوە سادەترە کە بتوانێ کۆتایی بە ململانێکان بێنێ.

٣. تاکەکان زۆرجاران دادوەرییەکی دروستیان لە کارەکانی خۆیاندا نییە.

بەم پێیە هەمموو کێشەی سیاسەت لێرەدا کورت دەبێت کە حکوومەت دەبێ جێ بە جێ کاریی کاریگەر و بەرحەقیی هەمەگیری هەبێت. چەمکی بنەمایی لاك بۆ حکوومەت، ڕەزایەتە. لە ڕوانگەی لاك دا حکوومەت دەبێ لەسەر بنەمای ڕەزایەت دابمەزرێت.



لاك لەو باوەڕەدایە کە هیچ مرۆڤێك وەك خۆی و بە شێوەی زاتی دەست بەسەر و بەندەی دەسەڵاتی سیاسیی مرۆڤێکی تر و یان گرووپێکی تر نییە. لێرەوە، لاك دەگاتە ئەو ئەنجامە کە حاکمییەتی سیاسی تەنیا دەتوانێ لەسەر ئەساسی ڕەزایەتی کەسانێك پێك بێت کە بە ملکەچ و پەیڕەوی ئەو دەژمێردرێن. لاك پێی زیاتر دادەگرێت و دەڵێ تەنیا کەسانێك کە ڕازین بە پێکهاتنی حاکمییەتێکی سیاسی، بە ئەندام و ملکەچی ئەو دەژمێردرێن.

ئەم بۆچوونەی لاك، لە نووسراوەی ژێرەوەدا کە لە " دوو وتار سەبارەت بە حکوومەت" دا هاتووە ( بەشی نەوەد و پێنج )، بە ڕوونی دەردەکەوێ:

" مرۆڤەکان، وەك خۆیان هەموو ئازادن، یەکسان و سەربەستن. ناشێ هیچ کەسێك بە کەسی دەرەوەی ئەم مەرجانە بزانرێت و یان بێ ئەوەی ڕازی بێت بە پەیڕەوی دەسەڵاتی کەسێکی تر دابنرێت. تەنیا ڕێگەیەك کە کەسێك خۆی لە ئازادی جیا کاتەوە یان خۆی بخاتە بازنەی ئازادییەکی شارستانییەوە، ڕێگەی دیالۆگ و وت و وێژە لەگەڵ دیتران دا بۆ تێکەڵ بوون و یەکگرتن لە ناو کۆمەڵێك دا، ئەویش بۆ مەبەستی ئاسایش، ئارامی و ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ یەکدی و لە دۆخێکی ئاسوودە دا بۆ سوود وەرگرتن لە داراییەکانی خۆیان و دۆخێکی پڕ ئاسایش تر بۆ کەسانێك کە لەگەڵ ئەوان دا نین."

بەم پێیە، لاك دەیهەوێ بڵێ کەسانێك کە لە دامەزراوەی حکوومەتێك ڕازی نین، بەندە و فەرمانبەری ئەو نین، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی هەمان دەسەڵات دا و لە ناو کەسانێك دا بژی کە ڕەزایەتیان داوە بەو حکوومەتە. ئەم بۆچوونەی لاك بە تەواوی پێچەوانەی بۆچوونی هابزە لەم زەمینەیە دا.

لەڕوانگەی هۆبزدا، دەروەستیی بنەڕەتیی سروشتیی هەرکەسێك، بریتییە لە کرداری ڕکابەرانەی ئەو بۆ مانەوەی خۆی. بەڵام ئەو دەروەستییە، ناتوانێ ئەوەندە کاریگەر بێت کە مرۆڤەکان هەمیشە لە دۆخی سروشتیدا بهێڵێتەوە.

کەواتا هەرکەسیك دەروەستییەکی سروشتیی هەیە بۆ بەئەندامبوون لە بەرژەوەندییە گشتی و هاوبەشەکان و هەروەها پەیڕەویکردن لە فەرمانەکانی حاکمییەتدا. بەگوتەیەکی تر بەبۆچوونی هۆبز، ڕەزامەندی شتێکە بەزۆر بەدەست دەهێنریت و هەمووکەس بە سروشتی ناچارە بە پەیڕەوی لە دەسەڵاتی سیاسی. هەروەك دەزانین، هۆبز ئەو چەمکی دەروەستیی تاکەکان ومافی حاکمییەتەی لە واتایەکی *خودتەوەرانە* egoistic لە یاسای سروشتیدا و ڕوانینێکی سروشتگەرایانە بۆ مافی سروشتی، وەرگرتووە.

لۆك بە پێچەوانەی هۆبز، جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکات کە مرۆڤ بە مافی ئازادی و یەکسانی و سەربەستییەوە لەدایك دەبێت. بەم پێیە، هەر تاکێك دەبێ ئازادانە ڕازی بێت بە ملکەچبوون و پەیڕەوی لە حکوومەتێك. تەنیا ڕەزامەندییە کە دەتوانێت مرۆڤێك بکاتە ئەندامی کۆمەڵگایەك و تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە، بەڵێنی پەیڕەوی و قەبوولکردنی یاسا، دەچەسپێت. تەنیا ڕەزامەندی دەتوانێ مرۆڤێك لە ڕووی ئەخلاقییەوە دەروەست بکات بەوەیکە هێزی خۆی پەیوەست بکات بە هێزی دەسەڵات و جێبەجێکاریی هاوبەشەوە. بەم پێیە، تاك بەو ڕەزایەتەی کە هەیەتی بۆ بەئەندامبوون لە کۆمەڵگادا، بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بە زۆرینەی بڕیارەکانی کۆمەڵگاش ڕازی دەبێت.

ئێستە بەرلەوەی بچینە سەر چەمکی زۆرینە، پێویستە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر چەمکی "ڕەزامەندی" لە هزری لۆك دا. هەروەك گوترا، "ڕەزامەندی" بە بۆچوونی لۆك مەرجێکی پێویستە بۆ شەرعییەتی هەر حکوومەتێك کە لەلایەن مرۆڤەوە لە دۆخی سروشتیدا دامەزرابێت. ئەگەر ڕەزایەتێکی لەم چەشنە لەلای مرۆڤ لەدۆخی سروشتیدا نەبێت، ئەوا هیچ حکوومەتێك مەشرووع نییە. بەڵام کاتێك کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێکدێت،



تاك دەتوانێت چ بە زارەکی و چ بەلاوەکی و بە هێما و ئاماژە، ڕەزامەندیی خۆی بۆ بەئەندامبوون لەوێدا دەربڕێت.

درکاندنی زارەکی و ڕاستەوخۆی ڕەزامەندی لەسەر حکوومەتێك، تاك دێنێتە ڕیزی ئەندامانی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ئەو حکوومەتەوە. لەحاڵێکدا کە ڕەزایەتی لاوەکی وانییە. بەگوتەیەکی تر، تاکێك کە تەنیا بە لاوەکی و نەك بە زارەکی ڕەزامەندی لەسەر حکوومەتێك دەردەبڕێت، ڕەزامەندیی خۆی بۆ پەیڕەوی لە یاساکانی ئەو حکوومەتە تەنیا بۆ ئەو ماوەیە دەربڕیوە کە دەخوازێت لە هەرێمی ئەو حکوومەتەدا بمێنێتەوە" بەڵام ئازادە لەوەی هەرکات بخوازێ بەجێی بهێڵێت. لەحاڵێکدا کە ئەگەر تاك بە زارەکی ڕەزامەندیی خۆی بۆ ئەندامەتیی کۆمەڵگایەك دەربڕێت، بۆ هەمیشە دەروەست و ناچارە بە پەیڕەویکردن لێی. کەواتە تاك ناتوانێ بە زارەکی و ڕاستەوخۆ ڕەزامەندیی خۆی بۆ تەنیا چەند ساڵێکی دیاریکراو بۆ پەیڕەوی لە حکوومەتێك رابگەیەنێت، کەچی لە ڕەزامەندیی لاوەکیدا بەم چەشنە نییە.

ئەمە بەو مانایە نییە تاکێك کە بە ڕاستەوخۆ و زارەکی ڕەزایەتی داوە، بۆ هەمیشە لە دەروەستیی ئەندامەتی و پەیڕەویی حکوومەتێکدا بمێنێتەوە، چونکە ئەو حکوومەتە دەتوانێ بەتاڵی بکاتەوە لە دەروەستی و یان ڕێگەی پێبدات بۆ سڕینەوەی ئەندامەتیی خۆی. بەڵکو بەم مانایەیە کە ئەو مافی بەجێهێشتنی کۆمەڵگاکەی خۆی نییە مەگەر ئەوەی ڕێگەی پێدرابێت.

مەبەستی مرۆڤ لە درکاندنی ڕەزامەندیی خۆیان لەسەر حکوومەتێك، بەدەستهێنانی ئامرازێکە بۆ دەستپێڕاگەیشتن و پاراستنی ئەو شتانەی کە مافی سروشتی خۆیانە. بەڵام گرفتێك هەیە لێرەدا، کەسێك کە ڕەزامەندە بە حکوومەتیك، خۆی دەخاتە بازنەی سنوورە یاساییەکانی ئەوەوە و ئەو جۆرە سنووردارییانە، بەرلەوەی ئازادییەکانی بۆ مسۆگەر بکەن، سازشی پێدەکەن.

لۆك بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، دوو جۆری ئازادیی سروشتی و ئازادیی مەدەنی لێك جیادەكاتەوە. بەڵام هەروەك گوتمان، لەلای هۆبز، ئازادیی سروشتی بەمانای نەبوونی دەسەڵاتی دەرەكییە بەسەر ئەنجامدانی كارێكدا كە تاك دەیهەوێ بیكات و ئازادیی مەدەنی بە مانای ئەنجامدانی ئەو كارانەیە كە لەلایەن یاساوە یاساغ نەكراوە.

لۆك، ئازادیی سروشتی بە دۆخێك دەزانێت كە مرۆڤ لەسەر زەوی لەبەندی هەرچەشنە دەسەڵاتێك ئازاد بێت و نەكەوێتە بەندی خواستی مرۆڤێكی ترەوە و ئازادیی مەدەنی، ئازادیی مرۆڤە لە كۆمەڵگادا، بەو مەرجەی ژێردەستەی هیچ دەسەڵاتێكی تر جگە لەو دەسەڵاتە نەبێت كە رەزایەتی پێیداوە.

بەم شێوەیە، لەراستیدا مرۆڤ خاوەنی دوو جۆر ئازادییە: ئازادیی سروشتی و ئازادیی مەدەنی. بەڵام هاوكات سوود لەو دوو جۆرە ئازادییە وەرناگیرێت. لەڕاستیدا جۆری بنچینەیی ئازادی، ئازادیی سروشتییە. مرۆڤ ناچارە بههۆی نیازەكانی خۆی و ئەو نارەساییانەی لە دۆخی سروشتیدا هەیە، ئازادییە سروشتییەكانی خۆی لەگەڵ ئازادییە مەدەنییەكان، بگۆڕێتەوە. لەو ئاڵوێرەدا، پێویستە هەندی مەرجی دیاریكراو لەئارادا هەبن:

١- پێویستە دەسەڵاتی مەشرووع بە رەزامەندیی پەیڕەوەكانی پێكبێت.
٢- یاسای داڕێژراو لەلایەن دەسەڵاتی مەشرووعەوە، پێویستە بگونجێت لەگەڵ ئەو ئامانج و پڕەنسیپانەی لەسەری دامەزراوە.
٣- ئەو حكوومەتەی تاكەكان پەیڕەویی لێدەكەن، پێویستە بەپێی یاساگەلی تۆكمە، بەڕێوە بچێت.
٤- هیچ مرۆڤێك نابێ ملكەچی ئیرادەی خۆپەرستانە و دڵخوازانەی كەسێكی تر بێت.



كاتێ لۆك لە ئازادیی مرۆڤ لە كۆمەڵگادا یاخود لە ئازادیی مەدەنی دەدوێت، ئەو چوار مەرجەی بەگشتی لەبەرچاوە، بەڵام ئەو چوار مەرجە هەندێ تایبەتمەندیی تریش دەگەیەنن. بەبۆچوونی لۆك، دەسەڵاتی مەشرووع لەبەرژەوەندییە هاوبەشەكاندا دەسەڵاتی سەرترە و بەم پێیە، گشت دەسەڵاتەكانی دیكە بە پەیڕەو و بندەستی ئەو دێنە ئەژمار. بەڵام كەسانێك كە خاوەنی ئەو دەسەڵاتەن، بۆیان نییە بیگوازنەوە بۆ كەسێكی تر. ئەوان تەنیا رێگەی یاسادانانیان پێدراوە. لەحاڵێكدا كە بە بۆچوونی هۆبز، هەر تاك یان گرووپێك كە خاوەنی دەسەڵات بێت، رێگەی گوازتنەوەی ئەو مافەشی پێدراوە.

بەڵام تەوەری گرینگ لای لۆك ئەوە نییە. ئەو دەڵێ: بەڵێنییەكانی یاسا نەك تەنیا هەرەس ناهێنێت بەڵكو لە بابەت زۆر شتدا بە رۆژ نوێ دەبێتەوە و بۆ ئاسانكاریی زیاتری ژیان، یاساگەلی سزایی نوێش لەلایەن مرۆڤەكانەوە زیاد دەكرێتە سەریان. بەم شێوەیە یاسای سروشتی وەك یاسایەكی هەرمان بۆ هەموو مرۆڤایەتی و لەوانیش خودی یاسادانەران و خەڵكانی تر بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

بەگوتەیەكی تر، پێویستە یاسای داڕێژراو لەلایەن خاوەن دەسەڵاتەكانەوە، تەنیا لە بەرژەوەندی خەڵكدا و بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانیی خەڵك دابڕێژرێن. هەر لەم رووەوەیە كە لۆك دەڵێ: دەسەڵاتی شەرعی، ناتوانێ بەبێ رەزایەتی كەسەكە تەنانەت كوتێك لە داراییەكانی داگیر بكات. بەڵام بەبۆچوونی لۆك، ئەو سنوور و ئیختیارە شەرعییانە، تەنیا لە حكوومەتە پاشایەتییەكاندا دەگونجێت نەك لە حكوومەتە دیموكراتیكەكاندا كە تیایاندا خەڵك بەشێك لە دەسەڵاتە مەشرووعەكەیان دەدەنە دەست نوێنەرە هەڵبژێردراوەكانی خۆیان. ئەم بۆچوونە بەو مانایە نییە كە دیموكراسی لەلای لۆك تاكە مۆدێلی بەرحەق و مەشرووعی حكوومەتە، چونكە ئەو مۆدێلەكانی پاشایەی و فیۆدالیش

قەبووڵدەکات. بەڵام ئەو شتەی کە ئەو پێداگریی لەسەر دەکات ئەوەیە کە ئەگەر بڕیارە هەموو چەشنەکانی حکوومەت شەرعی بن، پێویستە سەرچاوەیەکی دیموکراتیکیان هەبێت.

ئەم گوتەیە دەمانگەیەنێتە تەوەری چەمکی "زۆرینە". بەبۆچوونی لۆك، حکوومەتی زۆرینە واتایەکی روونی هەیە بۆ بوونەوەرە ئاوەزمەندەکان، چونکە لە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەدا تەنانەت شارۆمەندێکیش بونی نابێت. بەم پێیە، بنەماکانی رەزامەندی و حکوومەتی زۆرینە، بنەمای گشت شەرعییەتە سیاسییەکانە. ئەمە لە بەندی هەشتەمی بەشی ٩٩ی دوو تێز سەبارەت بە حکوومەتدا بەرچاو دەکەوێت. لۆك لەوێدا دەڵێ: ... بەمشێوەیە، پێکهێنەری هەر کۆمەڵگایەکی سیاسی چشتێك نییە جگە لە رەزایەتی تاکە ئازادەکان کە توانایی پێکهێنانی زۆرینە و یەکانگیرکردنی وهها کۆمەڵگایەکیان هەیە و هەر ئەوەشە کە دەسپێکەری حکوومەتێکی یاسامەندە لە جیهاندا. بەم پێیە، لەو رووەوە کە بە سروشتی ئازادن، دەتوانن پێکەوە دەسەڵاتێکی سیاسی دابڕێژن. بەگوتەیەکی تر بەبۆچوونی لۆك، ئۆتۆریتەی سیاسی، تەنیا دەسەڵات نییە بەڵکو دەسەڵات و مافە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە بیچمگرتنی ئۆتۆریتەی سیاسی لە دوو قۆناغدا پێکدێت:

١. هەموو مرۆڤەکان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سیاسی رێکدەکەون و دان بەوەدا دەنێن کە رێز لە بڕیارەکانی حکوومەتی زۆرینە بگرن و بە شایانی جێبەجێکردنی بزانن.

٢. کۆمەڵگا، حکوومەت پێکدێنێت. لەم پرۆسەیەدا، مافی دادوەری و جێبەجێکردنی یاسا بە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك دەبەخشرێت.

ئەم قۆناغە بە چ مانایەکە؟ مانای ئەوەیە کە حکوومەت بریتییە لە پەیمان trust نەك گرێبەستێکی سادە. راستە حکوومەت بەرەنجامی پەیمانە، بەڵام



رۆحی پەیمانە لە کۆمەڵگادا. لێرەدا لۆك هەوڵدەدات دوو تەوەری جیاواز بەڵام تەواوکەری یەکتری بخاتە بەرباس و دەڵێ:

١. زەرووەرەتی رەچاوکردنی پێوەرێك بۆ حکوومەتی مەشرووع.

٢. هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی ئەگەر خۆیان بە پەیڕەوی حکوومەتێکی مەشرووع دەزانن، ئەوا دەتوانن هەندێ کاریشی بۆ بکەن.

لەم قۆناغەدا لۆك هیچ بایەخێك بە مۆدێلی حکوومەتی قەبوولکراوی بەرباس نادات. بەبۆچوونی ئەو حکوومەت دەتوانێ دیموکراتیك یان پاشایەتی بێت. بەڵام ئەوەی لای ئەو دیاریکەر و گرینگە، ئاستی ئەو دەسەڵاتەیە کە ئەو حکوومەتە دەیسەپێنێت بەسەر تاکەکاندا. واتا، حکوومەت دەبێ مەشرووع بێت نەك سەرەڕۆ. بۆچی؟ چونکە ئەو مافانەی تاکەکان لە دۆخی سروشتیدا هەیانە، سەرەڕۆیانە نییە و هیچ دەسەڵاتێکی سەرەڕۆش ناگوازرێتەوە بۆ دیتران. لۆك لە *"دوو تێز سەبارەت بە حکوومەت"* بەشی (١٣٥) بەڕاشکاوی دەڵێ: " هیچکەس ناتوانێ دەسەڵاتێکی زیاتر لە دەسەڵاتی خۆی بگوازێتەوە بۆ دیتران" واتا: بڕیاردەران، خۆشیان پەیڕەوی هەمان ئەو یاسایانەن کە بۆ تاکەکانی تری بەڕەوا دەزانن. ئەگەر وانەبێت، لەکۆمەڵگای سیاسیدا ئەگەری لایەنگیری بەهێزتر دەبێت. بەگوتەیەکی تر، حکوومەتێك مەشرووعە کە هەڵگری ئەم چوار مەرجەی خوارەوە بێت:

١. کۆمەڵگای سیاسی تەنیا بەمەرجی رەزامەندیی ئاشکرای هەموو دامەزرێنەرەکانی پێکدێت.
٢. زۆرینە، دەبێ لەسەر مۆدێلی حکوومەت رێککەون.
٣. گرووپێك کە مافی یاسادانانیان پێدەدرێت، نابێ یاسایەك بەپێچەوانەی یاسای سروشت دابڕێژن.
٤. حکوومەت ناتوانێ دەسەڵاتەکەی خۆی بگوازێتەوە یان ئاڵوێری پێبکات.

هەر لەو رووەوەیە کە لۆك خوازیاری پەیمانێکی دروستە. واتا، یەکگرتوویەکی سیاسی کە بتوانێت شەرعییەتی خۆی سەرکەوتوانە لەسەرپێ رابگرێت.

بەبۆچوونی لۆك، لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا، حکوومەت لە دوو لقدا رێك دەخرێت:

١. دەسەڵاتی یاسادانەر، کە دارێژەری یاساگەلێکە کە هەموو کۆمەڵگا پێویستە ملی بۆ کەچ کەن.
٢. دەسەڵاتی جێبەجێکاری کە هەم کاری بەڕێوەبردن و هەم کاری دادوەریش دەکات.
٣. هەڵبەت لۆك بڕوای بە هێزێکی سێهەمیش هەیە کە بە دەسەڵاتی فیدراتیڤ ناوی دەبات. کاری ئەو دەسەڵاتە پەیوەندی و ئاڵوێرکردن لەگەڵ کۆمەڵگا سیاسییەکانی ترە. دەسەڵاتێکە بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان.

لۆك پەیوەندیی نێوان ئەو لقانە وەك زنجیرە پلەکانی پەیمان دەبینێت. کەواتا هەرکات یەك لەو هێزانە لەگەڵ هێزەکەی تر هاوکاری نەکات، خۆی پەیڕەوی لە پەیمان نەکردووە. لەکۆتاییدا، گرووپی یاسادانەر، خۆی لە چوارچێوەی پەیمانی کۆمەڵایەتیدایە. لەم رووەوە، لای لۆك، کۆمەڵگە وەك دەسەڵاتی گەل دەبیندرێت بەڵام هیچکات ناگاتە واقیع، مەگەر ئەوەی تاکەکان راستەوخۆ دەوریان هەبێت لە ژیانی سیاسیدا. کاتێ کە حکوومەتێك لە ئارادا نەبێت تاکەکان دەبێ راستەوخۆ دەستیان هەبێت لە ژیانی سیاسیدا. هەڵبەت، حاڵەتێکی دووهەمیش هەیە لە ئارادا. دەستتێوەردانی کۆمەڵگا لە بارودۆخێکی تردا و کاتێك کە رەزایەت و پەیمانی خۆی لە دەسەڵاتی سەرەڕۆ وەردەگرێتەوە، پێویست دەبێت. لۆك بەم پرسیارەوە دەست پێدەکات کە لە چ



کاتێکدا و چلۆن دەشێ بەرەنگاری بکرێت لە بەرانبەر حکوومەتێکدا؟ هەروەك دەزانین، تەوەری سەرەکیی لۆك لە دوو تێز سەبارەت بە حکوومەتدا، خۆی پاساوێکە بۆ بەرهەڵستکاری و شۆڕش. بە گوتەیەکی تر، بناغەی راستەقینەی حکوومەتی مەشرووع، خۆی پاساوی پێویست بۆ شۆڕشیش لە خۆ دەگرێت. دەزانین کە تیۆریی شۆڕش لە فەلسەفەی سیاسیی لۆك دا، تا رادەیەك پشت گوێ خراوە. بە پێچەوانەوە بایەخێکی زۆر دراوە بە تیۆریی دەروەستیی سیاسی و هەروەها بۆچوونەکانی لۆك زیاتر بەلای خاوەندارێتیی تایبەتیدا شکاوەتەوە. هۆیەکەشی سادەیە، ئەوەی لۆك دەیکات پاساودانەوەی شۆڕش بەدژی حکوومەتی نامەشرووعە.

بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە تیۆرییەکەی لۆك تا رادەیەك نامۆیە بۆ ژیانی ئەنگلۆسەکسۆنەکان، چونکە ئەو رووداوانە دەورێکی ئەوتۆیان لە ژیانی ئەنگلۆسەکسۆنەکاندا نەبووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش تا کۆتایی شەڕی ناوخۆ، ئەو ئەزموونەی نەبووە. ئینگلستانیش تا سەردەمی ژیانی لۆك هەر بەو شێوەیە بوو. ئەوەی زیاتر لە ژیانی ئەنگلۆسەکسۆنەکاندا روویدابوو، شێوەی نافەرمانیی مەدەنی بوو کە دەتوانین نموونەکانی لە شۆڕشی رەشپێستەکانی ئەمریکا و بزووتنەوەی دژی شەڕی ڤێتنام لە ساڵانی شەستەکاندا ببینین. بەڵام بایەخێك بە نافەرمانیی مەدەنی نادات. ئەو باس لە راپەڕینێك دەکات کە چەکدارانەیە. کەواتە بەم پرسیارەوە دەستپێدەکات: " چۆن و لە چ کاتێکدا لە بەرانبەر حکوومەتێکدا هەڵوێست بگیرێت؟ لە بەندی پازدەهەمی، دوو تێز... دا بە دیاریکردنی مۆدێلەکانی حکوومەتی مەشرووع، هەوڵ دەدات وڵامێك بە پرسیارەکەی خۆی بداتەوە. بەبۆچوونی لۆك، هەرکەس کە بانگەشەی دەسەڵاتی بێسنوور دەکات، ناسروشتییە و نکۆڵی لە ئاوەز دەکات.

بەم پێیە، بە بۆچوونی لۆك هەر کەس کە بانگەشەی دەسەڵاتی ڕەها دەکات بەسەر کەسێکی تردا، بانگەشەی شتێك دەکات کە ماف (کە بنەما و پایەی دەسەڵاتی سیاسییە) ڕەتدەکاتەوە. حکوومەتێك کە سەرپێچی لە یاسای سروشتی دەکات، لە ڕاستیدا بەستێنەکانی شۆڕش فەراهەم دەکات. ئەم نارەساییە لە کاری حکوومەتدا بە دوو شێوەیە:

١. ڕەنگە حکوومەت ڕاستەوخۆ سیاسەتێك بگرێتەبەر کە پێچەوانەی یاسای سروشت بێت. (نموونەیەکی ئەوە، حکوومەتی نازییەکانە لە ئەڵمانیا). بەبۆچوونی لۆك، تاکە دەسەڵاتێك کە کۆمەڵگا دەتوانێ بیخاتە ئیختیاری حکوومەتێکەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی یاسای سروشتییە. بەم پێیە هیچ حکوومەتێك ناتوانێ خاوەنی دەسەڵاتێك بێت کە سەرەڕۆیانە و ستەمکارانە بەکاری بهێنێت و هەموو ئەو شتەی حکوومەتێك هەیەتی، دەبێ لە بناغەوەی خەڵك و لەلایەن خەڵکەوە بێت. کەواتە ئەمە سەرپێچییەکی بچووك نییە و لۆکیش لەمە ئاگادارە، چونکە لە بەندی دووهەم ( بەشی ٢٢٥) ئاماژەی کردووە: "لەبەر هەر وردەهەڵە و بێبەرنامەییەك خەڵك شۆڕش ناکات."

٢. مۆدێلی دووهەم کە تایبەتمەندییەکی گشتیی هەیە، سەرپێچی یان بێتوانایی حکوومەتە لە جێبەجێکردنی یاسای سروشتدا بەئانقەست و ڕەنگە بە مەبەست و بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراوەوە. لەمەشیاندا حکومەت بەستێنی شۆڕشی خەڵکی فەراهەم کردووە. چونەکە کارەکەی ئەو بەجۆرێك پێچەوانەی خێر و بەختەوەریی گشتییە. کاتێ کە لۆك باس لە خێری هەمەکی دەکات، مەبەستی مانەوە و تەندروستیی گشتیی کۆمەڵگایە. کەواتە ئەوەی لەم خاڵەدا دەردەکەوێ، ئەوەیە کە بە بۆچوونی لۆك، دەسەڵات ملکی حکوومەت نییە، بەڵکو ملکی خەڵکە و حکوومەت مافی ئەوەی نییە کە بۆ هەر مەبەستێك بیەوێت کەڵکی لێوەربگرێت.



ئەمەش سەبارەت بە هەموو مۆدێلەکانی حکوومەت ڕاستە: حکوومەتە فیۆدالی و دیموکراسی و پاشایەتییەکان جیاوازییان نییە. ئەگەر حکوومەت پشتیوانی و ڕەزامەندیی زورینە بدوڕێنێت، مەشرووعییەتی خۆی دۆڕاندووە. بە گوتەیەکی تر، بەبۆچوونی لۆك هەرکات حکوومەتێك بەپێچەوانەی ڕەزامەندیی خەڵك کار بکات، دەبێتە هۆی ستەمکاری و بەم شێوەیە دەگەڕێینەوە دۆخی سروشتی. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ڕاپەڕین و شۆڕش بەدژی حکوومەت نەك تەنیا مافێکە و دەبێ ئەنجام بدرێت، بەڵکو زۆریش پێویستە. بەڵام شێوە و ئاستی هێزی شۆڕشەکە پێویستە بگونجێت لەگەڵ ئاستی لادان و سەرپێچییەکانی حکوومەت لە شەرعییەتی خۆی. بەم پێیە پێویستە هەندێ سنووری ڕوون و دیاریکراو بۆ مافی بەرەنگاری لەبەرچاو بگیرێت. لۆك سەبارەت بەوە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات:

١. بەرەنگاری هەمیشە بە مانای گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی نییە، چونکە کۆمەڵگایەکی سیاسی دەتوانێت بەبێ ئەوەی تووشی هەرج و مەرج بێت حاکمەکانی خۆی بگۆڕێت.

٢. تەنانەت ئەگەر بەرەنگاری ببێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگاش، گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی باشترە لە دەستبەسەری حکوومەتێکی ستەمکار و سەرەڕۆ بوون.

لە ڕاستیشدا لۆك بەڵگەی باشی پێیە بۆ ئەو وتانەی سەرەوە: چونکە پاشای ئینگلستان لە ساڵی ١٦٨١، ئەنجومەنی ئاکسفۆڕدی هەڵوەشاندەوە و هیچ هیوایەکیش بۆ دووبارە سازدانەوەی لەئارادا نەبوو. مەبەستی لۆك لەو وتانەی سەرەوە لەڕاستیدا: بەرگریکردن لە مافی کەسانێکی وەك خۆیەتی. بەم شێوەیە، بەرەنگاری یاخود شۆڕش بەدژی حکوومەتی نامەشرووع کاتێك ڕێگەی پێدەدرێت کە دوو مەرجی پەیوەست بەیەك لەلایەن حکوومەتەوە پشت گوێ خرابێتن:

١. کاتێ کە هەنگاوکانی حکوومەت لە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتیدا نییە.
٢. کاتێ کە خەڵك ئیتر رەزامەند نەبن لەسەر حکوومەتەکەیان.

کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لۆك جیاوازی دەکات لە نێوان سڕینەوەی حکوومەت و بێدەسەڵاتکردنی بەهۆی بەرەنگاریی هەموو خەڵك. بە گوتەیەکی تر لە فەلسەفەی لۆك دا مافی خەڵك لە بەرەنگاری لە بەرانبەر سەرەڕۆییدا هەتا مافی بەرەنگاربوونەوە بەهۆی ناڕەزاییی پەرەی پێدراوە. لۆك لە دوو تێزەکەی خۆیدا دەڵێ:

مرۆڤەگان هیچکات ناتوانن لە ستەم و سەرەڕۆیی پارێزراو بن. ئەگەر ئامرازێك لە ئارادا نەبێت بۆ رزگار بوون لێی، تا ئەو کاتەی بەتەواوی پێوەی گرفتارن، نەك تەنیا مافی ئەوەیان هەیە کە لە بازنەی دەسەلاتەکەی دەرچن، بەڵکو مافی ئەوەشیان هەیە کە رێی پێبگرن و بەرپەرچیشی بدەنەوە.

پێویستە ئەوە بزانرێت کە هەموو بەرەنگارییەك بەرەنگاری بەدژی دەسەڵات نییە. چونکە دەسەڵات لە شوێنێك هەیە کە ماف و هێز دەکەونە پاڵ یەك. بەو پێیە، ئەو حاکمانەی لە حکوومەت دوورخراونەتەوە، تەنانەت ئەگەر لە پێگەی دەسەڵاتی خۆشیاندا بمێننەوە، ئیتر ناتوانن دەسەڵاتێك بسەپێنن، مافێکیان نییە بۆ خۆیان و بە سەرکەش و ئاژاوەگێر دادەنرێن. بەبۆچوونی لۆك ئاژاوەگێڕێکی سەرکەش کەسێك نییە کە بەرەنگاری ستەم بووبێتەوە، بەڵکو کەسێکە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەلومەرجی شەڕ. بەڵام کەسێك کە بەرەنگاری دەکات، لەڕاستیدا سەرلەنوێ دروستکەرەوەی دسیپلینێکی سیاسییە کە لەدەست چووە یان تێکشکاوە. بەم پێیە ئەو رەگەزە سیاسییانەی خەڵك لەکاتی بەرەنگاریدا رەچاویان دەکەن و جێبەجێیان دەکەن، رەگەزەکانی یاسای سروشتین نەك پێکهێنانی دسیپلینێکی نوێی کۆمەڵایەتی، کە لە شۆڕشە مۆدێرنەکاندا دەبیندرێن.



سەیر نییە کە رەگەزەکانی بەرەنگاریی لۆك هەندێ راڤە و تێگەیشتنی لێکەوتەوە کە خۆی هیچکات بیریشی لێنەکردبۆوە یان بەتەواوی لەگەڵیان هاودەنگ نەبوو. لۆکیش وەك زۆربەی هاوچەرخەکانی، لایەنگری ئیمپراتۆریی بەریتانیا بوو. کەواتە بەلایەوە زۆر دادگەرانە بوو کە ئیرلەند و کۆلۆنییە ئەمریکاییەکان بندەستەی پاشا بن. بەڵام کۆلۆنییەکان خۆیان بە سوودوەرگرتن لە گوتەکانی لۆك، لەو باوەڕەدابوون کە پێویستە رووبکەنە شۆڕشی چەکدارانە. نووسەرە ئەمریکاییەکان لە نووسین و وتارەکانیاندا بانگەوازی مافی سروشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتییان دەکرد. لە فەرەنسا، رەگەزە دیاریکراوەکانی دوو تێزەکەی لۆك، بەتەواوی و بێ کەموکورتی چاپکرا. فەرەنسییەکان گەیشتنە ئەوەی کە بەپێی رەگەزی " رەزامەندیی لۆکی" نەك تەنیا دەتوانرێت سەرەڕۆیەك لە کار لابدرێت، بەڵکو تەنانەت دەکرێ بەتەواوی لە سیستەمی سیاسی رزگاریان بکات. بەم پێیە، لۆك وەك پێشەنگی فیکریی شۆڕش لە سەردەمی خۆیدا، واتە سەردەمی ئاوەز و ئاوەزباوەری، سەیر دەکرا.

بەڵام وادیارە کە لۆك نەیدەتوانی هەموو ئەو شتانە قەبووڵبکات کە لە شۆڕشی فەرەنسادا روویاندا. ئەو لە بەرهەمەکانی خۆیدا بۆچوونەکانی هەموو ئەو کەسانەی کۆکردەوە کە بڕوایان بە ئازادی هەبوو بەڵام نووسینەکانی ئەو کۆمەڵێ گرفتی جیددیشیان تێدابوو:

١. لۆك، بەڕواڵەت، بە سەرنجدان بەوەی لە ئەنجامی نایەکسانی لە داراییەکاندا هەموان سوود دەبینن و هیچکەس تووشی زیان نابێت، بەرگریی لە خاوەندارێتی تایبەتی کردووە. ئەگەر بڕیار بێت ئەو هەلومەرجانە بگەینە واقیع، پێویستە تاکەکان دەستیان بە دەرفەتە ئابوورییەکان رابگات. بەبۆچوونی لۆك، لانیکەم دەبێ تروسکاییەکی کار بۆ هەموان هەبێت. بەم پێیە بەبۆچوونی

لۆك، بێكار كەسێكە كە خۆی نەیتوانیوە كار بدۆزێتەوە، یان خۆی بەشوێن كار نەكەوتووە.

٢. لاوازییەكی روون و ساكار هەیە لە باسەكانی لۆك دا: لەلایەكەوە پێداگری لەوە دەكات كە نابێ هیچكەس بچێتە ژێر دەسەڵاتی حكوومەتێكەوە كە پێی رازی نییە، بەڵام لەلایەكی ترەوە، هیچكات ناڵێ هەموو كەسێك مافی ئەوەی هەیە كە بە شارۆمەند دابنرێت.

بەم پێیە دەشێ لە خوێندنەوەی لۆك دا سێ تێگەیشتنی جیاواز بدرێت بەدەستەوە:

١. دەبێ گشت تاكەكان وەك شارۆمەند و بە مافی یەكسانەوە سەیر بكرێن.
٢. دەكرێ لۆك بەو هەڵوێستەوە سەیر بكریت كە بەرگری لە یاسای بنەڕەتیی سەردەمی خۆی دەكات. لەحاڵێكدا كە تەنیا دەوڵەمەندەكان مافی دەنگدانیان هەبوو و ژنان و هەژارەكان لەم مافە بێبەش بوون.
٣. خاڵێكی سێهەمیش لە ئارادا هەیە ئەویش ئەوەیە كە، چوارچێوە و بەستێنی هزریی لۆك، بەهەر حاڵ مەسیحییە. پێدەچێ ئەو وەك خۆی یەكتاگەرایەكی مەسیحی Unitarians بووە. ئەو گرووپە لەوباوەڕەدا بوون، كە ناسینی ژیانی پاش مەرگ لە ریگەی هەستانەوەوە دەكرێت نەك لە رێگەی ئەقڵەوە.

بەڵام ئەو كەسانەی لەژێر كاریگەریی لۆك دا بوون بایەخێكیان بەو یەكتاگەراییە مەسیحییەی ناو تیۆریی سیاسیی ئەو نەداوە و روانگەكانیان لە كەل و قوژبنی نووسینەكانی هەڵهێنجاوە و باسیان لە وابەستەییە ئایینییەكانی ئەو نەدەكرد. ئەوەش تەواو جێی باوەڕە بەڵام هاوكات دژهۆنیشە چونكە دەرخەری رووبەڕووبوونەوەیەكی ئاڵۆزە لەگەڵ لۆك وەك بیرمەندێكی سیاسی.



بەڵام سەبارەت بە تیۆریی خاوەندارێتی، پێویستە بگوترێ كە گەلێك بەڵگە هەیە بە دەستەوە كە تیۆریی خاوەندارێتیی لۆك جێی بایەخ و شایانی سەرنجی تایبەتییە:

١- لۆك لە رێگەی گەڕان بەشوێن حەقیقەتی شتەكاندا، هەندێ رەسەنایەتیی دیاریكراو لەخۆی دەردەخات.
٢- ئینگلستان، زێدی لۆك بوو و هەروەها یەكەم وڵاتێكیش بوو كە فەلسەفەی نوێی خاوەندارێتیی لە ئاستێكی بەرفراواندا قەبووڵكرد.
٣- سەرەنجام، تیۆریی خاوەندارێتی كاریگەرییەكی گرینگ و شایانی سەرنجی لەسەر نووسەرانی سیاسی لە ئەمریكا و فەرەنسا، دانا.

هەروەك دەزانین، بەشی تایبەت بە خاوەنداریتی، یەك لە بەشە بەناوبانگەكانی " دوو تێز سەبارەت بە حكوومەت"ی لۆكە. بەڵام تێگەیشتن لەم خاڵە ئاسان نییە كە بۆچی ئەم تەوەرە لەوێدا پێكهاتووە. لەڕاستیدا سەرلەبەری پاشماوەی كتێبی ناوبراو، لەسەر ئەوەیە كە دەروەستیی پەیڕەوی لە حكوومەتی مەشرووع چۆنە و یان سەبارەت بە دۆخێكە كە لەوێدا شۆڕشی خەڵكی بە رێگەپێدراو زانیوە. بەڵام بەندی پێنجەم كە سەبارەت بە خاوەندارێتییە، راستەوخۆ هیچ پەیوەندییەكی بەم بابەتانەوە نییە و ئەم بەندە لەچاو تەوەرەكانی تر بەجیا كەوتووە و كەم و زۆر بەجیا كەوتۆتە بەرباس.

بنەمای خاوەندارێتی لە روانگەی لۆك دا چییە؟ خاوەندارێتی یەكەمین تێزێكە كە راستەوخۆ لە یاسای سروشت و مافی سروشتییەوە وەردەگیرێت. ئەوەی لۆك دەیڵێ، ئەوەیە كە هەموو مرۆڤێك لە گەوهەری خۆیدا ئەگەری پێكهێنانی خاوەندارێتیی تایبەتی هەیە. بەم پێیە، خاوەنداریتیی تایبەتی لەوپەڕی خۆیدا، لە چەمكی كەسایەتیی مرۆییەوە وەردەگیرێ و هەڵدهێنجرێت. بە گوتەیەكی تر، خاوەندارێتی لە سروشت و گەوهەری

شتەکاندا حەشارە: "گشت زەوی و مەخلووقەکانی ئەم جیهانە خاکییە، هەمەکییە و هی هەموو مرۆڤەکانە. کەواتە هەر مرۆڤێك وەك خۆی "خاوەنداریتییەکی" هەیە و کەسی تر جگە لەو مافی بەسەریەوە نییە. کاری جەستە و دەستەکانی بێگومان هەر هی خۆیەتی ... لەم رووەوە، ئەم کار و تیکۆشانەش بەبێگومان، مڵکی ئەو کارەکەرەیە و هیچ کەسێکتی جگە لەو، مافێکی نییە بەسەر ئەو شتەوە کە پەیوەستە بە ئەوەوە". *تێزی دووهەم، بەندی پێنجەم، بەشی*[26]

کەواتە لۆك لێرەدا دەڵێ کە مرۆڤ خاوەنی کاری خۆیەتی، مەگەر ئەوەی بیهەوێ بیدات بەوانی تر. خاڵێکی تر ئەوەیە کە بەڕای ئەو زەوی و گشت بەرەکەتەکانی، بەشێوەی یەکسان هی گشت مرۆڤەکانە و بەو کارەی کە لەسەر ئەو بەرەکەتانە دەکرێت، بەرەکەتە باشەکانی سروشت دەبێتە مڵکی گشت کۆمەڵگای مرۆیی و هەموو تاکێك بە ئازادانە دەتوانێت، بەپێی پیویستییەکانی سوودیان لیوەربگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ، کارەکەی ( ئەو کارەی کە تەنیا پەیوەست بە خۆی و هی خۆیەتی) لەگەڵ هەر کاڵا و بەرەکەتێکی تری ئەم جیهانە تێکەڵ بکات، خاوەندارێتیی تایبەتی پێکدێت.

لەوێوەیە کە مرۆڤ بەشدارە لە مافی بەختەوەری و گەشەدا، بەم پێیە مافی ئەوەی هەیە کە داوای خاوەندارێتی لەسەر هەر شتێك بکات کە پیویستیی پێیەتی. کەواتە بە بۆچوونی لۆك هەر تاکێك بەو رادەیە مافی بەسەر بەرەکەتەکانی زەوییەوە هەیە کە بتوانێ سوودی لێوەربگرێت. لەم رووەوە، هیچ کەس رێگەی تێکدان یان زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەو بەرەکەتانەی پینەدراوە. بەم پێیە هەمان یاسای سروشت کە مافی خاوەندارێتیی بە ئێمە بەخشیوە، بۆشمان سنووردار دەکات. کەواتە ئەوەی لە بۆچوونەکەی لۆك دا دەردەکەوێت، بەم شێوەیەیە:



١. یەزدان، بە شێوەی هاوبەش و بە یەکسان جیهانی داوە بە مرۆڤەکان.
٢. یەزدان، لەبۆ سوودلێوەرگرتنی ئاوەزی و هۆشیارانە، جیهانی خستۆتە خزمەتی مرۆڤەوە.
٣. ئەگەرچی بەرەکەتەکانی سروشت هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام بنەمای مەزنی خاوەنداریتی، لەراستیدا هەمان کاری سروشتە.
٤. کار، سەرچاوەی بەهایە. بەهای کار سەرچاوەی شەرعییەت و پاساوی خاوەندارێتیی تایبەتییە.

ئیستا ئەگەر ئێمە لە دۆخی کۆمەڵگای سروشتییەوە بپەڕینەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگای مەدەنی، چی روودەدات؟ لۆك بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەم شێوەیە بە تیۆریی خاوەندارێتیی خۆیدا دێتەوە کە نەك تەنیا لەسەر بناغەی کاری دەزانێت بەڵکو بە هاوسەنگی یاساشی دادەنێت.

"ئەندامانی خێزانەکان زیاد دەبن و دارایی و سامانەکانیان، هاوپێی پێویستییەکانیان پەرە دەستێنن، بەڵام دیسان تا ئەم قۆناغە، هێشتا هەمووشت هاوبەشە و خاوەندارێتییەکی دیار و جێگیر لەسەر بەرەکەتە پێویستە هاوبەشەکان، کە بە رێککەوتن لەگەڵ یەکدا دایانمەزراندووە، لەئارادا نییە. مرۆڤەکان دوابەدوای ئەم پرۆسەیە شارەکان دروست دەکەن و پاشان لەسەر رەزامەندیی یەکدی، دەگەنە قۆناغێك کە سنووری خاوەنداریتییەکانی خۆیان و دراوسێکانیان دیاری دەکەن." ( *بەندی پێنجەم، بەشی ٣٨*)

بەم پێیە یاسا و رێسا دیاریکراوەکان، بەواتای بەستێن و هەروەها سنوورێکە لەسەر خاوەنداریتیی گشت تاکەکانی کۆمەڵگا. بەگوتەیەکی تر، لۆك دەیەوێ بڵێ کە پەیوەندییەکانی خاوەنداریتی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، پێویستە هەمیشە لەسەر هەندێ رەگەزی گشتی دیاری و رێکبخرێن و بەڕێوە ببرێن. ئەو رگەزە گشتییانە لە یاسای بنەڕەتیی سروشتەوە وەردەگیرین:

١- پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی دەبی بەشێوەیەك ریکبخرێن، کە ببنە هاندەرێکی باش بۆ (تاکەکان) لە کار و بەرهەمهێنانی شتە پێویست و زەروورییەکاندا، بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆیی.

٢- پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی دەبێ بەشێوەیەك رێکبخرێن کە ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە (خاوەنداران) کە لەدەرەوەی شوێنی کارەکەی خۆشیاندا کەشێکی هێمن و زیندوو پێکبهێنن.

٣- پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەبێ بەشێوەیەك ریکبخرێن، کە کەسانێك کە توانایی بەرێوەبردنی خۆیانیان نییە، چاوەڕوانیی یارمەتییان لە کاسانی بەتوانا هەبێت و ئەو چاوەڕوانییە بە مافی خۆیانی بزانن.

ئەگەر ئەم رەگەزانە بێنەدی، دەکرێ مافەکانی خاوەنداریتی وەك یاسایەکی پۆزێتیڤ کە دەتوانێ رەزامەندیی شارۆمەندان دەستەبەر بکات، دیاری بکرین. بەم پێیە، ئەگەر بمانەوێ لە تەوەری خاوەندارێتیدا بگەینە ئەنجامێك، دەبێ بڵێین کە مەبەستی لۆك لە باسی خاوەندارێتیدا ئەوەیە کە نیشان بدات، دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ رێکخستنی خاوەندارێتی و پەیوەندییەکانی، بەرتەسکە.

بەگوتەیەکی تر، دەوڵەت نابێ دەست لە هەموو چەشنەکانی خاوەندارێتی وەربدات. چونکە یاسای سروشت ئەوە دەسەلمێنێ کە هەبوونی سیستەمێکی مافەکیی خاوەندارێتی تایبەتی، پێویستە. ئەمە بەو مانایەیە کە شارۆمەندانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، بە شێوەیەکی یاسایی مافی خاوەندارییان هەیە و هەروەها مافی گۆڕینی ئەو نەریتانەیان هەیە کە حاکمن بەسەر خاوەندارێتیدا و هەروەها خاوەندارێتیی ئەو مافەش پیویستە دەنگی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگای لەگەڵ بێت.

بەشێکی زۆر لە زانایان و فەیلەسووفان، رەخنەیان ئاراستەی تیۆریی خاوەندارێتیی لۆك کردووە و بە تیۆرییەکی ناتەواو و ناپوختەیان زانیوە.



لەڕاستیدا لۆك، تیۆریی خاوەندارێتی، لەنێوان باسە سەرەکییەکانی خۆی سەبارەت بە ئاخێزگە و سنوورەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەشێوەیەکی لاوەکی گەڵاڵە کردووە و ئەو لە باسی بیچمە نوێیەکانی خاوەندارێتیی بازرگانی و تەوەری دارایی و هەروەها خاوەندارێتیی زەوییەکاندا، دەستی ئەخلاقی کورت کردۆتەوە و وەلای ناوە.

بایەخ نەدانی لۆك بە پەیوەندیدانەوەی تیۆریی تاکباوەڕانەی خاوەندارێتی لەگەڵ دۆخی تا رادەیەك ساکاری ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی سەردەمی خۆی، بۆتە هۆی کەمایەسییەکی جیددی لە تیۆرییەکەی ئەودا. بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی تازەگەرییە پیشەییەکان کە پتر لە جاران تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتییان دەبەخشییە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دارایی، نارەسایی تیۆرییەکەی لۆك، زیاتر بەرجەستە دەبێت و دەردەکەوێت.

## بارۆخ ئیسپینۆزا

بۆ ناسینی ئیسپینۆزا پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەویش هەر وەك کانت و هیگڵ، بیرمەندێکی نەزم ئەندیش و سیستەمسازە. بە گوتەیەکی تر، فەلسەفەی سیاسیی ئەو پەیوەستە بە تیۆریی ئەخلاقەکەیەوە و ئەو دوانەی لەسەر بنەمای چەمکی گەوهەری مرۆڤ کە لەسەر روانگە مێتافیزیکییەکانی وەستاوە، دامەزراندووە. بەر لەوەی بچینە سەر روانگە سیاسییەکانی ئیسپینۆزا، پێوەستە سەرنجێکی گشتی بخەینە سەر روانگە مێتافیزیکییەکانی ئەو.

لە مێژووی فەلسەفەی مۆدێرنی خۆرئاوادا، ئیسپینۆزا زیاتر بە ئاوەزباوەڕێکی دیکارتی دادەنرێت کە رێچکەیەکی پێچەوانەی فەیلەسووفانی ئەزموونباوەڕی وەك لۆك و دێڤید هیووم و تەنانەت هۆبزی هەیە. هەڵبەت کۆمەڵێك بەڵگە لەسەر ئەو جیاوازییە هەیە، هەرچەندە کە ئیسپینۆزا بە تەواوی دژی رێچکەی ئەزموونی نەوەستاوەتەوە. چونکە ئەو لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەزموونباوەڕەکاندا هاودەنگە کە دەڵێن: *رەگی مەعرەفە لە هەستدایە*. بەڵام دژایەتییەکەی لەگەڵ ئەزموونباوەڕەکان لێرەدایە کە دەڵێ تێگەیشتنی هەستەکی ناتوانێ ببێتە پێوەری حەقیقەت. لە هەمان کاتیشدا قەبوولکردنی ئەوەش سەختە کە ئیسپینۆزا وەك ئاوەزباوەڕێکی تەواو دیکارتی سەیر بکرێت. چونکە ئەگەر تەنانەت لەژێر کاریگەریی دیکارتیشدا بێت، لە زۆر بابەتدا لێی دوور دەکەوێتەوە، بەتایبەت کە لەژێر کاریگەریی نووسەرە یەهوودی و ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا بووە.

ئیسپینۆزا، لەم خاڵەدا هاودەنگی ئاوەزباوەڕەکانە کە تێگەیشتنی هەستەکی، مرۆڤ بەلاڕێدا دەبات و مەعریفەی پێویست تەنیا لەڕێگەی ئاوەزەوە بەدەست دێت.



بەڵام لەحاڵێکدا کە ئەندێشەی دیکارت زیاتر لە لۆژیك و زانستەکاندا خەست بۆوە، ئیسپینۆزا، لە بناغەوە رووی لە ئەخلاق و مەزهەبە. سەرەڕای ئەمانەش، ئیسپینۆزا بە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی میتۆدی *ئەندازەیی* (هەندسی) دیکارت لە فەلسەفەی خۆیدا وەك باشترین میتۆدی پەیوەندی لەگەڵ واقیعییەت، پەیڕەوی دیکارتە. لەبەرچی؟ چونکە ئیسپینۆزا دەیەوێ هەر بەو روونی و شەفافییەتەی کە خۆی دەیبینێت، حەقیقەت بە دیترانیش نیشان بدات، وەك ئەوەی شتێکی ئاشکرا نیشان بدات.

بەم شێوەیە، حەقیقەتی هزرەکان لە روانگەی ئیسپینۆزاوە، نەك تەنیا پەیوەستە بە روونی و ئاشکرابوونیانەوە (دیکارتیش زۆر جار لەسەر ئەو رایە بوو)، بەڵکو پەیوەستە بە هێزی دەروونیی ئەوانیشەوە. کەواتە ئەگەر هزرێك بەهێز نەبێت، لە حەقیقەتەوە نزیك نییە. بەڵام هزری حەقیقی خۆی پێویستە ئاشکراش بێت. مەبەست، هزرێکە کە بههۆی خۆیەوە حەقیقەتە. لێرەدا ئیسپینۆزا پرسیارێك دەخاتە بەر دەست: کام هزر بە هۆی خۆیەوە هەڵگری حەقیقەتە و کامە هزرە کە گەوهەری وجوودی راستەقینەی خۆیەتی؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: هزری زات یان هزری یەزدانی. واتا هزرێکی حەقیقی کە وجوودەکەی بێسنوور و بێکۆتایە و گشتی و هەمەکی بوونەکەی لەڕێگەی لەلووتکەدا بوونەکەیەوە دیارە.

بەڵام ئەگەر یەزدان یان زاتی کامڵ، خود ئاشکرا و هەمەگیر بێت، کەواتە بوونی هیچکەس ناکەوێتە دەرەوەی زاتی ئەوەوە. لەم رووەوە، ئیسپینۆزا، یەزدان یان زات و سروشت بە یەك شت دەزانێت. بە گوتەیەکی تر، زات، یەزدان یان سروشت، جیهانی هەمەکیی هەموو شتەکانە. ئەو، ئەو هەمەکە بە یەزدان دەزانێت. بەم شێوەیە، ئەو بەپێچەوانەی یەهوودییەت و مەسیحییەتی سوننەتی، یەزدان و جیهان بە دوو بوونی جودا نابینێت، ئەوانە یەك شتن ئەگینا یەزدان، بەهۆی بوونی جیاوازی جیهانەوە، سنووردار دەبێت و ناتوانێ بێکۆتا بێت.

ئێستا کە یەزدان یان زات، بەشێوەی ڕەها، بێسنوور و ناکۆتایە، کەواتە دەبێ هەڵگری سیفەتی بێسنووری و ناکۆتاییش بێت. هەندێ ڕێسەی ناکۆتای ڕەهەندەکانی سەرچاوەی دەسەڵاتی نەمری یەزدانی، بەڕێوەیە. بەشێك لەو ڕەهەندانە ناکۆتا و هەندێکیشیان سنووردارن. ڕەهەندە بێکەنارەکان لە دەرەنجامە بێپسانەوەکانی گەوهەری یەزدانین و واقیعییەتێکی بێسنووریان هەیە، ڕەهەندە سنووردارەکانیش هەر لە زاتی یەزدانەوەن، بەڵام ئەوانە بەردەوام لەحاڵی تۆند بوونەوە و شلبوونەوەی بەدی و نابەدیدان و بەم پێیە هەڵگری گۆڕانن. ئەنجام ئەوەیە کە، لە زەینی یەزداندا، هەرکام لەو ڕەهەندانە لە قاڵبی سیفەتگەلی بێکەناری ناکۆتادا نەخش هەڵدەگرن. لێرەدا، ئیسپینۆزا، ئەوە لەگەڵ زەینی مرۆڤێك هەڵدەسەنگێنێ و دەگاتە ئەو ئەنجامە کە زەینی مرۆڤەکان تەنیا دوو سیفەتیان هەیە: یەکیان ڕەهەند و ئەویتر هزر.

لەو ڕووەوە کە جەستەی ئێمە یەك لە لایەنەکانی ڕەهەندە، زەینی ئێمە بەرهەمی هزرەکانی جەستەمانە. بە گوتەیەکی تر، بوونەوەری مرۆیی، لە ڕاستیدا دوانەیەکە لە یەك پەیکەر و جەستەدا. ئەو جەستەیە و لە هەمان کاتدا زەینیشە. لە حاڵەتی جەستەبووندا، بوونەوەری مرۆیی بەشێکە لە جیهانی ڕەهەندەکان و لەم ڕووەوە، لەڕێگەی هەستەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی جەستەکانی ترەوە. کەواتە جەستەی مرۆیی لەنێوان سۆزە ناسازگارەکاندا گرفتارە کە هانی دەدەن خۆشەویستی بکات یان نەفرەتی هەبێت. بە پێی بۆچوونی ئیسپینۆزا، گرفتاری سۆزەکانیانن و پەیوەندیی باوی نێوانیان، لەجۆری نەفرەت و شەڕە. بەو شێوەیەی کە لە کتێبی سێهەمی "ئەخلاق"ی خۆیدا دەڵێ: "*مرۆڤ زۆربەی کاتەکان بە ڕاپسکانی وجوودەکانەوە گرفتارن و وەك شەپۆلەکانی دەریا، لەبەر سیلەی - با- وێڵ و تۆفەندەکاندان و بێئاگان لە ئاکام و چارەنووسی دوایی خۆیان*".



بەڵام لە ڕوانگەی ئیسپینۆزادا، مرۆڤ دەتوانن خۆیان لەم بەندانە ڕزگار بکەن، چونکە ئەوان خاوەنی هێزی ئەندێشەن. بەپێی بۆچوونی ئیسپینۆزا، مرۆڤ وەك بوونەوەرێك کە خاوەنی هێزی ئەندێشەیە، لەڕاستیدا خۆی زەینێکی ئەقڵانییە. ئەو، زەینی ئەقڵانی بە سەرچاوەی بیرۆکە کامڵ و کارامەکان دەزانێت. بیرۆکە کامڵەکان، ئەو بیرۆکانەن کە ئێمە تیایاندا گەیشتووینەتە لووتکە، هەروەك لە یەزدانیشدا وایە.

بەڵام ئەگەر بیرۆکە کامڵەکان بوونیان هەیە، کەواتە دەبێ بیرۆکەی ناکامڵیش لە زەینی مرۆڤدا هەبن. بیرۆکە ناکامڵەکان، ئەو بیرۆکانەن کە حاڵەتی خەیاڵییان هەیە. کەواتە بەسەرهاتەکە بەم شێوەیەیە کە مرۆڤ، بەهێزی ئاوەز، هەوڵ دەدات بیچم بەو بیرۆکە ناکامڵانە بدات کە هەیەتی لە کارەکاندا و پەیوەندیی نێوان بیرۆکە کامڵ و ناکامڵەکان لاواز بکات. ئەوکات کە پەیوەندیی ئەم دوو بیرۆکەیە لاواز بێت، ڕاکیش و هێزی سۆزەکان، کە هۆکاری سەرەکیی ناسازگارین، لاواز دەبێت. لەم حاڵەتەدا، مرۆڤەکان دەتوانن بەهەوڵی خۆیان هەڵەکانی خۆیان پاکژ بکەنەوە و ئاستی مەعریفییەکەیان لە ئاستی تێگەیشتنی هەستەکی، بەرزتر بکەنەوە ببەنە ئاستێکی باڵاتر. هەروەها ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە دەتوانین هۆشیار بین بە نیسبەت بیرۆکەکانی خۆمان و تاقییان بکەینەوە. بەبۆچوونی ئیسپینۆزا، مرۆڤێك کە هۆشیارە بە ئەندێشەکانی خۆی مرۆڤێکە کە لە بەراوەرد لەگەڵ زەروورەتی بیرۆکە کامڵەکاندا، لە خۆی و کردارەکانی بەئاگایە.

کەواتە ئەم کردارانە، ئازادانە بیریان لێکراوەتەوە، چونکە سەربەستن. خاوەنی سەربەستین چونکە لەلایەن ئاوەزەوە دیاری دەکرێن. لە کرداری لەو چەشنەدا، ئیرادەی مرۆڤ، ئیرادەیەکی ئازادە، چونکە لەڕاستیدا، زەین و ئیرادە یەك شتن.

ئیسپینۆزا لەسەر ئەم بنەمایە، سیستەمی ئەخلاقییەکەی خۆی گەڵاڵە دەکات کە هەم سەقامگیرە و هەم لەلایەنی ئەخلاقییەوە ڕەزابەخش، چونکە دەگەڕێ

بەشوێن ڕێگەیەکدا بۆ هاودەنگی کۆمەڵایەتی و ڕێنوێنیی کۆمەڵگا. بەواتایەکی تر، بەبۆچوونی ئیسپپینۆزا بنەمای ئاوەزیی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە حوکمی ئاوەزی مرۆیی ئەوەیە کە مرۆڤەکان پێویستییان بە ئاشتی، سازگاری و هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەم پێیە، هەرکەس لەو ئەقڵانییەتە تێگەیشتبێت کە وابەستەیە بە دیتران و دیترانیش بەو وابەستەن، هیچکەس ناتوانێ لە گۆشەگیریی تەواودا بژی، تەنانەت ئەگەر نەفرەت و بەرچاوتەنگیش بگاتە ئاستێك کە هەموو مرۆڤەکان ناچار بە لێکدابڕان بکات.

ئێستاش ئەگەر بچینە ناو حەوزەی سیاسییەوە یەکەم ڕاستییەك کە تووشی دێین ئەمەیە کە: مرۆڤەکان زیاتر بههۆی حەزە کوێرکوێرانەکانەوە ڕێ دەگرنەبەر هەتا ئاوەز. بەڵام ئەگەر مرۆڤەکان بیانەوێ پێکەوە بژین، دەبێ لە هێزی ئەم ڕاستییە کەم بکرێتەوە. بەم پێیە ئیسپپینۆزا هەوڵ دەدا وەك هۆبز و لۆك چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە. ئەویش وەك هۆبز تەوەری سیاسیی خۆی لە چەمکی دۆخی سروشتییەوە دەستپێدەکات و چەمکەکانی یاسای سروشتی و مافی سروشتی دێنێتە ناو سیستەمی مێتافیزیکیی خۆیەوە. ئەگەرچی هۆبز، مافە سروشتییەکان و سۆزە سروشتییەکان لێك جیا دەکاتەوە لەو ڕایەدایە کە ئەو دوو هۆکارە دەوری گرینگیان هەیە لە گۆڕینی دۆخی سروشتی بۆ دۆخێکی جەنگی، بەڵام ڕوانینی ئیسپپینۆزا بۆ دۆخی سروشتی ئەوەیە کە ئەم دۆخە بەرهەمی سۆزە سروشتییەکانە. ئەوەی ئیسپپینۆزا دەیڵێ ئەوەیە کە: " *مرۆڤ لە زاتی خۆیاندا دوژمنی یەکترین*". چونکە ئەوان لە ژێر کاریگەریی هەندێ سۆزی وەك نەفرەت، بەرچاوتەنگی و تووڕەییدان. بەڵام مرۆڤ لەڕووی گەوهەرییەوە، ئاوەزیشن و ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لەژێر ڕێبەرایەتیی ئاوەزدا بووایەن، هەمووکەس دەیتوانی داوای مافە سروشتییەکانی بکات. بەم پێیە بەپێی بۆچوونی ئیسپپینۆزا، مافە سروشتییەکان لەڕاستیدا هەمان دەسەڵاتە سروشتییەکانن، چونکە هەرکارێك کە مرۆڤ بە سروشتی دەتوانێ ئەنجامی



بدات، لەڕاستیدا مافی سروشتیی بەسەریەوە هەیە. بەم شێوەیە دەبینین کە تیۆرییەکانی هۆبز و ئیسپپینۆزا، بە سەرنجدان بە پێناسەکانی دۆخی سروشتی، تەواو هاوشێوەی یەکن. هۆبز ئاماژە بەوە دەکات کە لە دۆخی سروشتیدا کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بوونی نییە، تاك مافی ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی هەیە کە لە توانایدایە ئەنجامیان بدات. هۆبز دەڵێ کە لە کۆمەڵگای سیاسیدا، تاك مافی ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی نییە کە لە توانایدایە ئەنجامیان بدات، چونکە ئەوە مافی حاکمە. ئیسپپینۆزاش دەڵێ کە لە کۆمەڵگای سیاسیدا تاك مافی ئەوەی نییە کە هەرکارێك کە دەیتوانێ و دەیخوازێ ئەنجام بدات. بەڵام ئەو بەپێچەوانەی هۆبز خەسارێك لە دەرەنجامی ئەو مافە سروشتییانەوە کە لەپاش هاتنە ناوەوەی تاکێك بۆ ناو کۆمەڵگا دەردەکەون، نابینێت.

لەکۆمەڵگای مەدەنیدا ئەگەرچی تاك مافی ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی هەبێت کە دەتوانێ ئەنجامیان بدات بەڵام دەوڵەت، سنووری کارەکانمان بەگوێدا دەدات. بەم پێیە تیۆرییەکەی هۆبز هەڵگری سنوورداری و کەمایەسییە لە مافی سروشتیدا. بەڵام تیۆرییەکەی ئیسپپینۆزا بەم شێوەیە نییە. چونکە هۆبز چەمکی مافی سروشتی لە مرۆڤدا بەرتەسك دەکاتەوە، بەڵام ئیسپپینۆزا سروشت و یەزدان بە یەکسان دەزانێت و بەو شێوەیە یاسای سروشتی هەمان یاسای یەزدانییە کە هاوکات یاسای سروشت و گەوهەری مرۆڤە و چونکە ئەمە یاسای مرۆڤێکە کە بە شوێن مەبەستی خۆیەوەیەتی، کەواتە مرۆڤایەتی خاوەنی مافی سروشتییە.

لێرەدا ئیسپپینۆزا دەڵێ کە بەحوکمی ئاوەز، کۆمەڵگا هەرچەند یەکانگیرتر بێت، ئەندامەکانی زیاتر لە ئاشتی و هەماهەنگیدا دەژین. بەگوتەیەکی تر ئەوان ناچارن تواناییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی مافی هاوکاریدا، یەکانە و یەکانگیر بکەن. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئیسپپینۆزا بە *"حاکمییەت"* ناودێری دەکات، حاکمییەت، دەسەڵاتی گشتی یان مافی هاوکاری و هاوبەشی لە ئەرکەکاندایە.

تەنیا بە کەڵکاوەژۆی حاکمییەت لە مافە کە ماف و نەماف و داد و بێدادی دێنە ئاراوە. چونکە یاسای دەوڵەت بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاساکانی ئاوەز بەدی دێت. کەواتە هەمووکەس لەسەریەتی پەیڕەوی لە یاسا بکات، چونکە ئەمە تەنیا ڕێگەی پاراستنی دسیپلینی کۆمەڵایەتییە. بەڵام بەبۆچوونی هۆبز،ماف هەڵگری گواستنەوە و پێسپاردنە و پێسپاردنی ماف یەکسانە لەگەڵ درکاندنی ئیرادەیەك بۆ جێهێشتنی ماف.

وشەی پێسپاردن و گواستنەوە لە هزری ئیسپینۆزادا، لەڕاستیدا یەکسان و بەمانای پەیڕەوی لە دەسەڵاتێکی ترە. بەڵام پێسپاردن لەواقیعدا روونادات، چونکە شتێك تەرك ناکرێت. لەلای هۆبز لەگەڵ ئەوەی تاکێك سەربەستییەکەی خۆی گواستەوە بۆ ناو دەسەڵاتێك، ئیتر ئەو سەربەستییە نامێنێت و دەبێتە فرەییەکی بێکۆنترۆڵ و بێلغاو.

بەڵام ئیسپینۆزا راست بەپێچەوانەی ئەوە بیر دەکاتەوە. ئەو دەڵێ: مەبەست ئەوە نییە کە تاك هاوکات کە مافەکەی خۆی سپاردە دەست حاکمییەت، ئەو مافە بە تەواوی لەناو دەچێ، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو، مرۆڤەکان هیچکات ناتوانن واز لە مافەکانی خۆیان بهێنن، ئەگینا لە مرۆڤ بوون دەردەچن. بەم پێیە ئیسپینۆزا، بەگریمانەگرتنی دەست تێوەرنەدران لە مافە سروشتییەکاندا، هەموو ئەو دەروەستییانەی کە لەسەر بنەمای خودبەرژەوەندیی دانەمەزراون، بەنابەجێ دەزانێ و پشت گوێیان دەخات. هەر لەم رووەوە و لە فەلسەفەی سیاسیی ئیسپینۆزادا جێگەیەك بۆ ستەمکاریی دەسەڵاتداران لەئارادا نییە. بەم مانایە کە دەسەڵاتی حاکمییەت ناتوانێ بخرێتە بەر کەڵکاوەژۆ و ئەگەر وابێت، بە خودخاپووری کۆتایی دێت. کەواتا ئیسپینۆزا بە ئاشکرا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەسەڵاتی حاکمییەت لە ناو خەڵکدا کەڵەکە بووە. ئەو کۆمەڵگایەکی لەو چەشنە بە "*گەلی ئازاد*" ناودێر دەکات کە لەسەر بنەمای کرداری هابەشی ئەوان، دەسەڵات لە دەستی کەسەکاندا



کۆدەبێتەوە و دەست دەکەن بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی سیاسی. مۆدێلەکەشی دەتوانێ پاشایەتی بێت یان فیدراتیڤێکی گشتیی پێکهاتوو لە خەڵك بێت، بەڵام دەسەڵاتی حاکمییەت لەناو خەڵکدایە. بەم پێیە یاساکان تەنیا لە بازنەی خواست و بەرژەوەندیی یاسادانەرەکاندا داناڕێژرێن بەڵکو ئەرکێکە لەئاست پەیکەرەی گشتیدا. لەو ئاراستەیەدا خەڵك لە جەرگەی پەیڕەوی لە یاسادا، لەڕاستیدا پەیرەوی لە ئیرادەی خۆیان دەکەن. ئەمە، ئەندێشەی دەوڵەتە لە فەلسەفەی ئیسپینۆزادا کە لە کتێبی *(نامەی یەزدانی- سیاسی، بەندی ١٦)*ی ئەودا هاتووە. تیۆرییەکانی ئیسپینۆزا بە نیسبەت سەردەمی رێنێسانسەوە زۆر پێشکەوتوون. چونکە تیۆریی حاکمییەت بە شێوەیەك گەڵاڵە دەکات کە لەوێدا، حاکمییەت لەپاڵ ئەوەدا کە خاوەنی دەسەڵاتی رەهایە، هاوکات ئاخێزگەیەکی تەواو خەڵکیشی هەیە.

بەم چەشنە ئەندێشەی ئیسپینۆزا نزیکە بە بیرمەندانێکی وەك رۆسۆ و بیرمەند سیاسییەکانی سەدەی هەژدەهەم کە هەوڵ دەدەن دوو تیۆریی دژی هۆبز سەبارەت بە حاکمییەتی رەها لەلایەکەوە و تیۆریی حکوومەتی سنوورداری جان لاك لەلایەکی ترەوە پێکەوە ئاشت بکاتەوە. ئیسپینۆزا دژی ئیستبداد و دەسەڵاتی رەهای تاکە کەسیکە، بەڵام، هەروەك گوترا، بەبۆچوونی ئەو حاکمییەت، رەهایە چونکە نوێنەری هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە. لەم رووەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسای هەیە، چونکە سەرچاوەی یاساکانە. هەر بەم شێوەیە، مافی سزادانی سەرپێچکارانی یاسا و هەروەها هاودەنگ کردنی هێزی سەربازی و میلیشیای هەیە بۆ بەرگریکردن لە پەیمانی کۆمەڵایەتی. هەروەها یاسا سروشتییەکانن کە ئەوە دیاریدەکەن چ شتێك باشە بۆهەموان و چ شتێك نەباش. پێدەچێ ئیسپینۆزا بەتەمای پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئارمانی و یۆتۆپیایی نەبێت. ئەو لەهەوڵی ئەوەدایە کە بڵێ ئازادیی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی شیاو لەپێگەی حاکمییەتدا ئەگەری بوونی زیاترە. بەو مەرجەی ئەو حاکمییەتە نوێنەری

هەموو خەڵك بێت و بەرێکوپێکی گوێ لە داخوازییەکانیان بگرێت و بەشێوەیەك کار بکات کە ببێتە هۆی وەفاداری و هەستی وەئەستۆگرتنی ئەرکەکان لەلایەن شارۆمەندەکانیەوە و هێزی پێویستی هەبێت بۆ دوور ڕاگرتنی دوژمنە دەرەکییەکانی کۆمەڵگا. کەواتە، ئازادیی سیاسی بەبۆچوونی ئیسپینۆزا، لەڕاستیدا بریتییە لە مافی چارەی خۆ نووسین بۆ نەتەوەیەك، ئەویش لەڕێگەی خواست و ئیرادەی ئازادی شارۆمەندانەوە بۆ هاوکاری. لە دەوڵەتێکی شیاو و بەتوانادا، تاك دەتوانێ بگاتە دۆخێك کە لەوێدا دەرفەتی ژیانی ئاوەزمەندانە لەئارادا هەیە. ئەو بۆچوونانە، سەرێتیی "*دیموکراسی*" وەك باشترین و بەردەوامترین مۆدێلی دەوڵەتی لای ئیسپینۆزا دەردەخات. ئەگەرچی ئیسپینۆزا لایەنگری دیموکراسییە، بەڵام هەواداری ڕەهای دیموکراسی نییە. لەڕوانگەی ئەودا، ئەگەر هەلومەرجێك بێتە پێشەوە، کە دیموکراسی تیایدا لاواز و ناکارامە دەرکەوێت، پێویستە بەشوێن ئاڵتێرناتیڤێکەوە بین. چونکە نابێ بیرمان بچێ کە سەرنجی سەرەکیی ئیسپینۆزا لەسەر دابینکردنی ئاسایش و دسیپلینە. بەم حاڵەوە، بەبۆچوونی ئەو دیموکراسی سروشتیترین مۆدێلی حاکمییەتە، چونکە ئامانجی سەرەکی و سەرەتایی ئەو، ژیانی هاوکات لەگەڵ ئاشتی و هەماهەنگییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی "*دیموکراسی*"ی ئیسپینۆزا ڕەخنەش هەڵدەگرێت. گرینگترینیان، ئەوەیە کە ئیسپینۆزا لەگەڵ دیموکراسی بۆ هەموو تاکەکان نییە. ئەو هەندێ لە توێژەکانی خەڵك وەك ژنان، منداڵان، خزمەتکاران، خراپکاران و بیانییەکان و کەسانێ کە لە چوارچێوەی ژیانی ڕووسوورانەدا نین، لە مافی بەشداری دەسڕێتەوە. ئەو پڕەنسیپەی کە ئیسپینۆزا لەسەر بنەمای ئەو بڕیار دەردەکات کە چ کەسانێك دەتوانن بەشدار بن چ کەسانێك مافی ئەوەیان نییە، بە پڕەنسیپی Sui Juris ناودێر دەکرێ. بۆ ئەوەی کەسێك "*مافی بەشداریی*" هەبێت، نابێ کەوتبێتە بازنەی دسەڵاتی ئەویترەوە. بەم پێیە کەسانێك کە خۆژیێن نین، ئیرادەیان لە بازنەی



ئیرادەی دیتراندایە. سەرەنجام لە پەیوەندی لەگەڵ ژناندا وا هەست دەکرێ کە ئیسپینۆزا، ئەوان بە ملکەچی سروشتیی مێردەکانیان دادەنێت.

بەهەرحاڵ، ئەنجام ئەوەیە کە ئیسپینۆزا تەنانەت ئەگەر سیستەمی دیموکراسی بە باشترین دەزانێ، هەوڵ دەدات کە باشترین مۆدێلی دەوڵەتیشی بۆ ئامادە بکات. ئەو هەوڵ دەدات ئەندێشەکانی خۆی بە تەواوی پراکتیزە بکات و خۆ لە ئارمانگەرایی و یۆتۆپیا دوور بکاتەوە.

گرینگترین شت لای ئەو، جێکەوتنی ئەو ڕاستییەیە کە حاکمییەت لە خەڵکەوە دەردەکەوی و خەڵك و حاکمییەت هەردووکیان پەیڕەوی یاسای ئاوەز بن. لەم خاڵەدا، فەلسەفەی سیاسیی ئیسپینۆزا، دەکرێ لەگەڵ ڕوانگەی ژان ژاك ڕۆسۆ بە هاوشێوە سەیر بکرێت، بەتایبەت لەوێدا کە ئیسپینۆزا دەڵێ: *تەنیا کاتێك دەسەڵاتی حاکم ڕەها دەبێ کە ەی هەموو خەڵك بێت*"، گوتەکەی ڕۆسۆمان وەبیر دێنێتەوە کە دەیگوت: *حاکمییەت تەنیا لەگەڵ چەمکی ئیرادەی گشتیدا یەکسانە*." بەڵام چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتیی ڕۆسۆ، تەواو ئازادانە و دڵخوازانەیە، لەحاڵێکدا کە پەیمانی کۆمەڵایەتیی ئیسپینۆزا، تەنیا کاتێك دڵخوازانەیە کە کرداری تاکەکان، بەرهەمی جۆرێك ڕەزایەت بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، مەبەستی ڕۆسۆ، پێکهاتنی سیستەمێکی حکوومەتیی لەڕووی ئەخلاقییەوە مەشرووعە. لەحاڵێکدا کە، کاتێ ئیسپینۆزا باس لە خێرە گشتییەکان دەکات، مەبەستی، بیچمگرتنی ڕێکخراوێکە کە ئاشتی و ئاسایش دەستەبەر دەکات و لەم ناوەندەدا ناگەڕێت بەشوێن پڕەنسیپێکی ئەخلاقیدا.

## "ژان ژاك رۆسۆ"

ئەندێشە سیاسییەکانی رۆسۆ ئاویتەیەکی نامۆیە لە حەسرەتی ئازادییەکانی سەردەمی ساکاری و قۆناغی شوانکارەیی مرۆڤ و زێدەرۆیی لە بەباش زانینی دۆخی سیاسیی سەردەمی ئیسپارتەکان و سەردەمای سەرەتای حکوومەتی رۆم و هەروەها هۆشدارییە پڕمەترسییەکانی کۆمەڵگا رەشۆکییەکانی سەدەی بیستەمە. بەگوتەیەکی تر، رۆسۆ، مرۆڤێکی مۆدێرنە بە رۆحێکی کەوناراوە. رۆسۆ، جودایە لە روانگەی گشتی و باوی چاخی رۆشنگەری، چونکە ئەو هزری "پێشکەوتن"ی رەتدەکردەوە. بەبۆچوونی رۆسۆ، ئاوەزباوەڕی، کۆمەڵێك پاشهاتی کارەساتباری لێکەوتۆتەوە. بەبۆچوونی ئەو، ئاوەز لە ئاراستەی سەرکوت و گۆڕینی بیچمی هەستە سروشتییەکانی ئێمەدا، وەك هاودڵی و مێهرەبانی، کەڵکی لێوەرگیراوە. کەڵکەڵەی سەرەکیی رۆسۆ، پرسی ئازادییە و زیاترین ترسی ئەو لە وابەستەبوونە. رۆسۆ هەوڵدەدا ئەوە ئاشکرا بکات کە ئازادی یەکێك لە سامانە سەرەکییەکانی مرۆڤە. بەڵام مۆدێلە نوێیەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون، لە ئاراستەی نەهێشتنی ئازادی و کۆیلایەتیدا کاردەکەن. یەکەم رستەیەك کە لە بەندی یەکەمی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا نووسراوە، ئاوا دەڵێ: " مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبێت بەڵام لە هەموو شوێنێك لەبەندداية". بەم پێیە، رۆسۆ دوو پرسیاری سەرەکی گەڵاڵە دەکات:

١. ئایا مرۆڤ دەتوانێ سوودمەند بێت بە مەدەنییەت و ئازادی؟
٢. بایەخی بەکۆمەڵایەتیبوونی ئێمە لەچیدایە ؟



رۆسۆ لەکاتی یەکەم نووسینەکانیەوە سەرنجی پرسی ناسازگاریی نێوان کۆمەڵگە و سروشت دەدات. بەبۆچوونی ئەو، سروشت بەوجۆرەی کە هەیە لە مرۆڤ دەڕوانێ نەك بەو جۆرەی کە دەبێ ببێ. رۆسۆ دەڵێ، سروشت هۆی بەختەوەری و خۆشبەختیی مرۆڤە، لەحاڵێکدا کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بێنەوایی و بێبەشیی ئەو. بەڕای ئەو، فەیلەسووفەکان، هەمیشە لەو هەڵەیەدان کە دەیانەوێ لەڕێگەی ئەو ئەندێشانەوە لە سروشت تێبگەن کە لە کۆمەڵگەیان وەرگرتووە. بەم پێیە، ئەو روانگەی هۆبز سەبارەت بە دۆخی سروشتی رەتدەکاتەوە. لەبەرچی؟ چونکە بەبۆچوونی رۆسۆ، هۆبز سەلیقە مەدەنییەکانی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشت و هەروەك دەزانین، لای هۆبز، هەست بە شانازیکردن، هۆکاری سەرهەڵدانی ناسازگارییەکانی ناو دۆخی سروشتییە. بەڕای رۆسۆ، شانازی کردن، هیچ شەڕێك لە سروشتدا هەڵنایسێنێت. چونکە لە سروشتدا، ناسازگاری بوونی نییە و ناسازگاری تایبەتە بە کۆمەڵگە. هەر لەم رووەوەیە کە رۆسۆ لەنێوان دوو چەمکی خۆشەویستی بۆ خود و خۆشەویستیی خۆپەرستانەدا جیاوازی دادەنێت. چەمکی خۆشەویستی بۆ خود، رەمەکێکی سروشتییە و چاکە بۆ پاراستنی خود و خود باوەڕی و خۆویستییەکی سروشتییە، بەڵام خۆشەویستیی خۆپەرستانە، لایەنی سۆزدارانەی شانازییە. رۆسۆ، هەروەها بەپێچەوانەی هۆبز وابیردەکاتەوە کە مرۆڤەکان لەدۆخی سروشتیدا وابەستەی یەکتری نین، بەڵکو ئەوەی پێویستیان پێیەتی، لەبەردەستیاندا هەیە و پێویستیان بەوە نییە کە ملکەچی دیتران بن. بەڵام پێویستییە روولەزیادبوونە مرۆییەکان، ئەوان لەحاڵەتی سەربەستیی سروشتییەوە دەخەنە دۆخی وابەستەبووم بە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان. بەم پێیە، دەسەڵاتکردن لە دۆخی سروشتیدا شتێکی ئەستەمە چونکە گەوهەری وجوودیی ئەو خەیاڵییە و (دەرهاویشتەی سروشت نییە). بەڵام ئەگەر دۆخی سروشتی، دۆخێکی بەختەوەرانەیە، ئەی بۆچی مرۆڤەکان لەدەوری یەك کۆدەبنەوە و کۆمەڵگە پێکدێنن؟ بەبۆچوونی رۆسۆ، وەڵامەکەی ئاسانە، چونکە مرۆڤەکان بۆ چارەسەری کێشەکان

پێشەنگ و داهێنەرن و وا پێش دێ کە پەرەسەندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەی هۆشیاری خێراتر دەکەن و ئەو هۆشیارییەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەخلاق. بەو مانایە کە ئێمە دەکارین خۆمان لە سۆنگەی چاوی دیترانەوە سەیر بکەین. لەلایەکی ترەوە کشتوکاڵ دەبیتە هۆی خاوەنداریێتی تایبەتیی زەوی و کاتێ خاوەنداریێتیی تایبەتی دەرکەوت، نایەکسانییە سروشتییەکان تۆختر دەبنەوە. لە ئەنجامی نایەکسانییەکاندا، دەسەڵاتی گشت، بەگشتی لەلایەن خەڵکەوە دەگاتە دەست تاکێکی تایبەت. کەواتە چارە چییە؟ ئەگەر ژیانی مەدەنی بەرەو رۆچوون بڕوات و پێشکەوتنیش ترێزهەڵنەگر و ناوەگەڕ بێت، ئەی چارە چییە؟ ئێمە ناتوانین وا نیشان بدەین کە گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمێکی دەست لێنەدراو و پاکژ، کە دۆڕاوین، گەڕاوینەتەوە و ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ژیانی دارستان و وەك ئاژەڵ بژین. کەواتە رێگەی دەرچوون لە گەندەڵی و ستەمکاری چییە؟ رۆسۆ دوو وەڵامی هەیە بۆ ئەم پرسیارە:

رۆسۆ وەڵامی یەکەمی لە کتێبی "ئیمیل"ی خۆیدا دەداتەوە و هەروەك پێشتر گوترا، ئیمیل، چیرۆکی هەوڵێکە بۆ ئەوەی تاکێك بە ئەخلاقێکی سەربەستەوە پەروەردە بکریت. راهێنانی ئیمیل، بە مەبەستی لادانی ئەو لە بەستێنی کۆمەڵگایە. رۆسۆ ئەوی لە کۆمەڵگە بردۆتە دەرەوە و دیوارێکی بەدەوردا هەڵدەچنێ و دەیپارێزێ بۆ ئەوەی توانا و بڕستی پێویستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەهاکانی کۆمەڵگە هەبێت. بەم پێیە، رۆسۆ، نە مەبەستیەتی مرۆڤێکی سروشتی لە ئیمیل دروست بکات و نە ئەوەی تاکێکی تەواو یەکپارچەی کۆمەڵایەتی، بەڵکو مەبەستی ئەو پەروەردەکردنی "ئیمیل" وەك تاکێکی سەربەستە.

وەڵامی دووهەمی رۆسۆ لە کتێبی "پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا هاتووە. ئەم وەڵامە، چارەسەرێکی بەکۆمەڵە بۆ کێشەکە. هەروەك لەناوی کتێبەکەیەوە دەردەکەوێ، پەیکەرەی باسەکەی رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراوە. جارێك سەرێتی دەدا



بە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام لەولایەنەوە کە بڕیارەکانی ئەو زیاتر دەستکردن و دەیەوێ کرۆکی تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی، واتە دەسەڵاتی سیاسی لە خەڵکەوە بۆ حاکمییەت رەت بکاتەوە، کتێبەکەی بەم رستەیەوە دەستپێدەکات: " مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبێت، بەڵام لە هەموو شوێنێك لە بەنددایە." بەم بۆچوونە، ئەو دەیەوێ ناڕاستەوخۆ رەخنە لە هەموو تیۆرییە سیاسییەکان گرتبێت. نارەزایی رۆسۆ لەو جۆرە راڤانە لە تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە ئەوانە بەڵگەنەویستن، چونکە پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسییان کردۆتە بنەما. هەروەك دەزانین بەبۆچوونی هۆبز، کرداری بەشداریکردنی گشتی یەکسانە لەگەڵ ملکەچی. بەڵام بەبۆچوونی رۆسۆ، کۆمەڵگە و حاکمییەت هەردووکیان یەك شتن. بە گوتەیەکی تر، مەشرووعییەت، تەنیا بە مەرجێك دێتە بوون کە حاکمییەت لەخەڵکەوە دەرچووبێت. بەم پێیە، حاکمییەت دەبێ یەکسان و هاوشان بێت لەگەڵ شارۆمەندانـدا. ئەم بۆچوونە بەو مانایەیە کە لەلای رۆسۆ، کۆمەڵگەی سیاسی شتێکە زیاتر لە رێککەوتنێکی سادە و راستەوخۆ کە کەسایەتیی شارۆمەندان تووشی گۆڕان دەکات. لەم مانایەدا، هەنگاو نان بەرەو کۆمەڵگە، شتێك زیاتر لە پەیمانی کۆمەڵایەتییە و جۆرێك بەرزبوونەوە و بالاکردنی مرۆییە. بەپێی بۆچوونی رۆسۆ، کاتێ پەیمانێك دەبەستین، هەم چییەتیی ئێمە دەگۆڕێ و هەم کەسایەتیمان و وەك خۆی لە خودی سروشتی ئێمەوە بەرهەمدێت. رۆسۆ لێرەدا لە هەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و بەڵێنێك دەدوێ کە خۆی بە "ئیرادەی گشتی" ناوی دەبات. بەڕای ئەو، ئیرادەی گشتی بڕیارێکە کەدەبێ لەلایەن کۆمەڵەی حاکمییەتی پێکهاتوو لە هەموو شارۆمەندەکانەوە دەربکرێت. بەم پێیە، ئیرادەی گشتی لە سادەترین ئاستی خۆیدا شتێکە کە یەکسانە لەگەڵ بوونایەتیی هەر کۆپەیکەرێکدا. بەبۆچوونی رۆسۆ، تەمەنی کۆپەیکەر بەقەدرایی کاتێکە کە خەڵك ناسیویانە و خۆیان بە ئەندامی زانیوە. بەم شێوەیە ئەگەر ئیرادەی گشتی لەناو بچێت مانەوەی کۆمەڵگە بەرەو هەرەسهێنان دەچێت. هەر لەبەر ئەوە

خەڵك دەبێ هاوڕێ بن لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا و لەگەڵی ڕێككەون. ئێستا ئەگەر کەسێك نەخوازێ هاوڕێی ئیرادەی گشتی بێت چی ڕوودەدا؟ ڕۆسۆ بەڕوونی وڵام دەداتەوە: ... کەسێك کە سەرپێچی لە پەیڕەویی ئیرادەی گشتی بکات، دەبێ لەلایەن هەموو کۆمەڵگەوە ناچار بکرێت مل بۆ ئیرادەی گشتی کەچبکات." بەواتایەکی تر ئەو بەزەبر دەبێ ئازاد بێت. ئەم حاڵەتە بەڕای ڕۆسۆ، ئیستبداد و ستەم نییە، بەڵکو دیموکراسییەکی تەواوە.

لێرەدا پرسێکی تر بۆ ڕۆسۆ دێتەپێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئیرادەی گشتی تەنیا کۆبوونەوەی حەزە خۆپەرستانەکان نییە و لەلایەکی ترەوە، هێزێکی دەرەکیش نییە. ئیرادەی گشتی، لەڕاستیدا شتێکی پێویستە بۆ هەموو شارۆمەندێك بۆ ئەوەی هەست بە ماناداری بکات. لەم حاڵەتەدا، شارۆمەند بە پەیڕەویکردن لە خود، وەك ئەوە وایە کە پەیڕەوی لە حاکمییەت بکات. بەم پێیە، ئەوە زۆر گرینگ و حەیاتییە کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك ئەوەیان لەبیر بێت کە شتێك دەتوانێ بە تەواوی بوونی هەبێت کە سوودبەخش بێت. بێ ئەوەی دژی بەرژەوەندییە تاکییەکانی ئەوان بێت. کاتێ دەنگ دەدەین نابێ بیر لەوە بکەینەوە کە دەنگەکەی ئێمە لەئاراستەی پشتڕاستکردنەوەی فڵانە پاڵێوراوە بەڵکو دەبێ دڵنیا بین لەوە کە ئایا لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا دەگونجێت یان نا. ئەنجام ئەوەیە کە دەوڵەت، کاتێك خوازراوتر دەبێ کە بەستێنی گشتی باڵی کێشابێت بەسەر بەستێنی تایبەتیدا. بەم شێوەیە پەیڕەویکردن لە دەوڵەت لەڕاستیدا پەیڕەویکردنە لە ئیرادەیەکی مەزن کە لەپێچەوانەی ئیرادەی نزمی خۆپەرستانەدایە. هەر لەم ڕووەوە ڕۆسۆ بەدژی پەیکەرە کۆمەڵایەتییە نێوبژیوانەکان (وەك پارتەکان و کۆمەڵە سیاسییەکان) هەڵوێست دەگرێ. چونکە بەبۆچوونی ئەو، ئەوانە بۆشایی نێوان خەڵك و دەوڵەت پڕدەکەنەوە و کۆمەڵێك وردە ئیرادەی گشتی بەدی دەهێنن. ئەم بۆچوونە، لیبراڵەکانی هاندا بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ڕۆسۆ و بە تیۆریسیەنی تۆتالیتاریزم لەقەڵەمی بدەن. چونکە دەوڵەتە



تۆتالیتاریستەکان ڕێگە لە بەدیهاتنی ئەنجوومەنە تایبەتییەکان و پارتەکان دەگرن و ئەوە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمە تۆتالیتاریستەکانی سەدەی بیستەم بوو. بەڵام کێشەکە لە بۆچوونی ڕۆسۆدا شتێکی ترە. بەڕای ڕۆسۆ، کۆمەڵگەی مەدەنی پانتایەکە کە لەوێدا، بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و نابەرابەرییەکان، دەتوانن ئازادی بخەنە بەر هەڕەشە و وێرانی. ڕۆسۆ هەر بەم شێوەیە، دەنگدانی نهێنیش ڕەتدەکاتەوە، چونکە لای وایە بۆ ئەوەی ئیرادەی گشتی هەبێت لەئارادا، تاکەکان پێویستە حوزووریان هەبێت و بە ئاشکرایی دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ڕەوشت بەرزییە سیاسییەکانی کۆمەڵگە بپشکوێن. بەگوتەیەکی تر، ڕۆسۆ باوەڕی وایە کە نوێنەرایەتیی سیاسی شتێکە لەشێوەی بە خزمەتگرتنی بەکرێگیراو بۆ جەنگ. نوێنەرایەتی، نیشاندەری ڕۆچوونە و ڕۆحی گشتی سەرکوت دەکات و دایدەبەزێنێت. بەم پێیە، سەرکەوتنی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە ڕای گشتی و ئەخلاقی شارۆمەندانەوە، واتا، پێویستە هەمیشە پاڵنەرێك هەبێت بۆ ڕەوشت بەرزیی سیاسی. ڕۆسۆ لە کتێبی "گوتارێك لەمەڕ نایەکسانی"دا پێمان دەڵێ کە کاتێ گوتارێك چێ دەکەین لەڕاستیدا سەرقاڵی کارێکین کە "لەسەرتاسەری ئەورووپادا تەنیا ژمارەیەکی کەم بەردەنگی هەیە و لەنێو ئەمانەشدا، هیچکام ئامادە نین گفتوگۆی لەبارەوە بکەن." ئەم گوتارە لە دوو ئاراستەدا چێ دەکات:

١. لە ئاراستەی فەیلەسووفە ڕاستەقینەکاندا.

٢. لە ئاراستەی ژمارەی بەرفراوانی بەردەنگەکاندا.

بەم شێوەیە، چەمکی گوتار هەر لە سەرەتاوە هەڵگری نایەکسانییەکی بنەڕەتییە. نایەکسانییەك کە خۆی دەرهاویشتەی نایەکسانیی مرۆڤەکانە. ڕۆسۆ لە دوایین ڕستەی کتێبەکەی خۆیدا ڕەخنەیەك دەگێڕێتەوە کە مۆنتاین Montaugne خۆی لە زمان ڕەخنەگرانی پاشایەتیی فەرەنساوە گێڕاویەتەوە. ڕۆسۆ دەگاتە ئەو ئەنجامە کە جۆری نایەکسانیی زاڵ لەنێوان هەموو خەڵکی مەدەنیدا، بەپێچەوانەی مافی سروشتی و

یاسای سروشته. بەواتایەکی تر ئەندێشەکانی ڕۆسۆ لێرەدا دەرخەری دژبەرایەتیی بنەڕەتیی نێوان سەرچاوەی ڕەسەنی مرۆڤ و گەندەڵیی کۆمەڵگەی مۆدێڕنە. ئەم باسەی ڕۆسۆ خۆی بە هۆی زەروورەتی بەرەنگاربوونەوەی مۆدێڕنیتە، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە دەوڵەتشارە کەوناراکان، بەهێز دەکریت.

ئەوەی ڕۆسۆ لە تەوەری "وتارێك لەمەڕ زانست و هونەر"دا پێمان دەڵێ، ئەوەیە کە، پەیوەندییەکی زەرووری هەیە لە نێوان گەندەڵی و ڕۆچوون لە ژیانی ئەخلاقیی مرۆڤ و پەرەسەندن و گۆڕانی دەوڵەتە مۆدێڕنەکاندا. بەم پێیە، یەکەم وتارەکەی و "نامەیەك بۆ دالامبێر" کۆمەڵێك بابەت سەبارەت بە ڕۆچوونی گەوهەری مرۆڤ بهۆی کاریگەریی مەدەنییەتەوە لە خۆدەگرن. ڕۆسۆ بەر لە هەر شتێك لەو باوەڕەدایە کە ڕۆچوونی بەها سروشتییەکان لەکۆمەڵگەدا بۆتە هۆی ئەوەی ڕواڵەتەکان جێگەی ڕاستییەکان بگرنەوە. ڕواڵەتەکان دەریناخەن کە ڕاستییەکان چین بەڵام دەوری سەرەکییان هەیە لە داپۆشین و پووکاندنەوەی گەوهەری ڕەسەندا. گەشەی کۆمەڵایەتی، مرۆڤی گەندەڵ و بێ ڕوخسار کردووە. ڕۆسۆ لە "وتارێك لەمەڕ نایەکسانی"دا مرۆڤ لەگەڵ پەیکەرێکدا هەڵدەسەنگێنێت کە تێپەڕبوونی کات و تۆفوبەند و شەپۆلەکانی دەریا وایان خاپوور کردووە و تێکداوە کە ئیتر جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەو وەك خێو (رب النوع)ێك یان دێوەزمەیەکی دڕندەدا. کاریگەریی گشتیی تێکچوونی گەوهەری مرۆیی بەشێوەیەك بووە کە تاکێتیی خەڵك و ڕاستەقینەی کەسایەتی ئەوانی مەفح کردووە. مرۆڤ لای خۆی غەریب و نامۆ بووە. ئەو بە پێچەوانەی مرۆڤی خۆژیێنی سەرەتایی کە لەگەڵ خۆی و بۆخۆی دەژیا، لەدەرەوەی خۆی دەژی. دۆڕانی ئەو وزە کەسانەیە، کۆیلایەتیی مرۆڤی مۆدێڕنی لێکەوتۆتەوە. بەم پێیە، مرۆڤی مەدەنی لە دۆخی لەخۆنامۆییدا دەژی و هەر لەوێشدا دەمرێت.



بەبۆچوونی ڕۆسۆ، مرۆڤی مۆدێڕن لە بوونایەتیی ڕەسەنی خۆی دوورکەوتۆتەوە و نامۆ بووە. ڕۆسۆ لە کتێبی "ئیمیل"دا جەخت دەکاتەوە: ئێمە لەو شوێنەی تیایداین، ژیان ناکەین، ئێمە لەو شوێنانە دەژین لە لەوێ نین. یەکێك لە بەڵگە سەرەکییەکانی ئەم ئاوارەیی و نامۆییە، کاریگەریی کارەساتباری ژیانی شارییە. کەواتە وای لیهاتووە کە مرۆڤی مۆدێڕن بەردەوام لە دژایەتیکردنی خۆیدایە، چونکە ئەو بۆ بەختەوەرکردنی خۆی دەست بۆ چالاکیگەلیك دەبات کە هیچکات نایگەیەننە خۆشبەختی. بەم پێیە، ئەو بەپێچەوانەی پاپیرە و پێشینانی خۆی ژیانێکی ئارام و لەسەرخۆی نییە.

ئەم دۆخە دژهۆنە دەروونییە، خۆی لە ڕاڕایی و نیگەرانییە هەمیشەییەکانی مرۆڤی مۆدێڕندا نیشاندەدات. ئەو ڕاڕاییانەی ڕەفتاری مرۆڤی مۆدێڕن لە "کات"دا ڕەنگدەدەنەوە. مرۆڤی مۆدێڕن بەردەوام بەشوێن داهاتووەوە و تێرکردنی پێویستییەکانی و خواستەکانی خۆی لە دۆخی ئەمێستاییدایە. بەم شێوەیە، ئەوەی ڕۆسۆ لە یەکەم وتاری خۆیدا دەینووسێت، ڕۆچوونی مرۆڤە بەرەو بەدبەختی و گەندەڵی. بەڵام لە وتاری دووهەمدا هەوڵ دەدا لەوە تێبگات کە کامانە شتی ڕەسەن بەپێچەوانەی هەموو شتە ناڕەسەن و دەستکردەکان، هی مرۆڤ بوون. ڕۆسۆ بە مەبەستی تێگەیشتن لە گەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤ، بەپێویستی دەزانێ کە لە ئاخێزگە کاتەکییەکانی بدوێت. لەم ڕووەوە کاتێ ڕۆسۆ لە دۆخی سروشتی دەدوێ، لەڕاستیدا دان بەوەدا دەنێت کە دۆخێك شیدەکاتەوە کە ئیتر بوونی نییە و ڕەنگە هیچکاتیش بوونی نابێت. دۆخی سروشتی، کرچوکاڵ و سەرەتاییە لە ژیانی مرۆڤدا بەڵام بیچمێکی ڕەسەنی وجوودی مرۆڤە، لانیکەم تا کاتێك کە بهۆی کاریگەریی کۆمەڵگاوە تێکنەشکاوە و لەناو نەچووە. لێرەدا دژوازییەك هەیە لەنێوان ڕوانگەکانی ڕۆسۆ و قوتابخانەی مافی سروشتیی گرۆسیۆس و پۆفیندۆرف دا گرۆسیۆس و پۆفیندۆرف، لەڕاستیدا مرۆڤی سەرەتایی بە ئاوەزمەند و کۆمەڵایەتی دەزانن

(لۆکیش ئەم بۆچوونەی قەبوولکرد). بەڵام ڕۆسۆ دۆخی سروشتی بەقۆناغێك دەزانێ کە لەوێدا مرۆڤ خاوەنی کەمترین تایبەتمەندیی جیاواز لەگەڵ گیانەوەران بووە. واتە مرۆڤ هەم سەرەتایی و هەم بوونەوەرێکی تەواو رەمەکی بووە. ئەگەرچی رۆسۆش وەك هۆبز ئەوە قەبوولّ ناکات کە مرۆڤ وەك خۆی لاواز و بێدەرەتان بوو بێت. بەبۆچوونی رۆسۆ، دۆخی سروشتی دۆخێکی ئاشتییانەیە و تیایدا هەلی ژیانێکی سەربەست بۆ مرۆڤ رەخساوە. مرۆڤی سەرەتایی لەژێر سەیتەرەی دوو زەرووڕەتی بنەڕەتیدایە:

١. پاڵنەری خۆپاراستن.

٢. پاڵنەری هەستی هاودەردیی سروشتی.

مرۆڤی مۆدێرن دیلی پێویستییە دەستکردەکانە، بەم پێیە، پێگەیەکی وابەستەی هەیە. ئەم بەدبەختییەی مرۆڤی مۆدێرن، بەدیهێنەری نایەکسانییەکان بووە. نایەکسانیی جەستەیی لە بارودۆخی سروشتیدا کێشە نەبوو، چونکە نابێتە هۆی وابەستەیی مرۆڤێك بە مرۆڤێکی تر. بەڵام لە کۆمەڵگەدا نایەکسانییەکی دەستکرد هەیە کە خەڵکی بەسەر دوو گرووپی خوداکان و بەندەکان دابەشکردووە. چ هۆکارێك مرۆڤەکانی بەرەو ئەم دۆخی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە هانداوە؟ بەبۆچوونی رۆسۆ، هۆیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ توانایی پێگەیاندنی خۆی هەیە. بەبۆچوونی رۆسۆ توانای رۆیشتن بەرەو بەختەوەری، هەم سەرچاوەی بەدبەختی(رۆچووون) و هەم سەرچاوەی بەختەورییە( بووژانەوە). رۆسۆ دەڵێ، لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجە رووکارییەکان لەباربوون بۆ گەشە و گۆڕانی توانستە شاراوەکانی مرۆڤ، بەخێرایی لە دۆخی سروشتی دووردەکەونەوە. بەگوتەی رۆسۆ، نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لەیەکدی، بووە هۆی بیچمگرتنی روانگەگەلی کرچوکاڵی ئەخلاقی. قۆناغێکی مسۆگەر و چارەنووسساز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەهۆی پێکهاتنی خێزان و خاوەندارێتییەوە دەستپێیکرد. دۆزینەوەی کانزا و هەلی کشتوکاڵ بووە هۆی دابەشکردنی کار و دانانی بناغەی خاوەندارێتی کە خۆی ململانێ و بەربەرەکانێیەکی لەنێوان مرۆڤەکاندا دروستکرد.



گرینگترین پاشهاتەکانی ئەم گۆڕانە، دەرکەوتنی نایەکسانی بوو. خەڵك هەوڵیان دەدا جیاواز لەوەی کە هەن خۆیان نیشان بدەن (دەستیان بە خۆ دەرخستن کرد).

خاوەندارێتی و نایەکسانی بەهۆی یاساوە رێگەیان پێدرا، هەتا جێیەك کە ئازادیی سروشتی بۆ هەمیشە و بە یەکجارەکی لەناوچوو. بیچمگرتنی کۆمەڵگەی سیاسی، قۆناغێکی کارەساتباری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هێنایەپێش. بەبۆچوونی رۆسۆ، دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لە خزمەت بەرژەوەندیی بەتواناترەکاندایە. (ئەم بۆچوونە دواتر لەلایەن مارکس و مارکسیستەکانەوە قەبوولکرا). خاڵی گرینگ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نایەکسانی سیاسی، هەرشتێك بێ، مەبەستەکەی دەستەبەرکردنی ئازادیی ئەندامەکانی و پارێزگاری لە ژیان و داراییەکانی ئەوانە. خەڵك هەرچەندە نەزان بن، دیسان هەمیشە رێبەرانێك بۆ بەرگری و پاراستنی ئازادییەکانی خۆیان، نەك وێرانکردنیان، هەڵدەبژێرن. بەڵام ئەم ئامانجانە هیچکات نەگەیشتنە ئەنجام و یەکسانی پێکنەهات، بەڵکو نایەکسانیگەلێك هاتنە ئاراوە کە بوونە رێگر لەبەرانبەر دەرکەوتن و هەبوونی ئازادیی راستەقینە. رۆسۆ، شۆڕشە مێژووییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە شیدەکاتەوە.

١. یەکەمین شۆڕشی مێژوویی، بەهۆی سوودوەرگرتن لە ئامێر بۆ دروستکردنی سەرپەنا، روویدا.

٢. دووهەم، بەهۆی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی سوودەکانی کانزاوە روویدا کە هەندێ بەرەنجامی وەك بەرژەوەندیگەلی خۆویستانەی لێکەوتەوە. ئەم قۆناغە بووە هۆی کەوتنەوەی رکابەری. ئەنجامی ئەم شۆڕشەی دووهەم، شەڕ و بەربەرەکانێ بوو.

٣. سێهەمین شۆڕش لەڕێگەی تێپەڕبوونی مرۆڤ لە قۆناغی دۆخی شەڕ بەرەو جۆرێك لە دۆخی کۆمەڵایەتی بوو، کە لەڕاستیدا سیستەمێکی چەواشەکارانەی سیاسی بوو. ئەم دۆخە بە سامانێکی کاتەکیی نێوان دەسەڵتداران و خەڵك دەهاتە

ئەژمار. بەڵام ئەمە پەیمانێکی پووچەڵ بوو و نەیدەتوانی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی راستەقینە پێکبهێنێت.

رۆسۆ لەڕاستیدا دەڵێ ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە هەن، دەرەنجامی لۆژیکی و نکۆڵیهەڵنەگری گەمەی خۆشەویستیی خۆپەرستانەن. هەروەك پێشتر باسكرا، رۆسۆ جیاوازی دەکات لەنێوان خۆشەویستی بۆ خود و خۆشەویستی خۆپەرستانەدا. شۆپی ژێدەری خۆشەویستی بۆ خود، دەتوانێ لە هەلومەرجی دۆخی سروشتیدا و لەوێوە هەتا ئیرادەی خوداوەندی بێت. خۆشەویستی بۆ خود لە ئاستی سەرەتاییدا بە مانایەکی ساکار، زەروورەتی پاراستنی مانەوەیە. بەڵام خۆشەویستیی خۆپەرستانە شێوەی گەندەڵی خۆشەویستی بۆ خودە و تەنیا لە هەلومەرجی دۆخی سروشتیدا بەدیدێت. بەبۆچوونی رۆسۆ، خۆشەویستی بۆ خود، پەیوەندیی هەیە بە خۆشەویستی بۆ دیترانەوە. خۆشەویستی بۆ مرۆڤ، لەخۆشەویستی بۆ خۆدەوە سەرهەڵدەدات و ئەمە پڕەنسیپی دادی مرۆییە. خۆشەویستی بۆ خود، رەهەندێکی رۆحانیی هەیە کە تاك تینووی ئەو هەستانە دەکات کە پێویستن بۆ هۆشیاری سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان خۆشەویستیی بۆ رۆح و پڕەنسیپی نەزم.

... ئەوە شایانی سەرنجە کە  رۆسۆ لە "گوتارێك لەمەڕ نایەکسانی" دا خۆ لە بەکاربردنی وشەی "گوناح" دەپارێزێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە دەکات کە مرۆڤ لەبەر جودایی و لادان لە رێچکەی دۆخی راستەقینەی خۆی، خۆشبەختی و بەختەوەرییەکەی دۆڕاندووە. رێگەچارەی لۆژیکی ئەوەیە کە مرۆڤ بانگهێشت بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت. بەڵام رۆسۆ لە ئەندێشەی خۆیدا باسێك لە گەڕانەوە بۆ سروشت یان هەرشتێکی تر ناکات، بەڵکو لەبیری کاملکردنی گەوهەر و زاتی مرۆڤدایە لەڕێگەی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە.

بەم شێوەیە ئەو هێڵەی کە دەبوو لەپاش "گوتارەکەی" شۆپی بگرتبایە، دیزاینی داهاتووی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بوو. بەو جۆرەی رۆسۆ لە کتێبی "ئیمیل"دا



دەڵێ: "ئێمە پێویستە کۆمەڵگە لەرێگەی مرۆڤایەتییەوە و مرۆڤایەتی لەڕێگەی کۆمەڵگەوە بخوێنینەوە." دوو رێگە هەیە بۆ ئەم کارە: رێگەیەکیان "ئیمیل"ە و رێگەکەی تریان، "پەیمانی کۆمەڵایەتیی"ە. "ئیمیل" کتێبێکی چڕ و قەبەیە. خوێنەر رەنگە لەنێوان مەیلەو تاکباوەڕبوونی کتێبەکە لە سەرەتاوە و لە کۆتاییدا، مەیلەو کۆمەڵایەتیبوونەکەی هەست بە کۆمەڵێك نارەسایی بکات. مەبەستی رۆسۆ لە نووسینی "ئیمیل" لەراستیدا دەرهاویشتەی مەیلی پەروەردەناسانەی ئەو نەبوو، بەڵکو دەیویست ئاسۆی سەرکەوتوانەی مرۆڤ لە سازگاری لەگەڵ دەورووبەری ئەخلاقیدا نیشان بدات.

مەبەستی رۆسۆ لە ئیمیل دا بیچمدان بە شارۆمەند (مرۆڤی شارۆمەند) نییە، بەڵکو پەروەردەی مرۆڤی سروشتییە، رۆسۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرنامەی ئەو پەیڕەوی کردن لە سروشتە. ئەو لە کۆتاییدا، ئیمیل دێنێتە ناو بوونە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لەگەڵ خێزان پێکەوەنانی ئەودا، گەڵاڵەی ئەرکە شارستانییەکان دەکات. ئەوەی رۆسۆ مەبەستییەتی بیڵێ ئەوەیە:

١. هەمیشە ململانێیەکی دایمی لەنێوان کۆمەڵگە و سروشتدا هەیە.

٢. ناتوانرێ، ئازادی لەم یا لەو جۆرەی حکوومەتدا بدۆزرێتەوە بەڵکو ئازادی لە ناخی پیاوە ئازادەکاندا حەشارە.

کتێبی "ئیمیل" دابەش دەکرێتە سەر پێنج بەش: بەشی یەکەم، دۆخی منداڵ هەتا تەمەنی سێساڵی و راڤەی چوونە ناو قۆناغی غەریزەکان دەکات. بەشی دووهەم، لە دۆخی منداڵ لە تەمەنی چوار هەتا دوازدە ساڵی دەدوێت، کە قۆناغی "تێگەیشتن"ە.  بەشی سێهەم، پەیوەندی بە قۆناغی کۆتایی تەمەنی منداڵیی ئیمیلەوە هەیە. ئەم قۆناغە، قۆناغی بیرکردنەوەیە. لەبەشی چوارەمدا، قۆناغی مێرمنداڵیی مەبەستە کە قۆناغی هەست و سۆزە. بەشی پێنجەم، پێناسەی

"سووفی" و خۆشەویستی و پێکگەیشتنی ئەو دوو گەنجە دەکات. ئەو قۆناغە، قۆناغی ئەرکی کۆمەڵایەتییە.

ئامانجی گشتیی رۆسۆ لە ئیمیلدا، لێکۆڵینەوە و گەوهەری سروشتیی مرۆڤە. ئەو لەو رێگەیەدا روانگەیەکی گەشبینانەی هەیە، چونکە لە تواناکانی ناو گەوهەری مرۆڤ دڵنیایە هەر لەم رووەوەیە کە ئەو بانگەشە دەکات ئیمیل" پەیمانێکی فەلسەفییە لە بەختەوەریی سروشتیی مرۆڤدا" بەڵگەی دڵنیایی رۆسۆ، پێشتر لە کتێبی "گوتار"ەکەیدا هاتووە و لە ئیمیلدا دووپاتکراوەتەوە: ئەم بەڵگەیە لە راستیدا هەمان هەبوونی خۆشەویستی بۆ خودە. ئامانجی پەروەردە لە کتێبی ئیمیلدا، پێشگیری لە رۆچوون و گەندەڵبوونی خودی سەرەتایی بههۆی نزیکایەتیی ئەو لەگەڵ دەوروبەری گەندەڵە: پەروەردە لەسەر بنەمای میتۆدی سروشتی، بەجێگەی تێکەڵکردنی ئیرادەی مرۆڤ لە پەروەردەدا، خاوەنی تایبەتمەندیی پەیوەندانی گەشەی تاک لەگەڵ بنەماییترین لایەنەکانی دۆخی مرۆییە. ئیمیل بەبێ ئەزموونی رۆحی، ناتوانێ بەختەوەر بێت. بەڵام ئەو تەنیا لە کۆمەڵگەیەکدا بەختەوەر دەبێت کە لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆیی پێکهاتبێت.

رۆسۆ دەڵێ هەموو مرۆڤەکان ئازاد و یەکسان لەدایك دەبن، بەم حاڵەشەوە لە کۆمەڵگە سیاسییەکاندا بەچەشنێکی نایەکسان دەژین و گرووپێك لەژێر رکێفی گرووپێکی تردان. دەسەڵات لە سروشتەوە سەرچاوە ناگرێ، بەم پێیە، دەبێ پشت بە بنەمایەکی تر جگە لە سروشت ببەستێت. ئەندێشەکانی رۆسۆ لە گوتارەکان و پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، هەردووکیان هەوڵێکن بۆ پێشکەشکردنی روانگەگەلێکی جیاواز و دۆزینەوەی بنەمایەکی سروشتییە بۆ ئۆتۆریتەی سیاسی. بەم شێوەیە ئەو مرۆڤانەی بە سروشتی ئازاد و یەکسانن، هیچ دەروەستی دیتران نین مەگەر بەو بەڵێنی و ئەرکانەی خۆیان قەبووڵیان کردوون. بەگوتەیەکی تر تەنیا بنەمای گونجاو بۆ مافی حاکمییەتی سیاسی، پەیمانێکە کە بە رەزایەتی کەسانێك کە تیایدا بەشدارن،



بەسترابێت. کەواتە ئەو ئۆتۆریتە سیاسییەی کە لەسەر بنەمای پەیمانێکی لەم چەشنە نەبێت، توندوتیژییەکی رووتە. تیۆریی رۆسۆ سەبارەت بە حاکمییەت، تیۆرییەکی پەیمانییە کە شەرعییەتی سیاسیی خۆی لەسەر بنەمای رەزایەتی شارۆمەندان بونیاد دەنێت. بە گوتەیەکی تر، ئازادی، پەیوەند دەداتەوە بە شێوەی بەشدارییکردنی شارۆمەندان لە شەرعییەت پێدان بە حاکمییەت. ئازادی، بەبۆچوونی رۆسۆ، بەواتای پەیڕەویکردن لە یاساگەلێکە کە تاکەکان بۆخۆیانیان دارشتووە. واتا رۆسۆ دەڵی تەنیا ئەو یاسایانەی لەلایەن تەواوی خەڵکەوە دانیان پێدانراوە، دروست و دادگەرانەن.

رۆسۆ، لە راستیدا یەکەم فەیلەسووفێکە مرۆڤ لە دەلاقەی ئازادییەوە پێناسە و روون دەکاتەوە. بەبۆچوونی ئەو، ئازادی چارەنووسی مرۆڤە.

(چارلز تیلۆر) ئەم ئەندێشەیە بە ئەندیشەی مرۆڤناسانە ناودێر دەکات و لە ژیانی مرۆیی وەك چالاکییەکی هۆشیارانە دەدوێت. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، رۆسۆ دەکەوێتە ململانێی پرەنسیپی لیبراڵەکان سەبارەت با ئازادی. رۆسۆ، سەرلەنوێ پرسێك دەورووژێنێتەوە کە هەست دەکرا بە تیۆرییە دەورانسازەکانی لیبراڵیزمی جان لاك، چارەسەر کراوە و کۆتایی پێهاتووە. ئەوەی رۆسۆ لە ئازادیی هەڵدهێنجێ، ئازادیی تاکە. بەرنامەی سیاسیی ئەو داهێنانەوەی دۆخی سەربەستی لە سیستەمێکی لەسەر بنەمائۆتۆریتە و حاکمییەتدایە. سەربەستیی ئەو لە ئیرادەی دیتران، تەنیا لەرێگەی وابەستەیی تەواو بە یاسا گەرەنتی دەکرێت. یاساگەلێك کە هەموو شارۆمەندێك بەشدارە لە دارشتنیدا.

هەڵبەت ئافراندنەوەی دۆخی سروشتی ئەستەمە. بەڵام دەکرێ بە گەلاڵەیەکی نوێی دیکە شوێنەکەی پڕبکرێتەوە. لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤەکان سەربەست بوون، چونکە بە شێوەی تاکی دەژیان و پێویستییەکانی هەمووکەس هێندە ساکار بوون کە هەر بە هەوڵی خۆی دەستەبەر دەبوون. لە دۆخی کۆمەڵایەتیدا، مرۆڤەکان کۆمەڵێك پێویستییان هەیە کە دەستەبەرکردنیان پێویستی بە هاوکاری ئەوانیتر هەیە.

بەرنامەی سیاسیی رۆسۆ، لەڕاستیدا قوازتنەوە و بەکارهێنانی سەربەستیی دۆخی سروشتییە بۆ دۆخی سیاسی. لە ناوەندی بەرنامەکەی رۆسۆدا پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە بۆ هەر تاکێك کۆمەڵێك ئازادی لەبەرچاو دەگرێ کە بەر لە بیچمگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوویانە. ئێستا ئەگەر بڕیار وابێ ئازادی لەڕێگەی گەیشتنەوە بە سروشت دەستەبەر بکرێ، ئازادیی دیموکراتیك بریتییە لە گوێڕایەڵی و ملکەچی لە بەرانبەر بەڕێوبەرێتیی باڵای ئیرادەی گشتیدا.

لە روانگەی رۆسۆدا، ئەوەی کۆمەڵگەیەکی رەسەن لەو کۆمەڵگەیەی ئەو بە "مێگەل" ناوی دەبات، یان کۆمەڵگەیەك کە لەڕێگەی کۆبوونەوەی بەشەرەکانەوە پێکهاتووە، جیا دەکاتەوە، ئیرادەی گشتیی چالاك و دینامیکی خەڵکە. هەر بەم شێوەیە، ئەوەی یاسایەکی رەسەن لەوەی ئەو بە حوکم و فەرمان ناوی دەبات جیادەکاتەوە، ئەویە کە یاسا لە راستیدا دەرکەوتی پراکتیکیی ئیرادەی گشتییە. یاساکانی ناو نەزمێکی کۆمەڵایەتی دادگەرانە، دەرکەوتی ئیرادەی گشتیی خەڵکە، ئیرادەی گشتی هەڵگری سێ تایبەتمەندییە:

١. نامۆیی پەرێزە.
٢. نوێنەرایەتی قەبووڵناکات و ناگواسترێتەوە.
٣. تەنیا دەتوانێ وەك ئیرادەیەکی دینامیك بوونی هەبێت.

بەڕای رۆسۆ، حاکمییەت نامۆیی پەرێزە و هەر لەبەر ئەوەش هەڵگری نوێنەرایەتیش نییە. بەم پێیە، ئیرادەش ناگواسترێتەوە. ئیرادە تەنیا بەشێوەی خواست و ویست بوونی هەیە و تەنیا لە رێگەی هەنگاونان بەرەو ویستن و ئیرادەکردن ئەگەری هەبوونی دەبێت، جا چ بە پراکتیکی هەبێت لەناو گرووپێکدا یان نەبێت. بەم شێوەیە، بەبۆچوونی رۆسۆ، یاسای ئەخلاقی لە یەکانگیری و پێکبەستەیی زەرووریی نێوان ئیرادەی تاك و ئیرادەی گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێ تاك دەگات بە ئازادیی



ئاوەزمەندانە، ئیرادەی گشتیش رووی راستەقینە بەخۆیەوە دەگرێت. شارۆمەند کەسێکە کە بەردەوام لەهەوڵی بیچمدان بە ئیرادەی گشتیدایە و ئەگەر کەسێکیش وا نەبێت کەسێکی بێلایەن و بێهەستە و لەڕاستیدا شارۆمەند نییە.

هەڵبەت، ئیرادەی گشتی هەمیشە ئیرادەی هەموان نییە چونکە هەندێجار بەشداریکردنی خەڵك کورتی دێنێت. لەم رووەوە رۆسۆ ئەوە شیدەکاتەوە کە رەنگە کەسێك بەردەوام بەرژەوەندی و بەختەوەریی خۆی بوێت، لەحاڵێکدا کەسێکی تر وانەبێت.

هەر لەبەر ئەوە، رۆسۆ جیاوازی دەکات لەنێوان بەرژەوەندیی تایبەتی و بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا، وەك دەڵێ: ئیرادەی پاژەکی وەك خۆی گرینگی بە جیاوازییەکان دەدات بەڵام ئیرادەی گشتی مەیلەو یەکسانییە" رۆسۆ بە سەرنجدان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی ئیرادە، واتە، ئیرادەی پاژەکی و ئیرادەی گشتی، باوەڕی وایە کە ئەمانە هیچ خاڵێکی هاوبەش و رێککەوتن ئامێزیان پێکەوە نییە. بەڕای رۆسۆ، ئیرادەی پاژەکی، ئیرادەی بەشەرە وەك بوونەوەرێکی سروشتی، بەڵام بوونەوەرێك کە ئەو بە بێمێشك ناوی دەبات.

ئەم ئیرادە پاژەکییە، مەترسییە بۆسەر کۆمەڵگە، چونکە تاك تووشی چەواشەیی لەنێوان خۆی وەك بوونەورێکی سروشتیی ئازاد و بوونەوەرێکی بەتەواو مانا مرۆیی دەکات کە خاوەنی ئازادیی ئەخلاقییە.

شارۆمەند، ئەگەر بڕیار بێ لە قەڵەمڕەوی ئەخلاقیدا گەشە بکات و سەربەستییەکەی پارێزراو بێت دەبێ لە پرۆسەی ئازادیی ئەخلاقیدا بەشدار بێت. بۆ دەستەبەربوونی هەل و ئەرکە شارۆمەندییەکان، پێویستە خۆ لە دیلی و ملکەچبوون لە بەرانبەر ئارەزووە رەمەکییەکان لابدات. پەیڕەوی لە ئیرادەی گشتی یەکسانە لەگەڵ رەتکردنەوەی بوونی رەها و سەربەستی کەسی تر و بەشداریی بەردەوام لە پێکهێنانی ئیرادەی گشتیدایە.

لەو رووەوە کە ئیرادەی گشتی پێویستە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی تردا پێکبێت، ئەو پرۆسەیە هەنگاوێکە بەرەو بەکۆمەڵایەتیبوون. جا بەمەبەستی بەدیهاتنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەر و پاراکتیکی، تاك دەبێ بەشداریی چالاکانەی لە کار و خواستە گشتییەکاندا هەبێت. زاتی ئەو هێزە چییە کە رەنگە تاکەکان لە ئیرادەی پاژەکییەوە بەرەو بیچمگرتنی ئیرادەی گشتی هانبدات؟ لێرەدا بۆچوونی رۆسۆ لەمەڕ هەوڵدان بۆ ئازادبوون، نزیکە لە بۆچوونی ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا. لە چیرۆکە سیمبۆلیکەکەی ئەفلاتووندا، زیندانییانی ناو ئەشکەوتەکە لە سێبەرەکان رادەمێنن و پاشان کە بەئاگا دێنەوە دەڕۆن بەرەو هەتاو لەسەر ئەشکەوتەکە. ئەفلاتوون سیستەمێکی پەروەردەیی لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی گەڵاڵە دەکات. رۆسۆ بە سوود وەرگرتن لە ئەندێشەی ئەفلاتوون لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، لەو بڕوایەدایە کە ئەندێشەی سوود وەرگرتن لە زەبر بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بەمانای هەوڵ بۆ تۆکمەکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکو مەیلێکە بەرەو فەلسەفە. رۆسۆ لە ئێمەی دەوێ، کە شێوەی "بوون"ی خۆمان بگۆڕین. ئێمە دەتوانین شێوەی بوونی خۆمان لەڕێگەی وازهێنانی بەیەکجاریی لە مافە تاکییەکانمان، خۆمان بگۆڕین. وازهێنانێکی لەم چەشنە بە دوو هۆ پێویستە:

١. تاکەکان ناتوانن لە بەرانبەر حاکمییەتدا داوای مافەکانی خۆیان بکەن و بیانپارێزن.

٢. ئەگەر تاکەکان لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ مافی تایبەت و پارێزراویان هەبێت، دەسەڵاتی حاکمییەت دەکەوێتە مەترسییەوە.

جا ئەگەرچی تاکەکان، هەموو مافەکانی خۆیان دەگوازنەوە بۆ حاکمییەت، بەڵام بۆ ئەوەی نەچنە ژێر رکێفی سیستەمێکی نادادگەرانەوە، هەندێ پاڵپشت و پشتگیری تایبەتیش بەدەست دهێنن. ئەوانە بریتین لە:



١. پرۆسەی یاسادانان.

٢. ئەو ئەنجوومەنە دەورەییانەی بۆ پەسندکرانی هەموو یاساکان پێکدێن.

رۆسۆ دوو ئەرك لەسەر ئەنجوومەنی گشتی رەچاو دەکات. لە "پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا ئەنجوومەنی گشتی ئەو خەڵکە لەخۆدەگریت کە لەدەوری یەك کۆدەبنەوە. لە حکوومەتی لهەستاندا (پۆڵندا)، ئەنجوومەن لە کەسە دەستبژێرکراوەکان پێکدێت. لەو رووەوە کە رۆسۆ نوێنەرایەتی رەتدەکاتەوە، کەسە هەڵبژێردراوەکان، تەنیا لەڕێگەی خەڵکەوە، دەتوانن ببنە خاوەنی مافی دانانی یاسایەکی تایبەت. "پەیمانی کۆمەڵایەتی"ی رۆسۆ، بابەتیکی تریشی تێدایە: خەڵك چۆن دەبێ بزانن کۆمەڵگەیەك بەدروستی کار دەکات و سیستەمێکی دروستی هەیە؟ چارەسەر دەگەڕێتەوە بۆ یاسادانەر. یاسادانەر ئەندازیارێکە کە ماشێن چاك دەکاتەوە نەك کەسێك کە بەرپرسی ئەو ماشێنەیە. لەم رووەوە، ناشێ مافی یاسادانان بدرێت بە هەمووکەسێك کە لەسەر دەسەڵاتە. ئەو مافێکی لە ئەستۆی مرۆڤەکان نییە و بەڕاستیش ناتوانێ یاسا دابنێت. چونکە تەنیا دەنگە ئازادەکانی خەڵك خاوەنی مافێکی لەو چەشنەن.

یاسادانەر، بەپێی رەزامەندیی گشتی دەتوانێ مافی بەدواداچوون و راسپاردنی یاسای هەبێت. ئەو دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە نییە. دەسەڵاتی کاریزماتیکیش بۆ ئەو دەبێتە هۆی رووخانی هەستی سەربەستیی تاکەکان.

# ڤۆڵتێر و چاخی رۆشنگەری

بەر لەوەی بچینە سەر باسی ڤۆڵتێر، پێویستە پێشەکییەکی کورت لەسەر چاخی رۆشنگەری باس بکرێت. لێرەدا دەبێ وەڵامی پرسیارێکی بنەڕەتی بدەینەوە. "رۆشنگەری چییە؟" دەڵێن رۆشنگەری هەندێ تایبەتمەندیی وەك بڕوای تەواو و بێسنووری بە مرۆڤ و بە ئاوەزی مرۆڤ و داهاتووەکەی هەیە. بەجۆرێك کە رۆمانتیزم، دەرەنجامی هەڵوێستەی تاك بەدژی یاسا و سنوورداریيە. بەم پێیە، بۆ قسەکردن سەبارەت بە رۆشنگەری، پێویستە دوابەدوا قسە لەسەر راستییەکی مێژوویی و ساغکردنەوەی ئارمانی و غایەتگەرایانە بکرێت. قسەکردن لە راستیی مێژوویی لەو رووەوە کە لە چاخی رۆشنگەریدا، زیاتر لە سەد ساڵ چەند گرووپێك لە نووسەر و فەیلەسووفەکان بە شێوەیەکی هۆشیارانە و بەرپرسیارانە کاریان بۆ رۆشنگەری کرد و بە سوود وەرگرتن لە ئاوەزی رەخنەگرانە، هەوڵی ئازادکردنی زەینەکان لە پێشداوەری و باوەڕە خورافییەکانیان دا و لێدوان لەسەر ساغکردنەوەی ئارمانی، لەو رووەوەیە کە ئەندێشەکانی چاخی رۆشنگەری، وەك گێژاوێکی راچڵەکێنەر سەرقاڵی گەڕان و ڤەکۆڵین بوون لەسەر پێشنیارە دژبەرەکان لەمەڕ درێژەگرتنی رابردووەکان و روانین لە داهاتوو. بەگوتەیەکی تر، رۆشنگەری لەقاڵبی خشتەیەکی گشتی لە گۆڕانکارییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بەرجەستە دەبێت. ئەم خشتەیە، هەندێ توخمی وەك ئۆتۆریتەی سیاسی و رۆحیی کلێسایی، باوەڕە ئایینییەکان، بەرەو پێشچوونی زانستەکان و نافەرمانییە سیاسییەکانی لەخۆدەگرت.

بەکورتی، رۆشنگەری ئەورووپایی تایەکی رۆشنبیرانەی رۆحی بوو کە لە نێوەندی سەدەی هەژدەهەمدا لە ئەورووپا هەڵایسا و پەرەی ستاند. رۆشنگەری، رەگاژۆی



کردە ناو سەلیقە ئەخلاقی و زەینی و جوانیناسانەکانی خەڵك و بەم جۆرە باڵی بەسەر سەرتاسەری جیهاندا کێشا.

ئەورووپییەکان لە هەر زمانێکی ئەورووپیدا وشەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ رۆشنگەری. لە زمانی ئەڵمانیدا سوود لە وشەی Aufklarung وەردەگیرێت کە بەمانای "تۆزتەکێنییە"، فەرەنسییەکان سوود لە وشەی Le siecle des lumieres وەردەگرن کە بە مانای "چاخی رووناکییەکانە" و ئیتالیاییەکان بە illuminismo ی ناودەبەن. بەم شێوەیە دیاردەی یەکانەی رۆشنگەری لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەورووپا و بەپێی هەلومەرجە تایبەتییە کلتووری و سیاسی و ئابوورییەکانیان ، بیچمێکی تایبەتیی بەخۆوەگرت. فەرەنسییەکان کە رۆڵێکی گرینگ و چارەنووسسازیان لە رۆشنگەریدا گێڕا، وشەیەکی تریان بۆی دانەتاشی. ئەوان دەیانتوانی وشەی eclaircissement لە بەرانبەر وشەی Aufklarung بەکاربهێنن، بەڵام وایان پێ باشتر بوو کە هەمان وشەی کە بەمانای چاخی رووناکییەکان بوو بەکار ببەن. نوێنەرانی رۆشنگەری زۆرن و ژمارەیان لە توانای هیچ پێرستێکدا نییە. بەڵام لێرەدا، دەکرێ ئاماژە بە ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ، رۆسۆ، دیدرۆ، کۆندرۆسێ و کانت و هیوم بکرێت.

رۆشنگەری لە چ کاتێکەوە دەستیپێکرد؟ ئەگەر ئێوە سکاتلەندی بن دەڵێن لە ١٧٣٩ واتە ئەو کاتەی تێزەکەی هیوم "سەبارەت بە سروشتی مرۆڤایەتی" بڵاو بۆوە. بەڵام ئەگەر فەرەنسی بن، بەدڵنیایی دەسپێکەکەی بۆ ساڵی ١٧٣٤ واتە ساڵی بڵاوبوونەوەی "نامە فەلسەفییەکانی"ی ڤۆڵتێر، دەگەڕێننەوە. ئەڵمانییەکان، ساڵی ١٧٨١ پەسند دەکەن، چونکە لەم ساڵەدا بەرهەمی فەلسەفیی کانت لەژێر ناوی "رەخنە لە ئاوەزی پەتی" بڵاو بوویەوە. کانت لە ١٧٨٤ لە وەڵامی پەسیاری رۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا کە: "رۆشنگەری چییە؟ " گوتی: رۆشنگەری، دەرچوونی مرۆڤە لە گچکەییەکی خۆخواستە" بەواتایەکی تر، ئەوەی کانت دەیویست بیڵێ ئەمەبوو کە: رۆشنگەری نیشاندەری گەشەکردوویی و پێگەیشتوویی مرۆڤە و

لەڕاستیدا شۆڕشی مرۆڤە بەدژی هەموو دەمارگرژییەکان و مەعریفەیەکە لە بازنەی مەعریفەی مرۆڤدایە.

دەکرێ چاخی ڕۆشنگەری بکرێ بە دوو بەشەوە:

١- نێوان ساڵانی ١٦٨٠ و ١٧٤٥. لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕیی مەزن لە ڕوانگە و دیدگاکاندا ڕوویدا و یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ دەسەڵات دەستپێکرد.

٢- نێوان ساڵانی ١٧٤٦ و ١٧٧٠. لەم قۆناغەدا گەورەترین بەرهەمەکانی سەدەی هەژدەهەم بڵاو بوونەوە و قوتابخانە فیکرییەکان هەندێ تایبەتمەندیی وردتریان بەدەستهێنا.

لە دوو دەیەی پاش ئەم قۆناغانە، ئێمە ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانتری ئەندێشەکان و ڕوودانی شۆڕشی فەڕەنسا و ئەمریکا دەبینەوە. ڤۆڵتێر لە ڕاستیدا پەیوەندیی بەهەرکام لەو دوو قۆناغەوە هەیە. ئەو لە نۆڤەمبەری ١٦٩٤ لەدایکبوو و لە ١٧٧٨ کۆچی دوایی کرد. ناوە ڕاستەقینەکەی، "فرانسوا ماری ئارۆئی" بوو. ئەو منداڵی پێنجەمی "ماری مارگارێت" بوو بەداخەوە هیچکەس نازانێ ناوی "ڤۆڵتێر" لە کوێوە و لە کەنگێوە لەسەری دانراوە. بەڵام چەند ئەگەرێك لەو بارەیەوە هەیە:

١. یەکیان ئەوەیە کە ئەو ناوە پەیوەندیی بە پێگەی بنەماڵەیی ئەوانەوە هەبێت.
٢. نووسەرێك ئەم ناوە دەگەڕێنێتەوە بۆ "ڤۆڵتێرا" لە ئیتالیا.
٣. یەکێك لە شارەزایانی بەرهەم و ژیانی ڤۆڵتێریش لەو باوەڕەدایە کە ناوی ڤۆڵتێر لە ناوی شاری airvault وەرگیراوە.

لەهەرحاڵدا ئەم ناوە، سەرلەبەری ژیانی ڤۆڵتێری گۆڕی و چارەنووسێکی پڕشنگداری هێنایە سەر ڕێی. ئوسقۆفی سەردەم، بە ناشیرینی ناوی ڤۆڵتێر دێنێت و ڤۆڵتێر لە وەڵامدا، ئەم ئەریستۆکراتە ملەوڕە بانگهێشت دەکات بۆ شەڕی بەرانبەری دەستەویەخە، بەڵام ئەو ڤۆڵتێری لە بەندیخانەی "باستیل" کرد. ڤۆڵتێر پاش شەوێك



لە باستیل ڕزگار بوو، بەڵام لەوێوە یەکڕاست بۆ ماوەی سێ ساڵ دوورخرایەوە بۆ ئینگلستان. ئەم سێ ساڵە لە بەهرەدارترین و گرینگترین قۆناغە ئەزموونییەکانی ڤۆڵتێر دێنە ئەژمار. هەندێ لە ڕاڤەکارانی ڤۆڵتێر لەو باوەڕەدان کە ئەوەی ڤۆڵتێری کردۆتە بیرمەندێکی لیبراڵ، ئازادیخواز و بەرگری مافی تاکی و دژ بە دەمارگیری، لەڕاستیدا کاریگەریی ئینگلستان بووە لەسەر ژیانی ئەو. بەهەرحاڵ ڤۆڵتێر بەقووڵی کاریگەری لە دوو ژێدەرەوە وەردەگرێت:

١. ڤۆڵتێر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی "ئازاد ئەندێشە" ئینگلستانییەکانەوە.
٢. لەپاش پێگەیشتنی فیکریی خۆی، لە کۆمەڵگەی فەڕەنسادا ژیا و کاریگەریی لە بیرمەندە فەڕەنسییەکان وەرگرت.

بەم پێیە ڤۆڵتێر قەرزداری ئەندێشە ئینگلیزییەکانە و لە جەمسەرێکی ئەم پرۆسەی ئەندێشەیەدا جێی گرتووە. ئەو لەلایەکەوە پڕشنگی نوێی هەتاو و لەلایەکی ترەوە تاریکییەکانی شەوی دەبینی. ئەو دوو ئاراستەییەی ڤۆڵتێر لەو ڕووەوەیە ئەو لەژیانی خۆیدا، گرفتی هەبوو بۆ نووسین سەبارەت بە تەوەرە مەزهەبییەکان و ڕەواییدان و هەڵکردن. لە ئینگلستان تەوەری هەڵکردنی مەزهەبی لە گرینگترین تەوەرەکانی ڕۆژ بوو.

لەدرێژەدا ڤۆڵتێر بۆ بەرگری لە ئەندێشە سیاسییەکانی خۆی، بە توندی پشتی بە نەریتی فەیلەسووفە لیبراڵ و ئینگلیزییەکان و بەتایبەت سێ کوچکەی، "بیکەن"، "لۆك" و "نیۆتۆن" بەستبوو. ڤۆڵتێر بۆ یەکەمجار لە ئینگلستان لەگەڵ هەندێ بابەتی وەك "ئیمان لە زانستدا"، "هیوا لە ئاوەزدا" و "ئەوین لە ئازادیدا" ئاشنا بوو. ئەوە گرینگە ئاماژە بکەین ڤۆڵتێر داهێنەری ئەم هزرانە نەبوو، بەڵکو شیکەرەوە و جاڕەدەریان بوو. ئەو خۆی هیچکات خۆی پێ فەیلەسووفێکی پرۆفیشناڵ نەبوو، بەڵام نازناوی ڕاڤەکاری فەلسەفە، ڕۆشنگەری و زانایی، شیاوی خۆیەتی. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، هزرین، قەیرانی دروست نەکردووە.

١. بەپێی روانگەی ڤۆڵتێر، "فرانسیس بیکەن" مێتافیزیکی تووشی قەیران کرد و ئاگایی و ویژدانی مرۆڤەکانی بەخەبەر هێنا.
٢. هەر بەم شێوەیە، نیوتۆن بە جێگەگیرکردنی تیۆرییەکی زانستی، روانگەی ئەرەستۆیی بۆ جیهان، بەتەواوی تووشی قەیران کرد.
٣. بەڵام فەیلەسووفی جێی سەرنجی ڤۆڵتێر، "جان لاك" بوو کە سەلماندبووی ئەندێشە قەبوڵکراوەکانی زۆرینەی فەیلەسووفە پێش مۆدێرنەکان، بێبنەمایە.

بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، روانگەی "لۆك" سەبارەت بە مەعریفە، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر ئایینناسە بیروشکەکان دانا، کە پێداگرییان لەسەر ئەو باوەرە پووچەڵە دەکرد کە هەبوونی رۆحێکی نەمر، پرەنسیپێکی تەواو قەبوولکراو و جێگیرە. بەڵام بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، روانینی ئەزموونی و زانستی بۆ مەعریفە، مەرج نییە دژە مەزهەبی بێت.

ڤۆڵتێر روانگەیەکی ئازاد و ئەخلاقیی هەبوو بۆ خودا و مەزهەب. ئەو خودای بە سەعاتچییەکی پیرۆز دەزانی کە خودای نەزم و ئەوینە و خودایەکە کە ئەمری کردووە بە مرۆڤەکان خۆشەویستییان بۆیەك هەبێت. لەلای ڤۆڵتێر، هەبوونی خوداوەند، ئەرکێك دەخاتە ئەستۆی گشت مرۆڤەکان بۆ ئەوەی پەی بە بچووکیی خۆیان ببەن و هاوکات بڕوا بێنن بە برایەتیی خۆیان. مەعریفەی مرۆڤیش بەنۆبەی خۆی، پاساوی پێویستی هەڵکردن و بەرەوازانینی دوولایەنە، دەستەبەر دەکات. لەم رووەوە، بەڕای ڤۆڵتێر، هەڵکردن بە هەمان ئەو رادەیەی ئامانجێکی سیاسییە، ئەرکێکی ئایینیشە. هەڵکردن، وەڵامە بۆ ئەو پرسیارەی: مرۆییترین شت لە گەوهەری مرۆییدا چییە؟ بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، هەر تاکێك، بەبیانووی ئەوەی باوەڕێکی پێچەوانەی ئەوی هەیە، کەسێکی تر ئازار بدات، دڕندەیە.

لەم رووەوە، ڤۆڵتێر خەڵك گاز دەکات بۆ هەڵکردن لەگەڵ یەکدیدا. چونکە هەموان بەردەوام لەبەردەم گۆڕان و هەروەها هەڵەدان. بەڵام، هەڵکردن، میوەی دەرك و تێگەیشتنی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە لە دۆخی خۆی و ئەمە خۆی ئەنجامی ئایینی



سروشتییە. کەواتە، خودایەك کە هەندێ رێسای وەك هەڵکردنی بەسەر مرۆڤدا فەرز کردووە، پێکهاتەیەکی مێتافیزیکی نییە بەڵکو خودایەکی راستەقینەیە. هەر لەم رووەوە، ڤۆڵتێر وەك رەخنەگرێکی ئازاد، مەسیحییەتی بە دوژمنی ئایینی راستەقینە زانیوە. لەڕوانگەی ئەوەوە، مەسیحییەت مەترسیدارە لەبەر ئەوەی ژێدەریکە بۆ بێنەزمی و هەروەها بڵاوکردنەوەی خورافە. ڤۆڵتێر، خورافە بە توخمێك دەزانێ کە خواست و پاڵنەرە ئایینییەکان لەناو دەبات و دەمارگیریش نەخۆشییەکی ئایینییە. بەم پێیە، هەرچەند خورافەباوەڕی کەمتر بێت، دەمارگیریش کەمتر دەبێت و لە ئەنجامدا، مەترسی و کارەساتی کەمتر دێنە پێشەوە. بەم شێوەیە، بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، ئەو کەسایەتییە دەوڵەتییانەی بەتەمای ریشەکێشکردنی دەمارگیرین، سەرەتا دەبێ خورافە ریشەکێش بکەن و تەنیا رێگەی پێشڤەچوونی ئەم کارە، بڵاوکردنەوەی بەرهەم و ئەندێشەی فەیلەسووفانی رۆشنگەرییە و ئەمە خۆی هەرچی دۆگمایە پووچەڵدەکاتەوە. بەم پێیە، روانگەی مەسیحی بۆ مرۆڤ، کە ڤۆڵتێر لە پرۆسەی خودئاگاییدا بە ناکارامە و بەتاڵی دەزانی، لە پێچەوانەی فەلسەفەی رەواقی، لەزەمینەی سەربەستی، بەرپرسیارێتی و کەرامەتی مرۆییدایە.

هەر لەبەر ئەمەیە ڤۆڵتێر، "ئیپیکتێتۆس" بە فەیلەسووفی خۆشەویستی خۆی دەزانێت و بەناوی ئیمپراتۆری خۆشەویست باس لە "مارکۆس ئۆرلیۆس" دەکات و وەك نموونە و سەرمەشقێکی راستەقینە بۆ شکۆی پاشایەتی، پێناسەی دەکات. فەلسەفەی رەواقی، بە پێداگری لەسەر ئەندێشەکانی یەکسانی، بەهای یاسایی (شایستەسالاری و گرینگایەتی ئەرك و بەهادان بە کۆمەڵگەی ئازاد لەوێدا)، لە پایەکانی ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەیە کە لەلایەن ڤۆڵتێریشەوە پەسندە. هەندێ شۆپی تری فەلسەفە و ئەندیشەی رەواقیش لە فەلسەفەی سیاسیی ڤۆڵتێردا هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی یاسای سروشتی. پێداگریی ڤۆڵتێر لەسەر یاسای سروشتی بە چەشنێکە کە دەشێ وەك بەرنامەیەکی سیاسی لەبەرچاو بگیرێت:

١- یاسای سروشتی بریتییە لەوەی ئێمە لەبەر لاوازی و نەزانییەکانمانەوە لەیەکتر دەبوورێین و ئەمە یەکسانە لەگەڵ هەڵکردن و رەوابیدان. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، رەوابیدان، مرۆڤ دەگەیەنێتە توانای ژیانێکی بەختەوەرانە و شەرافەتمەندانە.

٢- چەمکێك کە لە فەلسەفەی سیاسیی ڤۆڵتێردا گرینگە، "حاکمییەتی یاسا"یە. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، ئازادی بریتییە لە وابەستەبوون بە یاسا و بەجێهێنانی. بەم پێیە، ئەو وڵاتانەی یاسا تێیاندا حاکمە، وڵاتانێکی ئازادن و هەر لەبەر ئەوە ڤۆڵتێر داوا لە خەلکی فەرەنسا دەکات لاسایی خەڵکی ئینگلستان و هۆڵەندا و سویس بکەنەوە.

بەم شێوەیە دەبینین ڤۆڵتێر گرینگایەتیی سیاسی و دەروونناسانەی حاکمییەتی یاسای بەتەواوی پێزانیوە. لەڕوانگەی ڤۆڵتێردا، یاسا رێنوێنێکی ئاوەزییە لە جیهانێکی بەتاڵ لە ئاوەزدا. چونکە یاسا یارمەتیی مرۆڤەکان دەدات بۆ ئەوەی پێشبینیی پاشهات و ئەنجامەکانی کردارەکانیان بکەن. بەبۆچوونی ئەو، لە ئینگلستان بههۆی حاکمییەتی یاساوە، هەر کەسێك دەزانێ چی هەیە، ئەرکی چییە و دەتوانێ چیبکات. چونکە هەمووکەس و هەمووشت، لە پاشاوە بگرە تا کلێسا، بەپێی یاسا و لەژێر سێبەری یاسادان. بەم پێیە، قسەکەی ڤۆڵتێر بەتەواوی روونە. ئەو ستایشی هاوسەنگی لە دەسەڵاتدا دەکات و لەو باوەڕەدایە کە سیستەمی ئینگلستان، لەو قۆناغەدایە. ئەو ستایشی یاسای بنەڕەتیی ئینگلستانیش دەکات چونکە بێدادگەری و بێنەزمییەکانی ناوخۆی کەمکردۆتەوە. بەم پێیە، بەڕای ڤۆڵتێر، ئینگلستان بەپێچەوانەی فەرەنسا وڵاتێکی ئازادە: "ئازادیی ئەندێشە، ئازادیی کردەوە، ئازادیی داهێنان".

کاتێ ڤۆڵتێر لە ئازادی دەدوێت، لەڕاستیدا ئەو سنووربەندییە کلتووری و سیاسییەی لە فەرەنسا دیتوویەتی، دەداتە بەر رەخنە. لە فەرەنسای سەردەمی ڤۆڵتێردا، هونەرمەند بە لۆتی دەزانرا. ئەوان بەپێچەوانەی هونەرمەندانی ئینگلستان



رێز و حورمەتیان نەبوو و رێگەیان پێنەدەدرا بۆ گەیشتن بە پلە و پایە دەوڵەتییەکان. نووسەرانی فەرەنسا بە ئاژاوەگێڕ دادەنران، چونکە تاوانەکەیان ئەوە بوو خەڵکیان هان دەدا بۆ بیرکردنەوە لەخۆیان و بۆخۆیان و ئاگاداریان دەکردنەوە لە ملکەچی و پەیڕەویکردنی کوێرانە لە حاکمییەت.

ئەم روانگەیە دەمانگەیەنێتە چەمکی دەوڵەت لە چاوی ڤۆڵتێردا. فەلسەفەی سیاسیی ڤۆڵتێر هەماهەنگە لەگەڵ پرەنسیپی دیموکراسیدا، چونکە لەو باوەڕەدایە هەبوونی دەوڵەت بههۆی شارۆمەندانیەوەیە و بەپێچەوانە سیستەمێکی ئۆتۆریتەخوازە کە لەوێدا هەبوونی شارۆمەندان بههۆی هەبوونی دەوڵەتەوەیە. بەگوتەیەکی تر، ڤۆڵتێر، تاك بە تاکە توخمی شیاو دەزانێ لە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا. بەم پێیە، ئەرکی دەوڵەت، ئامادەکاریی ئازادی و ئاسایشە بۆ تاك و لە بەرانبەر ئەوەدا، تاکیش پشتگیری لە دەوڵەتی خۆی دەکات و پێی وەفادارە. بەم پێیە هەرچەندە لایەنی باشەی ئەم کارلێك و خزمەتە دوولایەنەیەی نێوان دەوڵەت و شارۆمەند زیاتر بێت، ئەوان لە پرۆسەی پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆیاندا سەرکەوتووتر دەبن. کەواتە ڤۆڵتێر، (کۆماری)، بە سروشتیترین و باشترین چەشنی حاکمییەت دەزانێ. کە زیاترین توانای هەیە بۆ گەیاندنی مرۆڤەکان بە یەکسانیی سروشتی چونکە بەبۆچوونی ئەو، کۆماری دەوڵەتێکی سەربەخۆی خەڵکییە و دەرکەوتی سیاسیی یاسای سروشتییە. کۆماری دەبێ خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێز بێت کە بەمەبەستی بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی دیموکراسی لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا سوود لە هێزەکەی خۆی وەربگرێت. بەڵام ئەگەرچی پێشنیاری (حکوومەت بۆ خەڵك) دەکات بەڵام نەك بههۆی خەڵکەوە یان هەڵقولاو لەوانەوە چونکە پیی وایە ئەو چەشنەیان زۆر ئارمانی و یۆتۆپیاییە. هەر لەبەر ئەوە، ڤۆڵتێر باوەڕی وایە رۆشنگەری بزووتنەوەیەکە کە لە چەمکی حاکمییەت و سەربەستییەوە دەستی پێکردووە. هەروەك پێشتر باسکرا، چەمکی یاسای سروشتی لە روانگەی ڤۆڵتێرەوە، ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤەکان یارمەتیی یەکدی بدەن. رێکخراوی

سیاسی، ئەرکی پاراستنی ئازادی، ئاسایش و داراییەکانی گشت تاکێکی لە ئەستۆدایە. بەم پێیە، حکوومەت هەرچەند زیاتر لە خزمەت خەڵکدا بێت، بەرپرسانی دەوڵەتیش زیاتر هاوئاهەنگ دەبن لەگەڵ مافە سروشتییەکاندا. یاسا دەستکردەکانی مرۆڤیش هەرچەند نزیك بن لە یاسای سروشتی، ژیانی مرۆڤ زیاتر تەحەممول دەکرێت. بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، تەنیا لەیەك حاڵەتدا یاساکان بۆ دەستەبەر و پاراستنی بەرژەوەندییە دونیاییەکانی شارۆمەندان گەلاڵە دەکرێت و ئەویش لە حاڵەتێکدایە کە دەسەڵاتی کڵێسا و دەوڵەت لێك جیا ببنەوە. چونکە ئامانجی دەوڵەت دەستەبەرکردنی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کاتیی خەڵکە، لەحاڵێکدا کڵێسا ئامانجی رزگاریی رۆحیی مرۆڤی هەیە لە مەلەکووتی ئاسماندا. کەواتە بەبۆچوونی ڤۆڵتێر، هەقیقەتی بوونی کڵێسا دەبێ بۆ یارمەتیدانی دەوڵەت بێت لە دەستەبەر کردنی بەختەوەری گشتیی خەڵکدا. ئەم بۆچوونە بەو مانایەیە کە ڤۆڵتێر پێگەی کڵێسا بە نیسبەت دەسەڵاتە دونیایی و کاتییەکان، بە پەراوێزی دەزانێ. بەڵام ئەم گۆڕانی پێگەیە تەنیا لەڕێگەی بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ خورافە و دەمارگیرییەوە دەشێ. هەر لەم رووەوەیە کە ڤۆڵتێر هەڵکردن و رەوایی دان لە ئاییندا، ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی چاپەمەنی بە کلیلی ژیانی شارستانی و گەرەنتیی ئازادیی تاکی دێنێتە ئەژمار.

ڤۆڵتێر لە بەرگی مرۆڤ باوەڕێکدا، چەمکی رێز و کەرامەتی مرۆیی زۆر بەرزتر لە گشت چەمکەکانی تری وەك نەتەوە، دەزانی. بەگوتەیەکی تر، بەڕای ڤۆڵتێر، گشت مرۆڤەکان یەکسانن، چونکە هەموویان بە چەشنێکی یەکسان مرۆڤن. کەواتە، یەکسانی مەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و هەروەها دەرەنجامی بەرهەڵستکارییە مرۆییەکانیش هەیە. کەواتە ئەرکی دەوڵەتی رۆشنگەری، تێگەیشتن لەم حاڵەیە کە هەموو شارۆمەندان بە یەکسان مرۆڤن، تەنانەت ئەگەر رۆڵی جیاوازیان هەبێت لە کۆمەڵگەدا.



بەکورتی ئەوەیکە، ڤۆڵتێر بەردەوام دەرگیر بووە لەگەڵ سیاسەتی پراکتیکیی سەردەمی خۆیدا و هۆکاری سەرەکیی ئەوەیکە بۆچی ناوی ئەو ئاوێتە کراوە لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسادا، هەر ئەوەیە. گومانێك لەوەدا نییە کە ڤۆڵتێر دیارترین کەسێك بوو کە رێگەی بۆ شۆڕشی فەڕەنسا ئاوەڵا کرد. بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت ئەو پێشبینیی شۆڕشەکەی کردبوو یان ئەوەی پشتگیریی لێدەکرد. بەپێچەوانە، ئەو بە دیتنی ئەوەیکە ئەریستۆکراسیی فەڕەنسا بههۆی شۆڕشی ناوخۆییەوە بە قورسی هەرەس دێنێت رادەچڵەکا و هەراسان دەبوو. هۆیەکەشی سادەیە، چونکە ئەگەرچی ڤۆڵتێر هەژاری و بێدادگەری مەحکووم دەکات، بەڵام باوەڕیکی بە حەشامات نەبوو. ئەو خوازیاری ئەوە بوو کە ئاریستۆکراسی، ئاسانگیرییەکی زیاتر لەخۆی بنوێنیت و هاوکات دژی حکوومەتی حەشاماتیش بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڤۆڵتێر نوێنەری راستەقینەی سەردەمی خۆی، واتە چاخی رۆشنگەرییە. هەر لەبەر ئەوەیە سەدەی هەژدەهەم زۆرجار بە سەردەمی ڤۆڵتێر ناودەبەن. واهەست دەکرێ کە ڤۆڵتێر هێشتا هەندێ بەهای هەن کە بەکاری سەدەی ئێمەش دێن. لەچوار خاڵدا، ڤۆڵتێر هێشتا سەردەمییە:

١. یەکانگیریی دوو کلتووری مرۆیی و زانست.
٢. بەربەرەکانێ بەدژی دۆگما و دەمارگیری.
٣. رەخنە لە کۆمەڵگە یۆتۆپیایی و خەیاڵییەکان. دروشمی کاندیدا ئەمەیە: "چاکسازی بکە، ئارمانی مەکە"
٤. داکۆکی لەسەر هەندێ بەهای وەك شایستەیی ئاوەز، هەمبەستەیی و رەواییدان.

پۆل والری، شاعیری ناوداری فەڕەنسی لە ١٩٩٤ سەبارەت بە ڤۆڵتێر گوتوویەتی: " ڤۆڵتێر زیندووە، ڤۆڵتێر دەژی، ئەو زەمەنی گشت زەمەنەکانە."

## بارۆن دۆ مۆنتسکیۆ

مۆنتسکیۆ بیرمەندێکی مەزن و بەناوبانگە و بەرهەمەکانی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر دەرەوە و ناوەوەی ئەورووپا داناوە، بەشێوەیەك کە دەکرێ لە گەلێك لایەنەوە لە هزر و بەرهەمەکانی وردبینەوە. هەندێ لە نووسەران وەك بنەمارێژی زانستی سیاسییان زانیوە و هەندێکی تر، وەك ریمۆن ئارۆن، ئەویان بە پێشەنگی کۆمەڵناسی ناودێر کردووە. زۆرجار دەڵێن مۆنتسکیۆ گرینگترین رۆڵی هەبووە لەسەر پێکهاتەی یاسای بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەر لەم رێگەیەوە بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی زۆر و پتەوی لەسەر پرەنسیپە سیاسییەکانی یاسای بنەرەتیی ئینگلستان داناوە. وەبیرتان دێنینەوە کە مۆنتسکیۆ، یاسای بنەڕەتیی ئینگلستان، بەو شێوەیەی لە کتێبی یازدەهەمی رۆحی یاساکاندا روونیکردۆتەوە، بە نموونەی بەدیهاتنی ئازادی و جودایی هێزەکان زانیوە. رەنگە هەر لەم رووەوەیە کە هەندێ لە راڤەکاران، مۆنتسکیۆیان بە نموونەی کامڵی یەك لیبراڵ ناوبردووە. بەڵام هەندێکی تر، وەك ئەربابێکی سەلەفیی خاوەن زەوی باسیانکردووە کە نەفرەتی لە (لڤیسی چواردەهەم) بووە، چونکە لڤیس سیستەمێکی ناوەندیکراوەی پێکهێنابوو. هەروەها ئەوە راستە کە نەفرەتی ئەو لە سیستەمی ئیداریی ناوەندیکراو و پاشایەتیی رەها، لە تایبەتمەندییەکانی روانگەی توێژەکەی ئەو، واتە توێژی ئەریستۆکرات بووە. بەڵام ناشێ لەبەر ئەم هۆیە، پرەنسیپە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسیی و گوتەزا سیاسییەکانی ئەو، تەنیا لەبەر



جیهانبینیی خودتەوەرانەکەی پشت گوێ بخرێت. لە یەکەم روانین بۆ بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ، رووبەڕووی دوو لایەن دەبینەوە:

١. هۆگرایەتیی هەمیشەیی بۆ مێژوو.
٢. هەوڵی بەردەوامی ئەو بۆ پەیوەند دانەوەی تیۆریی سیاسی بە زانستەکانەوە.

مۆنتسکیۆ، مەیلێکی دەروونیی هەبوو بۆ مێژوو و دەیویست مێژوو بکاتە شتێکی دەرکپێکراو. ئەو بەشوێن دەرکی هەقیقەتی مێژووییەوە بوو، بەڵام گەیشتە ئەو ئەنجامە کە هەقیقەتی مێژوویی، خۆی لە هەندێ فۆرمی وەك نەریت، ئەندێشەکان، یاساکان و دامەزراوەگەلی جۆراوجۆردا نیشان دەدات. هەر لەبەر ئەمە، تێڕوانینی مۆنتسکیۆ بۆ مەعریفەی مێژوویی، رەسەنتر لەوی ژان ژاك رۆسۆ و کۆمەڵناسانەترە لەوی ڤۆڵتێر. بەڵام پانتای مەعریفەی ئەو زۆر بەرتەسکە. لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆدا دەردەکەوێ کە تێگەیشتنێکی قووڵ و سەرنجڕاکێشی لەسەر مێژووی رۆم هەیە، بەڵام سەبارەت بە یۆنان کەم دەزانێ. بەهەرحاڵ بەپێچەوانەی رۆسۆ، خولیا خودتەوەرانەکانی خۆی وەلا دەنێ. بەبۆچوونی ئەو ئوستوورە ئەتنیکگەرا و خودگەراکان جێیەکیان لە جیهانی واقیعدا نییە. بەم پێیە، تەنانەت ئەگەر هۆگرایەتیی مۆنتسکیۆ بۆ مێژوو زۆریش بێت، بەهەڵەدا دەچین ئەگەر فەلسەفەی سیاسیی ئەو بە هەڵقوڵاو لەم زانستانە بزانین. مۆنتسکیۆ، لەڕاستیدا بە مەبەستی بەستێنسازی و پشتڕاستکردنەوەی روانگەکانی خۆی، سوود لە مێژوو وەردەگرێت، بەڵام ئاخێزگەی روانگەکانی ئەو لە توێژینەوەی مێژوودا نییە. راستییەکی گرینگی تر ئەوەیە کە مۆنتسکیۆ دەگەڕێتەوە بۆ بەرەیەك کە بەنیسبەت فەلسەفەی دیکارتی دژکردەوە نیشان دەدات و لەگەڵی لە ململانێدایە. روانینی مۆنتسکیۆ بەپێچەوانەی دیکارت و بیرمەندە دیکارتییەکان کە بەشوێن واتا پەتییەکانەوە

بوون، بۆ دونیای ئۆبژەکانە. ئەو لایەنگری شتە واقعییەکانە نەك ئامانجە تیۆریکەکان. هەروەها بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ ئاوەز لە بازنەی کات و شوێندایە نەك تاهەتایی و جیهانی، لە بارودۆخی جۆراوجۆردا بیچم دەگرێت و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر تێگەیشتنی جیاوازی لێدەکرێت. هەر لەم رووەوە، مۆنتسکیۆ بیریارێکی جیهانگەرا نییە، بەڵکوو رێژەگەرایە. رێژە، بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ نەك تەنیا پرس و پرەنسیپێکی تیۆرییە، بەڵکو هۆگرایەتییەکی کردەکیشە. بەپێی بۆچوونی مۆنتسکیۆ، مرۆڤ بوونەوەرێکی کارتێکراوە کە خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە و ئەندێشەکان و بۆچوونەکانی ئەو کەسانەی لەدەوری دەژین، دەگونجێنێت. بەم پێیە، دەبێ بگوترێ روانگە کۆمەڵناسانە و مرۆڤناسانەکانی مۆنتسکیۆ، پەیوەندیی بە ئەندێشەکانی ئەو سەبارەت بە رێژەباوەڕییەوە هەیە.

مۆنتسکیۆ، بەپێچەوانەی هۆبز لەو باوەڕەدایە ناسین و ئاگابوون لە گەوهەری مرۆیی، نەك بە ماتماتیك بەڵکو تەنیا لەڕێگەی ئەزموونەوە ئەنجام هەڵدەگرێت. لەم حاڵەتەدا، ئەزموونکردن چیمان فێر دەکات؟ بەر لە هەر شتێك، راستەقینەی نەگریسییەکانی ئێمە و ناڕەساییەکانیی زانین و تایبەتمەندییەکانمان ئاشکرا دەکات. مرۆڤەکان دوور لە ئارەزووەکان و لەدەرەوی سۆزەکان کار دەکەن و بۆ گەیشتن بە ئاسایش و بەشوێن سەرێتیی خۆیانەوەن. مۆنتسکیۆ دەڵێ: "خۆپەرستی، گەورەترین فەرماندەی سەر رووی زەوییە."

بەم شێوەیە روون دەبێتەوە کە مۆنتسکیۆ دژی رۆسۆ بووە. لەروانگەی رۆسۆدا، مرۆڤ وەك خۆی چاکە و بەپاکی لەدایك دەبێت. بەڵام مۆنتسکیۆ باس لە بێبەختی و تاوانکاری رۆحیی ئێمە دەکات. ئەو بەم چەشنە لە مرۆڤ دەڕوانێت کە بوونەوەرێکە گەوهەری خۆی دۆڕاندووە و لە وێرانییەکی تەواودا گەوزاوە. مۆنتسکیۆ باس لە بێکەرامەتیی خوو و سروشتی مرۆیی دەکات.



بەبۆچوونی ئەو مرۆڤ نەگریسە چونکە حەزی لە وێرانکردنی هەموو شتێکە. بەم پێیە رۆحی ئێمە لە هۆگری و حەزێکی گشتی بۆ نەگریسی، کەڵەکە بووە. وەکوو دەریا پڕاوپڕە لە خۆی. کەواتە خۆپەرستی، لەوپەڕی خۆیدا مرۆڤ رادەکێشێ بەرەو وێرانی و هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەوان دەکەونە دژایەتیی رێسا و یاساکانەوە. لە ئەنجامدا، تەنانەت کۆمەڵگە تەبا و رێکوپێکەکانیش هیچکات ناتوانن بەڕاستی هۆگرایەتییە نەگریسانە دژەکۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لەناو بەرن یان چاکیان بکەن.

هەڵبەت لەڕوانگەی مۆنتسکیۆوە، مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاوەزمەندە. بەڵام ئاوەزمەندی لەودا شتێکی بنچینەیی نییە و بەرتەسکە. بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ، مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرزەخییە و لە بەرزەخی نێوان ئاوەز و بێئاوەزیدا قەتیس ماوە. ئەو ئازادە یەك لەو دوانە هەڵبژێرێت. بەڵام ئیرادەی ئازاد بەشێکە لە گەوهەری ونبووی ئەو. مرۆڤ بەپێچەوانەی یەزدان، ناچارە هەڵبژێرێ و چونکە ناچارە، کەواتە گرفتاری ململانێی نێوان پاڵنەرە جەستەیی و ئەخلاقییەکان بووە.

بەم شێوەیە، تیۆری و روانگەی فیکریی مۆنتسکیۆ سەبارەت بە مرۆڤ، جۆرێکە لە مرۆڤناسی و کارکردێکی بنەڕەتیی لە فەلسەفەی سیاسیدا هەیە. لەلای مۆنتسکیۆ، هەوڵە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ کلیلی پەرجوو (موعجیزە)ی ژیار. مرۆڤ وەك بوونێکی جەستەیی لە بەندی یاسای سروشتیدایە، بەڵام وەك بوونێکی ئەخلاقی لەبەندی ئەودا نییە و پەیڕەوی لە یاسا دەکات. بەم پێیە، ئەرکی یاساکان ئەوەیە بەرەو رێگەی راستی بەرن. مۆنتسکیۆ دەڵێ: " گەوهەری مرۆیی پێویستە پەروەردە بکرێت و رێکبخرێت. ئەم پێشنیارە لەبەر ئەوەیە کە خووی مرۆیی نە کۆمەڵایەتییە و نە ناکۆمەڵایەتی." ئەم بۆچوونە دەرخەری ئەوەیە کە ئەو نە لەبەندی تیۆرییەکانی هۆبز لەمەڕ گەوهەری مرۆڤدا

بووه و نه گرفتاری تیۆرییەکانی رۆسۆشە. مۆنتسکیۆ نە باوەڕی بەوەیە مرۆڤ گورگی مرۆڤێکی تر بێت و نە باوەڕی بە مرۆڤی فریشتەئاساش هەیە. بەڕای ئەو، مرۆڤ تاهەتا لە باوەشی هەلە دژهۆنەکاندایە و پەلاپیتکەیەک دەتوانێ بەملا و ئەولایدا بەرێت. ئەو دەتوانێ بەرەو کلتوورێکی کۆمەڵایەتی بچێت، بەڵام ئەگەری داشکان بەرەو ژیانی ئاژەڵێش لەودا هەر ماوە. مۆنتسکیۆ وەك بیرمەندی پەیمانی کۆمەڵایەتیش هەر بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە. بەبۆچوونی ئەو بۆئەوەی گەوهەری راستەقینەی مرۆڤمان بۆ دەرکەوێ، پێویستە تێبینیی دۆخی بەر لە پێکهاتن و دەسپێکی کۆمەڵگەکان بکرێت. مۆنتسکیۆ دەڵێ مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا، بوونەوەرێکی بەتاڵ لە تایبەتمەندی و فاکتەرە ناسراوە مرۆییەکان بووە، مرۆڤ ئاژەڵێکی هەستەوەرە، بەڵام بەتاڵ لە تێگەیشتن. بەهەرحاڵ تێگەیشتنی مۆنتسکیۆ لە دۆخی سروشتی، هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ ئەوەدا کە هۆبز باسی دەکات، نییە.

مۆنتسکتۆ بەپێچەوانەی هۆبز، چەمکی دۆخی سروشتی لە بەرانبەر چەمکی "دۆخی جەنگی" دانانێت. ئەو دەڵێ ئەگەر مرۆڤەکان بەڕاستی ترسنۆك و گۆشەگیرن، کەواتە بەجێگەی شەڕکردن لەگەڵ یەك، دەبوو رێگە لە شەڕی دژبەیەك بگرن. چونکە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا، دەرگیری بەربەرەکانێی مەرگ و ژیانە لەگەڵ رەگەزەکانی سروشتدا و بیر لە هێرش کردنە سەر کەسانی تر ناکاتەوە. کەواتە دۆخی جەنگی ناتوانێ تایبەتمەندی و فاکتەری دۆخێك بێت کە مرۆڤەکان لە دەوری یەك کۆدەکاتەوە. بەڵام لەگەل پێکهاتنی کۆمەڵگە، دۆخی جەنگی بەدیدێت. دۆخی سروشتی، بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ، دۆخێکی تەبایە. بەڵام بارودۆخی سروشتیی مرۆڤ بەشێوەیەکە کە بەناچار بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی رادەکێشرێت. مۆنتسکیۆ و هۆبز لەم خاڵەدا هاودەنگن کە دەوڵەت، لەڕاستیدا یەکانگیر بوونی ئیرادە تایبەتییەکانی ئەندامەکانیەتی لە



ئیرادەیەکی یەکانەدا. بەڵام بۆچوونی مۆنتسکیۆ بەو خەستییەی بۆچوونی هۆبز نییە، لەبەر ئەوەی پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ گۆڕانێکی تۆکمە و سروشتی مرۆڤی ناکۆمەڵایەتی بەرەو مرۆڤی کۆمەڵایەتی دەگاتە ئەنجام. لەم قۆناغەدا، بۆچوونی مۆنتسکیۆ لەگەڵ تیۆرییەکانی رۆسۆ دژ بەیەك دەوەستنەوە. مۆنتسکیۆ دەڵێ، کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ، رەمەکی نییە، بەڵکو بەرهەمی ژیانی ناو کۆمەڵگەیە کە دەتوانێت هۆگرییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو خۆی رابکێشێت. بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ، لە رەگ و کاکڵی گشت ژیانە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئیرادەی تاکگەڵێکی تەبا شاراوەیە کە گازیان دەکات بەرەو کۆبوونەوە لەدەوری یەك. ئەم خاڵە، مۆنتسکیۆ دەگەیەنێتە ئەنجامگیرییەکی پراکتیکی و ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بەبێ حکوومەت مانەوەی بەردەوام نابێت. لەبەرچی؟ چونکە حکوومەت هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە:

١. بانگەوازێکە بۆ ئاوێتەیی و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی.

٢. کۆمەڵێك هۆگرایەتی لەخۆ دەگرێت کە کۆتایی بە ناتەبایی کۆمەڵایەتی دێنێت.

بەمشێوەیە، *راستیی گرینگ لای مۆنتسکیۆ ئەوە نییە کە کێ دەسەڵاتی هەیە و کەڵکی لێوەردەگرێ، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن کەڵك لە دەسەڵات وەردەگیرێت.* بەگوتەیەکی تر، لای مۆنتسکیۆ یاسا و یاسا بنەڕەتییەکان، زۆر لە رۆح و رەگەزەکەیان کەم بایەخترن. لەم رووەوە رۆحی یاساکان هەموو شتێکە. ئامانجی مۆنتسکیۆ لە کتێبی رۆحی یاساکاندا دیاریکردنی هەندێك رەگەزە کە بتوانرێت بەپێی ئەوان سەبارەت بە یاسا مرۆییەکان یان یاسا ئەرێنییەکان دادوەری بکرێت. بەم پێیە ئەو لە یاسا و تەوەرە یاساییەکان دەکۆڵێتەوە و لە توێژینەوەکانی خۆی دەگاتە ئەو تیۆرییە کە هەر حکوومەتێکی راست و دروست دەبێ لە چوارچێوەی سنوورە یاساییەکاندا بێت

چونکه بەبێ یاسا، بەهیچ شێوەیەك ئازادی بوونی نابێت. لە زەینییەتی مۆدێرندا، وشەی یاسا دوو واتا هەڵدەگرێت:

١- یاسا، بەرنامەیەکە کە لەلایەن بەرپرس یان حاکمییەتێکەوە دەردەکرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی چی دەبێ بکرێ و چی نابێ بکرێت.

٢- دەتوانرێ وەك پەیوەندییەکی هۆکارێتیی نێوان هۆکار و بەرهۆکار، سەیری یاسا بکرێت.

سەرناوی کتێبەکەی مۆنتسکیۆ، خۆی نیشاندەری مەبەستی کارکردن بە یاساکان نییە بەڵکو بەجێهێنانی رۆحی ئەو یاسایانەیە. مۆنتسکیۆ دەیەوێ بڵێ "یاساکان کۆمەڵێك پەیوەندیی زەروورین کە دەکرێ لە زاتی شتەکانەوە هەڵبهێنجرێن." بۆ ئەوەی بزانین تێگەیشتنی مۆنتسکیۆ لە رۆحی یاساکان چییە، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بزانین:

١. مۆنتسکیۆ بەر لە هەمووشت لەو باوەڕەدایە کە جیهانی ئافرێنراوی یەزدان، یاسامەندە، کەواتە یاسا بەسەر هەموو خەڵکی سەر زەویدا حاکمە.
٢. مۆنتسکیۆ و هۆبز و لۆك، هەرسێکیان هاودەنگن لەسەر ئەوەی بەگشتی یاسا هەمان ئاوەزی مرۆڤەکانە و یاسای هەر گەلێك خاڵە تایبەتییە کردەکییەکانی ئاوەزی مرۆڤە لەو گەلانەدا.
٣. هەرکات مۆنتسکیۆ باس لە پەیوەندییە زەرورییەکان دەکات، مەبەستی پەیوەندیی نێوان ئەو رەگەزە جیهانییانەی گەوهەری مرۆییە کە ئاوەز پێیان گەیشتووە و هەروەها ئەو کەشە تایبەتە کۆمەڵایەتی-سیاسییەیە کە لەوێدا ئاوەز دەبێ بەشێوەی یاسا سوودی لێوەربگیرێت و ئەمە رۆحی یاساکانە.



بەم شێوەیە، بەڕای مۆنتسکیۆ، گرینگترین شت لە کەشی کۆمەڵایەتی-سیاسیدا، چییەتی و پڕەنسیپەکانی حکوومەتە. بەبۆچوونی ئەو، چییەتیی کۆمەڵگە لە چییەتی و پڕەنسیپەکانی حاکمییەتەوە وەردەگیرێت نەك بەپێچەوانە. بەم پێیە هەر حکوومەتێك کاریگەریی هەیە لەسەر یاسادانان. مۆنتسکیۆ هەوڵدەدات هزری جەبریی کوێرانە رەتبکاتەوە و بنچینەی فەلسەفەی رەهاگەرایی خاپوور بکات. وا دەردەکەوێ کە گەلاڵەی گشتیی کتێبی رۆحی یاساکانی مۆنتسکیۆ سێ بەشی سەرەکیی لەخۆدەگرێت:

١- لە بەندی یەکەم تا سێزدەهەم، کاری لەسەر پەرەپێدانی تیۆریی بەناوبانگی حکوومەتە سێیانەکان کردووە. لەم بەشەدا هەوڵدراوە بیچمە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی حکوومەت بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە.

٢- بەندەکانی چواردەیەم تا هەژدەیەم، لەسەر هۆکارە جەستەییەکان دواوە کە پەیوەندیی بە کاریگەری ئاو و خاك لەسەر سروشت و دامەزراوە مرۆییەکانەوە هەیە.

٣- لەبەندی بیستەم تا کتێبی بیست و شەشەم، مۆنتسکیۆ کاری لەسەر کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، وەك بازرگانی، پارە، مەزهەب و دانیشتوان لەسەر سروشتە مرۆییەکان و یاساکان، کردووە.

**زێدە لەسەر خاڵەکانی سەرەوە:**

١- دوایین بەندی کتێبەکە، تەرخانکراوە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەسەر مەشروعییەتی(حکوومەت).

٢- بەندی بیست و نۆیەم تایبەتە بەم تەوەرە کە، "یاساکان چلۆن دادەڕێژرێن؟"

٣- بەندی نۆزدەیەم، لە رۆحی گشتیی نەتەوە و ئەخلاق و نەریتەکانی دەدوێت.

٤- بەندی پازدەهەم، دەگەڕێتەوە بۆ یاسای بنەڕەتیی ئینگلستان و تەوەری جودایی و سەربەستیی هێزەکان. ئەم بەندە بههۆی سەردانی مۆنتسکیۆ بۆ ئینگلستان لە چاو بەندەکانی پێشوو باشتر نووسراوە.

چونکە بەندەکانی دووهەم تا هەشتەم ، تەوەری رۆحی یاساکانە لە کاری مۆنتسکیۆدا، گرینگییەکی زیاتری هەیە بەلامانەوە. لەم کتێبانەدا ئەو سێ جۆر حکوومەت لێکدەداتەوە و لە هەمانکاتدا، چونکە بەر لە سەفەرەکەی مۆنتسکیۆ بۆ ئینگلستان نووسراون و لەو سەردەمەدا لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی سیاسیی ئەرەستۆدا بوو، بەگشتی لە هەر لاپەڕەیەك لەم بەندانەدا، ئاماژەیەکی ژێرپێشتی یان راڤەیەك لە سیاسەتی ئەرەستۆ هێنراوەتەوە. میتۆدی مۆنتسکیۆ لەو کۆمەڵەیەدا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

١. ئەو پێناسەیەکی روون لە حکوومەتەکان دەدات بەدەستەوە.
٢. پاشان لەسەر لێکدانەوەی چییەتی و پرەنسیپەکانی هەرکام لە حکوومەتەکان دەدوێت.
٣. سەرەنجام لەو گەندەڵییەی دواتر لە دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپەکانی حکوومەتەوە سەرهەڵدەدات، دەدوێت.

لێرەدا مۆنتسکیۆ هەروەك ئەرەستۆ، دابەشکارییەکی سێیانە ئەنجامدەدات. بەڵام بەجێگەی دیموکراسی(حکوومەتی زۆرینە)، ئەریستۆکراسی (حکوومەتی کەمینە) و پاشایەتی (حکوومەتی یەك کەس) ئەو دابەشکارییەکی تری بریتی لە کۆماری و پاشایەتی و ئیستبدادی پێشنیار دەکات. هەرکام لەم بیچمانە لەڕێگەی دوو تیۆرییەوە پێناسە دەکرێن کە مۆنتسکیۆ پێشتر بە چییەتی و پرەنسیپەکانی حکوومەت ناویان دەبات. پرەنسیپەکانی حکوومەت، هەستێکە



کە خەڵك لەگەڵ جۆری حکوومەت، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی هاوئاهەنگ لەگەڵیدا، نزیك دەکاتەوە. بەم پێیە هەرکام لە مۆدێلەکانی حکوومەت بههۆی کۆمەڵێك هەستەوە دەناسرێنەوە کە بەبێ ئەو ئەگەری مانەوە و بەردەوامبوونی نابێت. سێ جۆر هەستی بنچینەیی هەیە:

١. کۆماری، دەستەبەری شکۆمەندییە.
٢. پاشایەتی، دەستەبەری شانازییە.
٣. ئیستبداد، ئاوێتەی ترسە و بەوە دەناسرێتەوە.

شکۆمەندیی کۆماری، جیاوکێکی ئاکاری نییە، بەڵکو جیاوکێکی سیاسییە. رێزگرتن لە یاسا و دەروەستیی تاك، ئاسوودەیی هەموانی پێوەیە. شانازی حەزە، حەزێکی کەسانەیە بۆ دەسەڵات و شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات. بەم پێیە ئەگەرچی پاشایەتی بەستێنی شکۆمەندییەکانە بەڵام شکۆمەندی بۆ یەك کەس، نەك بۆ دیترانیش. ترس پێویستییەکی بە پێناسە نییە، هەستێکی دووهەمینی سیاسییە کە هۆبز گوتەنی بنەمای دەوڵەتە. مۆنتسکیۆ هێندەی هۆبز رەشبین نییە، بەڵام باوەڕی وایە حکوومەتی لەسەر بنەمای ترس لە بناغەوە گەندەڵە و هەڕەشەی تێکشکانی لەسەر دەبێت.

ئەی چییەتیی حکوومەت چییە؟ کۆماری، مۆدێلێکی حکوومەتە کە لەوێدا خەڵك وەك پەیکەرەیەکی یەکانە و یان بەشێك لە خەڵك، دەسەڵاتی حاکمییەتیان بەدەستەوەیە. بەم پێیە، کۆماری دەتوانێ دیموکراتیك یان ئەریستۆکراتی بێت. مەبەستی مۆنتسکیۆ لە دیموکراسی دەوڵەتێکە کە حاکمییەتەکەی راستەوخۆ لەدەستی شارۆمەندەکان –وەك پەیکەرێکی یەکانە-دایە، نەك لێژنەی نوێنەرایەتی (وەك حکوومەتی ئاتینی). مۆنتسکیۆ لەمەڕ حکوومەتی ئەریستۆکراتی لەو باوەڕەدایە تەنیا بەشێك لە پەیکەرەی گشتیی شارۆمەندان بۆ بەدەستەوە گرتنی

دەسەڵات دانیان پێدا دەنرێت (وەك كۆماریی ڤێنیز). پاشایەتی، مۆدێلێكی حكوومەتە كە لەوێدا یەك كەس لەسەر بنەمای یاساگەلی كۆنكرێتی و پێشتر دیاریكراو (وەك فەرەنسای سەدەی هەژدەهەم) حكوومەت دەكات. مۆنتسكیۆ لە پەیوەندی لەگەڵ پاشایەتیدا، هیواخوازە هاوسەنگیی دەسەڵات هەبێت لە نێوان پاشا و لێژنەكان و دامەزراوە ناوبژیوانەكانی وەك كڵێسا و خانەدانەكان. بەڵام بەڕای ئەو پاشایەتیی فەرەنسا لایەكی ئەم سێكوچكەیەی نییە و ئینگلستانیش خاوەنی یاسایەكی بنەڕەتیی لێكدراوە. پێشتر باسمان كرد كە مۆنتسكیۆ بە ڕێزەوە باسی دامەزراوە سیاسییەكانی ئینگلستان دەكات. بەر لەو، ڤۆڵتێریش بۆچوونێكی لەم شێوەیەی هەبوو. ئەو ڕاستییەی كە ئینگلستان ئازادیی جێگیر كردووە، كاریگەریی قورسی خستبووە سەر مۆنتسكیۆ. بەبۆچوونی ئەو، ئازادیی ئینگلیزی لەسەر دوو بنەمای سەرەكی وەستاوە:

١- جودایی و سەربەستیی بنەڕەتیی هێزەكان (جێبەجێكردن)، (یاسادانان) و (دادوەری).

٢- ئاوێتەكردنی پاشایەتی لەگەڵ ئەریستۆكراسی و دیموكراسی لەشێوەی پاشا و لۆردەكان و جەماوەردا.

لەبەرچی مۆنتسكیۆ ستایشی جودایی و سەربەستیی هێزەكان دەكات؟ چونكە دەوری چاودێری دەسەڵاتی حكوومەت دەبینن. بەڕای ئەو ئینگلستان ئازادە چونكە جەماوەر و لۆردەكان وەك دوو هاوكار لە پارلماندا بەشێوەی دوولایەنە، لایەنی یەكتر دەگرن. ئەم دوو هێزە یاسادانەرە بە نۆبەی خۆیان چاودێریی مافی ڤیتۆی پاشا دەكەن. پاشاش خۆی بەهۆی مافی یاسادانەران بۆ لێپرسینەوەی وەزیران و مافی پێداچوونەوە و لێكۆڵینەوە و تاقیكردنەوە لە چۆنیەتیی جێبەجێكردنی یاساكاندا، دەكەوێتە ژێر چاودێرییەوە.



ئێستاش بزانین مۆنتسكیۆ سەبارەت بە سێهەمین جۆری حكوومەت، واتە ئیستبدادی، چی دەڵێ؟ ئەو ئیستبداد بە ڕاستییەكی قێزەون دەزانێت و وەك حكوومەتی یەك كەس و بەبێ هیچ چاودێرییەكی دیترانی دەزانێت. جیاوازیی نێوان ئیستبداد و دوو جۆرەكەی تری حكوومەت ئەوەیە ئیستبداد ناتوانێ حكوومەتێكی نوێنەرایەتی بێت. چونكە ئەگەر پاشا بیەوێت بۆ چركەیەك هەناسەیەكی ئاسوودە بدات، هەموو دەسەڵاتەكەی دەدۆڕێنێت. بەم پێیە، لە حكوومەتێكی ئیستبدادیدا دەكەوینە دۆخی ململانێی هەمیشەییەوە، چونكە تەنانەت ئەگەر شەڕ و شۆڕێكیش لە ئارادا نەبێ دیسانەوە ئاشتییەك لە ئارادا نابێت. هەروەها لە حكوومەتی ئیستبدادیدا، هەموو تاكەكان لە دۆخێكی پڕئازاردا لەگەڵ یەكتری یەكسانن، چونكە هەمووان لە قووڵایی هەرەمی كۆمەڵایەتی و سیاسیدان. هیچ بەختەوەری و شانازییەك نابەخشرێتە كەس و هەموو كەسانی شیاو خانەنشین دەكرێن. مۆنتسكیۆ ئاماژەی بە هەندێ نموونە لە رووسیا، توركیا و وڵاتە خۆرئاواییەكان دەكات، بەڵام بەردەوام چاو لە فەرەنسا دەبڕێت.

ئەوەی شایانی سەرنجە، مۆنتسكیۆ دەسەڵاتی ئیستبدادی مەحكووم دەكات، بەڵام نەك بە دەستەواژەگەلی شۆڕشگێڕانە، چونكە ئەو نە شۆڕشوانە و نە دیموكرات. ئەو دان بە حكوومەتێكدا نانێت كە دەسەڵاتەكەی لە كۆدەنگی خەڵكەوە وەرنەگیرابێت و بیانووشی بۆ ئەم روانگەیەی خۆی هەیە. ئەو حەز بە یەكپارچەیی و پێكبەستەیی ناكات و ریز بۆ جیاوازییە ناوچەییەكان دادەنێت. ئەو نكۆڵی لە زەرووڕەتی جیاوكەكان ناكات، ئەگەرچی دواتر جیاوكەكان سڕانەوە. پێناچێت دانی بە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا نابێت بەڵام بە تەواوی دانی بە پڕەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكاندا نا كە شۆڕشوانانی فەرەنسا لە یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا گونجاندیان.

مۆنتسكیۆ گومانێكی زۆری سەبارەت بە گونجانی كۆماریخوازی لە سەردەمی مۆدێرندا هەیە، چونكە ئەو گومانی لە مانەوەی كۆمەڵگەیەكە كە پشت بە

هۆگرایەتیی شارۆمەندان بۆ واز هێنان لە دەسەڵات و گوازتنەوەی بۆ حکوومەتەکان دەبەستێت. بەم پێیە ئەو (کۆماری) تەنیا بە شتێکی ئارمانی دەزانێت. بەڕای مۆنتسکیۆ پاشایەتی لە فەڕەنسا بیرەوەرییەکی مێژوویی هەیە و لە ئینگلستان راستییەکی سیاسی. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت بەهیچ شێوەیەك خاوەنی ئەندێشەگەلی یەکسانیخوازانە نییە و لەگەڵ ئەوەشدا تیۆریسییەنی حاکمییەتی جەماوەریش نییە، چونکە ئەو نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بە دەرهاویشتەی کاکڵ و گەوهەری نەزمی کۆمەڵایەتی دەزانێت. بەم پێیە بە ئاسانی نایەکسانی بە سروشتی دەزانێت و دانی پێدا دەنێت، بەڵام بەردەوام لەهەوڵی ریفۆرم و باشترکردنی دۆخەکاندایە. لەم رووەوەیە کە گەوهەری فەلسەفەی سیاسیی مۆنتسکیۆ لیبراڵییە، چونکە قازانجی نەزمی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە لەڕێگەی هاوسەنگی و باڵانسی هێزەکانەوە، دەسەڵاتێکی ریفۆرمخواز بێتە ئاراوە.

مۆنتسکیۆ گرینگییەکی تایبەت دەدات بە کارکردە فرەچەشنەکانی رەگەزگەلی بنچینەیی ماف لە پێکهێنانی گۆڕانە زەرووریيەکان لە دۆخە مرۆییەکاندا. بەبۆچوونی ئەو هەندێ رەگەزی ئاوەزیی ئەخلاقی هەن کە پێوەندگی سەرکەوتنەکانی حکوومەتێکن. مێژوو، لەڕاستیدادەرکەوتێکە لە توانست و زاڵێتیی ئەم چەشنە رەگەزانە. مۆنتسکیۆ هەروەك ئەرەستۆ لەو باوەڕەدایە دەوڵەت دەبێ لە روانگە غایەتناسانەوە و وەك ئامانجێك لە بنەڕەتەوە بۆ ژیان و بەختەوەریی کۆمەڵگە پێناسە بکرێت. ئەویش پەیڕەوی لە نەریتی فەیلەسووفانی مافی سروشتی دەکات، بەڵام بۆچوونەکانی (گرۆسیۆس) سەبارەت بە مافی سروشتی، بەلایەوە پەسندترە لە بۆچوونە باوەکانی سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم. مۆنتسکیۆ دەڵێ: " حکوومەت شوێنی نزیکبوونەوە و سازگاریی رەگەزە گشتییەکانی مافی سروشتی و دۆخە تایبەتەکانە". بەبۆچوونی ئەو هەندێ رەگەزی مافەکیی گشتی هەن، بەڵام ئێمە لێیان بێئاگاین



چونکە بوونەوەرێکی کامڵ نین و لە هەلومەرجی خوازراودا ژیان ناکەین. دوو هۆکار هەیە بۆ ناڕەسایی:

١. بەرتەسك بوونی زەینی مرۆڤ.
٢. ئەو سنوورانەی لەلایەن دەورووبەری تایبەتەوە داسەپاون. (تیۆریی کاریگەرییە هەرێمەکییەکانی مۆنتسکیۆ).

سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی سەرەوە، رەگەزە گشتییەکان لەهەموو شوێنێك هەن. مۆنتسکیۆ ئەم رەگەزانە بە یاسا ناودێر دەکات. یاسا بریتییە لە پەیوەندیگەلێکی زەرووری کە لە گەوهەری شتەکانەوە دەردەچن و حاڵەتێکی گشتییان هەیە.

مۆنتسکیۆ زات و گەوهەری شتەکان بە ئاخێزگەی یاسا و دەروەستیی سیاسی دەزانێت. بەڵام یاساکانی مرۆڤ بە سێ جۆر دەزانێت:

١. یاسای گەلان، کە یاسایەکی هاوبەشە بۆ گشت کۆمەڵگەکان.
٢. یاسای سیاسی، یاسایەکە کە دیاریکەری پەیوەندیی نێوان حاکمییەت و دەسەڵاتدارانی وڵاتێکە. ئەم یاسایە بە کەم و زۆر لەگەڵ ئەو شتەی ئێمە ئەمڕۆکە پێی دەڵێین یاسای بنەڕەتی یەك دەگرێتەوە.
٣. یاسای شارستانی، یاسایەکە کە رێکخەری پەیوەندیی نێوان شارۆمەندانە لەگەڵ یەکدیدا.

کەڵکەڵەی سەرەکیی هەر دەوڵەتێك، دەگەڕێتەوە بۆ رێکخستن و جێبەجێکردنی یاسا شارستانی و سیاسییەکان، واتە یاسایەکە پەیوەندیی بە کات و شوێنی تایبەتەوە هەیە. مۆنتسکیۆ، یاسای رۆم کە جەخت لەسەر یاسامەندی دەکات و بەپێچەوانەی یاسای فەڕەنسا و تایبەتمەندییە سەرەڕۆیانە و بێبەرنامەییەکەی دەداتە بەر توێژینەوە، لەسەر ئەم بنەمایە، پێشنیاری رێکخستنی رێسەیەك یاسای رێکوپێك و پێکبەستە

پێشکەش دەکات کە بتوانێت پێویستییە نەریتی و هەروەها نوێیەکانیش دەستەبەر بکات.

مۆنتسکیۆ بە سەرنجدان بە یاسای سروشتی، کار لەسەر زاتی خودی دەوڵەت دەکات. بەڕای ئەو، هیچ مۆدێلێکی باشی دەوڵەت لەئارادا نییە و لەو باوەڕەدایە سەرێتیی مۆدێلی کۆماری بەسەر مۆدێلی پاشایەتیدا، بڕوایەکی بێبنەمایە. دەبێ هەمیشە ئەو پرسیارە بکرێت: "چ کات، لەکوێ و بۆکێ؟" بەم پێیە، سەرەڕای دژوازییەك کە مۆنتسکیۆ لەگەڵ ئیستبداددا هەیەتی، بەڵام هیچ ڕێگەچارەیەکی روون ناخاتە بەردەست. دوودڵە لەوەی ئەگەر کۆماری هەڵبژێرێت، دەبێ چاوپۆشی لە بەهاکانی پاشایەتی بکات. بەم پێیە، گەرچی ئەگەری هەبوونی مۆدێلێکی باش بۆ دەوڵەت بە تەواوی رەتدەکاتەوە، ئەگەری ئەوەی بتوانرێ حکوومەتەکان جیابکرێنەوە و پۆلێنبەندی بکرێنەوە رەت ناکاتەوە و هەروەك دەزانین، مۆنتسکیۆ بههۆی میتۆدی توێژینەوە پراکتیکییەکانی ناوزەد و بەناوبانگە. بەبۆچوونی ئەو میتۆدی پۆلێنکاری هەولێکی بەنرخە بۆ واتاسازی لە گوتەزا بنچینەییەکانی تیۆریی سیاسیدا، بەڵام پۆلێنکارییەکەی مۆنتسکیۆ بەتەواوی پەیڕەوەی پۆلێنپەندییە نەریتییەکەی پاشایەتی و ئەریستۆکراسی و دیموکراسی نییە.

مۆنتسکیۆ حکوومەتەکان بە سێ مۆدێلی کۆماری، پاشایەتی و ئیستبدادی پۆلێن دەکات، بە واتایەکی تر، حکوومەتەکان بە سێ شێوەی کۆماری و پاشایەتی(قەڵەمڕەوی پاشاکان) و ئیمپراتۆرین. لەڕوانگەی ئەودا هۆی ئەم چەشنە پۆلێنبەدییە ئەوەیە حکوومەتەکان نەك تەنیا بههۆی رووکاری دەرەکیی خۆیانەوە، بەڵکو دەبێ بەپێی ئەو پرەنسیپە زاڵ و سەرەکییانەی باسیان دەکەن پۆلێن بکرێن و هەروەك پێشتر ئاماژە کرا، بۆوێنە لە کۆماریدا سێ پرەنسیپی زاڵی: شکۆمەندی، خۆشەویستی بۆ وڵات و یەکسانی لەئارادا هەیە، بەم پێیە کۆمارییەکان دابەشدەکرێنە سەر سێ جۆری: ۱) دیموکراتیك، ۲) ئەریستۆکراتیك و ۳) میانەڕەو.



لەلای مۆنتسکیۆ، مۆدێلی کۆماریی میانەڕەو روونترین ئامانجی ژیانی سیاسییە و سەرلەبەری کتێبەکەی پڕاوپڕە لە ئاماژە بەو مۆدێکە. میانەڕەوی لەڕاستیدا هەڵگری تایبەتمەندیی سنووربەندی و چاودێریکردنی دەسەڵاتخوازیی ئەریستۆکراسییە. رەگەزی ئاشکرا و جیاوەکەری پاشایەتی، شانازییە. شانازی لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەیە کە شان و پێگەی کەسێك سەروەرە بەسەر ئەوانیتردا. خەڵك هەمیشە هەوڵدەدەن بە کارەکانیان بسەلمێنن کە پەیوەستن بە پێگە و شوێنی خۆیانەوە.

لە حکوومەتی چەشنی پاشایەتیدا، گەلە جیاجیاکان خاوەنی ماف و جیاوکی تایبەتین و ئەمەش لەقازانجی بەردەوامی و مانەوەی پاشایەتیدایە. ئێستا بۆ ئەوەی نایەکسانی لە چەشنی پاشایەتیدا پارێزراو بێت، هەندێك بۆنە و ئاهەنگ پێویستن کە لەواندا دەوڵەمەندان بە خەرجکردن و گەیاندنی بە دەستبەتاڵان، هانیان بدەن بۆ کارکردن و بە کارەکەیان مانەوەی کەیف و خۆشیی دەوڵەمەندان مسۆگەر بکەن. لەم ڕێگەیەوە مۆنتسکیۆ دەگاتە ئەو ئەنجامە کە: خێزانەکان و چالاکییە ئابوورییەکان لە باسکەی جەماوەردان، هەر لەم رووەوەیە پاشایەتییەکان بەقورسی پشتیان بە جیاوازیی نێوان خەڵکی رەشۆکی و کەسە تایبەتەکان بەستووە. ئەم جیاکارییە لە مۆدێلی کۆماریشدا هەر دەپارێزرێت.

هەروەك گوترا، مۆدێلی سێهەمی حکوومەت لەروانگەی مۆنتسکیۆدا، ئیستبدادییە. تایبەتمەندیی تایبەتی ئەم مۆدێلە لەگەڵ مۆدێلی پاشایەتی لەمەدایە کە حاکم خاوەنی دەسەڵاتی رەهایە و لەدەرەوەی ئەو کۆنترۆڵ و سنووری هێڵە رەسمی و نارەسمییانەیە کە لە وڵاتانی تر هەن. لە مۆدێلی ئیستبدادیدا هەمووکەس بە ئاشکرایی گوێڕایەڵی حاکمە و جیاوازییەکی رەسمیی چینایەتی لە ئارادا نییە. لەخواروو دەستی حاکمەوە حەشاماتێك هەیە کە بههۆی ترسەوە فەرمانـدەر یاخود فەرمانبەرن. بەم پێیە بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ ئیستبداد مۆدێلی گۆڕاوی پاشایەتی نییە و پاشایەتی و ئیستبدادی لەڕووی فۆرمەوە لێك جیاوازن. جیاوازیی سەرەکییان

له هەبوون یان نەبوونی دەسەڵاتی ناوبژیواندایە. لەهەردووك مۆدێلی پاشایەتی و ئیستبدادیدا، پاشا سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە، بەڵام لە پاشایەتیدا هەندێك بازنەی ناوبژیوان هەن کە دەسەڵات لەڕێگەی ئەوانەوە کار دەکات. بەڵام هەبوونی دەسەڵاتە ناوبژیوانەکان بۆ مۆدێلی پاشایەتی بەس نییە، بەڵکو پێویستە شوێنگەیەکیش هەبێت بۆ پاراستنی ئاسایش. ئەم شوێنگەیەش تەنیا دەکرێ لەدەستی دادوەرانی دیوانی باڵای وڵاتدا بێت بۆ ئەوەی یاسای نوێ پەسند بکات و پێداچوونەوە بەسەر یاسا کۆنەکاندا بکات، بەڵام لە مۆدێلی ئیستبدادیدا هیچ جێگە و شوێنێك بۆ یاسا و هەروەها هیچ بازنەیەکی ناوبژیوان و وابەستە بە دەسەڵات لە ئارادا نییە.

ئیمپراتۆری عوسمانی و پاشان رووسیا، دوو نموونەی بەرجەستە لە مۆدێلی ئیستبدادیی بەر سەرنجی مۆنتسکیۆن. بەبۆچوونی ئەو پرسیاری شیکارانە لێرەدا و لە هەموو شوێنێك ئەمەیە کە هاوسەنگی و باڵانس و پەیوەندی رێژەیی نێوان پاشا و شوێنکەوتەکانی، واتا لەنێوان دەزگای دەوڵەتی و دەسەڵاتە شوێنکەوتە ناوبژیوانەکان چۆنە؟ مۆنتسکیۆ لەم ئاراستەیەدا جیاوازییەك لەنێوان دەوڵەتە رەها ئەوروپییەکان و ئیمپراتۆرییەکاندا بەدی دەکات. زۆربەی ئیمپراتۆرییەکان سوود لە دەسەڵاتێکی ئیستبدادی وەردەگرن (وەك چین). مۆنتسکیۆ لە ئەوروپا، ئینگلستان بە نموونە دێنێتەوە کە بەبۆچوونی ئەو مۆدێلێکی حکوومەتیی نائاساییە، بۆچی؟ چونکە ئینگلستان، ئیستبدادی نییە، بەڵام ئینگلیزییەکان لە بەرژەوەندی ئازادیی خۆیاندا هەموو ئەو دەسەڵاتە ناوبژیوانانە دەسڕنەوە کە پاشایەتی لە تێکەڵەیەکی ئەوانەوە پێکهاتووە. بەم شێوەیە، ئینگلستان لە تەوەری دەسەڵاتدا دەگاتە چارەسەرێکی تاکانە، کە بەپێچەوانەی حاکمییەتی فیۆدالی، کۆمارییە. ئینگلستان دەگاتە دەوڵەتێکی مۆدێرن و کۆمەڵگەیەك بە حکوومەتێکی نەتەوەیی ناوەندییەوە و هاوکات نائیستبدادیشە. بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ، ئینگلستان بەجۆرێك هەم پاشایەتییە و هەم کۆماری و یاسا بنەڕەتییەکەی یاسایەکە کە ئامانجەکەی، ئازادییە.



١. دەبێ ئەوە بگوترێ مۆنتسکیۆ بەپێی فەلسەفەی گشتیی خۆی لەو باوەڕەدا نییە کە ئازادی بۆ هەموو خەڵك باش بێت، چونکە هەندێکەس جیکڵدانی ئازادبوونیان نییە.

٢. لەو رووەوە کە مۆنتسکیۆ پێی وایە ئازادی بەشێوەی یەکسان و یەکپارچە جێبەجێ نابێت، لەوە ناترسێ بڵێ: " ئازادی دەشێ لەڕێگەی داخوازیی مافەکییەوە بەدەست بهێنرێت."

بەم پێیە، خاڵی گرینگ لەڕوانگەی مۆنتسکیۆوە بەڵگەنامەی یاسا نییە، بەڵکو خاڵی گرینگ لای مۆنتسکیۆ ئەو رۆحەیە کە لە یاسادا حەشارە. ئەوە یاسای پراکتیکییە کە نرخی سیستەمی مەشرووع و یاسایی دیاریدەکات نەك یاسای سەر کاغەز. ئازادیی سیاسی بەو مانایە نییە کەسێك بەخواستی خۆی کاربکات، بەڵکو بەمانای خاوەن دەسەڵاتی کردەوە بوونە بەو چەشنەی دەبێ ئیرادەی بکات، کەواتە بابەتی حەیاتیی ئازادی کاتێ گەڵاڵە دەبێت کە لەنێوان بڕیاری ئەخلاقیی کاربەدەست و فەرمانە حکوومەتییەکاندا نەسازی و بەریەککەوتن هەبێت. بەڕای مۆنتسکیۆ، ئازادی هەستی دڵنیایی تاکە لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارانەدا کە پێچەوانەی یاسا نین و لەسزا حکوومەتییەکان پارێزراو بێت. ئاسایشی پێویست، تەنیا کاتێك هەیە کە حکوومەت خۆی لەسەر بنەمای یاسا پێکهاتبێت. کەواتە ئازادیی سیاسی تەنیا کاتێك روودەدات کە یاسا زاڵە، کەواتە ئەم چەشنە ئازادییە پێبەخشراو و خوازراوە کە مرۆڤەکان لە چزووی دەسەڵاتە نابەرپرسیارانەکانی بەردەستی حاکمەکانی خۆیان دەپارێزێت، چلۆن بەدەیدێت؟ بەبۆچوونی مۆنتسکیۆ، جیاکردنەوەی هێزەکان میتۆدێکی بووژاندنەوەیە بۆ رێگەگرتن لە کەڵکاوەژۆکان لەکاتێکدا دەسەڵات لە تاك یان لە گرووپێکدا چڕ بۆتەوە. بەپێی ئەم ئەندێشەیە، مۆنتسکیۆ پێی وایە هەر دەوڵەتێك هەڵگری سێ جۆر دەسەڵاتە: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەو کارانەی پەیوەندییان بە مافەکانی گەلەوە هەیە و دەسەڵاتی

جێبەجێکردنی ئەو کارانەی پەیوەندییان بە مافە شارستانییەکانەوە هەیە. یەکەمیان دەسەڵاتی پەسندکردنی یاساکانە، دووهەمیان دەسەڵاتی ئیدارە و بەڕێوەبەریێتیی سیاسیی دەرەکی و سێهەمیان، دەسەلاتی دادوەرییە.

جان لاك، دەسەڵاتی سیاسی بۆ هێزەکانی یاسادانان، جێبەجێکاری و فیدراتیڤ دابەشدەکات. دابەشکردنەکەی مۆنتسکیۆ بۆ دەسەڵات لەسەر بنەمای جۆری جێبەجێکردنە، چونکە لەدەلاقەی سزاوە سەیر دەکرێت نەك لە دەلاقەی پێکهێنانی نەزم و رێساکان. وتەی مۆنتسکیۆ ئەوەیە کە ئەگەر سێ هێز لە شوێنێکدا کۆببنەوە، ئیتر نە ئازادییەك لە ئارادا دەبێت و نە چاکسازیش. کاتێ ئەم دوو بابەتە بوونیان هەیە کە هێزی دادوەری جودا بێت. هیچکەس نابێ دادوەری سکاڵای خۆی بێت یان جێبەجێکاری ئەو سزایە بێت کە خۆی بڕیاری لەسەردابێت. هەر ئەم بابەتە سەبارەت بە حکوومەتیش راستە. یاسادارێژ دەبێ یاسا دانێت، دادوەران کاتێ دەبێ دادوەری بکەن کە تاوانبار لەبەرانبەریاندا بەرگریی لە خۆی کردبێت. لە دەوڵەتێکی ئازاددا، خەڵك وەك پەیکەرەیەکی تاکانە دەبێ خاوەنی هێزی یاسادانان بن، چونکە هەموو تاکەکان خاوەنی رۆحێکی ئازادن کە لە ئیختیاری خۆیاندایە. مۆنتسکیۆ بە مەبەستی گەرەنتیکردنی دادوەرییەکی دادگەرانە، ئاماژە بەوە دەکات کە دادوەران دەبێ لەهەمان ئەو شوێن و پێگەیەدا بن کە تاوانباری تێدایە.

ئەنجومەی بڕیاردان لەنێو خەڵك هەڵدەبژێردرێن و خانەدانەکان دەبێ لەلایەن لقی خانەدانە یاسادانەرەکانەوە دادوەرییان لەسەر بکرێت. جێبەجێکار جودایە لە یاسادانەر، یاسادانەر لەڕێگەی ماف و توانایییەکانی لە چاودێریدا، جودایە لە جێبەجێکار و چاودێریی کارەکانی جێبەجێکار دەکات. بەم شێوەیە کۆمەڵگەیەکی ئازاد لەو تاکانە پێکدێت کە لەدەوری هێزە جیاجیا و سەربەخۆکانی حکوومەت، گرووپێك پێکدهێنن یان ریفۆرم و چاکسازییان تێدا دەکەن. ئەم پرەنسیپەی جودایی گشت هێزەکان، هەر ئەو شتەیە کە مۆنتسکیۆ پێی وابوو لە حکوومەتی ئینگلستانی



سەردەمی خۆیدا دیتوویەتی. کەڵکەڵەی سەرەکیی مۆنتسکیۆ سەبارەت بە یاسای بنەڕەتیی ئینگلستان، وابەستەبوونی هێزی دادوەرییە. مۆنتسکیۆ لەو باوەڕەدایە لەفەرەنسا دادگاکان بەگشتی ئامرازی دەستی پاشایەتین.

تیۆریی جودایی هێزەکان لەلایەن مۆنتسکیۆوە وەك میتۆدێك بۆ گەرەنتیی ئاسایشی شارۆمەندان لە بەرانبەر دەستتێوەردانە نابەجێ و خۆڕاییەکان لە ژیانی ئارامی ئەواندا پێشنیار دەکات. ئەم تیۆرییە لەکاتی شۆڕشی فەرەنسادا کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو و (سی یێس siy eyes ) زیاترین ئیلهامەکانی خۆی هەر لەم زەمینەیە و لە کاریگەرییەکانی مۆنتسکیۆ وەرگرت. فەرەنسای شۆڕشوان، لە تیۆرییەکانی مۆنتسکیۆ بە مەبەستی سڕینەوەی سزادانە سەرەڕۆیانەکان ، پەیڕەوی کرد، بەتایبەت لەپاش ئەوەی شۆڕش لە قۆناغە توندوتیژییەکانی خۆی تێپەڕبوو و ئەرکی چەسپاندن و رێکخستنی یاساکان هاتە پێشەوە. مۆنتسکیۆ، هەر بەم شێوەیە کاری کردە سەر ئەمریکاش. نەك تەنیا یاسای بنەڕەتیی فەرەنسا، بەڵکو زۆریەك لە یاسا بنەڕەتییەکان لە سەر بنەمای ئەندێشەی جودایی هێزەکانی مۆنتسکیۆ، پێکهاتن. تەنانەت ئەگەر مۆنتسکیۆ، وەك (بۆرك burke) نیشانەیەکی دیاری لایەنی لیبراڵیزم- کۆنسێرڤاتیزمە، بەڵام بەپێچەوانەی بۆرك لە بازنەی ترس لە وێرانی و خاپووریدا کە خۆی بووە هۆی ئەوەی کۆنسێرڤاتەکان لۆمەی لیبراڵەکان بکەن، نییە. مۆنتسکیۆ لەڕاستیدا ، میانەڕەوێکی دژ بە نائاوەزمەندیی توندڕەوانەیە لە حکوومەتدا.

بەواتایەکی تر مۆنتسکیۆ هاودەنگی حکوومەتی پاشایەتیی ئیستبدادی نییە، بەڵام دەخوازێ کە مرۆڤەکان لە ستەمی دووهێندەی پێشداوەری و ئیستبدادەکان رزگار بێت.

## ئیدمۆند بۆرك

ئیدمۆند بورك یەك لە ناودارترین بیرمەندانی ڕەخنەگری ئاوەزی سیاسی و ڕادیكالیزمی شۆڕشی فەڕەنسا بوو. ئەو لە ساڵی ١٧٩٠ كتێبە بەناوبانگەكەی خۆی لەژێر ناوی "چەند سەرنجێك لەمەڕ شۆڕشی فەڕەنسا"دا بڵاو كردەوە.

ڕوانگەكانی ئەو سەبارەت بە گەوهەر و زاتی مرۆڤ لە كۆمەڵگەدا بە شێوەیەكە كە كۆنسێرڤاتەكان بەتەواوی وەریانگرتوون و تا هەنووكەش پشتیان پێبەستوون. لەوانەیە لە سەرتاسەری سەدەی بیستەمدا نرخی ڕەخنەكانی بورك لەسەر شۆڕشی فەڕەنسا هەروا لەسەر پێ بوون و بوونەتە ڕێ واڵاكەرێكی بنچینەیی بۆ خەسارەكانی كۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕانە. بەبۆچوونی بورك ڕوانگە شۆڕشگێڕانەكانی ئەو ئەگەرچی بوونە هۆی پێشنیاری جیهانێكی باشتر، بەڵام هاوكات دەبنە هۆی پەرەسەندنی سیستەمە ئەندێشە توندوتیژیگەرا و دەسەڵاتخوازەكان. خاڵی شایانی سەرنج سەبارەت بە بورك ئەوەیە كە ڕەخنەگرانی تیۆریی شەڕی سارد لە دەیەی پەنجاشدا سوودیان لە بۆچوونەكانی ئەو وەرگرت، بەڵام هەرەسهێنانی كۆمۆنیزم لە ئەورووپای خۆرهەڵاتیش تێڕامانێكی دووبارەی بۆ بۆچوونەكانی بۆرك هێنایە ئاراوە.

بەڵام بۆئەوەی بایەخی ئەندێشەكانی بوركمان بۆ دەركەوێت پێویستە لە فەلسەفەی سیاسیی ئەو خورد بینەوە. بورك بەپێچەوانەی لۆك یان هۆبز هیچ كتێبێكی توێژینەوەیی گشتی و ڕێكوپێكی سەبارەت بە سیاسەت نەنووسیوە. كتێبی "چەند سەرنجێك لەمەڕ شۆڕشی فەڕەنسا" بە یەك لە گرینگترین كارەكانی ئەو دێتە ئەژمار و هەر لەم ڕووەوە زیاتر حاڵەتی پڕش و بڵاوی و ژێرپێستیی هەیە



تا ئەوەی توێژینەوەیەكی ڕێكوپێك بێت. لەڕاستیدا نووسینەكانی بۆرك بەگشتی سەبارەت بە ململانێ فیكرییەكانی سەردەمی خۆی بووە و لەسەر چەند تەوەری وەك چاكسازیی حكوومەت لە سەدەی هەژدەهەمدا و ئەنجام و پاشهاتەكانی كۆلۆنییە ئەمریكییەكان و پەیوەندییەكانی ئینگلستان و ئیرلەندا و هیند و سەرەنجام شۆڕشی فەڕەنسا، كاری كردووە. بەم شێوەیە زۆرینەی نووسراوەكانی ئەو خەسڵەتی سیاسییان هەیە. پێویستە لە لێكۆڵینەوەی بوركدا جەخت بكرێتە سەر سیستەمی سیاسەتی پراكتیكی. ئەمە دەرهاویشتەی سیاسەتی كۆنسێرڤاتیستیی بوركە. لەڕاستیدا بەڕای بورك چەمكی "ئاوەزی سیاسی" لە پراكتیك (سیاسەتی پراكتیكی) جیا ناكرێتەوە.

باشتر وایە بۆ بەسەركردنەوەی فەلسەفەی سیاسیی بورك سەیری پێكهاتە و زاتی كتێبی "چەند سەرنجێك لەمەڕ شۆڕشی فەڕەنسا" بكەین. ئەگەرچی سەرنجەكانی بورك سادە و ساكار دێنە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا یەك لە دژوارترین دەقەكانە بۆ لێكدانەوە و هەڵسەنگاندن. ئەو دژوارییەش بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كتێبەكەی بورك فۆرم و بیچمێكی ڕێكوپێكی نییە. (تۆماس پین) ڕەخنەی لێدەگرێت كە هیچ سەقام و سامانێكی لەكارەكانیدا نییە. پین لە یەكێك لە دیكۆمێنتە بەناوبانگەكانی كتێبەكەی خۆیدا بەناوی "مافی مرۆڤ" دەڵێ:
"مەبەستی بورك هێرشكردنە سەر شۆڕشی فەڕەنسایە، بەڵام بەجێی ئەوەی ئەم كارە بە ڕێكوپێكی و هۆندراوی بكات، فەلسەفەیەكی سەیری لە باوەڕ و بۆچوونە هەمەچەشن و بێ ئامرازەكان پێكهێناوە و هەركام لەگەڵ ئەوی دیدا دژوازە."
هەست دەكرێت قورسایی كتێبەكە لە فۆڕمی نامەنووسانەی ئەندێشەكانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بەهەرحاڵ، خۆدوورگرتنی بورك لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێكوپێك لەگەڵ تیۆرییە پەتییەكانی پەیوەندیدار بە سیاسەتیشەوە ئەم خەسڵەتەی تۆختر كردۆتەوە. ئەو لە پراكتیكدا لە دەلاقەی مۆدێلێكی لێدوانی لەڕووی

لۆژیکییەوە پێکبەستە لە تیۆریی سیاسیدا دەرگیری کێشە تایبەتییەکانی ڕۆژ نابێت (بەهەمان شێوە کە بۆ وێنە هۆبز دەیکات) و کتێبی "سەرنجەکان"ی ئەویش وەك زۆربەی بەرهەمەکانی تری، دەقێکی ڕێکەوت و ڕووداوتەوەرە. ئەو ئەگەرچی زاتێکی ململانێگەری لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسا هەیە، بەڵام هاوکات دەکەوێتە ململانێی ئەو ئینگلیزییانەشەوە کە بەتەمای ئەگەری قەبوولکرانی پڕەنسیپەکانی شۆڕشی ١٦٨٨ی ئینگلستان لە فەڕەنسا پشتگیریی شۆڕشی فەڕەنسایان دەکرد. بەم پێیە نزیکەی سێ یەکی کۆی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ هێرش و ڕەخنە بۆسەر وتارێکی (ریچارد پڕایس) سەبارەت بە "خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەمان" کە لە بۆنەی شێوی "کۆمەڵگەی شۆڕش"دا بۆ بەرزراگرتنی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٧٧ پێشکەشی کردبوو. ریچارد پڕایس لە وتارەکەیدا لێکدانەوەیەك لەسەر پڕەنسیپەکانی شۆڕشی ساڵی ١٦٧٧ ئەنجام دەدات کە بەڕای بورك نەك تەنیا لەڕووی مێژووییەوە دروست نییە، بەڵکو تەنانەت بچووکترین بەرگریی لە هیچ حکومەتێکشی تیادا نییە.

وتارەکەی پڕایس ناوەڕۆکێکی نیشتمانپەرستانەی هەیە کە لەوێدا ئاماژە بە بەهاگەلێکی جیهانی کراوە و بۆوێنە ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە شۆڕشی ١٨٨ی ئینگلستان مافی هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکانی هێناوەتەدی. بەڵام بورك لە وەڵامی پڕایسدا دەڵێ ئینگلستان بە پێویستی زانی بەشێك لە مافەکانی یاسای بنەڕەتیی خۆی هەڵپەسێرێ و لەکاربووەستێنێت و لەم جووڵەیەدا هیچ بوارێك بۆ پێداچوونەوەی ئەم خاڵە کە ئینگلیزییەکان ئازادن لە چاوخشاندنەوە بە هەموو شتێکدا بەخواستی خۆیان، دەستەبەر نەبووە. بەم شێوەیە بورك هەوڵدەدات بەرگری لە پڕەنسیپی "بەردەوامی" بکات و پەنجە لەسەر مافە عورفییەکان common law دادەنێت و دەڵێ: لەو ڕووەوە کە پێشینە و حوکمە لەوەپێشتر قەبوولکراوەکان بەردەوام لە هەنگاوە یاساییەکانی ئینگلستاندا ڕۆڵی زاڵیان هەبووە، بەم پێیە،



یاسای بنەڕەتیی ئینگلستان لە بازنە و لە درێژەی مۆدێلە (ئەزموونییە) نەریتییەکاندایە. بەگوتەیەکی تر، خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئینگلیزییەکان لەڕێگەی داواکاریی "پڕەنسیپە پەتییەکان" و "مافی مرۆڤ" داوا ناکەن و پاساو نادەنەوە، بەڵام مافەکانیان بە میراتی پێشینانیان دەزانن. بەم پێیە بەبۆچوونی بورك هەر بەرەیەك لە خەڵکی ئینگلیس خۆیان وەك "خاوەنانی کاتیی یاسای بنەڕەتی" دەزانن و بەم پێیە مافی خاپوورکردنی تەواوی پێکهاتەی سەرەکیی کۆمەڵگەیان نییە. بەبۆچوونی بورك، ئەم ڕوانگەیە هەم سروشتی و هەم سوودبەخشە چونکە بەبێ ئەو سەرلەبەری زنجیرە و بەردەوامیی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لێك هەڵدەپسێنن. بە واتایەکی تر "بەردەوامی" بەتەنیا خۆی ئەگەری پێشکەوتن دەستەبەر دەکات. بورك دەڵێ کە بەبێ "بەردەوامی" جیلە مرۆییەکان هەروەك مێرووە تەمەن کورتە هاوینەکان دێنە دونیا و دەمرن، بەبێ ئەوەی شتێك لە پێشینیان یان نەریتەکانی خۆیان فێر بن. بەم پێیە چاوەڕوانی و داوا لە رابردوو شتێکی سوودبەخشە چونکە هەم پڕەنسیپێکی پارێزگاری و هەم پڕەنسیپێکی گواستنەی دەستەبەر دەکات. لەلایەکی ترەوە ڕوانینێکی سروشتییە چونکە ئەم سیستەمە سیاسییە لە ڕێسایەکی ڕێکوپێك و گونجاو لەگەڵ نەزمی جیهانیدا ئامادە کراوە. بەواتایەکی تر، بنەمای تیۆریی سیاسی بورك لەسەر ئەم ئەندێشەیەیە کە جیهان خاوەنی نەزمە و یەزدان دیاریکەری شوێنگەی ئێمەیە لە نەزمی وجووددا. ئێمە هەموو لە چوارچێوەی یاسایەکداین کە یەزدان پێی ڕاسپاردووین. ئێمە بەشێکین لە سروشت و پەیڕەوی یاسای سروشتین. بورك دەیەوێ بڵێ یەزدانە نەزمخوازە" بەم پێیە خوازیاری دەوڵەتە چونکە دەوڵەت ئامرازێکی پێویستە کە بەهۆی ئەوەوە سروشتی ئێمە کامڵ دەبێت. لەم ڕووەوە، ئەو دامەزراوانەی لەگەڵ ئیرادەی یەزدانیدا دەگونجێن و بەشێکن لە سروشتی بابەتەکان، باش و گونجاون چونکە هاوئاهەنگن لەگەڵ زاتی بابەتەکاندا. بەڕای بورك، ئەم

دامەزراوانە بەشێکن لە نەریتەکانی ئێمە چونکە هەروەك دارایی و ژیانەکانی ئێمە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەکانی تر. بورك لێرەدا نەریتی سیاسی بە گەڕاندنەوە بۆ سروشت پاساو دەداتەوە. بەبۆچوونی ئەو، نەزمی سیاسی نەریتیی ئەورووپا، هاوئاهەنگە لەگەڵ سروشتی شتەکاندا. هەر بەم هۆیە، ئەوەی شۆڕشی فەڕەنسای کردۆتە رووداوێکی پاساوهەڵنەگر، ئەوەیە کە خەڵکی فەڕەنسا دەستیان دایە بەراوەژووکردنی سروشتی شتەکان. سروشتی شتەکان سەرچاوەی ئاکارن و پڕەنسیپەکانی سیاسەتی راستەقینە، لە راستیدا هەندێ ئاکاری پەرەگرتوون. هەروەك ئاماژە کرا، زەمینەی سەرەکیی ئاکار بەبۆچوونی بورك، ئیرادەی یەزدانییە، کەواتە یاسا یەزدانییەکان و یاسا ئاکارییەکان، یەك شتن، چونکە یەزدان مرۆڤی خولقاندووە و ئەوی ئەرکباری پەیڕەوی کردن لە ئیرادەی ئافرێنەرەکەی کردووە و هەروەها هۆگری و حەزێکی سروشتی بۆ کرداری ئەخلاقی لەوەدا داناوە. بەم پێیە ژیانی کۆمەڵایەتی نەك تەنیا یاساتەوەرە چونکە دەرەنجامی کرداری ئەخلاقیی ئێمەیە، بەڵکو دەرهاویشتەی ئەزموونەکانی ئێمەشن. کەواتە، ئاکار هەوێنی کۆمەڵگەیە و مرۆڤ بەگشتی کۆمەڵایەتین، چونکە وابەستەی یەکدین کرداری هەرکام کاریگەری لەسەر ئەوانیتر هەیە. کەواتە، کۆمەڵگە سیسیتەمێکی پێکهاتوو لە ماف و ئەرکی دوولایەنە.

هەروەك دەزانین، هۆبز و لۆك و روسو، هەموان مرۆڤیان بە سروشتی خۆی بە ناکۆمەڵایەتی وێنا کردووە. بەڵام بۆرك مرۆڤ بە ناکۆمەڵایەتی نازانێت. مرۆڤ تەنیا کاتێك مرۆڤە کە لە کۆمەڵگەدا بێت و مرۆڤێکی تر جگە لەو لە بووندا نییە. بەم شێوەیە بۆرك جیاوازییەك دانانێ لە نێوان دۆخی کۆمەڵگەی شارستانی و دۆخی سروشتیدا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی ئاوەزمەندە. کەواتە بۆرك سەرەڕای جیاوازییەك کە لەگەڵ هۆبز و رۆسۆدا هەیەتی، لەوێدا کە دەڵێ مرۆڤ بەبێ کۆمەڵگە جیاوازییەکی لەگەڵ ئاژەڵی کێویدا نییە، لە هۆبز نزیك



دەبێتەوە و لەوێدا کە دەڵی کۆمەڵگە ئەگەر ئاوەزمەندانە پێکبێت، دەتوانێ سروشتی مرۆڤ کامڵ بکات، لە رۆسۆ نزیك دەبێتەوە. کەواتە بۆرك دەڵی مرۆڤەکان سروشتێکی ناکۆمەڵایەتییان هەیە نەك سروشتێکی پێش کۆمەڵایەتی و ئەم شتەش وەك خۆی نە باشە و نە خراپ بەڵام، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستن بۆ کۆنترۆڵکردنی خراپە و فراوانکردنەوەی چاکەکانی مرۆڤ. بەم پێیە بەرێزەوە رووبەڕووی دامەزراوەکان دەبۆوە چونکە ئەگەر هێرشیان بکرێتە سەر (بۆوێنە لە شۆڕشدا) لەگەڵ دارمانیان ژیان بە تەواوی هەرەس دێنێت. هەروەك دەزانین، بەبۆچوونی لۆك، مەبەست و ئامانجی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پارێزگاری لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤە. ئەرکەکانی ئەوان زیاتر بەرگرانەیە نەك کردەگەرایانە. بۆرك لەو رایەدایە کۆمەڵگە سەرچاوەی مەعریفەی مرۆیی و ئاکار و سامانە. کەوانە ئەگەر کۆمەڵگە سەرچاوەی ئاکار نەبێت تاك لەڕووی ئاکارییەوە ئەگەری دارمانی هەیە و لە گیانلەبەرێکی زیاتر نابێت. پێویستە جەخت لەسەر چەمکی تاك لەلای بۆرك بکرێت چونکە لەو باوەڕەدایە مرۆڤ وەك مرۆڤ، تاکە نەك هیچ شتێکی تر. هەر بەم هۆیە، بۆرك دژی چەمکی پەتی و ئەبستراکتی (ماف)ە. بەم شێوەیە ئەو بەرگری لە مافەکانی خەڵکی ئینگلیس دەکات چونکە بە مافی تاك دەزانێت نەك بە مافی پەتی و ئەبستراکتی بەشەری. بەم پێیە لە روانگەی بوونناسانەوە، بۆرك لەو باوەڕەدایە تاك بوونێکی هەقیقییە. کەواتە تاك لەڕووی فەلسەفییەوە تاکگەرایە، بەڵام لەدەلاقەی ئەخلاق و سیاسەتەوە وا نییە. چونکە هەروەك گوترا، بەڕای ئەو ئاکار لە کۆمەڵگەوە وەردەگیرێت و لە قەڵەمڕەوی سیاسیدا دەبێ خۆی ملکەچی ئیرادەی گشتی بکات. مافە تاکییەکان تەنیا و تەنیا کاتێك هەقیقین کە درێژەی یاسا ئاکارییەکان و بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتییەکان بن و یاسای ئاکاری و ئەرکی کۆمەڵایەتی لەرێگەی خووگرتنەوە بههۆی پرۆسە مێژووییەکانەوە فێر دەکرێن. بەم شێوەیە، بۆرك مرۆڤ بە بوونەوەرێکی خووگر

دەزانێت و خووگرتن خۆی بەرهەمی کاری زەینە جۆراوجۆرەکانە لە نەوە جۆراوجۆرەکاندا. کەواتە بۆرك لەو رایەدایە درێژەدارییەکی مێژوویی لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا هەیە . لەم رووەوە تەنیا مافە واقعییەکان مافگەلی کۆمەڵایەتین. بەواتایەکی تر، مرۆڤ هیچکات ناتوانن خاوەنی مافێك بن کە لەگەڵ مافەکانی کۆمەڵگەدا ناسازگار بێت، چونکە هەموو مافەکان کۆمەڵایەتین، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە مافگەلێکیان هەبێت کە کۆمەڵگەیەکی تایبەت بۆی دیاری کردوون. لەم حاڵەتەدا، پێدەچێ لە مافە واقعییەکانی مرۆڤ بۆ مەبەستی رەخنەگرتن لە حکوومەتەکان کەڵك وەربگیرێت. بەپێچەوانە، مافە پەتییەکان پەیوەندییەکیان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی کارامەدا نابێت و ئاوێتەی نابن و هەر لەم رووەوە دەبنە هۆی وێرانکردنی. بەم شێوەیە بۆرك لەلایەکەوە لە مافە راستەقینەکانی مرۆڤ دەدوێ کە مافی رەسمییە لە کۆمەڵگەدا و بە مەبەستی تێرکردنی پێویستییەکانی مرۆڤەکان گەڵاڵۆکراوە و لەلایەکی ترەوە، باس لە مافە پەتییەکانی بەشەر دەکات کە هەڵگری تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و هەرج و مەرجخوازانە و بێەوودەیە، چونکە لە بناغەوە نە بەکاری بەختەوەریی کردەکیی شارۆماندان دێت و نە بەکاری بەختەوەریی تەواوەتی مرۆڤ.

بۆرك بههۆی دژایەتی لەگەڵ تیۆرییە ناکردەکی و زەینییەکانی ماف و دەوڵەت، بەچەشنێك دەست بۆلای "سوود" درێژ دەکات بێ ئەوەی خۆی سوودگەرا utilitarian بێت. بەبۆچوونی ئەو دادوەریی سیاسی بەمانای هەڵسەنگاندنی ئیمتیاز و نائیمتیاز لە کەڵك وەرگرتن لە پڕەنسیپە دیاریکراوەکاندایە. لێرەدا چەمکی "سوود" پێمان نیشان دەدات کە ئەو پڕەنسیپانە لە دۆخە جیاوازەکاندا چلۆن بەکار ببەین. بەڕای بۆرك لە کۆمەڵگەیەك یان لە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتیدا شتێك کە مسۆگەرکاری "سوود"ە دامەزراوی کۆن و دیرۆکییە. یاسای بنەڕەتیی بریتانیا نموونەیەکی باشە لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کە دامەزراوەیەکی کەونینەیە و



دامەزراوە کۆنەکان هەموویان خۆیان بە سوودمەند نیشان داوە، چونکە ئاوەزمەندی و زانایی لەڕێگەی ئەزمونەوە بەدەست دێت و مەبەستی بۆرك لە ئەزموون، نەك تەنیا ئەزموونی تاکەکان، بەڵکو ئەزموونی چەشنەکانە. ئەگەر چەشنەکان زانا و ئاوەزمەندن، کەواتە تاك دەبێ بە قەبووڵکردن و درك کردنی یاساکانی مەعریفە، خێرهاتنی نەریت بکات. بەگوتەیەکی تر، بەبۆچوونی بۆرك نموونە و سەرمەشقی باب و باپیران بۆ پاراستنی رۆحی ئازادی پێویستە. ئەم شتە ئەگەرچی پێویستە، بەڵام مەرجێکی تەواو نییە بۆ دارابوونی حکوومەتێکی باش، لەبەرچی؟ چونکە دەبێ پەرەستنی باب و باپیران بەسەرنجدان بە دۆخی هەنووکەیی بەهێز و پشتگیری بکرێت. کەواتە دەبێ لەنێوان راسپاردەکانی رابردوو و گۆڕانە مێژووییەکاندا پڕۆسەی سازش و ئاشتی لەئارادا بێت.

بەڵام بە بۆچوونی بورك، هەلومەرجی گۆڕان یان سازش و پێکەوە گونجان لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکاندا نابێ ببێتە هۆی جودایی نێوان نەریتگەرایی و کردەگەرایی. بەڕای بورك گۆڕان نابێ تێکدەری نەزمی جیهانی بێت و نابێ بەدژی خوداوەند شۆڕش بەرپا بکات. هۆی سەرەکیی ئەوەیکە بۆرك بەرگری لە شۆڕشی ١٦٨٨ی ئینگلستان دەکات بەڵام پەرێز لە شۆڕشی فەرەنسا دەکات، هەر ئەم خاڵانەیە. بۆرك دەڵێ شۆڕشی ١٦٨٨ نموونەیەکی مەزنی سەلماندنی گونجان و سازشی گۆڕان لەگەڵ دامەزراوە یاساییەکانە(بەمەبەستی پاراستن و دەستەبەرکردنی پڕەنسیپە بنچینەییەکانی ئەوان). ئەم پڕۆسەیە، زیاتر ریفۆرمیستانە دێتە بەرچاو تا شۆڕشگێڕانە، چونکە لە فەرهەنگی وشەکانی بورکدا، شۆڕش جۆرێك گۆڕانکارییە لە یاسای بنەڕەتیدا، بەڵام ریفۆرم لە راستیدا راستکردنەوەی هەڵەیەکە کە ئەنجامدراوە. شۆڕشی ١٦٨٨ پڕۆسەیەکی بەرگری بوو لە بەرانبەر رەوتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکانی یاسای بنەڕەتیدا، رێگەیەك بوو بۆ رزگاری لە ستەم

و ئیستبداد، کەوتنەوەی کەلەبەرێکە لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا کە خۆی لە پەیکەرەی یاسای پێشنیارکراودا prescriptive دەنوێنێ.

بەم پێیە، شۆڕشی ١٦٨٨ بەشێوەیەك ئازادییە دەستەبەربووەکانی لە ئینگلستان پاراست، هەروەها بنەما مەزهەبی و ئاکارییەکانی خەڵکی ئینگلیزی لە مەترسی رزگار کرد.

بەبۆچوونی بۆرك، نابێ هەوڵی ساغکردنەوەی بەهوروژم و ریشەیی سیستەمێکی سیاسی بدرێت، چونکە هەنگاوێکی لەم چەشنە دژی سروشتی ئاکاری و مەزهەبیی مرۆڤ و دژی سروشتی کۆمەڵگەیەکی شارستانییە. هەر لەم رووەوە بۆرك باوەڕی وایە شۆڕشی فەڕەنسا لە بناغەوە شۆڕشێکی دژە خوداوەندییە خۆی بە ئەرکبار دەزانێ کە هەلومەرجی پشتگیری لە مەسیحییەتی ئەوروپایی بڕەخسێنێت. بۆرك دەڵێ شۆڕشگێڕانی فەڕەنسی، بەڕەتکردنەوەی مەزهەب و نکۆڵی لەم راستییە کە مرۆڤ لەڕووی سروشتییەوە گیاندارێکی رۆحانییە، لەڕاستیدا بۆ شەڕ بەدژی کۆمەڵگەی خۆیان ئاخێزیان کردووە. ئەوان بە وێرانکردنی بنەماکانی کۆمەڵگەی فەڕەنسا، رۆحێکیان لەناو برد کە سەرەنجام بووە هۆی لەناوچوونی ئەوان و جێنشینەکانیان. ئەم خاڵە لە بۆچوونی بۆرکدا بەو مانایەیە کە ناشیرینترین خەسارێك کە رەنگە لە کۆمەڵگەی شارستانی بکەوێت لە روانگە دژەخوداوەندییەکانەوەیە، لەبەرچی؟ چونکە بۆرك لەو باوەڕەدایە کە یەزدان ئەوپەڕی رەهای بوونە ﴿کمال مگلق﴾ و جیهان بەبۆچوونی ئەو بوونێکی وابەستە بە خوداوەندە. بەم پێیە، نکۆڵی لە یەزدان دەرخەری پووچگەرایی مێتافیزیکییە. هەڵبەت بۆرك وشەی پووچگەرایی بەکار ناهێنێت. چونکە لەراستیدا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بیچمی گرت. بەڵام وشەی (خوادژی) atheism کە بۆرك بەکاری دێنێت، لەرووی واتاییەوە یەکسانە لەگەڵ وشەی پووچگەرایی کە داستایۆفسکی بەکاری هێناوە. هەر ئەم روانگەیە بە بەڵگەی سەرەکی لە هزری بۆرکدا دێتە



ئەژمار کە دینگەرایی بنەمایە و جودابیەکی بنچینەیی لەنێوان مەسیحییەت و دینەکانی تردا نییە، بەڵکو لەنێوان خودی مەزهەب لەلایەکەوە و روانگە خوداتەوەرەکان لەلایەکی ترەوەدایە. بۆرك ئەگەرچی دەڵێ رێزی بۆ هەموو ئاگایی و ویژدانەکان هەیە. بەڵام بەم حاڵەشەوە ئاسانگیری لەمەڕ روانگەی خودادژانە قەبووڵ ناکات، چونکە بەباوەڕی ئەو بێباوەڕەکان تەرەکراوی یاسا و رەچەڵەکی مرۆیین. دوژمنایەتییەکی توندوتیژانە کە ئەو لەگەڵ خودادژەکاندا هەیەتی، لەو رووەوەیە کە ئەو خودادژان بە خەڵکانێك دەزانێت کە مەبەستیان سست کردن و داڕماندنی هەموو بەرهەمەکانی کاری یەزدانە. بورك دەوڵەت بە بەرهەمی سەرەکی و راستەقینەی کاری خوداوەند دەزانێت. بەم پێیە دامەزراوێك نییە کە بە سروشتی خۆی نامەزهەبی و سیکۆلار بووبێت و پاشان بە یەکگرتن لەگەڵ کڵێسادا روخسارەیەکی پیرۆزانەی بەخۆوە گرتبێت. بورك ئەم ئەندێشەی یەکگرتن لەگەڵ کڵێسایە رەتدەکاتەوە و بە گۆترەکاریی((speculation دەزانێت، چونکە بەباوەڕی ئەو یەکگرتن لەنێوان دوو شتی جیادا کە هەردووکیان لە سروشتدا هەستەوەر و دیارن، پێکدێت، لەحاڵێکدا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی مەسیحی، کڵێسا و دەوڵەت یەکسانن و لە یەك جۆرن. بەگوتەیەکی تر، بەبۆچوونی بورك رۆحی مەزهەبی کاریگەرە لەسەر شێوەی روانینی شارۆمەندان بۆ سیاسەت، یارمەتیی شارۆمەندان دەدات بۆئەوەی مرۆڤێکی باشتر و شارۆمەندێکی باشتر بن. بەم پێیە وابەستەیی وشیارانەی مرۆڤ بە مەزنێتیی خودا و بەردەوامیی پێکەوە ژیانی گەل، پێك وابەستە و هاوپەیوەندن و هەر لەبەر ئەوە دەشێ هەردووکیشیان پێکەوە هەرەس بێنن. بەبۆچوونی بورك هەر بەم هۆیەیە کە ژیانی نەتەوەیی میراتە، چونکە گەلاڵەیەکی هەیە لە پشت هەموو شتێکەوە کە هەموو شتێکی لەجێگەی خۆیدا رادەگرێ و دەپارێزێت. بە پێیە بورك باوەڕی بەو راستییە هەیە کەسانێك کە لە سیاسەتدا پەرپرسیارێتی لە بەرانبەر کەسانی تردا دەگرنە ئەستۆ دەبێ تەیار بن بە

پرەنسیپە مەزهەبییەکان. بۆرك بەردەوام ئاماژە بەوە دەکات دەبێ وەك شتێکی پیرۆز سەیری دەوڵەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی بکرێت. بەبۆچوونی ئەو بەبێ ڕێزدانان بۆ دەوڵەت، ئەم دیاردەیە لەرووی کاتییەوە درێژەی نابێت و بەکردەوە پیرۆزاییەتیی درێژەگرتنی ئەو خاڵە بەرجەستە دەکاتەوە کە دەوڵەت لە رووی مێژووییەوە لەلایەن خوداوەندەوە ڕێنوێنی دەکرێت. بورك بە پشت بەستن بەم روانگەیە هەوڵدەدات هزری بنەڕەتیی ۆپەیمانی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن نووسەرانێکی وەك جان لاك و روسۆوە گەڵاڵە کراوە رەت بکاتەوە و لەڕاستیدا دەیەوێ ئەم خاڵەی لێپرسینەوەی خەڵك لە رێبەرە سیاسییەکانیان یان دانوستان لەگەڵ دامەزراوە سیاسییەکان، رەت بکاتەوە.

بۆرك بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم روانگەیە، پێداگری لەسەر جیاوازیی نێوان دەوڵەت و رێککەوتنی هاوبەشانە لە بازاڕی بازرگانیدا دادەنێت. بەڕای ئەو دەوڵەت سەروکاری لەگەڵ شتە مەزنەکاندا هەیە، چونکە لەلایەن خوداوەندەوە راسپێردراوە و لەشێوەی دەزگایەکدایە کە مەزنایەتییە مرۆییەکان پێدەگەیەنێت. بەم پێیە پەیمانی کۆمەڵایەمەتی نەك تەنیا هاوکاریی نێوان کەسانی زیندوە بەڵکو پەل بۆ مردووەکانیش و ئەو کەسانەش کە هێشتا نەهاتوونەتە دنیاوە دەکێشێت. لەم رووەوە بورك دەڵێ: "هەر پەیمانێك لە هەر دەوڵەتێکی تایبەتەوە لەراستیدا ماتریالێکە لە پەیمانی تاهەتایی و هەرمانی کۆمەڵگە." بە گوتەیەکی تر پەیمان یان کرداری دەوڵەتی مێژوویی بنەمای تەوەری هەڵبژاردن یان ئیرادە نییە، هۆیەکەشی سادەیە، چونکە لەروانگەی بۆرکەوە بەو مەرجەی پهێرەوانی دەوڵەتەکان ئەندامەتیی خۆیان بە ئیختیاری بزانن، هیچکات بەردەوامی نابێت. بۆرك دژی بۆچوونی میرابۆ، یەکێك لە رێبەرانی سەرەکیی شۆڕشی فەرەنسایە. بەبۆچوونی میرابۆ، هەر بڕیارێکی یاسایی کە لەلایەن گەلەوە نەبێت، بەردەوام نابێت، چونکە میرابۆ لەو باوەڕەدایە کاتێ ئیرادەی گشتی گۆڕانی بەسەردا دێت، کاریگەرییەکەشی لەناو



دەچێت. بۆرك بە پێچەوانەی میرابۆ روانگەیەکی ناشۆڕشگێڕانەی لە هەمبەر دەوڵەتدا هەیە و ئەمەش هانی دەدات بۆ پێشنیارکردنی رێگەچارەیەکی بنەڕەتی بۆ مانەوەی دەوڵەت. بەم پێیە ئەو بەرگری لە دامەزرانی کڵێسا دەکات. بەڕای ئەو کڵێسا کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی هەیە لەسەرووی بەستێنی بابەتە مەزهەبییەکان و تەنانەت پاساودان و بە رەسمی ناسینی سیستەمی سیاسییە. بۆرك پێیوایە کڵێسا دەرکەوت و دەربڕی جۆرێك ئەمینداریی کلتوورییە کەکار دەکات بۆ کۆکردنەوە و کەڵەکە کردنی بەرفراوانی کتێبخانە و مۆزەخانە و شوێنەوارە کۆنەکان، ئێستاش بۆ گەرەنتیی مانەوەی کڵێسا پێویستە وابەستەی دەوڵەت بێت و ئەمەش کاتێ روودەدات کە کڵێسا مافی خاوەندارێتیی دارایی هەبێت و ئەگەر ئەم پرۆسەیە ببێتە هۆی ئوسقوفەکان ببنە دەوڵەمەندانی قەبە، کەواتە چ لەوە باشتر. لێرەدا ئەو لە کتێبی سەرنجەکانی خۆیدا بۆ ئامادەکردنی مێشکی خوێنەر سەبارەت بە دژوازیی نێوان شۆڕشی ئینگلستان و فەڕەنسای شۆڕشگێر، تەوەری چەمکی خاوەندارێتی گەڵاڵە دەکات. پێویستە بزانرێت کە لە روانگەی بۆرکەوە مەزهەب و خاوەندارێتی دوو بنەمای هاوپێن لە کۆمەڵگەدا.بەم پێیە ئەگەر بڕیار وابێت بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت دەبێ بەرگری لەم دوو بنەمایە بکرێ و کەسانێك کە هێرش دەکەنە سەر هەرکام لەو دوانە لەڕاستیدا دوژمنی کۆمەڵگەن. بۆرك دەڵێ دەوڵەت وابەستە بە داهاتی خۆیەتی. سەرچاوەی داهاتی دەوڵەت خاوەندارێتی و دارایەتییەکانییەتی. خاوەندارێتیش هەر بە سروشتی خۆی دسەڵات لەگەڵ خۆیدا دێنێ و ئەمەش بناغەی یاسای سیاسەت و ئاکارە. بەم پێیە، ئاساییە کە خاوەندارێتی، حاکم و بەرقەرار بێت و هەروەها سروشتیشە کە حکوومەت لە ئاراستەی خاوەندارێتیدا کار بکات. بۆرك لەم سۆنگەیەوە، سێ تایبەتمەندی بۆ خاوەندارێتی وێنا دەکات:

گەوهەری خاوەنداریێتی لە نایەکسانی و هەروەها لە تایبەتمەندیی گواستەنیبوونی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تردایە.

خاوەنداریێتی، بەرژەوەندییە تایبەتی و گشتییەکان یەك دەخات، چونکە بەرگریی خاوەن زەوییەکان لە خاوەنداریێتی هەم رەهەندێکی گشتی هەیە و هەم هۆیەکی تایبەتیش.

خاوەنداریێتی یارمەتیی بەردەوامیی کۆمەڵگە دەکات و نەوەیەك بە نەوەکەی ترەوە دەلکێنێت.

بورك سەبارەت بە تایبەتمەندیی خاوەنداریێتی دەڵێ: تایبەتمەندیی خاوەنداریێتی، نایەکسانییە. بەبۆچوونی ئەو مرۆڤ لەڕووی سروشتی خۆیانەوە یەکسانن، بەڵام لە هەر شوێنێکدا کە یەکسان بن خاوەنداریێتی لەوێ لاوازە.

کۆمەڵگە بەشێوەی سروشتی بەرهەمهێنەری خاوەنداریێتی و نایەکسانییە. بەم پێیە خاوەنداریێتی لەژێر کاریگەریی کات، لە زاتی شتەکانەوە ئاخێز هەڵدەگرێت و نایەکسانی لەگەڵ خۆی دێنێت.

مرۆڤ نایەکسان دەبن چونکە هێندێکیان دەبنە خاوەن سامان و هێندێکی تر، نابن، بەڵام خاڵی شایانی سەرنج ئەوەیە کە بۆرك دژی هەر چەشنە دەستتێوەردانێکە لە ستراکتۆری خاوەنداریێتیدا:

چونکە خاوەنداریێتی بابەتێکی سروشتییە و حکومەتیش بۆ مەبەستی پاراستنی خاوەنداریێتی پێکدێت.

خاوەنداریێتی نابێ هەمدیسدا بەش(بازتوزیع) بکرێت، چونکە وەرگرتنی لە دەوڵەمەند و پێدانی بە هەژار ژیان و خەسارێکی گەورە تووشی دەوڵەمەند دەکات، ئەمە لەحاڵێکدایە کە سوودێکی کەمیش دەگات بە هەژار. ئەو راستییە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ژمارەی دەوڵەمەندان کەم و هەژاران زۆرن. بەم پێیە، چ دەستی هەژاران ناگرێت.



یەکسانی، دوژمنی ئازادییە. بەم پێیە دیموکراسی سیاسی و یەکسانی ئابووری، هیچ خزمایەتی و هاوپەیوەندییەکیان لەگەڵ ئازادیدا نییە.

کەواتە چ بکرێت باشە؟ بەگشتی وادیارە روانگەی بۆرك لەهەر دەستبەتاڵان توندوتیژ و بێبەزاییانەیە، بەڵام بورك هەوڵدەدات واقیعگەرا بێت. بەم پێیە دەیەوێ بڵێ دەوڵەت دەبێ خۆشەویست و پڕسۆز بێت، بەڵام نابێ دڵناسك و بەبەزایی بێت، چونکە ئەم رەوشتە لەڕووی یاسای سروشتەوە قەدەغەیە. لەم رووەوە تەنیا سەرنج و رێزگرتن لە رەوتی سروشتیی شتەکان دەستبەتاڵان رزگار دەکات، چونکە ئەگەر یەکسانی لەئارادا بێت، ئەوکات سامانێکی کەم بۆ دابەشکرد لەئارادا دەبێت و ئەمە بەو مانایەیە کە نایەکسانی لە سامان و دەسەڵات و پێگەدا، بکەرێکی بەرهێن و بەرهەمهێن و پێکهاتەسازە. بەم پێیە کۆمەڵگەی شیاو بە سروشتی خۆی کۆمەڵگەیەکی نایەکسانە و هەوڵدان بۆ دابینکردنی یەکسانیی زیاتر لە کۆمەڵگەدا هەنگاوی دژ بە سروشتە. هزری یەکسانی هەڵگری زاتێکی رووخێنەرانەیە لە فێرکردندا. ئەندێشەیەکی ترسناك و دێوەزمەئاسایە. وا هەست دەکرێ باشترین رێگە بۆ تێگەیشتن لە بەرگریی بۆرك لە نایەکسانی، خوردبوونەوە لە تیۆریی حکوومەتی ئەوە. بەبۆچوونی بورك بونیادی حکوومەت نەك لەسەر بنەمای وێنایی مافی مرۆڤ بەڵکو لەسەر سروشتی مرۆیی و ئاسایشی سیاسی، وەستاوە. مەبەستی بورك لە ئاسایشی سیاسی هەبوونی خۆشبەختی و بەختەوەری بۆ هەموانە، بەڵام بەختەوەری بۆ هەموان بەبۆچوونی ئەو رەهەندێکی بایلۆژیی هەیە و وەك روانگەی سوودگەراکان ماتماتیکی نییە. بورك بیر لە سەرجەم تاکەکان ناکاتەوە، بەڵکو باس لە هەمەکێکی دینامیکی دەکات. بەم پێیە پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە: پەیمانی دەسەڵات دەبێ بەدەست چ کەسانێکەوە بێت؟ بورك بەروونی وڵام دەداتەوە پەیکەرەی حکوومەت بریتییە لە پاشایەتییەکی میراتی، ئەریستۆکراتییەکی میراتی و ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتی کە دەنگەکانی خۆیان لەڕێگەی دەنگە

هەڵبژاردەنییەکانی Elective کۆمەڵێکی دەستەبژێر کراو، بەدەست دێنن. بۆرك ئەم پێکهاتەیە بە یاسایەکی سیاسیی کارامە دەزانێت و سوور دەبێت لەسەر ئەوەی لە بەرانبەر گشت شۆڕشەکاندا بەگریی لێبکات. بۆرك باوەڕی بەوە هێناوە کە پاشایەتی باشترین جۆری حکوومەتە.

بەرگری ئەو لە حکوومەتی پاشایەتی نە ڕەهەندێکی هەستەکیی هەیە و نە شاعیرانەش بەڵکو مێژوویی و کارکردییە (فۆنکسیۆناڵە)، چونکە لەو باوەڕەدایە پاشایەتیی میراتی تۆخمێکی بنەڕەتیی لە دەقی یاسای بنەڕەتیدا هەبووە و هەیەتی و دەبێ. بەبۆچوونی بۆرك پاشای میراتی تۆخمی زاڵ و کلیلی یاسای بنەڕەتییە. ستایشی بۆرك لە پاشایەتی میراتی بە سەرنجدان بە ڕوانگەی ئەو بێباوەڕانەی ئەو بە حەشامات کامڵ دەبێت. تەنانەت ئەو کاتەی باس لە حکوومەتی خەڵك دەکات، مەبەستی حکوومەتێکی جەماوەری نییە. کاتێ بۆرك دەڵێ خەڵك خۆیان ئەربابی خۆیانن مەبەستی زۆرینە نییە، بەڵکو جەماوەرێکی ڕێکخراوە. بورك لەڕاستیدا ئەندیشەیەکی تەواو دیاریکراوی سەبارەت بە جەماوەر هەیە و لەڕووی ئاکارییەوە و نەك لەڕووی سیاسییەوە هاودەردی لەگەڵ هەژاران دەکات.

بۆوێنە دەڵێ: "کاتێ کێشەی خەڵکی هەژار لە پاشایەتیدا بکەوێتە بەرباس، من ڕووی خۆم لە هەرچی دەسەڵات و شانازی کە بەرزترین شوێنیان لێرە هەیە وەردەگێڕم و ئەگەر کار کۆتا بێت و بگاتە ژیان و مەرگ، بەشی من ڕوونە. من خۆم لەگەڵ هەژاران و ژێردەستە و لاوازەکاندا دەبینم." بەم پێیە بەبۆچوونی بورك و کۆنسێرڤاتەکانی تری وەك (کارلایل)، خۆشەویستی بۆ مرۆڤ هەمیشە نزیکە لەم بیرۆکەیەوە کە زۆرینە ناشێ حکوومەت بکات.

کەواتە کۆمەڵگەی شارستانی بەبۆچوونی بورك، نەك وەك گەلاڵەیەکی ڕەسەن، بەڵکو بەستێنێکی سیاسییە کە نیشاندەری جیاوازی و جیاکارییە تریژهەڵنەگرەکانە لە نێوان جەماوەردا. لەم ناوەندەدا گرینگترین جیاوازیی بۆچوونی بورك، ئامادەیی



بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسییە. پێشتر گوتمان بۆرك بڕوای بە حەشامات نییە. ئەو بە ئیمان بە هەڵبژاردنی ڕێبەر لەناو گرووپێکی بچووکی جەماوەر پێداگری لەسەر ئەو بیروباوەڕییەی خۆی دەکاتەوە و دەڵێ: "ڕێبەرایەتی لە قۆرخی سروشتیی ژمارەیەکی کەمی جەماوەردایە کە دەرفەتی بەدەستەوەگرتنی شتەکانیان دەست دەکەوێت." بەم پێیە بەبۆچوونی بۆرك ناشێ گشت شارۆمەندان بە یەکسان و هاوچەشن لەبەرچاو بگیرێن، چونکە ئەوا لە جێی خۆیان لە کارگەی کۆمەڵایەتیدا، کە سروشت دایاندەنێت، ترازاون. بۆرك ڕاست لەم سۆنگەیەوە ڕەخنە ئاراستەی شۆڕش دەکات. ڕەخنەی بۆرك لە شۆڕشوانان ئەوەیە کە ئەوان سادەترین ڕێگەیان لەڕێگەی لۆژیکی تاکە پرەنسیپەکانەوە هەڵبژاردووە، بەڵام خەڵکی ئینگلستان بەپێچەوانەوە لەهەوڵی ئاشتەوایی و یەکگرتنی ئەم پرەنسیپانە لە گشتێکی تۆکمە و ڕێکوپێکدان.

بۆرك لەڕاستیدا دەیەوێ دژهۆنییەکانی ناو پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسا ئاشکرا بکات، هەروەها ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە شۆڕشوانانی فەرەنسی بە لەناوبردنی سیستەمی ئیداری پاشایەتی جێگیر کردنی سیستەمێکی نوێی ئیداری لە فەرەنسا، لەڕاستیدا ڕێسەیەکی تریان لەو سۆز و هەستانەی کە خەڵك بە یەکتری و بە ڕابردوویانەوە گرێ دەدات، هەڵپساند. هەروەك ئاشکرایە بۆرکیش وەك مۆنتسکیۆ هەوڵ دەدات پشتگیری لە سەربەستیی دادوەریی خۆجێی لە دامەزراوە نەریتییەکاندا دەکات و پێداگریی لەسەر دەکاتەوە، چونکە بەبۆچوونی بورك، فەرەنسا بە یەختەکردنی ئەم دەسەڵاتانە و دابەزینی هەموو شارۆمەندەکان بۆ یەك ئاست و پێگە لە پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا لەڕاستیدا ڕێگەی ڕەهاگەرایی دەگرنەبەر.

ڕەخنەی تری بۆرك لەسەر یاسای بنەڕەتیی فەرەنسایە. لەروانگەی ئەودا فەرەنسا وەها لە دەسەڵاتی پاشا دوورکەوتۆتەوە کە ئیتر دەسەڵاتێکی بۆ

بەڕێوەبردنی خۆی نییە. پاشا وەك سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێكردن، هیچ چاودێرییەكی بەسەر دەزگای دادوەریدا نییە و هیچ مافێكی لە دەستەبەركردنی دەسەڵاتی خۆیدا نییە و دەسەڵاتێكی بۆ پووچەڵكردنەوەی بڕیارەكان نەماوە. ئەو تەنانەت هیچ ڕێزێكیشی نییە. بۆرك دەڵێ نابێ پاشا بكرێت بە دوو كەرتەوە، نابێ ئەو وەك پاشایەك بكرێتە ملكەچی ئەنجوومەنێك چونكە ئەو لە پەیوەندیكردن بەم ئەنجوومەنەوە هیچ ڕێز و حورمەتێك بەدەست ناهێنێت و دەوڵەتە دەرەكییەكانیش بەهەندی ناگرن. بورك لێرەدا پەیتا پەیتا ئاماژە بە هاوئاهەنگكردنی دامەزراوەكان لەگەڵ سروشتی مرۆییدا دەكات. ئەم بە ئاماژە بەم پرەنسیپە، لەبەریەك بوونەوەی دسیپلینی ناو سوپای فەرەنسا دەداتە بەر رەخنە. بۆرك دەڵێ شۆڕشوانانی فەرەنسا بە پڕوپاگەندەی مافی مرۆڤ بۆ سەربازانی فەرەنسا تووشی باوەڕی پڕوپووچیان دەكەن و هەر ئەم شتانەش دەبنە هۆی ئەوەی ئەوان ئیتر پابەندی هیچ نەزمێك نەبن.

بەگشتی بۆرك پشتیوانی سیستەمی كۆنە، تەنانەت ئەگەرچی هێندێ جار بە ئیستبدادی ناوی دەبات، بەڵام بەبۆچوونی ئەو ئیستبداد هۆكاری سەرهەڵدانی شۆڕش نەبووە. هەر لەم ڕووەوە بورك دڵنیایە لەوەی سیستەمی پێشوو دەرفەتی ریفۆرمی تێدا هەبووە و پێویستی بە شۆڕش نەكردووە. كەواتە بۆچی شۆڕش كرا؟ چونكە پیلانگێڕان دەستیان هەبووە لەو كارەدا. چینی حاكمیش لە خشڵ و خاڵی ئەندێشەگەلی ئەریستۆكراتیدا نوقم و گەندەڵ ببوون و ئیرادەی خۆیان بۆ حاكمییەت دۆڕاندبوو. فەلسەفەی نادروستی سەردەم ڕەگاژۆی كردبووە ناو دەربارەوە و پاشا و وەزیرەكانیش بەو پەتایەوە تووش ببوون.

بورك پارە بە هۆكارێكی تر دەزانێت. شۆڕشی فەرەنسا لەلایەن چینی مامناوەندەوە و بەتایبەت پارەگۆڕ و پارەبازانی بازاڕەوە ڕوویدا و بەرژەوەندیی پارەگۆڕەكانی (صراف) دەستەبەر كرد. بۆرك پێیوایە كە فەرەنسای شۆڕشگێڕ بەدەست بكەرانی پشتی پەردە و سوودخۆران و چاونەترسان و دەڵاڵ و قۆرخچییەكان



ڕێبەرایەتی كرا كە هەموان بۆ تێكشكاندنی پاشایەتی و كڵێسا و ئەریستۆكراسی دەستیان دایە دەست یەك.

دەرەنجامی ئەم هەنگاوە، تێزی یەكسانی و مافی مرۆڤ بوو. بۆرك لەو باوەڕەدایە كە ئارمانەكانی شۆڕشوانانی فەرەنسا، بەڕواڵەت ڕۆشنگەرانە و پێشكەوتنخوازانە و ئازادیخوازانە دێتە بەرچاو، بەڵام ئەزموونە مێژووییەكان ئەوە دەردەخەن كە لەكاتی پراكتیزەكردنی ئەو ئارمانانەدا هەندێ بەرەنجام دەكەونەوە كە پێچەوانەی ئەو شتە دەردەخەن.

بەم پێیە بۆرك هەوڵدەدات كەلەبەری نێوان بانگەوازەكانی ئازادیخوازی و دەرەنجامە ئیستبدادییەكانی شۆڕشی فەرەنسامان بەگوێدا بدات. لەبەر ئەم شێوە ڕوانینانە، زۆركەس وا بیردەكەنەوە كە بۆرك بێتوانا و پڕ كەموكورتی بووە، چونكە پشتگیریی لە شۆڕشەكانی ئینگلستان و ئەمریكا دەكات بەڵام دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسا دەكات، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونكە بۆرك هیچكات دانی بە شۆڕشی ئەمریكادا نەنا، بەڵكو ستایشی ئارمانجی ئەمریكاییەكانی دەكرد. بەڕای بۆرك ئەو ڕۆڵەی ئەندێشە پەتی و ئەبستراكتەكان لە شۆڕسی ئەمریكادا گێڕایان پەراوێزی بوو. پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت كە بۆرك لەنێوان ئەو شۆڕشە پێویست و ناپێویستەكاندا بۆ بەرگری لە ئازادییەكان و یاسا نەریتییەكان جیاوازی دادەنێت. بەڕای ئەو هەوێنی سیستەمە نەریتییەكان لەوەدایە كە دەرفەتی چاكسازییان تێدا هەیە و پێویستیان بە شۆڕس نییە. پێویستە ئەمڕۆ بیر لەو خاڵە بكرێتەوە كە جیاوازیی نێوان ئەم دوو گوتەزایە تا چەندە دەتوانێ سوودبەخش بێت. شۆڕش یان ریفۆرم، كامیان پێویستە؟

## ئیمانوێل کانت

کانت یەکێك لە مەزنترین روخسارەکانی مێژووی فەلسەفەیە. ئەم فەیلەسووفە ئەڵمانییە توێژینەوەکانی خۆی لە چوارچێوەی نەریتی ئاوەزباوەڕیی دیکارت و ئیسپینۆزا و لایب نیتزدا دەست پێکرد و تووشی دۆگماییەك هات کە دەرهاویشتەی کاریگەریی رەخنەکانی دێڤید هیوم لە ئاوەزگەرێتیی باو و پەیوەندیی لەگەڵ هۆکارێتیدا بوو. ئەو سەرەنجام فەلسەفەیەکی رەخنەیی سازدا کە لەڕاستیدا تێکهەڵکێشێك لە توخمە ئامادەکانی ناو نەریتی ئەزموونباوەڕیی لۆك و هیوم و ئەندێشەی ئاوەزباوەڕانی دیکارتی بوو.

دەکرێ رەخنەی دێڤید هیوم لە ئاوەزباوەڕانی دیکارتی لەو دوو رستەیەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

١. جیاکاری و جیاوازیی لۆژیکییانە.
٢. پێناسە.

جیاکاری و جیاوازی، زاراوەیەکە کە دەلالەت دەکاتە سەر ئەوەی تیۆرییە میتافیزیکییەکان ئەزموونین نەك شیکارانە، بەڵکو لەو دەستە تیۆرییانەن کە نکۆڵی لێکردنیان نابێتە هۆی خوددژهۆنی، بەلام ئەگەر بڵێین "مرۆڤ میرایە، سوقرات مرۆڤە، کەواتە سوقرات میرایە." تیۆرییەکی ئەزموونیمان گەلاڵو کردووە و لێرەدا نکۆڵی لێکردنی هەڵگر (مەحموول) دەبێتە هۆی دژهۆنی لە بابەت (مەوزووع)دا، بەڵام ئەگەر بگوترێ "خودا هەیە"، ئەم تیۆرییە ئەزموونی نییە.



پێناسە، مانا بە بیردۆز دەبەخشێت. ئەگەر رێك بکەوین لەسەر جیاکاری و پێناسەش قەبووڵ بکەین، لەم حاڵەتەدا هەوڕێ لەگەڵ هیو، و پۆزیتیڤیستەکان دەگەینە ئەم ئەنجامە لۆژیکییە کە تیۆرییە میتافیزیکییەکان بێمانان.

کانت تیۆریی مانادار بوونی بابەت و هەڵگر لە تیۆرییە لۆژیکییەکانی هیوم دا قەبووڵ ناکات. بەبۆچوونی ئەو کێشە لە تیۆرییە لۆژیکییەکاندا نییە، بەڵکو گرینگی لە چەمکی بڕیار و حوکمدان لەو تیۆرییانەدایە کە ئەوانی تر گەلاڵەیان کردووە. کانت دەڵێ هەموو حوکمێك یان شیکارییە یان پێکهاتەیی. حوکم شتێکە کە لەوێدا بیر لە پەیوەندیی نێوان بابەت و هەڵگر دەکرێتەوە. چ هەڵگر پەیوەندیدار و ئاخنراوی ناو بابەت بێت و چ بەجیا و لە دەرەوەی بابەت بێت. کاتێ دەڵێین" "رۆژی بارانی رۆژێکی تەڕە"، لەڕاستدا رووی نووچەیی یان هەڵگر (رۆژی تەڕ) لەڕاستیدا لە گوزارە یان بابەت (رۆژی بارانی) دا حەشارە. بەم حوکمە دەگوترێت حوکمێکی شیکاری، بەڵام ئەگەر بڵێین "رۆژی بارانی، رۆژێکی ساردە" هەڵگر (رۆژی سارد) لە بابەت ( رۆژی بارانی)دا جێناگرێت. بەمەیان دەگوترێت حوکمی پێکهاتەیی.

بەبۆچوونی کانت، حوکم دەتوانێ یان پێشینە بێت یان پاشینە. لەحاڵەتێکدا حوکم پێشینەیە کە سەربەست بێت لە گشت ئەزموونە مرۆییەکان و پەیوەندیی بە حوکمەکانی ترەوە نەبێت. بۆوێنە: "دوو لەگەڵ دوو دەبێتە چوار". حوکمێکی پێشینەیە. ئەم حوکمە لەڕووی لۆژیکییەوە سەربەستە لە هەر حوکمێکی تر کە لە جیهاندا هەبێت، بەڵام حوکمێك لەحاڵەتێکدا پاشینەیە کە لەڕووی لۆژیکییەوە وابەستە بێت بەو حوکمانەی ترەوە کە لە ئەزموون یان هەستەوە دەردەچن. بۆوێنە، کاتێ دەڵێن: "هەموو ئەو کەسانەی ژێر پێیان بەتاڵ بێت بە عەرزدا دەکەون" حوکمێکی پاشینەمان درکاندووە.

گشت حوکمە شیکارییەکان، پێشینەن، چونکە سەربەستن لەو حوکمانەی لە ئەزموونی هەستەکییەوە دەردەچن. گشت حوکمە پێکهاتەییەکانیش پاشینەن، بەڵام ئایا حوکمی پێشینەی پێکهاتەییش هەیە؟

ئەم پرسیارە هەمموو ئەو حوکمانە دەگرێتەوە کە رووی هەڵگرەکانیان لە رووی بابەتدا نەپۆشراوە و لە هەمان کاتدا، لەڕووی لۆژیکییەوە سەربەستن لە هەر ئەزموونێکی هەستی. کاتێ دەڵێن: " هەموو گۆڕانێك هۆکارێکی هەیە"، لەلایەکەوە حوکمێکی پێشینەمان درکاندووە (چونکە ئەزموونێکی تایبەتیی لەخۆ نەگرتووە) و لەلایەکی ترەوە حوکمێکی پێکهاتەییە، چونکە نکۆڵی لێکردنی دەبێتە هۆی خوددژهۆنی. کتێبی (رەخنە لە ئاوەزی پەتی)ی کانت لە بناغەوە گەڕانێکە لە چییەتی و کارکردی حوکمە پێشینەییە پێکهاتەییەکاندا. میتۆد و شێوە روانینی کانت لە توێژینەوەی حوکمە پێشینە پێکهاتەییەکاندا دەرهاویشتەی روانگەی گشتیی ئەو سەبارەت بە چەمکی حوکمە.

کانت لەنێوان "حوکم" و " قەبڵاندن"دا جیاوازی دەکات. ئەم دوو چەمکە دەگەڕێنەوە سەر دوو سروشتی جیاوازی زەینیی ئێمە، واتە "دەرك" و "هەست". ئێمە لەڕێگەی "هەست"ەوە لە شتەکان تێدەگەین، لەحاڵێکدا کە لەڕێگەی "دەرك"ەوە لە ئەندێشەی ئێمەدا دەردەکەون.

کانت لێرەدا هەوڵ دەدات سنوورەکانی مەعریفە لە مرۆڤدا دیاری بکات و ئەو جیاوازییەی لەنێوان شتە ناسهەڵگر و ناسهەڵنەگرەکاندا هەیە بەیان دەکات.

لەڕوانگەی کانتدا دیکارت و ئاوەزگەرانی تر لە رادەی ئاوەزگەراییدا زێدەڕۆییان کردووە لەوانەیە شەوکەتێکی یەزدانییان پێبەخشیوە. لەچاوی کانتدا ئەم رستەیەی: تێفکرین لە شتێك بە مانای سەلماندنی بوونایەتیی ئەو شتەیە، تەواو بە زێدەڕۆییانە و رێگەپێنەدراوە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئاوەزی مرۆڤ ناتوانێ لە بوونە بان سروشتییەکان تێبگات. لەڕاستیدا ئاواز لە هیچ تێناگات،



بەڵکو تەنیا تێیان دەفکرێت. لەم رووەوە زەینی مرۆڤ لە شتی ئیدراکی پێکنەهاتووە، بەڵکو چالاکانە ئەو داتا خامانەی کە لە ئیدراکدا کۆدەبنەوە پەروەردە دەکاتەوە و بیچمیان پێکدەدات.

دیکارت، بلیمەتی جیاکاری و جیاوازی نێوان زەین و شتەکان بووە، بەڵام کانت بە داهێنانی دوانەیەکی نوێ (لەنێوان دیارسە و نۆمێن(noumena)، ئەو دوانەیەی دیکارت رەتدەکاتەوە. بەبۆچوونی کانت لەنێوان ئەو جۆرەی کە شتەکان خۆیان هەن و ئەو جۆرەی لەلای ئێمە دەردەکەون، جیاوازی هەیە. کانت حاڵەتی یەکەم بە "نۆمێن" و حاڵەتی دووهەم بە "دیاردە" ناودێر دەکات.

کەواتە ئێمە ناتوانین شتەکان بەو جۆرەی کە هەن بناسین، بەڵکو تەنیا دەتوانین لە رووکار یان لە دەرکەوتی دیاردەیی ئەوان تێبگەین.

بەبۆچوونی کانت مەعریفە (ناس) واتە دروستکردنەوەی واقعییەت بەڵام نەك خودی واقعییەت. مەعریفەی مرۆیی پرۆسەیەکە کە دوو چەمکی "دەرك" و "هەست" لەخۆدەگرێت. هەست، وێناکردنی شتەکانە لە کات و شوێندا. کانت،، کات و شوێن بە واتای بیچمە نایابەکانی ئیدراك ناو دەبات، بەو مانایە کە کات و شوێن شتگەلێکی واقعی نین، بەڵکو بیچمگەلێکن کە لەلایەن ناسێنەرەوە ئامادە دەکرێن. ئەوانە ئەو چەشنانەن کە ئێمە بههۆیانەوە لە واقعییەت تێدەگەین، بەڵام خودی واقعییەت نین. بەم شێوەیە کات و شوێن دەبێ خۆیان لە ئێمەدا حەشار دەن و هەر دەرکەوتێك لە چوارچێوەی کات و شوێندا خۆی جێگە و شوێنێکی هەیە.

کەواتە، هەست وەك خۆی مەعریفە نییە. ئێمە پێویستیمان بەوەیە کە داتا گریمانەییەکانی خۆمان پێناسە و دەستەبەندی بکەین. لەسەرەتا و بەر لە هەر حوکمێك، حوکمگەلێکی واتایی هەن کە تەنیا باوەڕپێکراوی زەینی ئێمەن.

کاتێ دەڵێین : "ئەم ئاوە ئاوییە" لە حوکمێکی لەم چەشنەدا دوو تایبەتمەندی لێك جیادەکەینەوە:

١. بەکارهێنانی واتا تایبەتییەکان : ئاو و ئاوی.
٢. جۆری پەیوەندیی ئەوان لە حوکمدا.

لە روانگەی کانتدا ئەوەی بابەتی بوون و گشتیبوون دەبەخشێت بە حوکمێك "چەمك" یان "گوتەزای" پێشینەیە. چەمکەکان یان گوتەزاکان بۆ جیاکردنەوەی شتە ئەزموونییەکان بەکار دەهێنرێن. بۆ وێنە چەمکی "هۆکارێتی" توانای ئەوەمان دەداتێ کە لەمەڕ پەیوەندیی نێوان رووداوە واقیعییەکانی ناو کات و شوێندا حوکم دەربکەین.

بەبۆچوونی کانت، دوازدە گوتەزا هەن کە لە چوار گرووپی سەرەکیی واتە "چەندێتی" و "چۆنێتی"، "پەیوەندی"، "عەرەز"دا پۆلێنبەندی دەکرێن. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە هێزی ئیدراك لە چەمکگەلی تر کە بەرزترن لە شتە واقیعییەکان کەڵك وەرنەگرن. بەڕای کانت، مێتافیزیکی نەریتی جۆرێك کەڵك وەرگرتنی ناوازەیە لە چەمکەکان و جیاوازە لە بەکارهێنانی ئەزموونیی ئەوان.

مێتافیزیکزانە نەریتییەکان لایان وابو کە هێزی ئیدراك دەتوانێ لە شتگەلێك تێبگات کە نایەنە بازنەی هەستەوە. هەست لە جیهانی دیار و بەدی تێدەگات بەڵام زەین دەتوانێ جیهانی نابەدی (ئەفلاتوون و دیکارت) وێنا بکات. مێتافیزیکزانان لایان وابوو کە بەم شێوە روانینەوە توانیویانە "ئازادی" و "خودا" بسەلمێنن، بەڵام بەبۆچوونی کانت هەموو بەدییەکان هەستەوەرن و زەین تەنیا دەتوانێ شتە هەستەوەرەکان راڤە بکات. زێدە لە هەستکردن و ئیدراك هێزێکی تر هەیە بەناوی "ئاوەز". ئاوەز دەیەوێ هەموو شت و



بابەتەکانی مەعریفە هاوئاهەنگ و یەکپارچە بکات و حوکمە ئەزموونییەکان بخاتە ژێر فەرمانی پڕەنسیپێکی گشتییەوە. ئاوەز بەشوێن مەعریفەی تەواوەوەیە و لەم تێگەیەدا سیستەمێکی رێکوپێك ئامادە دەکات. بازنەی بیرۆکەکانی ئاوەز لە دەوری خود، خودا و جیهاندایە. هەموو ئەم بیرۆکانە لە سەروو ئەزموونەوەن. ئامانجی ئاوەز یارمەتیدانی ئیدراکە لەڕێگەی یەکانگیرکردنی گوتەزاکانەوەیە. ئامانجی ئاوەز خولیاگەری و باوەڕهێنان بەو خەیاڵەیە، بەڵام بەبۆچوونی کانت خولیاگەری مەعریفە نییە. لەلایەکی ترەوە ئاوەزیش لە رێگەبردنە ناو شتە ئەستەمەکان و لکاندنی ئایدیاکان بە پەیوەندییە واقیعییە بان هەستی یان نۆمێنەکاندا، لاوازە. لەم رووەوە خودا، خود و جیهان، ئایدیاگەلێکن لە سەرووی مەعریفەوە. ئەمانە لە جیهانێکی پایەدارن کە شتێکی وەك ئیدراکی "بەدی" لەئارادا نییە. بەگوتەیەکی تر، مرۆڤ ئەندامی دوو جیهانە: یەکیان جیهانی هەستەوەر و ئەویتر جیهانی هەڵگری دەرك. لەم رووەوە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیە بێ ئەوەی پێوەست بێت بە گەوهەری ئاوەزێکی تایبەتییەوە.

ئەم دوالیتەیە لە مرۆڤدا رێگەیەك بۆ بیرکردنەوە لە بەختەوەری و ئەرکی پەیڕەوی لە یاسای ئەخلاقی دەدات بە دەستەوە . کانت دەڵێ: یاسایەکی عەینیی ئەخلاقی هەیە کە هەڵبەت نەك لەڕێگەی ئەزموونەوە بەڵکوو لەڕێگەی ئاوەزەوە دەردەکەوێ.

بەم شێوەیە یاسای ئەخلاقی بە حەز و هەستەکانی ئێمەوە نەبەستراوەتەوە بەڵکو وەك حەقیقەتێکی پەتی شتێکی پێشینەیی و ئەزموونییە. کانت جیاوازی دەکات لەنێوان کرداری ئەخلاقی و کرداری یاساییدا. کردار کاتێك لەڕووی ئەخلاقییەوە دروستە کە پاڵنەرەکەی هەستکردن بە بەرپرسیاری بێت، بەڵام ئەگەر تەنیا بەپێی ئەرك ئەنجام بدرێت ئەوکات یاساییە. ئەو دۆخە

رەسمییەی کە لەنێوان هەموو کردارە دروستە ئەخلاقییەکاندا پاڵنەری سازگارییە لەگەڵ یاسای گشتیدا.

کانت چەن چەشنی جۆراوجۆری حوکم (maxims) دیاری دەکات و جیایان دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەو ناوەندەدا چەند پرەنسیپێکی گونجاو لەگەڵ ئەخلاقدا هەڵبهێنجێت. یەکێك لەو پرەنسیپانە "پرەنسیپی گشتیی لادانە". فەرمانێك کە بەشێوەی ئەرکبارکەر دەردەچێت لەڕاستیدا پرەنسیپێکی عەینی پرۆکتیکی بەشێوەی "دەبێ"یەك دەسەپێنێ. ئەگەر کردار لەگەڵ ئەرك سازگار بێت کردارێکی دروستە چونکە لەگەڵ هەندێ یاسادا سازگارە. دوو چەشنە پرەنسیپی عەینی هەیە : پرەنسیپە مەرجدارەکان hypothetical پرەنسیپە ڕەهاکان categorical.

– پرەنسیپە مەرجدارەکان بەیانگەری کردارێکی زەروورین، تەنیا بەو مەرجەی بکەر ئیرادەی هەبێت بەسەر کردارێکی دیاریکراودا.

– پرەنسیپە ڕەهاکان بەیانگەری زەروورەتێکی پراکتیکی و بێمەرجن لە ئەنجامدانی کردارێکدا.

کانت دەڵێ تەنیا ئەرکبارییەکی ڕەها هەیە و ئەویش پرەنسیپێکە کە هەموو پارسەنگە ئەخلاقییەکان لەخۆدەگرێت. کانت هەروەها دەڵێ یاسای ئەخلاقی بههۆی ئاوەزی پەتیی پراکتیکییەوە رەهەندێکی خۆسەپێنەرانە پەیدا دەکات و وەك پرەنسیپێکی سەربەخۆ و دەرکپێکراو لەقەڵەم دەدرێت. تاکە ئەزموونگەرەکان کە بەشێوەی ناکەسانە (ناشەخسی) پەیڕەوی یاساکانن دەبێ لەوە تێبگەن ئەم ئیرادە ئاوەزییە سەرچاوەی هەموو دەروەستی و یاساکانە، ئەگەرنا، ئیتر ڕێگەیەك بۆ پاراستنی هەمەکی بوون زەروورەتی یاسای ئەخلاقی و هەروەها سازگاریی ئەو لەگەڵ ئازادیدا، بۆ ئێمە نامێنێتەوە.



ئەو بکەرە ئاوەزییەی پرەنسیپەکانی هێزی یاساسازیی گشتی لەخۆبگرێت، کەسە و وەك ئامانجێك لەخۆیدا لەقەڵەم دەدرێت.

ئەو مرۆڤایەتییەی لەناو دیتراندا هەیە دەبێ جێگەی ڕێز و بایەخی ئێمە بێت. کەرامەتی (کەس) لەو توانستانەدا حەشارە کە هەیەتی بۆ ڕێکخستنی ئەو دەستە پرەنسیپە عەینییانەی کە وەك یاسا بەلای هەموو مرۆڤەکانەوە باوەڕی پێهێنراوە. ئەگەر بڕیار وایە ئازاد بین دەبێ بەجۆرێك رەفتار بکەین کە هەمیش مرۆڤایەتی بەجێبێنین جا چ سەبارەت بە خۆمان و چ سەبارەت بە دیتران، نابێ وەك ئامراز مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، بەڵکو دەبێ وەك ئامانج لەبەرچاویان بگرین. کانت روانگەیەکی سەبارەت بە کۆمەڵگە هەیە کە بەپێی ئەو روانگەیە هەر تاکێك ئەوانیتر وەك "غایەتێك لەخۆیدا" دەبینێت. بەم پێیە لە کۆمەڵگەی کانتیدا تاك هەم ئەندامە و هەم گرووپ. ئەو یاساگەلێك دادەنێت کە خۆی پەیڕەوی لێدەکات. کۆمەڵگەیەکی لەم چەشنە دەبێ وەك کۆمەڵگەیەکی خوازراو و لە ئاراستەی ئامادەکردنی پاڵنەر و وزەی پێویست بۆ رەفتاری ئەخلاقیدا پێکبێت. کانت پێی وایە کەناڵی ئەخلاقی لەسەر بەستێنی کردەگەرایی وەستاوە. ئەو بەپێچەوانەی ماکیاڤێلی سیاسەت بە پلەیەك خوارتر لە ئەخلاق دەزانێت. ئەو پێی وایە سیاسەتوان ڕێگەپێدراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، خۆی بە هەموو ئامرازێکی نایاساییەوە هەڵدەواسێت. کانت لە دەلاقەی ئەخلاقەوە کۆمەڵگەی مۆدێرن پێناسە دەکات و بە دەرخەری ئیرادەی گشتیی دێنێتە هەژمار. ئۆتۆریتەی ئەخلاقیی ئەم دەوڵەتە دەرهاویشتەی ئیرادەی ئازادی ئەو شارۆمەندانەیە کە پێکەوە ڕێککەوتوون لەسەر بەدیهێنانی ئۆتۆریتەیەکی هاوبەش. ئاوڕدانەوەی کانت بۆ تەوەری دەوڵەت لەم بوارەدا هاوشێوەی روانگەی رۆسۆیە. یەکەم هەوڵی گرینگ کە ئەو هەوڵی روونکردنەوەی دەدات، رەزایەت و مافی رادەربڕینی تاکەکانە سەبارەت

بە رۆڵی حاکمییەت. مەرجی حاکمییەتێکی باش و کاریگەر ئەوەیە کە ئێمە پەرە بە وزەی ئیرادەی گشتی و یەکپارچەی خەڵك بدەین نەك پشت بە ئیرادەی تایبەتیی خۆمان یان تاکەکانی تر ببەستین. ئەم روانگەیە کانت دەگەیەنێتە ئەو جێیەی کە دەڵێ مەرجە شارستانییەکان و دەوڵەت لەهەر سۆنگەیەکەوە کە سەیری بکەین هاوکێشەگەلێکی یەکسانن. پەیوەندییە هاوبەشەکان، هەمان پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵگە وەك گشتێکە. دەوڵەتیش هەر لەرِیزەی ئەم پەیوەندییانەدایە بەڵام ئەمەیان لەدەلاقەی کۆمەڵگەوە وەك گشتێك سەیر دەکرێت، لەحاڵێکدا لە کۆمەڵگەی شارستانیدا هەر ئەم پەیوەندییانە لە دەلاقەی تاکییەوە سەیر دەکرێت، چونکە دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی مەبەستەکانی یەکتری دەگەیەننە ئەنجام. کانت جیاوازییەك لەنێوان ئەو دوانەدا دانانێت، ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی بە پێکەوە و لەپاڵ یەك دەبینێت. دەوڵەت لە روانگەی کانتەوە ئۆتۆریتەیەکی گشتییە کە ئەگەری تاکێتیی تایبەت دەرەخسێنێ و کۆمەڵگەی شارستانی گۆڕەپانێکە بۆ هەبوونی ئەم تاکێتییە تایبەتە. بەم پێیە، کانت بەپێچەوانەی هیگڵ دەوڵەت بە دەرکەوتی بەختەوەرییەکی باڵا و سەرتر لە بەختەوەریی تاکە پێکهێنەرەکانی (کۆمەڵگە) نازانێت. کانت لە روانگەیەکی بێلایەنانە و بەبێ دەستتێوەردانەوە سەیری دەوڵەت دەکات. ئەو رۆڵی دەوڵەت لە پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا دەبینێت و بەرژەوەندییە گشتییەکانیش بە شتێکی زیاتر لە کەڵەکەبوونی بەرژەوەندییە تاکییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە نایەنەتە هەژمار. کانت دەوڵەت وەك یەکێتییەکی پێکهاتوو لە ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکانی ژێر دەسەڵاتی یاسا پێناسە دەکات: هەر دەوڵەتێکی دیاریکراو تەنیا لەگەڵ ئەم بۆچوونە لەسەر دەوڵەت سازگارە کە یاساکانی لە پرەنسیپە پێشینەکانی مافەوە دەرچووبێت. بۆ مەبەستی پەیرەوی و ملکەچکردن بۆ دەوڵەت، پێویستە یاسا



ئازادیی هەموو تاکەکان و سەربەستیی شارۆمەندان گەرەنتی بکات. تاکە ئازاد و سەربەست و یەکسانەکان لە دەوڵەتێکدا دەنگ و رۆڵێ یەکسانیان لە یاسای بنەڕەتیدا هەیە. یاسای بنەڕەتی لای رۆسۆ، ئیرادەی تایبەتیی شارۆمەندان بە ئیرادەی گشتیی حاکمییەتەوە گرێدەدات و یەکانگیریان دەکات. کانت ئەم ئیرادە گشتییە بە خاوەنی سێ تایبەتمەندی یان سێ دەسەڵات دەزانێت:

١. دەسەڵاتی یاسادارێژ
٢. دەسەڵاتی جێبەجێکار
٣. دەسەڵاتی دادوەری

بەبۆچوونی کانت، یاسادارێژ لە سەنتەری چەمکی دەوڵەتدایە کە تەنیا لەلایەن ئیرادەی یەکپارچەی خەڵکەوە دەسەڵاتی پێدەدرێت. ئەوەی کانت دەیەوێت لە دەوڵەتی مۆدێرندا دەستیکەوێت، یاسایەکی بنەڕەتی بە نوێنەرایەتیی کۆماریخوازییە بەبۆچوونی کانت دیموکراسی تەنیا بەشێوەی حاکمییەتی خەڵك دەتوانێ بوونی هەبێت و ناتوانێ وەك بیچمێکی رەسەنی حکوومەتی دابنرێت. لەروانگەی ئەودا تەنیا دوو بیچمی راستەقینەی حکوومەت هەن، یەکیان کۆماری و ئەویتر ئیستبدادییە. کۆماری پرەنسیپێکی سیاسییە کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی جێبەجێکار لە دەسەڵاتی یاسادارێژ جیا دەبێتەوە. بەبۆچوونی کانت باشترین رێگەی گەیشتن بە یاسایەکی بنەڕەتی کۆماریی خوازراو ئەوەیە کە لە هەلومەرجی پاشایەتیی رەهاوە دەستپێبکەین و پاشان هەنگاو بنێین بۆ چاکسازیی دەسەڵاتی پاشایەتی هەتا جێیەك کە ئیتر پاشا هیچ نفووزێکی کەسانەی لە چەسپاندنی یاساکاندا نەمێنێت. ئەگەرچی کانت سیستەمی پاشایەتی لە سیستەمی جەماوەری بە باشتر دەزانی بەڵام ئەو لایەنگری لە هەر ئامرازێك دەکات کە شا لە ستەمکاری دوور بخاتەوە. کانت، بەر لەوەیکە لە سیاسەتدا ریفۆرمخواز بێت، کەسێکی لیبراڵە.

بەبۆچوونی کانت وابەستەیی تاك بە دەوڵەت وەك وابەستەیی ئەندامی لەشە بە جەستەوە. دەوڵەت لەڕووی ئەخلاقییەوە نوێنەری ئیرادەی گشتی خەڵکە و تاکی شارۆمەند دەبێ خۆی وەك بەشێك لەم ئیرادە گشتییە کە لەراستیدا دروستکەری یاسایە، بزانێت. لێرەدا لۆك و رۆسۆ لە کانت وەپێش دەکەون، چونکە ئەم مافە بۆ شارۆمەند بە رەوا دەزانن کە دەتوانێ رەزایەتی خۆی لەو حاکمییەتەی تووشی گەندەڵی بووە وەربگرێتەوە. بەبۆچوونی کانت هەمیشە ئەم رێگەیە لەبەردەم تاکدا ئاوەڵایە کە لە بەرانبەر ئیرادەی حاکمدا بەرەنگار ببێتەوە و حاکمییەتیش مافی ئەوەی هەیە کە لەبەر کردارەکانی سزای بدات. کانت دان بەوەدا دەنێت کە بەرەنگاری ئەگەرچی لەڕووی ئەخلاقییەوە رێگەپێدراو نییە، بەڵام ئەگەری روودانی هەیە. روودانەکەی دەتوانێ بەشێوەیەك بێت کە ببێتە هۆی گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەیەکی باشتر. بەبۆچوونی کانت، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە لە شۆڕشی فەڕەنسادا روویداوە.

کانت لەگەڵ زۆریەك لەو خاڵە مافەکییانەی شۆڕشوانان لە ئەمریکا و فەڕەنسا شەڕیان بۆ کرد، هاودەنگ بوو، بەڵام لەگەڵ پلانی ئەو کەرەستانەی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسیی خۆیان هەڵیانبژاردبوو، هاودەنگ نەبوو. ئەو لەگەڵ ئەو ئارمانانەی فەڕەنسییەکان هەوڵیان بۆ دەدا هاودڵی دەکرد، بەڵام ئەو هاودڵییە بەو مانایە نەبوو کە خاوەنی یاسایەکی بنەڕەتیی پاشایەتییان هەبێت ئیدعای گۆڕینیان هەبێت. لەم رووەوە کانت شۆڕشی فەڕنسا وەك هەنگاوێکی مەزن لە پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتیدا قەبووڵ دەکات بەڵام رەخنەی لە زیان و مەترسییەکانی ئەو توندوتیژییانە هەیە کە لە شۆڕشدا روودەدات.

کانت کۆماریخوازێکە کە هەندێ هۆگرایەتی لیبرالیی هەیە. ئەو لەم باوەڕەدایە کە کۆماری مۆدێرن بۆدێلێکە لە دەوڵەت کە زیاترین گونجانی لەگەڵ



ئەرکە یەزدانی و دونیاییەکاندا هەیە. بەم حاڵەوە لەگەڵ یاسای بنەڕەتی پاشایەتیدا هاودەنگە بەڵام یاسایەکی بنەڕەتیی سنووردار بێت، چونکە لە بنەڕەتەوە لەسەر ئەم رایەیە کە ئەو گۆڕانانەی پێویستن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کۆماری تەنیا بەمەرجێك روودەدەن کە بڕیارەکان لەسەرەوە دەربکرێن. ئەرکی پاشا ئەوەیە کە بە رۆحی کۆمارییەوە حکوومەت بکات، بەگوتەیەکی تر پاشا دەبێ بەپێی پڕەنسیپە پەیوەندیدارەکان بە رۆحی ئازادییەوە لەگەڵ خەڵك رەفتار بکات، واتە ئەو پڕەنسیپانەی کە خەڵکی پێگەیشتوو لەڕووی ئاوەزەوە بە گونجاوەی دەزانن بۆخۆیان. بەرگریی کانت لە ئازادیی سوودوەرگرتنی گشتی لە ئاوەز، بە تەوەرێکی قەبوولکراوی فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقیی ئەو دێتە هەژمار. چەمکی ئازادی، کلیلی سەرەکی تەواوی سیستەمی هزری کانتە. ئەو لەم زەمینەیەدا ئیدعایەکی زۆر بەناوبانگی هەیە. هزری رەخنەیی لەهەوڵی ئەوەدایە کە ئەگەری (خود بەڕاستگەران)ی سووژە بە تەواوی بگاتە ئەنجام و ئەوەش خۆی بەهەبوونی ئازادییەوە بەستراوەتەوە. لەم رووەوە دوو بەهای بنەمایی لەهزری رەخنەییدا هەیە. لەم رووەوە دوو بەهای بنەمایی لەهزری رەخنەییدا هەیە کە یەکیان بەکارهێنانی هاوبەشی ئاوەز و ئەویتر بەرنامەی ئازادییە.

تێزی کانت لەژێر ناوی (رۆشنگەری چییە؟) بەرگرینامەی بەناوبانگی ئەو لە ئازادیی سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز لەخۆدەگرێت. هەڵبەت ناوی تێزەکە تاڕادەیەك چەواشەکارە. چونکە مەبەستی کانت لەڕاستیدا پێناسەی "رۆشنگەری" نییە، بەڵکو بەرگریکردنە لە فەلسەفەی رۆشنگەری لە بەرانبەر ئەو هۆڕانکارییانەدایە کە هەڕەشە لە دسیپلینی ئەخلاقی و ئۆتۆریتەی سیاسی دەکەن. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە تێزەکەی کانت بەرگری لە رۆشنگەری لەژێر ناوی چاخی مرۆڤایەتیدا دەستپێدەکات، بەڵام لە سەرتاسەری باسەکەدا لە

ئازادیی سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز وەك کەرەستەی رۆشنگەری دەدوێت. هەڵبەت ئەم میتۆدە بۆ کانت مانادار بوو. ململانێ سیاسییەکان لەسەر دەرفەت و بەرتەسکی و سنووردارییی رۆشنگەری رەچاوکراوی کانت و هاوچەرخەکانی بوو.

لەسەردەمی کانتدا حاکمییەتی فریدریك، چاکسازی یاسای بنەڕەتیی پرۆس و هەروەها ئازادیی یاساکانی پەیوەندیدار بە مەزهەب و پەرەپێدانی راهێنانە جەماوەرییەکانی لەگەڵدابوو.

پەرچەکرداری کۆنسێرڤاتەکان بەدژی ئەم چاکسازییانە لەساڵانی ١٧٨٠دا تۆختر بۆتەوە. کانت ئاگاداری هەڵوێستە دژە رۆشنگەرییەکانی پرۆس بوو و هەمیشە وەك ململانێیەکی بەردەوام لەنێوان ئاوەز و ئۆتۆریتەی سیاسیدا دەزانی لێی(رۆشنگەری) دەڕوانی. پێناسەی کانت لە رۆشنگەری بەم شێوەیەیە: "رۆشنگەری خاڵێکی وەرچەرخانە کە لەوێدا مرۆڤ لە هەتیوی دەردەچێت. هەتیوێتی بێتوانایی تاکەکانە لە سوودوەرگرتن لە ئاوەزی خۆیان."

رۆشنگەری قۆناغێکە کە لەوێدا مرۆڤ دەرك بە سەربەستیی خۆی دەکات. مانای "چاخی پێگەیشتن" یەکسانە لەگەڵ "دەرکی سەربەستی" و دانانان بە بەرپرسیارێتییەکانە.ئەوەی کانت دەیڵێ لەسەر ئەم گریمانییە وەستاوە کە مرۆڤ چ قەبووڵی بکات و چ نەیکات هەمیشە لە بەرانبەر کێشەکانی خۆیدا بەرپرسە (کەسێك کە هەتیوە لە بەرانبەر داراییەکانی خۆیدا بەرپرسیار نییە و کەسانی تر دەبێ کێشەی داراییەکانی بگرنە ئەستۆ.) کێشەی سیاسی ئەوەیەکە چلۆن هەموان بگەنە ئاستی خۆژیێنی بەبێ ئەوەی دەرەنجامێکی ناخۆشی لێبکاوێتەوە. ئەم بۆچوونە کە هەرکەس تەنیا بە خەمی خۆیەوە بێت، بۆچوونێکی مەترسیدارە و ئەم باسەی کە: قەشەکان و حاکمەکان و راهێنراوان پێشنیار دەکەن کە خەڵك دەبێ بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی هەروەك منداڵان



هەمیشە پشت بە کەسێکی تر ببەستن، هەڵەیە. کانت لە تێزەکەیدا مەبەستیەتی ئەو روانگانە رەت بکاتەوە. بەبۆچوونی ئەو هەتیوبوون کارێکی ئاسانە. زۆرکەس لەم هەلومەرجەدا وابەستە و ئاوێزانی دەسەڵاتێك دەبن چونکە ئەو ورەیەیان نییە کە بەبێ پشت بەستن بە رێبەرێك سوود لە ئاوەزی خۆیان وەربگرن. وابەستەبوون دەبێتە خوویەکی سروشتی بۆیان و تەنانەت زێدە لە جاران گیرۆدەی ئەو حاڵەتە دەبن. بەڕای کانت ئەمە ناپوختەیی و هەتیویی سروشتی نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی گەلاڵەیەکی ورد و وردەکارە. کانت بەدوای بەدیهێنانی توانست و توانای خۆبەڕێوەبردنەوەیە، بەڵام نەك وەك شتێکی تایبەتی. (کانت بە کەمی ئاوڕ لە رۆشنگەریی تایبەتی دەداتەوە). ئەو پێداگری لەسەر ئەگەر و زەروورەتی رۆشنگەریی گشتی لە رێگەی شەفافییەتی فەلسەفییەوە دەکات. مەرجەکانی سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لەئاوەز دەبێ هەمیشە ئازاد بێت. ئەم ئازادییە خەڵك دەگەیەنێتە رۆشنگەری. سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز چەمکێکی تیۆری نییە بەڵکو کانت بەجۆرێك راهێنانی پراکتیکی و جۆرێك لە چالاکیی رەخنەگرانەی دەزانێت. گەلاڵەی فێرکردنی رۆشنگەریی لە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات و ئۆتۆریتەدا دەلوێت. رۆشنگەری پرۆسەیەکە کە لەوێدا مرۆڤ پەی بە سەربەستی خۆی دەبات و پەرپرسیارێتیی کارەکانی خۆی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام مەبەستی کانت ئەوە نییە ئەوانەی گەیشتوون بە رۆشنگەری دەتوانن هەوڵی بەدەستهێنان و وەرگرتنی دەسەڵات بدەن. بۆچوونی کانت سەبارەت بە حاکمان روونە: دەسەڵاتی ئەوان لە گونجاوترین حاڵەتدا ئەوەیە کە سوود لە پێشنیارەکانی خەڵکانی خوێندەوار بگرن. ئەو چاوی لە بەرژەوەندییەکانی ئەوانە نەك لە وشیاری و ئاگاییەکانیان. بەبۆچوونی کانت ئازادیی سوودوەرگرتن لە ئاوەز لە کاروباری سیاسیدا ئەو هەلە بۆ شارۆمەندان دەڕەخسێنێ کە کۆمەڵێك بۆچوون بۆ

دروستکردنی پێکهاتەیەکی باشتری مافەکی لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە یاسادارێژیی باو پێشکەش بکەن. بەبۆچوونی کانت مرۆڤەکان هەمیشە بنەمای حکوومەت بوون و بەرگری لە ئازادیی سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز دەخوازێ کە حکوومەتەکان لەم خاڵە تێبگەن. لەم ڕووەوە کانت پێشنیار دەکات حاکمان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی قەشەکان دەبێ لەگەڵ فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری یەك بگرن، بە گوتەیەکی تر وا هەست دەکرێ فەلسەفە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویستی بە بەشداری و هاوکاریکردنە لە دەسەڵاتی سیاسیدا. ئەوەی کانت دەیڵێ ئەمەیە: ڕۆشنگەریی جەماوەری پێویستی بەوەیە دەسەڵاتی شارستانی جێگەی بڕیارە مەزهەبییەکان کە وەك بنەمای حکوومەت ڕەچاو دەکرێن، بگرێتەوە. کانت باس لەوە دەکات کە (فریدریك پرۆس) خۆی یەك ڕۆشنگەرە. بەڵام فریدریك وەك کەسایەتییەکی سیاسی تەنیا بەپێی بنەمای مرۆیی ئۆتۆریتەی خۆیەوە خاوەنی ڕۆشنگەری بوو. بەبۆچوونی کانت تەنیا ئەو کەسە لە سێبەرەکان ناترسێ کە گەیشتبێت بە ڕۆشنگەری. لەم ڕووەوە پێشنیاری کانت بۆ سوودوەرگرتنی ڕەخنەگرانە لە ئاوەز، ڕێگەی پێشکەوتن بەرەو خۆبەڕێوەبردنێکی سیاسی پەرەگرتر ئاوەڵا دەکات، هەرچەندە لەم ناوەندەدا هیچ گەرەنتییەکیش لە ئارادا نییە.

لە کۆتاییدا کانت سەبارەت بە بەرگری ڕێککەوتن لە نێوان مەبەستە حکوومەتییەکان و ئامانجە فێرکارییەکانی ڕۆشنگەران، خۆش نییە. سەرنجی کانت بۆ تەوەری ئازادی لە سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز لە هەموو نووسینەکانی ئەودا سەبارەت بە سیاسەت ڕەنگی داوەتەوە. بەم حاڵەوە بابەتەکانی یەکێك لە کتێبەکانی بەناوی "مشتومڕی کۆلێژەکان" تایبەتە بە بەرگری لە ئازادی.

ئەگەرچێ ئەم تێزە لەڕووی کاتییەوە لەگەڵ تێزی (ڕۆشنگەری چییە؟) ١٤ ساڵیان مەودا هەیە بەڵام هەردووك تێزەکە لە دەربڕینی مەبەستە سیاسییەکانی



کانتدا پەیوەستەییەکی شایانی سەرنجیان هەیە. کانت لە کاتێکدا مشتومڕی کۆلێژەکانی نووسی کەوتبووە ژێرسانسۆڕ و کۆنترۆڵی حکوومەتی فریدریك ڤیلیامی دووهەمەوە کە لەپاش فریدریکی مەزن گەیشتبووە دەسەڵات

کانت خۆی دەڵێ: مشتومڕی کۆلێژەکان بەرلەوەی کۆمەڵە وتارێك بێت بە مەبەستگەلی جیاجیا و لە سەردەمە جیاجیاکاندا، کارێکی یەکپارچە و یەکبیچمە."ئەو لەپاش نووسینی ئەم تێزە بەوە گەیشت کە ئەوان خاوەنی یەکێتییەکی ڕێکوپێك و پەیوەستەن. کۆلێژەکانی ئاڵمان لە سەرتاسەری سەدەی هەژدەهەمدا تووشی وەستان ببوون.

ئەو ڕاهێنانانەی لەم زانکۆیانەدا دەکران بە نەشیاو و کۆن دەهاتنە بەرچاو و لە هەموو شوێنێك دەنگۆی گۆڕانکاری دەهاتە گوێ. کانت لە وەڵامی ئەم قەیرانەدا هەوڵیدا زانکۆکان هان بدات بەرەو ئامانجەکانی ڕۆشنگەری ڕۆڵی ئەوان لە کەرەستەی دەستی حکوومەت بوونەوە بگۆڕن بۆ شوێن و دامەزراوەگەلێك بۆ سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز. ئاوڕدانەوەی کانت لەم بابەتە لە بنەڕەتەوە کردەگەرایانەیە. ئەو بەم باسەوە دەست پێدەکات کە زانکۆکان دامەزراوەگەلێکی سیاسین و لەم ڕووەوە حکوومەتەکان دەتوانن وەك کەرەستەیەکی حکوومەتی سوود لە زانستەکان وەربگرن.

کانت دەڵێ ئەو بابەتانەی لەلایەن ئەو سێ کۆلێژە بەرزەوە فێردەکرێن، لەسەر بنەمای پاڵنەرە سروشتییەکانە کە حکوومەت دەتوانێ دەست لە بابەتەکانیان وەربدات. ئەو، سێ پاڵنەرە بەمشێوەیە دەناسێنێت:

١. ئاسوودەیی بەردەوام بۆ هەموان؛

٢. ئاسوودەیی شارستانی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە؛

٣. ئاسوودەیی و ساخڵەمەی جەستەیی.

ئەم سێ کۆلێژە بەرزە ئەو دامەزراوانەن کە کانت بە شوێنی سوودلێوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز لە قەڵەمیان دەدات. ئەوان خوێندکاران لەسەر گوێرایەڵی رادێنن نەك ئەوەی رایانبێنن بۆ ئەوەی بیر لە دۆخی خۆیان بکەنەوە، بەڵام کۆلێژی فەلسەفە هەڵگری هەل ودەرفەتی پێویەتە بۆ سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز. فەلسەفە ئامرازی حکوومەتی نییە و تەنیا کەڵکەڵەکەشی زانستە. بەرگریی کانت لە فەلسەفە لەسەر بنەمای ئەم مەرجەیە کە حکوومەت لە پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا پێویستە بگات بە رۆشنگەری. ئەو ئەم پرۆسەیە لە سێ قۆناغدا جیا دەکاتەوە:

١- بەرژەوەندیی حکوومەت لە حکوومەتکردندایە نەك لەو شتانەی کە دەیەوێ بە هۆیانەوە حکوومەت بکات.

٢- حەقیقەت ئامرازحەقیقەت ئامرازێکی زۆر کاریگەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان،

٣- کۆلێژە بەرزەکان دەبێ بەشێك بن لە کۆلێژی فەلسەفە ئەگینا لەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە هەیەتی کەڵکی ئاوەژوو وەردەگیرێت.

بەرم شێوەیە کانت دەست لە گەڵاڵەی رۆشنگەریی خۆی ناکێشێتەوە. رای ئەو سەبارەت بە ناسازگاریی یاساپارێزانەی کۆلێژەکان دەرخەری پیلانی حکوومەتگەران و خوێندەواران بۆ خنکاندنی دەنگی ئاوەز لە پانتای ژیانی گشتیدا. لەپەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا کانت بۆ جارێکی تر لە تێزی "رۆشنگەری چییە؟"دا "شەفافییەت" وەك ئامرازێك پێشنیار دەکات کە مرۆڤ دەتوانێ بهۆیەوە پرسیارگەلی دروست گەڵاڵە بکات. کانت دەزانێ کە فەلسەفە ناتوانێ رێبەرایەتیی حکوومەتەکان بکات. بەڵام فەیلەسووف وەك راوێژکار و پێشنیارکەرێك دەتوانێ حکوومەتگەران ئاگادار کاتەوە کە هەنگاوەکانی خۆیان لەسەر بنەمای ستانداردەکانی ئاوەز هەڵهێنێتەوە. لەم رووەوە شەفافییەتی



فەلسەفی دەتوانێ کەلەبەری نێوان تیۆری و پراکتیك لە پانتای سیاسەت و ئەخلاقدا داپۆشێت بەڵام ناتوانێت بەتەواوی ئەو کەلەبەرە پڕبکاتەوە.

بەبۆچوونی کانت سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە ئاوەز و دەسەڵات دەبێتە هۆی شکانەوەی زیاتری ئاوەز و دەسەڵات بەرەو یەکتری. بەڵام بە هیچ چەشنێك بەشوێن ئەوەوە نییە کە بەجێی دەسەڵاتی سیاسی بەشوێن حکوومەتی ئاوەزەوە بێت. لەڕوانگەی کانتدا رۆشنگەری هەم رەخنەیی و هەم فێرکارییە، بەڵام شۆڕشگێڕ نییە.

ئامانجەکانی ئەندێشەی کانت بریتین لە:

١. سەربەستی لە بابەتە مەزهەبی و ئەخلاقییەکاندا.

٢. بیچمگرتنی کۆمارییە لیبراڵییەکان وەك ئامانجی سیاسەت.

کانت بیرمەندێکی گەشبینە. وابیر دەکاتەوە سەرەنجام لە داهاتوودا مرۆڤەکان لە هەلومەرجی ئاشتیی پایەداردا دەژین. ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە ئەو پشتی بە کەسایەتی و تایبەتمەندیی کەسەکان بەستووە، بەڵکو دەرهاویشتەی ئەو باوەڕەیە کە هەلومەرج و بارودۆخەکان سەرەنجام مرۆڤ بەرەو سازش و هاوئاهەنگی هان دەدەن. بەبۆچوونی کانت ئەرکی فەیلەسووف لێدوان لەو بوارەیە کە مرۆڤ سەرەنجام بەلای چاکەدا دەشکێنەوە. ئەم خاڵە تەوەری سەرەکیی فەلسەفەی مێژووی کانتە. مرۆڤ و سروشت دوو جەمسەرن کە فەلسەفەی مێژووی کانت بەدەوریاندا هەڵدەسووڕێت. مرۆڤ بەبێ گوێدانە سروشت بەرەو پێش دەچێت، لەم رووەوە ئەگەرچی سروشت رێگرە، بەڵام هاوکات بوار بۆ پێشکەوتنی ئاوەزیش دەرەخسێنێت. بەبۆچوونی کانت چالاکیی گیانلەبەران بەتەواوی پەیڕەوی یاساکانی سروشتە. چونکە هەمیشە ئەوان بەشێوەیەکی رەمەکی ئامانجەکانی خۆیان دەگرن، بەڵام مرۆڤ بە پاڵنەرەکانیانەوە بەستراونەتەوە. کەسی ئاوەزمەند لە ئامانجەکانی خۆی ئاگادارە

و بیرۆکەشی بۆی هەیە. مرۆڤ جیا لە پڕەنسیپەکان، گرفتاری پرۆسەی کردار دەبێت. کاتێ لە مێژوو دەڕوانین سەبارەت بەوەی مرۆڤ گیرۆدەی چارەنووسی خۆیەتی بەڵگە و زانیارییەکمان دەست ناکەوێت. ڕەفتاری زۆرینەی خەڵك و هەروەها گەلان حیکایەت لە بێئاگایی و بێەوودەیی دەکات و بەم پێیە ئەگەر سەرمەشقێکی پۆزێتیڤ لە مێژوودا هەبێت ئێمە پێویستە بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانەوەی لە سروشتدا، بگەڕێین بە شوێنیدا.

گەشبینیی کانت سەبارەت بە پەرەسەندن و گەشەی مێژوویی مرۆڤ لەم روانگە و باوەڕەی ئەوەوە دەردەکەوێ کە قەدەرێکی یەزدانی دەستی لە هەموو رووداوێکدا هەیە. سروشت وەك بەدیهێنەرێك پێشتر پلانی رێگەی ئێمەی کێشاوە و ئێمە دەبێ بۆ گەیشتن بە سازگاری و هاوئاهەنگی، ئەو رێگەیە بپێوین. تێزی کانت لەژێر ناوی "ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی جیهان لە روانگەی گشتگەرایانەوە" کۆمەڵێك پێشنیاری سەبارەت بەوەی کانت بە گەلالەگەلی شاراوەی سروشت باسیان دەکات و خۆیان لە کار و کردارەکانی رەچەڵەکی مرۆییدا بەگشتی دەنوێنن، پێشکەش کردووە. بەبۆچوونی کانت مرۆڤ بۆ کارکردن لە پلانی پێشتر داڕێژراوی سروشتدا پێویستە خاوەنی مەبەست و ئامانجێك بێت ئەگینا ئاوەزی بە تەنیا بەکارنایەت، چونکە ئاوەزیش یەك شەوە جیهان بگۆڕێت، بەڵکو پێویستی بە پڕۆڤە و کارکردن و راهێنان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت وردە وردە توانایی بەڕێوەبردن و بەرنامەڕێژی بەدەست بهێنێت.

کانت دەڵێ: مرۆڤ لە زۆربەی کاروبارەکاندا بەدژ و پێچەوانەی ئیرادەی خۆی بەرەو پێشکەوتن دەچێت. لەڕاستیدا ئێمە وەك تاك ناتوانین ئیرادەی خۆمان بەسەر هەلومەرجەکاندا بسەپێنین. بەبۆچوونی کانت یاوەز بە راستەوخۆ و لەڕێگەی ئیرادەی تاکەوە لە خۆی لە مێژوودا بۆ ئێمە دەرناخات، بەڵکو بەگشتی بە ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی پەرەپێدانی رەگەزی مرۆییەوە خۆی نیشان



دەدات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە رەمەکی مرۆیی زیاتر لەسەر رکابەری وەستاوە بۆ ئەوەی لەسەر تەوەری ژیانی هاوئاهەنگ لەگەڵ دیتران کاربکات. کانت هۆی ئەم شتە بەوە دەزانێت کە مرۆڤەکان بوونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتی ناکۆمەڵایەتین." ئەوام زیاتر حەزیان لە پەراوێز کەوتن لە کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی رۆڵێکی کامڵ لەوێدا بگرنە ئەستۆ. هەر ئەم تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە ناکۆمەڵایەتییەی مرۆڤەکانە کە وردەوردە دەیانهێنێتە ناو قۆناغی گەشەکردووی تاکییەوە.

تایبەتمەندیی میراتیی ناکۆمەڵایەتی ئێمە دەرهاویشتەی جەبرێك و وزەیەکی گەشەستێنە. لەم رووەوە، مرۆڤەکان بەهۆی تایبەتمەندیی ناکۆمەڵایەتی خۆیانەوە هیچکات لە هاوئاهەنگیی کامڵدا ناژین و هەموو توانستەکانیان هەمیشە شاراوە و لە دۆخێکی ناچالاکدا دەمێنێتەوە. هەر بەم شێوەیە هونەر و کلتوور لە تایبەتمەندییە ناکۆمەڵایەتی بووەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام مرۆڤەکان سەرەتا دەبێ لە دۆخی سروشتیی خۆیاندا گەشە بکەن. بەبۆچوونی کانت ئەم پرۆسەیە گەلێك دژوارییە پێوەیە بۆ جۆری مرۆڤ. کانت وابیر دەکاتەوە کە لە وەڵامی ئەم پرسیارە کۆمەڵگەی شارستانییەکە دەتوانێ دادگەری لە رەهەندە جیهانییەکاندا پەرە پێدەدات. بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵگەی شارستانی دەبێ زیاترین دەرفەت بۆ ئازادیی تاك دەستەبەر بکات، ئازادییەك کە بۆ هەموو تاکەکان یەکسان و شیاوی هەڵسەنگاندن بێت. ئایا ئەم وتەیە بەو مانایەیە کە کانت لەگەڵ چەمکی دۆخی سروشتی و ئەندێشەی تێپەڕین لە قۆناغی دۆخی سروشتییەوە بەرەو کۆمەڵگەی شارستانی هاودەنگە.؟ نا، وانییە! کانت لە فەلسەفەی سیاسیدا لەگەڵ هۆبز و لۆك و رۆسۆدا هاودەنگ نییە. ئەو بەتایبەت دژی لێکدانەوەی ئەم فەیلەسووفانەیە لەبابەت دۆخی سروشتیدا. کانت دۆخی سروشتی وەك گریمانەیەك لەبەرچاو دەگرێت و باوەڕی وایە کە هیچکەس لەسەر بنەمای رێککەوتن پێی وابەستە نییە، بەڵام پێی وایە

ئێمە وەك بوونەوەرێكی ئاوەزمەند و بۆ روونكردنەوەی ئەوەی بۆچی دەبێ دۆخێكی لەم چەشنە هەبێت ئەم بەشەی چیرۆكەكەمان دروستكردووە. ئێمە ئاگادارین كە ئەم چیرۆكە خەیاڵییە بەڵام خەیاڵێكی باش نییە.

بەم شێوەیە كانت پێیوایە كاتێ تاك دۆخی كاروبارەكان بەم چەشنە مانا بكاتەوە كە لەوێدا گەرەنتییەك بۆ خاوەندارێتی نەبێت و یاسایەك بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤەكان حاكم نەبێت، كەواتە كێشەیەك لەوەدا نابینێت كە پێیوابێت كارێكی ئاوەزمەندانەیە كە لەگەڵ دیتراندا بیر لە پێكهێنانی ئیرادەیەكی گشتی بكاتەوە. بەڕای كانت هەڵەی رۆسۆ لەوەدایە كە پاساوە ئەخلاقییەكان و پێشبینیی حاكمییەتی شارستانی بە بابەتێكی زانستی و راستەقینە لە سەرچاوەی دەوڵەتدا زانیوە. لەم رووەوە كانت لە تیۆری دەوڵەتدا هەوڵ دەدا چەمكەكانی ئازادی و رەزایەت لە پەیمانی كۆمەڵایەتی رۆسۆدا لەگەڵ پاشایەتی و دەسەڵاتی رەها لە لێڤیاتانی هۆبزدا تێكهەڵبكێشێت. كانت لە پێش گریمانەكانی لیبراڵی و تاكگەراییەوە دەستپێدەكات بەڵام بەهۆی ترسی لە دەسەڵاتی بێسنوور و بێباوەڕیی گشتی بە حەشاماتی خەڵك، سەرەنجام روو دەكاتە بەرگری كردن لە پرەنسیپەكانی كۆنسێرڤاتیزم. كانت بەگشتی فەلسەفەی سیاسیی خۆی لەسەر تەوەرەی خەڵك دامەزرێنێ و خوازیاری جیاكردنەوەی هێزەكان و ئازادیی زیاتر بێت بەڵام گومانی هەیە كە خەڵكی ئاسایی بتوانن چالاكانە بە ئامانجگەلی لەم چەشنە بگەن. خەڵك لەڕووی ئەخلاقییەوە مافی خۆیانە داوا بكەن كۆمەڵگە بەشێوەیەك بگۆڕێت كە تاكی ئاسایی ئازادیی زیاتری هەبێت، بەڵام كانت لە تێزی "رامانێل لە فەلسەفەی ماف"دا دەڵێ: خەڵك توانایی بەڕێوەبردنی خۆیانیان نییە."

بەڵام كانت لەڕووی ئەخلاقییەوە دەوڵەتی مۆدێرن بە كریستاڵیزەی ئیرادەی جەماوەر دەزانێت. ئەم دەوڵەتە دەسەڵات و ئۆتۆریتەی خۆی لە ئیرادەی ئازادی



شارۆمەندانەوە وەردەگرێت كە گریمان لەگەڵ هەموو شارۆمەندانی تردا بۆ پێكهێنانی ئۆتۆریتەیەكی هاوبەش و گشتی رێككەوتوون. بەم پێیە یەكەم خاڵی گرینگ پێكهێنانی تێككەوتن و رەزایەتی تاكەكانە لەسەر حاكمییەت. پێكهێنانی حاكمییەتێكی باش بەو مانایەیە كە ئێمە دەبێ بەجێی ئیرادەی تایبەتیی خۆمان سەرێتی بدەین بە ئیرادەیەكی گشتیی جەماوەر. لەم رووەوە لەڕاستیدا كانت دەوڵەت وەك پەیوەندی و هاموشۆی تاكەكان و كۆمەڵگە لە چاو و سۆنگەی كۆمەڵگەوە وەك گشتێك دەبینێت، لەحاڵێكدا كۆمەڵگەی شارستانی بریتییە لە پەیوەندیی تاك كۆمەڵگە لە سۆنگەی تاكییەوە. لەو رووەوە دەوڵەت و كۆمەڵگەی مەدەنی پێشگریمانەی یەكترن. كانت جیاوازی و جیاكارییەك لەنێوانیاندا نابینێت. هەڵبەت هیگڵ لێكیان جیا دەكاتەوە، بەڵام كانت بەپێچەوانەی هیگڵ بایەخێك نادا بەوەی سكاڵا تایبەتییەكانی تاكەكان ببێتە سكاڵای گشتیی كۆمەڵ. كانت بەگشتی دەوڵەت و كۆمەڵگەی شارستانی لەپاڵ یەك و شان بە شانی یەكتر و هەروەك دوو رێگەی تەریب دەبینێت بۆ چالاكیی كۆمەڵگە و دەوڵەت لە چالاكییەكانی ئەو تاكە تایبەتییانەی كە بەشێكن لەو جیا ناكاتەوە.

بەبۆچوونی كانت دەوڵەت ئۆتۆریتەیەكی هاوبەشە كە هەلی ئەم تاكێتییە تایبەتییە دەڕەخسێنێت. ئەو حكومەتێك بە تایبەتمەندی ئابووریی ئازادەوە لە حكومەتێكی تایبەتگەرا بە باشتر دەزانێت. كانت لەو باوەڕەدایە كە دەوڵەت ناتوانێ دەوڵەتێكی حەقیقی بێت، مەگەر ئەوەی ئیرادەی یەكپارچەی خەڵك لە بیچمگرتنی ئەنجوومەنێكی یاسادارێژی هەڵبژێردراوی لەپێشیەوە بێت. بەم شێوەیە لەڕوانگەی كانتەوە دیموكراسی دەتوانێ تەنیا لەشێوەی بیچمێكی رەسەنی حكومەتیدا بوونی هەبێت، لەحاڵێكدا تەنیا دوو بیچمی رەسەنی حكومەتی لە ئارادا هەیە: كۆماری و ئیستبدادی. بەڕای كانت كۆماریخوازی

پرەنسیپێکە کە بههۆیەوە دەسەڵاتی جێبەجێکار لە دەسەڵاتی یاسادارێژ جیا دەکرێتەوە. کانت پیی خۆش بوو کە دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر بنەمای کۆماری و نوێنەرایەتی بێت، بەڵام ناشێ ئەم روانگەیەی کانت لەگەڵ یاسای بنەڕەتیی دیموکراسی تێکەڵ بکرێت چونکە لە سیستەمی حکوومەتی دیموکراتیکدا ئەو تاکانەی دەوڵەت پێکدێنن لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکار و یاسادارێژدان. ئەمانە هەم یاسا دادەنێن و هەم جێبەجێشی دەکەن، ئەوان هاوکات هەم حاکم و هەم بەندە و پەیڕەویشن.

بەبۆچوونی کانت، خەڵك ناتوانن یاسا دابنێن، ئەوان دەبێ رێگە بە نوێنەرەکانیان بدەن یاسایان بۆ دابنێن. لەم رووەوەیە کانت پێیوایە سیستەمێکی نوێنەرایەتیی کۆماری بۆ دەستراگەیشتن بە ئامانجەکانی حکوومەتێکی باش بەدڵنیاییی زۆر لە دیموکراسی کاریگەرترە. لەم رووەوە کۆماریخوازی ئەندێشەیەکی فەلسەفییە کە بههۆیەوە دەوڵەت دەبێ لەڕووی ئەخلاقییەوە هاوئاهەنگ بێت و بگات بە سازش. بەم پێیە بەبۆچوونی کانت ئەندێشەی دەوڵەت بەڕادەی یاسای ئەخلاقی واقیعییە، بەڵام واقیعییەتێکی ئەزموونی نییە. دەوڵەتی کانتی دەوڵەتێکی مافەکییە. ئەم دەوڵەتە وەك کۆمەڵگەی سیاسیی ئەرەستۆ بۆ مەبەستی ژیانی بەختەوەرانە نییە و هەروەها بەپێی بۆچوونی هۆبز بۆ مەبەستی پاراستنی ئاسایشی تاکەکان نییە، بەڵکو بەبۆچوونی کانت دەوڵەت دادگەری تەشەنە دەداتە ناو هەموو شتێك و گەوهەری راستەقینەی ئەو تەنیا لە زمانی مافدا دەستدەکەوێت. بەڕای کانت هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ بەبێ بەجێهێنان و ئیرادەی پرەنسیپی جیاکاریی هێزەکان بە ماف بگاتو پارێزگاری لە ئازادی بکات.

گەڵاڵەی کانت لە "یاسایەکی بنەڕەتیی کامڵ و دادگەرانە لەناو خەڵکدا" بریتی لە پێکهاتەی ئاوەزی و سەربەست و هاوبەشی بەرژەوەندییەکان لە بیچمی



کۆمەڵایەتیبووندا، رزگاری لە زەبر و جەبری هاوئاهەنگ و یەکدەست بۆ ئامانجی دەستەبەرکردنی دادگەرییە." پرۆسەی بەئاوەزیکردنی یاسای ئەخلاقی، پرۆسەی بەکۆماریکردنی دەوڵەت و رۆڵەکانیەتی.

کانت ئەوە دەبینێ کە دەوڵەتەکان بە توندوتیژی و زەبروزەنگ پێکدێن، بەڵام چەمکی ئاوەز، پرۆسەی چاکسازی بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی دادگەری و لەرێگەی کۆمارییەوە تێدەپەڕێنێت. مەبەستی کانت لە کۆماریخوازیی شۆڕشگێڕانە جیاوازە لەگەڵ چەمکی بەرەنگاری و بەتایبەتی شۆڕش. شۆڕش لەروانگەی کانتدا نموونە و چەشنێك سەرپێچی نایاساییە، چونکە لەگەڵ رووادنی شۆڕش توندوتیژی باڵ دەکێشێت بەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا و کۆمەڵگەی شارستانی دادەبەزێت بۆ حاڵەتی هەرجومەرجی وەحشیانە و لێکترازاو. شۆڕش مانەوە و بەردەوامی دەپووکێنێ و مەرجەکانی هەرچەشنە چاکسازی و کامڵبوون بەرەو دادگەری پووچەڵ دەکاتەوە.

کانت دەڵێ شۆڕش رێگەیەکی دروست نییە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە یاسای کۆماری، بەڵام هەموو چەشنە باسێکی گشتی و لەوانیش باسی ئازادیی چاپەمەنی(کەخۆی دەوری هەیە لە پاراستنی حاکمییەتدا) بە رێگەپێدراو و پێویست دەزانێت. بەمپێیە ئەگەرچی شارۆمەندان مافێکیان نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت بەڵام مافی ئەوەیان هەیە کە بە ئازادانە و بە ئاشکرایی سەبارەت بە یاساکان باس و گفتوگۆ بکەن و سکاڵا بکەن و رەخنە لە هەرچەشنە بێدادییەك بگرن . ئەگەر کانت ستایشی شۆڕشی فەرەنسا دەکات لەبەر ئەوەیە کە باوەڕی بە پرەنسیپەکانیەتی نەك بە کارکرد و کردارەکانی. ئەو زۆریەك لەو ئامانجە سیاسییانەی کە لە شۆڕشدا رەچاوکراوە وەك ئازادی، یەکسانیی شارۆمەندان و کۆماریخوازی بەڕوونی و ئاشکرایی دەداتە بەر رەخنەی فەلسەفی.

## گیۆرگ ویلهۆلم فریدریش هیگڵ

هیگڵ و شلینگ فەیلەسووفی دوو قۆناغی ئایدیالیزمی پاش کانتن. هیگڵ یەکێك لە نەزم ئەندێشترین ئایدیالیستەکانی پاش کانتە کە هەوڵدات لە دەق و وتارەکانیدا سیستەمێکی هەمەگیر و ڕێسامەندی ئیگزیستانسیالیستی لە ڕووی لۆژیکییەوە دامەزرێنێت. ڕەنگە زیاترین ناوبانگی هیگڵ بگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی ئایدیالیزمی مێژوویی ئەو. ڕوانگەیەك کە دواتر لەلایەن مارکسەوە بایەخی پێدرا و ئەنجامەکەشی بووە تیۆریی کۆمۆنیزم. هیگڵ لەکاتی مردنیدا بەناوبانگترین فەیلەسووفی ئەڵمانیا بوو. ڕوانگەکانی ئەو بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتبووە بەر سەرنج و شاگردەکانیشی ڕێزی زۆریان لێگیرا و پێشوازیی باشیان لێکرا. لەپاش مردنی، پەیڕەوەکانی دابەشبوونە سەر دوو لقی هیگڵییە ڕاستەکان و هیگڵییە چەپەکان. لقی ڕاستی هیگڵی لە دەلاقەی ئاییناسانە و سیاسییەوە ڕاڤەیەکی پارێزکارانەیان (conservaitic) لە بەرهەمەکانی هیگڵ دا بەدەستەوە. ئامانجی ئەوان ئاشتکردنەوەی فەلسەفەی هیگڵ لەگەڵ مەسیحییەت بوو. هیگڵییە ڕاستگەراکان لەڕووی سیاسییەوە بە نەریتگەرا دەهاتنە هەژمار.

لقی چەپی هیگڵییەکان، سەرەنجام بەرەو ڕوانگەیەکی جوانیناسانە ڕاکێشران. زۆریەك لەوان لەڕووی سیاسییەوە هۆگری ئەندێشە شۆڕشگێڕانەکان بوون. ئەم گرووپە لە لقی چەپی هیگڵی کە لەڕووی مێژووییەوە پڕبایەخن بریتییە لە: لودڤیك فویرباخ، بۆرۆ باوێر، فریدریش ئینگڵس، ماکس شتێرنێر و کارل مارکس.



ئایدیالیزمی ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بووە هۆی بووژانەوە لە فەلسەفەی زانکۆی لە بریتانیا و ئەمریکا. لە بریتانیای مەزن فەیلەسووفانی وەك (ت.ە.گرین) و (ف.ە.برادلی) ئەندێشە میتافیزیکییەکانی هیگڵیان وەرگرت، بەڵام هیگڵ لەلایەن دامەزرێنەرانی بزاڤی "شیکاری" وەك (بێرتراند ڕاسێڵ) و (جی.ئی.مۆر) درایە بەر هێرشی ڕەخنەگرانە.

لە سەرتاسەری سەدەی بیستەمدا بایەخدان بە هیگڵ بههۆی پەیوەندیی ئەو لەگەڵ بزاڤە فەلسەفییەکان وەك (ئیگزیستانسیالیزم) و(مارکسیزم) پەرەی سەند. لە فەڕەنسا ڕوانگەیەکی تایبەت لە هیگڵگەرایی لە نێوان بەرەیەك لە بیرمەندان وەك (ژان پۆل سارتر) و (ژاك لاکان) سەریهەڵدا. لەئەڵمانی ڕەگەزە گرینگەکانی هزری هیگڵی بە سەرنجەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و پێشەنگەکانی وەك (ئادۆرنۆ)، (مارکۆزێ) و دواتر (هابرماس) نزیك بۆوە.

فەلسەفەی سیاسیی هیگڵ بەشێکە لە سیستەمێکی فەلسەفی بەرفراوانتر کە تیایدا یەکانگیریی نێوان ئاگاییە مرۆییەکان خاوەنی بنەمایەکی میتافیزیکییە. ڕوانگەی خودی هیگڵ لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفەی ماف)دا باس لە مشتومڕێی گەوهەری لە سەرنجی فەلسەفی ئەودا بەتایبەت سەرنجی ئەو بۆ سروشت و سنووردارییەکانی مەعریفەی مرۆڤ دەکات.

هیگڵ دەڵێ: "ئەوە فەلسەفەی سەردەمە کە لە ئەندێشەدا دەردەکەوێت" دەکرێ بەڕوونی ئەو ئەنجامە وەرگری کە لە چەمکی "سەردەم"دا ڕوانگەیەك لە بارودۆخی کلتووری مێژوویی و بگۆڕی حەشارەکە خراوەتە پاڵ بەرزترین بیچمی دەرك و تێگەیشتنی مرۆیی واتە فەلسەفە.

لەم ڕووەوە دەشێ بگوترێ کە ناوەڕۆکی زانستی فەلسەفی لە ناوەڕۆکی مێژوویی کلتووری سەردەمەوە سەرچاوە دەگرێت. لەلایەکی ترەوە ئەم ناوەڕۆکە بۆ ئاستگەلێکی بەرزتر سەردەکەوێ و دەبێتە "ئەندێشە". بەم چەشنە ئامانجی

هیگڵ دارِشتنی بنەمای وەها سیستەمێکی فەلسەفیی هەمەگیرە کە بتوانێ گشت ئەندێشەی پێشینەکان لەخۆگرێت و چوارچێوەیەکی واتایی بەدی بهێنێت کە لەوێدا هەم رابردوو و هەم داهاتوو لەڕووی فەلسەفییەوە هەڵگری لێتێگەیشتن بن. ئامانجێکی لەم چەشنە خوی پێویستی بە ئامادەکاری و لێخوردبوونەوەیەکی تەواو لە واقعییەت هەیە. بەم پێیە هیگڵ باوەڕی وایە کە تەوەری فەلسەفە بە گشتی واقعییەتە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە هەموو شتە واقعییەکان لە جیهاندا لەکۆتایی و لەوپەڕی خۆیاندا یەك شتن. بەبۆچوونی ئەو لە بنەڕەتدا (بوون) سۆژەیە و ئەندێشە و زات یەك شتن، تەنانەت ئەگەر ئێمە پێمان وانەبێت. ئەم گوتەیە یارمەتیی سەلمێنرانی تیۆرییەکەی هیگڵ سەبارەت بەوەی هەموو شت جیاوازن لەگەڵ یەکدی و لەکۆتاییدا هەر یەك شتیشن، دەدات. لەم رووەوە ئەندێشە واقعییەت لەخۆ دەگرێت چونکە خودی دڵ و رۆح واقعییەتە و رۆح جیهان وەك بنەمایەکی زەینی دەبات بەڕێوە. بەم پێیە واقعییەت یان پرۆسەی گۆڕانی گشتیی هەر شتێك رەها یان رۆحی رەهایە.

رەها ئاوەزی و واقعییە، هەر لەم رووەوە هیگڵ دەڵێ: "هەرچی ئاوەزییە واقیعییە و هەرچێکیش واقیعییە ئاوەزییە." ئەم بۆچوونە رێنوێنیمان دەکات بەرەو شاکارەکەی هیگڵ واتە دیاردەناسیی سۆژە. ئەوە روونە کە هیگڵ "دیاردەناسی" بە پرۆڤەیەك لە فەلسەفەدا و جۆرێك راهێنانی خوێنەر لە دەلاقەی هزری فەلسەفییەوە دەزانێت. لەم حاڵەتەدا دەکرێ فۆرمەکەی ئەو لەگەڵ فۆرمی "چیرۆکێکی فێرکاری" کە کاراکتەرە سەرەکییەکەی زەینی و گریمانەییە و خاوەنی هەندێك "بیچمی ئاگایی" روو لە کامڵبوونە، هەڵسەنگێنرێت. "دیاردەناسی" بە مانای ناسکردنی دیاردەیە. "دیاردە" لە زاراوەی فەلسەفیدا بەمانای شتێکە کە زەین یان هەست راستەوخۆ لەوەوە ئاراستە دەگرێت. لەم رووەوە دیاردەناسی توێژنەوەی پرۆسە یان شێوازێکە کە



لەوێدا ئۆبژە یان شتەکان لێمان دەردەکەون، کەواتە دیاردەناسیی سۆژە توێژینەوەی پرۆسەیەکە کە لەوێدا سۆژە (زەین) خۆمان پێ نیشان دەدات، بەڵام کاتێ لەوە دەکۆڵینەوە کە چلۆن سۆژە بۆ ئێمە دەردەکەوێ لەڕاستیدا توێژینەوەی ئەوە دەکرێت کە سۆژە چلۆن لەخۆی دەردەکەوێت.

بەم پێیە دیاردەناسی هیگڵ بیچمگەلێکی جۆراوجۆری ئاگایی لەبەرچاو دەگرێت و ئەگەر لە ناوەوە سەیر بکرێت نیشان دەدا کە چلۆن بیچمەکانی ئاگایی وەك پێویست بە شێوەی بیچمە دیاردەناسانە و مێژووییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

هیگڵ گەڵاڵەکەی خۆی بە "پێشکەش و ئاشکراکردنی مەعریفە (ناس) وەك دیاردەیەك "دادەنێت. بەڵام تەنیا سەرنجی گونجاو بۆ مەعریفە خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی ئاگایی لە دەروونەوە و بە شێوەیەکە کە ئاگایی بەڕووی خۆیدا دەردەکەوێ. دیاردەناسیی مێژوو درێژەدەری پرۆسەی پەروەردە و راهێنانی خودئاگاییە هەتا ئاستی زانست. هەر بیچمێکی ئاگایی لە دەرکەوتنی خۆی لە ئاستێکی خوارتر لە مەعریفەی پەتیدا دەمانباتە سەر رێیەك کە هیگڵ بە "نەرێی زەرووری" ناوی دەبات. "نەرێی زەرووری" تەنیا گومانگەراییەکیscepticism بەتاڵ نییە بەڵکو شتێکی پۆزێتیڤە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بگەینە ئەو ئەنجامە کە یەك بیچمی ئاگایی بەس نییە و ئەمە خۆی بیچمێکی نوێیە لە ئاگایی. بەم پێیە ناچاردەبین لە بیچمێکی ئاگاییەوە بەرەو بیچمێکی تر و لە گەڕانێکی بێکۆتاوە بە مەبەستی ناسینی حەقیقەت و یان حەقیقەتی مەعریفە لە جوڵەدا بین.

بەم شێوەیە دیاردەناسی وەڵامێکە لەبەرانبەر ئەم پرسیارەدا کە بۆچی مێژووی جیهان شتێك نییە جگە لە پێشکەوتن و گەشەی ئاگایی لە ئەندێشەی ئازادیدا؟ هیگڵ بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە: دیاردەناسی دەرخستنی ئەگەری

ناسینی کردەکیی ئەو شتەیە کە حەقیقەت، بەڵام ئەگەر ئامانجی پرۆسە مەعریفەی حەقەقی یان رەهایە ئێمە چلۆن دەزانین کە پێیگەیشتووین؟ بەپێی بۆچوونی هیگڵ کۆتایی لە خاڵێکدایە کە ئەو بابەتە لەخۆدەگرێت کە دینامیك بوون و بەرەوپێش چوون بەرهەمی دوانە دژبەرەکانە بەشێوەی سوننەتی لەچوارچێوەی گوتەزاگەلێکی وەك ( تێز، ئانتی تێز و سەنتێز)دا شیکراوەتەوە.

ئەگەرچی پێدەچێ ئەم واژانە بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی دیالکتیکیی هیگڵ سوودبەخش بن بەڵام هیگڵ خۆی لە بەکاربردنی ئەو زاراوانە خۆدەبوێرێت. ئەو لە کتێبی دیاردەناسیدا کار لەسەر رووبەڕووبوونەوەی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی لۆژیك، لە سادەترین ئاستی ئاگاییەوە و لەخودئاگاییەوە تا زانستی رەها، دەکات. هیگڵ لە سادەترین و سەرەتاییرین بیچمی ئاگاییەوە کە خۆی بە "مسۆگەری و دڵنیایی لە ئاستی ئەزموونی هەستی" ناوی دەهێنێت، دەستپێدەکات. مسۆگەریی هەستی (قطعیت حسي) بە ئاسانی ئەو زانیارییانە وەردەگرێت کە بەرهەمی ئەزموونە هەستەکییەکانی ئێمەیە. لەڕاستیدا ناسکردنی شتێکی تایبەتە کە دەکەوێتە بەر هەستی ئێمە. مسۆگەریی هەستی تەنیا لەو شتەی لەبەر هەتەری چاوی ئەودایە ئاگایە و دڵنیایە لە "ئەمە" یان "لێرە" و "ئێستا"، بەڵام مەعریفەی مسۆگەریی هەستی چلۆن دەشێ بەیان بکرێت؟ هیگڵ دەڵێ بەهیچ شێوەیەك ناکرێ لەڕێگەی زمانەوە شیبکرێتەوە، چونکە مسۆگەریی هەستی، ناسکردنی تایبەتییەکانە، لەحاڵێکدا زمان هەمیشە سەروکاری لەگەڵ شتێکی گشتیتردایە. بەم پێیە مسۆگەریی هەستی کە بیچمی سەرەتایی ئاگاییە تێدەپەڕێ و دەگەینە جۆرێکی نوێ لە ئاگایی.

لە قۆناغی تێگەیشتندا ئاگایی دەبێتە هۆی روونبوونەوەی ئۆبژەکان بەپێی تایبەتمەندییە گشتییەکانیان، بەڵام ئەم یاسایانە هەمان یاساکانی نیوتۆنن لە



فیزیکدا و هەمان روانگە بۆ جیهانیش بەکاردەهێنن. بەم شێوەیە چەمکە بەکارەووەکانی ناو ئەم پرۆسەیە هەندێ خاڵی وەك (وزە) یان (کێش کردنن) کە لە واقیعدا بوونیان نییە، بەڵکو هەندێ پێکهاتەن کە مێشکی ئێمە بەدیهێناون و ئاگایی هەوڵدەدات بیانکاتە شتی دەرکپێکراو و بیانکاتە بەشێك لە بەرهەمەکانی خۆی. ئاگایی خۆی دەکاتە ئامانج ئەمەش بەو مانایەیە کە ئاگایی گەیشتۆتە قۆناغی خودئاگایی. خودئاگایی ناتوانێ لە حاڵەتی دابڕاویدا بوونی هەبێت. ئەگەر خودئاگایی دەیەوێ وێنایەکی راستەقینە لەخۆی بدات بەدەستەوە پێویستیی بە خودئاگاییەکی تر دەبێت.

رێگەچارەی هیگڵ ئەوەیە کە عەینییەتی خودئاگایی خودئاگاییەکی تر دروست دەکات، کەواتە ئێمە لەم قۆناغەدا دوو خودئاگاییمان دەبێت و ئەمانە هەردووکیان پێویستییان بە ناسینەوەی یەکدی هەیە، چونکە دەبێ خۆیان دەستەبەر بکەن و بوونایەتی یەکتری گەرەنتی بکەن. پێویستیی ناسینەوە شتێکی دوولایەنەیە. پەیوەندییە یەکەمین و سەرەتاییەکانی نێوان ئەم دوانە ئاشتییانە نییە، بەڵکو پڕکێشەیە، بەڵام یەکیان ئەویتر لەناو نابات، چونکە لایەنی سەرکەوتوو دەزانێ هەبوونی لایەنەکەی تر بۆ ئەو شتێکی پێویست و حەیاتییە. لەم رووەوە دۆخێك وەك دۆخی خوداکان بەدیدێت. راست هەر لەم قۆناغەدایە کە دیاردەناسی، مێژوویی دەبێتەوە. باسی خوداکان و بەندە بە باسی سەبارەت بە فەلسەفەی رەواقی درێژە دەدرێت. فەلسەفەی رواقی کەلەبەری نێوان خوداکان و بەندە پڕدەکاتەوە. فەلسەفەی رەواقی لە ئیمپراتۆریی رۆمدا، کۆیلەیەك (ئیپیکتۆس) و ئیمپراتۆرێك (مارکۆس ئرلیۆس)ی دەگرتەوە. گەوهەری فەلسەفەی رەواقی لە ئازادیی زەینیدایە. بەتاڵە لە هەرچەشنە ناوەرۆکێکی زەرووری و پێشتر دابینکراو. لەپاش ئەمروانگەیە گومانگەرایی سەریهەڵدا و لە گومانگەراییەوە دەگەینە قۆناغێك کە هیگڵ بە

"ئاگایی بێبەخت" ناودێری دەکات. ئەم یەکەیان بیچمێکە لە ئاگایی کە لە سەردەمی مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاستیدا بیچم دەگرێت.

ئەوەی ئاگایی بێبەخت ناتوانێ پێی بگات ئەمەیە کە ئەو فاکتەرە خوداوەندییانەی ئەو دەیپەرستێ لەڕاستیدا فاکتەر و تایبەتمەندییەکانی خودی ئەون. هیگڵ لەم بڕگەیەوە گشت مێژووی مرۆڤایەتی بە پرۆسەی گۆڕانی رۆح یان زەین Geist دەزانێ و سەردەمە مێژووییەکان بە بریتی لە یۆنانی کۆن، ئیمپڕاتۆریی رۆم و چاخی رۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسا دێنێتە هەژمار. هیگڵ "ئازادیی پەتی"ی شۆڕشی فەڕەنسا بەم شێوەیە وێنا دەکات کە بەناچار بەلای دژی خۆی واتە تۆقاندن و نائارامیدا شکاوەتەوە. گۆڕانێکی سیاسی تر لە کتێبی دیاردەناسیدا نەخراوەتە بەرباس. بەرلەمە گوتمان بەبۆچوونی هیگڵ پێشکەوتنی ئاگایی لە ئازادی لەڕاستیدا پێشڤەچوونی زەینە بەرەو مەعریفەی رەها، چونکە باوەڕی وایە ئازادی بەمانای ئازادبوونی ئێمە بۆ ئەنجامی هەر کارێك کە حەزمان لێبێت نییە، بەڵکو دارابوونی زەینێکی ئازادە. ئاوەز رێگیە سەرەکی پەیوەندی بە زەینە و ئاوەز لە زاتی خۆیدا شتێکی گشتییە. واقیعییەت بهۆی زەینەوە دروست دەکرێت هەروەك زەین کە بهۆی واقعییەتەوە بیچم دەگرێت و مەعریفەی رەها کاتێ بەرهەمدێت کە زەین بگات بەوەی ئەو شتەی دەیەوێ بیناسێ خودی ئەوە. بەم پێیە مێژووی جیهان شتێك نییە جگە لە پێشکەوتنی ئاگایی لە ئازادی.

هیگڵ ئازادیی مرۆڤ بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت، چونکە ئەم خاڵە پێویستییە تاکییەکان تەنیا لەڕێی هەوڵە بەکۆمەڵەکانەوە دەستەبەر دەبێت. ئێمە دەگەیەنێتە فەلسەفەی ماف. لێرەدایە کە هیگڵ ئەوە دەردەخات کە دەستڕاگەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی بۆ شیکردنەوەی دەوڵەت شتێکی بنچینەییە. هیگڵ باسەکەی خۆی پۆلێن دەکاتە سەر چەندین بەش:



لە پێشەکی (بنەماکانی فەلسەفەی ماف)دا هەندێ تەوەری وەك ئازادی و چییەتیی ماف دەخاتە بەرچاو. لە بەشی یەکەمدا کە تایبەتە بە (مافی پەتی) لە پڕەنسیپی زاڵی ناو خاوەندارێتی و گواستنەوەی خاوەندارێتی و کەڵکاوەژۆ لە خاوەندارێتی دەدوێت.

لە بەشی دووهەمدا کە تایبەتە بە ئاکار، لەبابەتە ئاکارییەکان و تیۆرییە مافەکییەکان دەدوێ. بەشی سێهەم لەسەر ژیانی ئەخلاقییە و پڕەنسیپ و تێزەکانی حاکم بەسەر لایەنە تەوەرەییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاوەزیی وەك خێزان، کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت شیدەکاتەوە.

هیگڵ بە لێکدانەوەی چەمی ئیرادە دەستپێدەکات. بەپێی بۆچوونی ئەو ئامانجی بنەمایی ئیرادەی مرۆیی ئیرادەی کرداری بە ئازادانەیە. مەرجی مافەکی بۆ گەیشتن بە ئازادی، مافی پەتییە. مافە پەتییەکان بە سێ شێوە پەتین:

١. کردار و پڕەنسیپەکان لە پەیوەندییە کەسانەکانەوە رادەپسکێن.
٢. کردار و پڕەنسیپەکان، لە پەیوەندییە ئاکارییەکانەوە رادپسکێن.
٣. کردار و پڕەنسیپەکان، لە دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکانەوە رادەپسکێن.

بەپێی تیۆرییە مۆدێرنەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، بنچینەییترین کرداری ئازاد، خاوەندارێتییە، بەڵام هیگڵ دەڵێ لەبەردەستتدا بوون یان دارابوونی شتێك، کردارێکی تەواو نییە بۆ ئازادی، چونکە بە مانای گەیشتن بە ئامانج نابێت. لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە پەتییەی مافی خاوەندارێتیدا هەڵوێستە کردن بەدژی خاوەندارێتی کارێکی ئەستەمە. لەم رووەوە سیستەمی پەتیی مافی خاوەندارێتی دەبێ لەڕێگەی بکەری ئاکارییەوە تێبینی بکرێت.

بەشی دووهەم واتە"ئاکار" دوو ئامانجی بنەڕەتیی هەیە:

١. پێڕستکردنی کۆمەڵێك لە مافەکان کە بەلای تەوەری ئاکارەوە حاڵەتێکی بنەماییان هەیە.
٢. لێدوان لەوەیکە ناکرێت پڕەنسیپە ئەخلاقییەکان بەشێوەیەکی پێش ئەزموونی لەبەرچاو بگیرێن.

لێکدانەوەی هیگڵ لە ئاکار بۆ نیشاندانی ئەوەی رامانە ئاکارییەکان لەمەڕ یەکپارچەیی تاك کە پێویستە بۆ دەرکردنی بڕیاری یەکلایەنانە و مانەوەی خاوەندارێتی شتێکی بنچینەیی و زەروورییە و لەم رووەوە رامانە ئاکارییەکان ناتوان بە تەنێ هیچ بنەمایی مافەکی بەدی بهێنن، بەڕای هیگڵ بنەماکانی ماف تەنیا کاتێ دەتوانن بوونیان هەبێت کە یەکپارچەیی تاکی و رامانە ئاکارییەکان پێکەوە بن. لەلایەکی ترەوە پڕەنسیپە مافەکییەکان کاتێ بوونیان هەیە بۆ تێڕامان کە کردارە کۆمەڵایەتییەکانیش بوونی مسۆگەریان هەبێت. ئەم کردارە کۆمەڵایەتییانە تەنیا لە سیستەمێکی یەکپارچەی پڕەنسیپەکاندا کە بە "ئاکاری کردەکی" یان "ژیانی ئاکاری" ناودێر دەکرێن دەتوانن بە چەشنێکی ئاکاری تۆکمە و بەهێز بکرێن. لە ژیانی ئاکاریدا هەبوونی ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاوەزییانە بە پشت ئەستووریی نۆرمە عەینییەکان و هەروەها ناسینی ئەم نۆرمانە بەستراوەتەوە و هیگڵ لێرەدا لە لێکدانەوەکەی خۆیدا چەند تەوەری ژیانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات:

١. چۆنیەتی یانێکی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای ئاوەز، بکەرەکان دەگەیەنێتە ئەو توانایەی کە بە ئامانجەکانیان بگەن.
٢. چلۆن ئەم پڕەنسیپە کە: هەرکەس تەنیا لە بەرانبەر پاشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی کردەوە و کردارەکانی خۆیدا بەرپرسیارە، لەگەڵ ئەم پڕەنسیپە کە: هەموو کەس لە بەرانبەر پاشهاتەکانی کردارەکانی خۆیدا بەرپرسیارە، سازگارە و پێکەوە دەگونجێن؟



٣. چلۆن دەکرێ بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان ڕێسامەند بکرێن؟
٤. نیازە دوولایەنەکان چلۆن ڕێکدەخرێن؟
٥. چلۆن دەکرێ سەربەخۆیی سیاسی لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا بپارێزرێت؟

وەڵامی هیگڵ بۆ گشت ئەم پرسیارانە ئەمەیە کە هەموو پێکهاتەیەکی ئەتنیکی و کۆمەڵایەتی  توانای ئامادەکردنی ئەم چەشنە ئامانجانەیان نییە، بەڵام پێکهاتەیەك ئەو توانایەی هەیە کە ئامانجەکەی گەیشتن بە ئازادیی تاکی بێت. هیگڵ لە پێکهاتەی بنەڕەتییەوە واتە خێزان دەستپێدەکات. خێزان بەستێنێکی بنەڕەتی بۆ ڕێکخستن و ئاوەزیکردنی خەزی سێکسی ئامادە دەکات و ڕێگەی پەروەردەکردنی نەوەی دواتر لەبار دەکات، بەڵام چونکە لە دۆخی مۆدێرندا زۆرینەی خێزانەکان بەرهەمەکانیان بۆ بژیوی خۆیان نییە خێزان پێویستە پەیوەندییەکی لەگەڵ ژیانی ئابووری و شارستانیی کۆمەڵگەدا دەبێت. کۆمەڵگەی شارستانی بریتییە لە دامەزراوە و کردارگەلێك کە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەرخۆریی ئەو بەرهەمانەی کە نیاز و خواستە جۆراوجۆرەکان دەستەبەر دەکەن،دا دەوریان هەیە. هیگڵ ئەمە بە " سیستەمی پێویستییەکان: ناودێر دەکات. سیستەمی پێویستییەکان لەڕێگەی ئامادەکردنی کاڵا کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ دەستەبەرکردنی نیازەکان، پاڵنەر و خواستە سروشتییەکان تێردەکات، پشتیوانی لە پشکی تاك دەکات. لە کۆمەڵگەی شارستنیدا هەمووکەس خاوەنی مافی شارستانیی یەکسانە، چونکە هیچ بیانوویەکی گونجاو لە ئارادا نییە بۆ جیاوازی دانان لەنێوان تاکەکاندا. کۆمەڵگەی شارستانی سێ چەشنە دامەزراوەی جیاوازی هەیە:

١. دەزگای دادگەری.
٢. دەسەڵاتی گشتی.
٣. کۆمپانیاکان.

دەزگای دادگەری یاساکان ڕێکدەخات و دەیانچەسپێنێت. دەسەڵاتی گشتی بەرپرسی چارەسەرکردنی کێشەکانە لەڕێگەی گەیشتن بە ئامانجە تاکییەکاندا (خەبات بە دژی خراپەکاری، چاودێریکردن بەسەر نرخەکان و ...) کۆمپانییەکان کۆمەڵێکی بازرگانین کە لەبارانبەر حەزەکانی لادەریی تاکەکان لە ئاراستەی بەرژەوەندیخوازیی خۆیان لە کاری بازرگانیدا بەربەرەکانێ دەکەن و ئەو تاکانەی خاوەنی بەرژەوەندیی هاوبەشن هاوئاهەنگ دەکەن.

دوایین دامەزراوە بریتییە لە حکوومەتی ناوەندی. هیگڵ بەگشتی جیاوازی دەکات لەنێوان حکوومەت و دەوڵەتدا. ئاوەزمەندییەك کە ڕەگاژۆ دەکاتە جیهانی مرۆڤەکانەوە یەکەمجار لە قاڵبی دەوڵەتدا دەردەکەوێت و لە خێزاندا لە پشت هەست و سۆزەکاندا جێدەگرێت و لە کۆمەڵگەی شارستانیدا بەشێوەی ئامرازێك بۆ بەرژەوەندیخوازیی خودی تاك خۆ دەنوێنێت. لەڕاستیدا ئاوەز تەنیا لە قاڵبی دەوڵەتدایە کە دەگاتە خودئاگایی. بەواتایەکی تر تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتدایە کە کردارەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی یەکدەگرن. مرۆڤ دەزانێ چی دەوێت و بەپێی ئەو خواستانەی کار دەکات. دەوڵەت کریستاڵیزەی کردەکی و واقیعیی هزری ئاکارییە. دوڵەت شوێنی یەکانگیریی ئاگایی زەینی و نەزمی عەینییە. هیگڵ حکوومەت بە دەوڵەتێکی سیاسیی مسۆگەر ناودەبات و وشەی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕێکوپێك و شارستانی بە گونجاو دەزانێت. کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتێکی دەرەکییە چونکە مەرج و پێویستییەکانی سەربەخۆیی سیاسی دەستەبەر ناکات. ئەندامانی کۆمەڵگەی شارستانی بۆرژوان بەڵام شارۆمەند نین، چونکە هاندەری چالاکیی مرۆیی لە دەوڵەتدا ئەو مەعریفەیەیە کە ژێدەری سەرەکیی ئەوەی دەگاتە سامان و ئەنجام شارۆمەندی زەینییە و دەوڵەت لەڕاستیدا مەیدانێکە بۆ کارکردی دروستی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان. بەڵام ئەندێشەی دەوڵەت شتێکی روون و دیاریکراو نییە، بەڵکو



بەرەنجام و پاشهاتی گۆڕانێکی "مێژووییە". دەوڵەت کریستاڵیزەی خودئاگایی مرۆڤە. هیگڵ پێیوایە پێگەی تاك لە دەوڵەتدا لە پرۆسەی دیالکتیکدا دیاری دەکرێت. بەڕای هیگڵ زۆرینە پەیڕەوی لە یاساکان دەکەن بێ ئەوەی مەعریفەیەکی ڕەسمییان لە خۆیان لە بەدیهێنانی یاسای ڕەسمیدا هەبێت.

بەم شێوەیە لایەنی سیاسیی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شارستانیدا بەدەست نایەت. گۆڕانی دەوڵەت و هەنگاونانی بەرەو دەسەڵاتی یاسایی دەسکەوتی جیهانی مۆدێرنە. روانینی سیاسیی هیگڵ لەمەڕ فۆڕمی یاسایی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەندێشەی پاشایەتییە. ئەو بەگشتی حاکمییەت پەیوەندی دەداتەوە بە دەوڵەت نەك بە پاشایەتییەوە. پاشا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت لەڕێگەی سیاسەتی دەرەکی دەپارێزی، بەڵام وەزیری هەن کە یاسادارێژن و پێکهاتەکان دیاری و پێناسە دەکەن. ئەنجوومەنێکی وڵاتیش هەیە کە بەیانگەری روانگە گرینگ و چارەنووسسازە جەماوەرییەکانن لە کاروباری دەوڵەتدایە. لێرەدا سیستەمێکی نوێنەرایەتی هەیە کە لەسەر بنەمای کۆمپانیاکان دامەزراوە. کارکردی سەرەکیی ئەنجوومەنی ویلایەتی گەیاندنی ڕێکوپێکی زانیاری بە خەڵك سەبارەت بە چالاکییەکانی حکوومەتەکەیانە. ئەنجام ئەوەیە کە بەبۆچوونی هیگڵ کۆبوونەوەی ئاوەزمەندانە لەڕاستیدا پاشایەتییەکی یاساییە. سیاستەمی پاشایەتی زەرورییە، چونکە پێویستە لەشوێنێکەوە دەسەڵاتی بڕیاری کۆتایی هەبێت. لەلایەکی ترەوە بەبۆچوونی هیگڵ ئەگەر یاسای بنەڕەتی تۆکمە و پتەو بێت پاشا کارێکی نابێت جگە لە واژۆ کردن. لەم رووەوە پاشا ناتوانێ ببێتە سەرەڕۆیەکی Despotic ڕۆژهەڵاتی. لەم وتەیەی هیگڵ ئەوە دەردەکەوێ کە دەوڵەت بەبۆچوونی ئەو بەمانای حکوومەت نییە بەڵکو ئاماژەیە بۆ گشت ژیانی کۆمەڵایەتی. بەم پێیە مەبەستی ئەو بیەخدان بە حکوومەت لە بەرانبەر خەڵکدا نییە، بەڵکو رووی

قسەی لە گشت کۆمەڵگەیە. دەوڵەتی ئاوەزی لە ئەندێشەی هیگڵدا لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە هەتا سەردەمی ئەو هاتوونەتە بوون، زۆر جیاوازە. بەڵام هیگڵ بە پەرێزکار (کۆنسێرڤاتیك) و یان تەنانەت لەویش خراپتر تاوانبار کراوە. هیگڵ دژی هەموو هێزە پەرێزکارەکانی سەردەمی خۆیەتی چونکە:

١. ئەو جیاوازی دەکات لەنێوان مۆدێلی رەهای پاشایەتیی کۆن و مۆدێلە یاساییەکەی.

٢. ئەو کاروباری کارگێڕی و دیوانیی حکوومەت دەخاتە بەردەستی چینی مامناوەند و خوێندەوار نەك خانەدانەکان.

٣. ئەو بە توندی پشتگیری لە ئارمانە رۆشنگەرییەکانی پەیوەندیدار بە ئاوەزمەندیی مرۆییەوە دەکات و باوەڕی بە پێشکەوتنی مێژوویی وەك پرۆسەیەکی ئاوەزی هەیە.

بەڵام هیگڵ لەگەڵ نەریتی فەلسەفەی پەیمانی کۆمەڵایەتیشدا هاودەنگ نەبوو.

بنەماییترین ناڕەزایی ئەو لەم نەریتە فەلسەفییە ئەوەیە کە دەیگوت ئەو زەینییەتە پۆلێنکراوەی ناو تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شیکردنەوەی دۆخی سروشتی بۆتە هۆی لەناوچوونی گشت دەروەستییەکانی ئێمە وەك ئەندامی کۆمەڵگەیەکی سیاسی.

کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافی هیگڵ کتێبێکی گرینگە لە بەستێنی دەوڵەتی مۆدێرن لەسەردەمە سەرەتاییەکانی ئاوەزیبوونەوەی ئەوە. ئەم کتێبە کار لەسەر راڤە و بەرگری لە دەوڵەتی مۆدێرن دەکات. هاوکات جۆرێکی نوێ لە ئەندێشەی سیاسی کە پرپەپێستە بۆ بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن و کارەکانی ئامۆژە دەکات. ئەم کتێبە بە دوو لاپەڕەی سەرناوی جیاوازەوە چاپکراوە و روونکردنەوەیەك سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو سەرناوە نەدراوە.



سەرناوی یەکەم کە وادیارە لە بیچمە کۆنینەترەکانی فەلسەفە دواوە، توێژینەوەی هیگڵ بەناوی "مافی سروشتی و زانستیی دەوڵەت"ی بەکورتی بەسەرکردۆتەوە و سەرناوی دووهەم ئاماژە دەکات بۆ هەندێ گوتەزای وەك 'مافی سروشتی" و "زانست" و کتێبەکەی هیگڵی بە ناوی "فەلسەفەی ماف" پێناسە دەکات. هیگڵ خۆی سەرنجی خستۆتە سەر سەرناوی دوانەی "مافی سروشتی" و "زانستی دەوڵەت" و ئەم سەرناوانەی بەجێگەی تەنیا سەرناوی "فەلسەفەی ماف" بەکارهێناوە. وشەی "فەلسەفە" بەنرخە. باسەکەی هیگڵ لە ئاراستەی ئەوەدایە کە پێناسەیەکی رێکوپێك، فەلسەفی و رێکخراو بۆ چەمکگەلی ماف و دەوڵەت بدات بەدەستەوە. سەرنجی گشتیی هیگڵ بەرەو دۆزینەوەی لۆژیکیی دەروونی ئاوەزمەندییە. لەم رووەوە تیۆریی شاراوە لە تەواوی کتێبەکەدا حیکایەت لە یەکگرتووییەکی نوێی نێوان ئاوەز و جیهانە و هیگڵ لە کۆتایی کتێبەکەدا سەبارەت بە "ئاوەزمەندیی بە ئاکام گەیشتوو" و "راستیی ئاوەزییانە" دواوە. بەشی یەکەمی کتێبی فەلسەفەی ماف لە هەمان ئەو تەوەرە دەکۆڵێتەوە کە کانت لە کتێبی میتافیزیکی ئاکار لە چوارچێوەی مافی تایبەتیدا کاری لەسەر کردبوو.

هیگڵیش وەك کانت ئەو گریمانەیە لەبەرچاو دەگرێت کە مرۆڤ لە هەمان سەرەتاوە خاوەنی مافە، بەڵام ئامانجی هیگڵ ئەوە نییە کە مافە ئاوەزییەکان وەك سیستەمێك لە بیردۆزە نۆرمییەکان لە توێژینەوەکەی خۆی هەڵبهێنجێت و حۆکم لەسەر قەرەبووکردنەوەیان بدات. هیگڵ دەیەوێ نیشان بدات چلۆن بەجێهێنانی ئەم مافانە یەکسانە لەگەڵ بە ئاکام گەیشتنی ئازادیی مرۆیی. بەپێی بۆچوونی هیگڵ مرۆڤ خاوەنی مافی رەهای خاوەنداریێتی لە هەموو شتێکدایە. لەم زەمینەیەدا هیگڵ بەرگری لە ئازادیی خاوەنداریێتی دەکات،

بەڵام جەخت دەکاتەوە کە "تەنیا" ئەگەری خاوەندارێتی تەیبەتی بۆ هەموان ڕەوایە.

بەم شێوەیە بەپێی لێکدانەوەی هیگڵ، یەکسانیی مافی هەموان لە ئازادیدا و لە ئەنجامدا خاوەندارێتیی تایبەتی بەناچار لە هەلومەرجی رکەبەرایەتی لە کۆمەڵگەی شارستانیدا دەبێتە هۆی نایەکسانی لە داراییەکانیاندا. هیگڵ لەم بوارەدا سنووردارکردنێکی بنەڕەتی بۆ تیۆریی یاسای ئاوەزمەندانەی مۆدێرن بە ڕەوازانیوە.

هەروەك دەزانین کانت هەوڵیدا سیستەمێکی کامڵ لە نۆرمەکان لە نۆرمی بنەڕەتیی یاسای ئاوەزمەندانەی مۆدێرن هەڵبهێنجێت. ئەو تێڕوانینی تاکی بۆ یاسای ئاوەزمەندانەی مۆدێرن کردبووە پێش گریمانە. لە تیۆریی هیگڵدا ئاوەزی دیاردەناسانەی مێژوویی ئەم هەلە بۆ ئێمە نارەخسێنێت کە بتوانین دەوڵەت وەك پەیمانێکی نێوان تاکە سەربەخۆکان راڤە بکەین، چونکە راڤەکانی یاسای ئاوەزمەندانە دەوڵەت وەك شتێکی دەرەکی و بیانی لە قەڵەم دەدەن. لەم تیۆرییەدا، دەوڵەت لەلای شارۆمەندان شتێکی جودا و بیانییە. هیگڵ بەپێچەوانەی کانت تیۆریسازی دەوڵەتی لیبراڵ نییە کە ماف و ئازادییەکانی تاك گەرەنتی بکات و ڕێزیان لێبگرێت. بەڕای هیگڵ، سنوورەکانی یاسای ئاوەزمەندانەی تاك پێویستییان بە بەهێزکردنەوەی سیاسی هەیە.

ڕوانگەکانی هیگڵ لە ڕوانگەی گشت  تیۆریسازەکانی دەوڵەتی بەر لەخۆی جیاوازە. ئەو بە ئاشکرایی مەرجە ناپێویستەکانی بۆ بوونایەتیی دەوڵەتی مۆدێرن بە شایانی دەرك و قەبووڵکردن دەزانی، بەو مانایەی دەیەوێ ئەوە دەربخات کە ئاوەزی مێژوویی لە سەردەمی مۆدێرندا پێویستی بەئەخلاقی گشتی هەیە.



یاسای ئاکاری بەبۆچوونی هیگڵ پەیوەستە بە بوونی تاکیی مرۆڤەوە. بۆ گەیشتن بە پڕەنسیپی تیۆری لە دەوڵەتی مۆدێرندا پێویستە زاڵ بی بەسەر بەستێنە تاکییەکان و فەلسەفەی ئاکاردا. بەپێی بۆچوونی هیگڵ تاکەکان ڕەنگە تەنیا بە مەرجێك دەتوانن هەنگاو بنێن بۆ بە ئاکام گەیاندنی چالاکییە مەشرووعەکانی خۆیان بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی کە بەختەوەریی گشتییان لەبەرچاو بێت. هەرکات ئەم بەختەوەرییە گشتییە وەك بەستێنێك بۆ کردەوەکانی ئێمە بێتە هەژمار، لەوێدا تێڕوانینی تاکی لەناو دەچێت. بەبۆچوونی هیگڵ بەختەوەریی گشتی هەمان ژیانی ئاکاری یان ئاکاری گشتییە. کە لە بەشی سێهەمی کتێبی فەلسەفەی مافدا تووشی دێین. ئەندێشەی هیگڵ سەبارەت بە ژیانی ئاکاری مۆدێلێکی وەرگیراوی فەلسەفەی سیاسیی یۆنانی کۆنە، مۆدێلەکەی لە دەوڵەت-شاری ئاتینی کۆنەوە وەرگیراوە. بەبۆچوونی هیگڵ خەڵك یان گەل تا ئەو جێیەی پەیوندییە دەروونییەکانیان لەڕێگەی ژیانی ئاکارییەوە بەڕێوە بچێت و دینامیك بێت، کۆمەڵگەیەکی ڕەسەنیان پێکهێناوە.

لێرەدا بەر لە باسکردن لەسەر تەوەری دەوڵەت پێویستە باسی تێگەیشتنی هیگڵ لە کۆمەڵگەی شارستانی بکەین. هیگڵ لە کتێبی فەلسەفەی مافی خۆیدا کۆمەڵگەی شارستانی بە داهێنانی پۆزێتیڤی تاکخوازی داناوە و بە بەرهەمی جیهانی مۆدێرنی زانیوە. کۆمەڵگەی شارستانی دەرخەری مەعریفەی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵگەیە کە ئەندامەکانی خاوەنی بەرژەوەندی و مافی یاسایین و بەتایبەت بە واتای تاکی تایبەت و نەك بە واتای تاکەکانی ناو گرووپە سوننەتییەکان، لە قەڵەم دەدرێن. کۆمەڵگەی شارستانی بەو جۆرەی لە کتێبی فەلسەفەی ماف دا باسی لێوەکراوە، یەکێك لە ڕەگەزە سێیانەکانی ژیانی ئاکاریی کانتە و کەلەبەری نێوان خێزان و دەوڵەت پڕدەکاتەوە و قۆناغی

گواستنەوە لە کۆمەڵگەی وابەستە بە پەیوەندیی خزمایەتییەوە بەرەو کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پەیڕەویی دڵخوازانەی تاکەکان لە ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگەی سیاسی دەردەخات، کەواتە کۆمەڵگەی سیاسی هەرکات دیاردەی لێکتێگەیشتنی سیاسی نفوزی تێبکات دەبێتە دەوڵەت. کۆمەڵگەی شارستانی چەمکێکی بەرتەسك و پەتییە بۆ دەوڵەت کە ناتوانێ فاکتەرە زەرورییەکانی ژیانی سیاسی کۆ بکاتەوە. کۆمەڵگەی شارستانی لەڕووی مێژووییەوە بەرهەمی جیهانی مۆدێرنە. هەروەك هیگڵ لە کتێبی فەلسەفەی مافدا گوتوویەتی سۆژە هەمان ئەو کەسەیە کە لە خێزاندا ئەندامێکە و لە کۆمەڵگەی شارستانیدا بۆرژوایە. هیگڵ بە ئەڵمانی بە burger als bourgeois ناوی دەبات. شارۆمەندانی ئاتینی کۆن لە چالاکییە بازرگانییەکاندا کاریان نەکردووە، بەڵکوو ئەم کارە لەلایەن (مێتێك)ەکان (دانیشتووە ناشارۆمەندەکان) ئەنجام درا. بەڵام بەبۆچوونی هیگڵ کۆمەڵگەی شارستانی یەکێتییەکی ئابوورییە. خێزان بە واتایەکی ئابوورییانە بە یەکێتییەکی سۆزدارانە دەژمێردرێت، نەك کۆمەڵگەی شارستانی. راهێنانێکی سیاسی کە لە کۆمەڵگەی شارستانیدا ئەنجام دەگرێ تاك والێدەکات کە لە ئاراستەی ئیرادە و کردەوەی خۆی لە پێوەرێکی جیهانیدا جێبگرێت. لەم رووەوە تاکەکان خۆیان دەخەنە زنجیرەیەکی پێوەندییەوە کە بە کۆمەڵگەی شارستانی ناودێر دەکرێ. هیگڵ جەخت دەکاتەوە کە دەبێ جیاوازی دابنرێت لە نێوان ئیرادەی خەڵك و بەشداری کردنیان لە ئیرادەی گشتیدا. هیگڵ لەم خاڵەدا لەگەڵ رۆسۆ هاودەنگن کە پرەنسیپە بنەماییەکانی دەوڵەت دەسەڵاتێکی خوداوەندی یان رەمەکییانە نییە، بەڵکو ئیرادەی گشتییە.

ئەمە ئیرادەی گشتییە بەڵام هیگڵ پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەڵەیەکی گەورە و دڵتەزێنە کە پێمان وابێ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ هەموو



ئەندامەکانی دەگونجێت کە بەشێوەیەکی یەکپارچە و یەکدەنگ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو رێککەون. لەم رووەوە هیگڵ لەگەڵ رۆسۆ هاوباوەڕە کە ئەگەر دەوڵەت بیهەوێ ئازاد بێت دەبێ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و یان ئیرادەی گشتیی خەڵك بگەیەنێتە ئاکام، بەڵام لە چۆنیەتیی پراکتیزە بوونی ئەم کارە لەگەڵ رۆسۆدا هاودەنگ نییە.

رۆسۆ دەڵێ: خەڵك بەگشتی دەبێ راستەوخۆ لە داڕشتنی یاسادا بەشدار بن هیگڵ دەڵێ: ئیرادەی گشتی وەك پرەنسیپێکی ئاوەزییانە دەبێ وردەوردە بیچم بگرێت. بەم شێوەیە هیگڵ بەپێچەوانەی رۆسۆ لەسەر ئەو رایەیە کە بەجێهێنانی یاسا بە یاسادارێژ کورت نابێتەوە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ گشت هێزەکانی دەوڵەت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خەڵك دەبێ بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن و رای خۆیان لەسەر کاری سیاسیی دەوڵەت دەربڕن. بەم پێیە ئەنجوومەنی ویلایەتەکان بۆ ئەوەی ئەنجومەنێکی ئازاد و شەفاف بێت پێویستە هەلی راهێنانی راستەقینەی خەڵك لە کاروباری دەوڵەتیدا بڕەخسێنێت. ئەنجوومەنی ویلایەتییەکان دوو کارکردی هەیە:

١. حکوومەت لە پێداویستییەکانی خەڵك ئاگادار دەکاتەوە.
٢. کێشە و گرفتەکانی دەوڵەت بگەیەنێتە گوێی خەڵك.

بەڵام دەسەڵاتی بەرپرسیار لەسەر بەجێبەجێکار دانانی یاسا، پاشا و ئەنجوومەنی شوورایە. پاشا دەسەڵاتی دوایینە چونکە ئەو حاکمییەتی دەوڵەت لە خۆیدا کورت دەکاتەوە. بەڵام هیگڵ نایەوێ پشتگیریی حکوومەتی لەجۆری ئیستبدادی بکات. تەنیا دەسەڵاتێك کە دەبێ دەوڵەتی لە ئیختیاردا بێت، دەسەڵاتی یاسایە.

پەپووی مینرۆوا تەنیا لە خۆرئاوابووندا هەڵدەفڕێ. بەبۆچوونی هیگڵ فەلسەفە ناتوانێ جیهان بگۆڕێت بەڵکو دەبێ راڤەی بکات، بەڵام هەر ئەم

راڤەیەش خۆی جیهان دەگۆڕێت. هەروەك پێشتر باسکرا هیگڵ لەو باوەڕەدایە کە دەستڕاگەیشتن بە ئازادی لە مێژوودا روون نییە، بەڵکو دەبێ بڕوای پێبهێنرێت. مێژووی مرۆڤ مێژووی مرۆڤێکە کە لەڕێگەی پەیوەندیی دوولایەنە لەگەڵ جیهانی عەینیدا بە خودئاگایی دەگات. مرۆڤ لەڕێگەی ئەم راهێنانەوە بە ئازادی دەگات. بەبۆچوونی هیگڵ ئازادی لە هەموو دۆخێکی سروشتی گریمانەییدا دەست ناکەوێ، بەڵکو دەبێ لەڕێگەی دەستتێوەردانەوە بەرهەمدار بکرێت. ئەم دەست تێوەردان یان ناوبژیوانییەی مرۆڤ کە مرۆڤ لە ئازادی ئاگا دەکاتەوە، بابەتی تەوەرەیی فەلسەفەی مافە. لەم ناوەندەدا سێ قۆناغی هەیە:

١. ئیرادەی راستەوخۆ (مافی رەسمی).
٢. ئیرادەی وەك رامان (ئاکاری زەینی).
٣. یەکێتی هەردوو بابەتەکە (ژیانی ئاکاری یان ئاکاری گشتی).

ئاکاری گشتی لە سێ بەشدا جیا دەبێتەوە:

أ. خێزان (خودتەوەریی پاژەکی).
ب. کۆمەڵگەی شارستانی (خودتەوەریی گشتی).
ت. دەوڵەت ( ئەویترخوازیی گشتی).

کۆمەڵگەی شارستانی پانتای خودتەوەریی گشتییە. شوێنێکە کە تاك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وەك کەرەستە لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە دەکات. وردترین زاراوەیە بۆ دەربڕینی "ژیانی ئابووری". ئامانجەکانی تاك بە ناوبژیوانی دەگاتە ئەنجام. هەرچەندە کەسانێکی زیاتر وابەستە بن بەو نیازەی کە ئەو کەسە بەدی دەهێنێت، دۆخی ئەو کەسە باشتر دەبێت. مەبەستی هیگڵ لە کۆمەڵگەی شارستانی وەك پانتای ئامانجە خودتەوەرانەکان لەڕاستیدا پەیوەندیی ئەوە لەگەڵ گۆڕانییە مێژووییەکاندا. کۆمەڵگەی شارستانی وەچەی جیهانی مۆدێرنە.



پێناسەی هیگڵ لە کۆمەڵگەی شارستانی، بە پەیڕەوی لە مۆدێلی ئابووریگەرا کلاسیکان سەبارەت بە بازاڕی ئازاد پێشکەش کراوە.

هیگڵ دەزانێ کە لێکچوونی نێوان ئەم مۆدێلە و یاسای سروشتی رەنگە ببێتە هۆی تێکەڵانی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت. لەم رووەوە، لەم بابەتە وشیارمان دەکاتەوە و وەك دەڵێ: کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتێکی دەرەکییە و دەوڵەتێکە کە لەسەر بنەمای نیاز وەستاوە. لە کۆمەڵگەی شارستانیدا هەر ئەندامێك لە خزمەت ئامانجەکەی خۆیدایە. بنەمای کۆمەڵگەی شارستانی سیاسەمی نیازەکانە. بەڵام نیازە سروشتییەکان لە رێگەی کاری مرۆڤەوە دەستەبەر دەکرێن. بەم شێوەیە، کار نێوبژیوانی نێوان مرۆڤ و سروشتە. کەواتە پرۆسەی بە ماشێنی بوون و پیشەیی بوون لە پاشهاتە زەروورییەکانی کۆمەڵگەی شارستانییە و هەژاری شتێکی بەڕێکەوت نییە بەڵکو شتێکی زاتی و شاراوەی ناو رەگەزی کۆمەڵگەی شارستانییە. بەبۆچوونی هیگڵ تەنیا لەهەندێ پلەدا بەپێی رێژەی گەشەی دارایی، گەشە دەکات. ئەمانە لەڕاستیدا دوو بەری هاوکێشەیەکن کە کۆیەکەیان دەکاتە سفر. هەژاریی مۆدێڕنیش هاوپێیە لەگەڵ کەڵەکەبوونی پیشەییدا. هیگڵ بۆ سڕینەوەی هەژاری سێ چەشنە بژاری جێگرەوە دەخاتە بەردەست:

١. سڕینەوەی هەژاری لەڕێگەی دامەزراوە و بنکە دڵخوازانەکانەوە.
٢. سڕینەوەی هەژاری بههۆی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان.
٣. سڕینەوەی هەژاری لەڕێگەی کاری گشتییەوە.

بەڵام هیگڵ خۆی هیچ رێگەچارەیەك ناخاتە بەردەست. ئەو بە ناومێدانە ئاماژە بەوە دەکات کە هەژاری بە چەشنێکی تایبەت و قۆرخ لە کۆمەڵگەی شارستانیدا دەمێنێتەوە. بۆچوونەکانی هیگڵ سەبارەت بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، دەیگەیەنێتە تیۆریی چینی گشتیی برۆکراسی.

بەبۆچوونی هیگڵ، بەستراوەبوون بە چینێکەوە تاك بەگشتێکەوە دەلکێنێ و مرۆڤی بەبێچین تەنیا کەسێکی پاژەکییە و گشتی بوون لەودا نەگەیشتۆتە ئاکام. بەبۆچوونی هیگڵ سێ چین بوونیان هەیە:

١. چینی وەرزێر.
٢. چینی کاسب و پیشەوەر.
٣. چینی برۆکرات.

برۆکراتەکان چینی خزمەتگوزاری شارین. بەپێی بۆچوونی هیگڵ دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بە جۆرێك لە برۆکراسی هەیە کە بەڵێندەری خزمەتکردنە لە ئاراستەی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا. هێگڵ ئاگادارە لەم مەترسییە کە تاکەکانی ئەم چینە خۆیان بە خاوەنانی دەوڵەت دەزانن. هەر لەم رووەوەیە کە نوێنەرایەتییەك وەك سیاستەمی ناوبژیوانیی نێوان حکوومەت و خەڵك واتە دەوڵەت و کۆمەڵگە پێشنیار دەکات. ئەگەر ئەم سیستەمە ناوبژیوانە لەئارادا نەبێت، ئیستبداد زاڵ دەبێت. بەبۆچوونی هیگڵ ئازادیی تاك دەستەبەری دابەشکردنی دەسەلاتە کۆمەڵایەتییەکانە. هیگڵ لەم بوارەدا خوازیاری زیادبوونی ژمارەی رێکخراوە خۆبەخشەکانە کە دەتوانن ئۆتۆریتەی حکوومەت بگەیەننە حاڵەتی بالانس. لەم رووەوە ئەو لە پاڵ ئەوەدا کە لە دەوڵەتدا رۆڵێکی زاڵ بۆ برۆکراسی بە رەوا دەزانێ، لێشی دردۆنگە و بیر لە سنووردارکردنەوەی ئەو دەکاتەوە. هەر ئەم روانگە هیگڵییە لە بەستێنی پلۆرالیزمدا سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و دینیشدا ئاشکرایە. لە روانگەی ئەودا هەرچەندە دەوڵەتێك تۆکمە و پوختەتر بێت، لەکاروباری ئایینیشدا ئازادیخوازترە. چونکە هیگڵ دەوڵەت بە دامەزراوێك سوزانێ کە رەهەندە گشتییەکانی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆیی ئاشکرا دەکات.



کاتێ تیۆری دەوڵەتی هیگڵ دەخوێنینەوە دەبێ سەرنج بدەین بەوەی لە پەرەگرافی ٢٥٨ی کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافدا بەیانی کردووە ئەو دەڵێ: دەوڵەت جێ هەنگاوی خوداوەندە لە جیهاندا. مەبەستی هیگڵ ئەوە نییە کە دەوڵەت جێ هەنگاوی خوداوەندە لە جیهاندا بەڵکو لەو باوەڕەدایە کە بوونی دەوڵەت بەشێکە لە بەرنامەی خوداوەندی، نەك تەنیا دەستکردێکی بێ ئیختیار لەلایەن مرۆڤەوە. بەگوتەیەکی تر ئاوەزمەندییەك کە بیچم بە جیهانی مرۆیی دەدات، لە دەوڵەتدا دەردەکەوێ. تیۆریی دەوڵەتی هیگڵ پەیوەندی هەیە بە رەخنەی ئەوەوە لە لیبرالێزم. رەخنەی لە تاکخوازیی لیبرالێزمە ئەم تاکخوازییە لیبرالییە لە رەخنەی هیگڵدا دوو لایەنی هەیە:

١- لایەنی یەکەم پەیوەندی بە ئامانجی تاکخوازی لە پەرێزکاری لە ژیان و ئازادی و خاوەندارێتی تاکییەوە هەیە. ئەم تایبەتمەندییە تەوەرەی تیۆرییەکانی لیبرالێزمی کلاسیکە کە لەلایەن بیرمەندانێك وەك لۆك، مۆنتسکیۆ و بیرمەندە ئەمریکییەکانەوە، بلاو کراوەتەوە.

٢- لایەنی دووهەم دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەیەك کە هیگڵ لە یەکسانیی دەوڵەت و حکوومەت لە روانگەی لیبرالێزمدا هەیەتی.

فەلسەفەی سیاسیی هیگڵ روانینێکی تایبەتە کە لەوێدا تیۆریی لیبرالیی کلاسیك خۆی لە دەلاقەی کۆمەڵگەی شارستانییەوە ئاشکرا دەکات. بەر لەمە گوتمان کە بەبۆچوونی هیگڵ کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتێکە کە وەك دەوڵەتێکی دەرەکی لەقەڵەم دەدریت. ئەگەرە سەرنج بدەین بە ئاماژەکانی ئەو لە پەرەگرافی ٢٥٨دا بۆمان دەردەکەوێ کە بەگوتەی ئەو ئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی لێك بهاڵێن، بەرژەوەندیی تاکەکانیش دەبنە دوائامانج. بەبۆچوونی ئەو دەوڵەت تەنیا ئامرازی رازیکردنی تاك بەشێوەی تایبەتی نییە بەڵکو کریستالێزەی عەینی گشتێکە کە چارەنووسی مرۆیی بەیان دەکات.

دەوڵەت نیشاندەری عەینییەتی بە ئەنجام گەیشتووی ئاوەزی مرۆڤە. هەم لە ڕوانگەی هیگڵەوە و هەم لیبراڵیزمی کلاسیکەوە هەبوونی دەوڵەت شتێکی پێویستە بۆ بەرزبوونەوەی ئازادیی مرۆیی، بەڵام هەرکام لەمانە بۆچوونێکی تەواو جیاوازیان لە سەر ئازادی هەیە. بەبۆچوونی هیگڵ ئازادییەك کە لیبراڵیزم بە مەبەستی پاراستن و پەرەپێدان بە شوێنیەوەیەتی تەنیا ئازادیی ئیختیار و ئازادیی ئەنجامدانی هەر کارێکە کە تاك حەزی لێیەتی، بەڵام بەبۆچوونی هیگڵ ئازادی ئەمە نییە. ئیرادەی بەڕاستی ئازاد ئیرادەیەکی ئاوەزمەندە و دەبێ ڕوخسارەیەکی گشتیی هەبێت. هیگڵ، لیبراڵیزم بههۆی تێڕوانیی بۆ دەوڵەت وەك تەنیا کەرەستەیەك بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئازادیی تاکی یان تایبەتیی تاکەکان، دەداتە بەر ڕەخنە. بەڕای ئەو دەوڵەت بە هیچ شێوەیەك کەرەستە نییە بەڵکو لە خۆیدا ئامانجە. دەوڵەت شوێنی بە ئەنجام گەیشتنی ئازادیی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە. دەوڵەت ڕاستییەکە کە لەوێدا تاك خاوەنی ئازادیی خۆیەتی. لەوێدا ئیرادەی گشتی دەگاتە ئەنجام ، بەشێوەیەك کە دەبینین ڕوانینی ئاوەزمەندانەی هیگڵ بەڕادی پێویست مەودایەکی لەگەڵ ڕوانینی تاکخوازانەی لیبراڵیزمی ڕەسمیدا. بەڵام بەبۆچوونی ئەو دەوڵەتی میانەڕەو دەوڵەتێکی بەهێز و تۆکمەیە، چونکە تێرکردنی ئازادیی زەینی بەڕەوا دەزانێ و خۆی وەك پێش مەرجێك نیشان دەدات لە دەستراگەیشتن بە ئامانجی شارۆمەندانەدا. هیگڵ بایەخێکی زۆر بۆ یەکانگیرکردنی ئیرادەی زەینی و ئیرادەی ئاوەزی دادەنێت. زۆرینەی ئەو شتانەی هیگڵ سەبارەت بە یاسا و ئۆرگانیزمی دەروونیی دەوڵەت باسیان لێوە دەکات بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بابەتی یەکگرتنی بەرژەوەندییەکان و شارۆمەندان لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی دەوڵەتدا گەڵاڵە کراون.



هیگڵ دژی ناوەندگەرایی ئیدارییە. ئەو لە کتێبی (یاسای بنەڕەتیی ئەڵمانیا)دا ڕەخنە لە "ماشێنی دەوڵەتی" دەگرێت و لێرەدا لە تۆکڤیل نزیك دەبێتەوە. ئەو لە کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافدا ئەم ڕەخنەیە لە ناوەندگەرایی دووپات دەکاتەوە و بەجێی ئەو کۆمپانیاکان و ئەنجوومەنەکان بە شیاوی دەسەڵات دەزانی. کۆمپانیاکان و ئەنجوومەنە ناوچەییەکان دەورێکی سەرەکی دەگێڕن لە ڕێگرتن لە گۆڕانی تاکەکان بۆ پاژگەلێکی پرش و بڵاو.

بەبۆچوونی هیگڵ جودی بەئەنجام گەیشتوویی تاکی بابەتێکی گرینگە بەڵام ماناکەی بەم شێوەیە نییە کە تاکەکان گەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان نەك وەك تاك بەڵکو وەك ئەندامانی کۆمەڵێك دەستەبەر دەکەن. ئەم ڕاڤەیە هیگڵ دەکێشێتە ناو کەناڵێکی بان تاکییەوەیە. بەم شێوەیە هیگڵ ڕێگەیەکیتر جگە لە ڕێگرییەکان بۆ بەرژەوەندیخوازی دەخاتە بەردەست. ئەو چەمکێکی وەك بەختەوەریی کۆمەڵایەتی کە زۆر مەزنترە لە ئاسایشی تەنیا ژیان و خاوەندارێتی، پێشنیار دەکات.

دوائامانج لە دەوڵەتی هیگڵدا ئازادیی ئاوەزمەندانە یان ئیرادەی گشتییە کە هاوپەیوەندە لەگەڵ گشتی بوونی دیاردەناسانەی مرۆڤدا.

## کارل مارکس

مارکس بیرمەندێکی مێژووییە، بە واتایەکی تر ژیان و بەرهەمەکانی مارکس پەیوەندیی هەیە بە مێژووی جیهانەوە. بۆ تێگەیشتن لە مارکس پێویستە تێگەیشتنێکی دروستمان لە بارودۆخی سەدەی نۆزدەهەم، بارودۆخی سەرمایەداری و ئیستعمار و گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژیکەکانی ئەو قۆناغە هەبێت. هەروەها مارکس رۆڵێکی دیاری لە سەدەی بیستەمدا هەیە. ئەو لانیکەم لەو قۆناغەدا رۆحی هەندێ رەوتی مەزنی وەك ترۆپك و داڕمانی سۆسیالیزم و جەنگی سارد و بزاڤە دژە ئیستعمارییەکانە لە جیهانی سێهەمدا. کەڵەپیاوە مێژووییەکانی وەك "لینین"، "ستالین"، "ترۆتێسکی"، "گرامشی"، "مائۆ"، "کاسترۆ" و زۆرکەسی تر پشتیان بەو بەستووە. بەشی هەرە گەورەی رۆشنگەریی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی مارکس بیچمی گرتووە. بیرمەندانێك وەك "ژان پۆل سارتر"، "لۆکاچ" و ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کاریگەرییان لە کارکس وەرگرتووە. هونەرمەندانێکی مەزنی وەك "پیکاسۆ" و نووسەرانی ناوداری وەك "گۆرکی" و شانۆنامەنووسانی وەك "بێرتۆڵت برێشت" و شاعیرانی وەك "لوویی ئاراگۆن"، "پۆل ئێلوار"، "پابلۆ نێرۆدا" لە داوێنی ئەندێشەکانی ئەو داپەروەردە بوون. مارکس بیرمەندێکی فرەزانست بوو، بەڵام سەرەکیترین لقەکانی ئەندێشەی ئەو تیۆرییە کۆمەڵناسانەکان و تیۆرییە ئابووریناسانە و فەلسەفی و مێژووییەکانن.

مارکس نووسرێکی پڕکار بوو و گەلێ بەرهەمی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە و گەلێ وتاری لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا چاپکراوە. ئەو



سەرەڕای فرەچەشنی تەوەرەکان لە بەرهەمەکانیدا، سەردەمە جیاوازە مێژووییەکانیشی خستبووە بەر توێژینەوە.

لە دابەشکردنی ژیان و بەرهەمەکانی مارکسدا رێککەوتنێکی گشتی هەیە لەسەر ئەوەی دابەشی بکەنە سەر دوو قۆناغ: قۆناغی یەکەم بە سەردەمی گەنجێتیی مارکس بەناوبانگە بریتییە لە بەرهەمەکانی ئەو لەنێوان ساڵانی ١٨٤١ و ١٨٤٨. لەو قۆناغەدا وتارە کورتەکان و هەندێ توێژینەوەی وەك "دەروازەیەك بۆ رەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ" و هەروەها "پرسی یەهوود"، بەرچاو دەکەوێت. بەرهەمە گرینگەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە "خێزانی پیرۆز" و "هەژاریی فەلسەفە" و "دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان" و هەروەها بەرهەمێکی زۆر گرینگی وەك "ئایدیۆلۆیی ئاڵمانی" و گرینگترین بەرهەمی کورتی مارکس واتە "مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست".

مارکس لە قۆناغی دووهەمی ژیانی خۆیدا دوو بەرهەمی زۆر گرینگ واتە "چاوخشاندنێك بەسەر رەخنە لە ئابووریی سیاسی" و شاکارێکی وەك "سەرمایە"ی ئافراندووە. مارکس بەر لە هەرشتێك کۆمەڵناس و ئابووریزانی سیستەمی سەرمایەدارییە. ئەو هیچ گەڵاڵەیەکی روونی سەبارەت بە چۆنیەتیی سیستەمی سۆسیالیستی نادات بەدەستەوە و بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە کە مرۆڤ ناتوانێ لە داهاتوو ئاگادار بێت، بەڵام بە راست یان بەهەڵە ئەندێشەکانی مارکس ژێدەر و بەڵگەیەکی گرینگن لە بواری فەلسەفە و ئابووری و کۆمەڵناسی و مێژوودا.

راستییەکی سەرسوڕهێنەری تر ئەوەیە کە لە سەدەی بیستەمدا پتر لە یەك ملیار کەس لە خەڵکی جیهان روویان هێنایە ئایینێکی ئەندێشەیی کە پێی دەووترا مارکسیزم. لەپاش شۆڕشی رووسیا لە ١٩١٧ جەمسەربەندیی

باوەڕەکان بەجۆرێکی لێهات کە هەرکەسێك مارکسییانە بیری نەدەکردەوە بە دژی مارکس دادانرا. لەکۆتایی جەنگی سارددا هەندێ راڤەی نوێ لە مارکسیزم هاتە ئاراوە کە هەوڵیان دەدا هەم هەڵەکان و دەسکەوتەکانی روون بکەنەوە بەبێ ئەوەی بتێکیان لە مارکس داتاشیبێت. مارکس لە ١٩ ساڵیدا لە نامەیەکدا کە لە رێکەوتی ١٠ی نۆڤەمبەری ١٨٣٧ بۆ باوکی نووسی، ئەوی خستە ناو رەوتی یەکەم کۆنتاکتی خۆی لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵدا: لە ناوەرۆکی ئەو نامەیە وا دەردەکەوێ کە تەنانەت لەم تەمەنە کەمەدا لە فەلسەفەی هیگڵ تێگەیشتووە. مارکس لە فەلسەفەی هیگڵدا ئامرازێکی بەهێز دەبینێ بۆ گۆڕینی ئەو راستییانەی لە ئارادا هەن. بەندیوارییی مارکس بۆ فوێرباخیش هەر لەم چەشنەیە:

ئەندێشەکانی فوێباخ ئامادەکاری بەستێنی دەرك و فەلسەفەن. بەگوتەی فوێرباخ لە فەلسەفەی تیۆریدا، لە ئیسپینۆزاوە هەتا هیگڵ هەوڵ دەدرێت مرۆڤ لە نامۆیی شاراوەی ناو ئایین رزگار بکەن. ئەم خاڵە لەگەڵ روانگەی گشتیی ئەو بۆ ئایین وەك گەلاڵەیەك لە خواستە مرۆییەکان کە لە روخسارێکی وەك خوداوەنددا رەنگ دەداتەوە وێنا دەکرێ هاوئاراستەن. بەپێی بۆچوونی فوێرباخ مرۆڤی ئایینی مرۆڤێکی لەخۆنامۆیە. ئەو پێیوایە فەلسەفەی تیۆری ناتوانێ لەخۆنامۆیی بسرێتەوە. فوێرباخ لەم خاڵەوە دەستپێدەکات بە پەرەپێدانی فەلسەفەی ماتریالیستیی خۆی کە ئاوەژووکەرەوەی فەلسەفەی هیگڵە. ئەو شوێنی "بابەت"ی سوننەتیی لە فەلسەفەی ئایدیالیستیدا و "هەڵگر"ی سوننەتی واتە مرۆڤ، ئاڵوێر دەکات و ئەم هەڵگرەی کردە بابەت. ئەم شێوازی جێگۆڕکێیە لە میتۆدی فەلسەفەی فوێرباخدا هۆکاری گەلاڵەبوونی حاڵی دەسپێکێکی تەواو نوێ لە فەلسەفەدا و لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی فەلسەفەی هیگڵییە. مارکس لەژێر کاریگەریی ئەم میتۆدی ئاوەژووکردنەوەیە



لەبواری فەلسەفەی سیاسیدا سوودی لێوەردەگرێت و لە سۆنگەیەکی فوێرباخییەوە دەست دەبات بۆ کۆکردنەوەی رەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ. ئەم رەخنەیە هەندێ لێکدانەوەیە سەبارەت بە بابەتەکانی هیگڵ لە لاپەڕەکانی ٢٦١ هەتا ٣١٣ی کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافی هیگڵ.

مارکس هەم چەمکەکان و سیستەمی گشتیی هیگڵ قەبووڵ دەکات و هەم رەخنە و میتۆدیی جێگۆڕکێ پێکردنەکەی فوێرباخ قەبووڵدەکات. مارکس هەندێ چەمکی وەك کۆمەڵگەی شارستانی یان هەژاری قەبووڵ دەکات و هەر بەو چەشنەی لە سیستەمی فەلسەفی هیگڵدا گەلاڵە کراون بەکاریان دەهێنێت. بەڵام لە هەندێ پەیوەندی و بۆنەی شۆڕشگێڕانەدا لەپاڵ چەمکی دەوڵەتدا دایاندەنێت. لە تیۆریی هیگڵدا دەوڵەت بەچەشنێك باسی لێوەکراوە کە دەتوانرێ بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو تاکانەی پێکیان هێناوە قسەی لەسەر بکرێت، کەواتە تاك لە فەلسەفەی هیگڵیدا تەنیا لەپاش بیچمگرتنی دەوڵەت دێتە بوون، بەشێوەیەك کە دەکری دەوڵەت و تاك بەشێوەی جیاجیا بخرێنە بەرباس . مارك ئاماژە دەکات کە ناتوانرێ لە رووی واتاییەوە تاك لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکەی جیا بکرێتەوە. بەپێی بۆچوونی مارکس، هیگڵ لە تاکدا تەنیا تایبەتمەندییە زەینییەکانی ئەو دەستکەوتووە و پەی بە واتا و رەهەندەکانی تری ئەو نەبرووە. لەم رووەوە دەوڵەتی سیاسی دروست یەکێکە لە چەشن و بیچمە وجوودییەکانی تاکی مرۆیی.

لە روانگەی مارکسەوە هیگڵ کۆمەڵگەی شارستانی بە کەشێك لە ماتریالیزی ئابووری و رۆحانییەت دیتووە. لەخۆنامۆیی مرۆڤ پاشهاتی ئەم چەشنە بەدووەستەکردنەی ژیان لەنێوان دوو کەشی ئاماژەپێکراودایە. لەڕوانگەی مارکسەوە دامەزراوە سیاسییەکان سەرەڕای بانگەشکەکانی خۆیان لەسەر جیهانی و هەمەکی بوون، تەنیا بەرژەوەندییە تایبەت و خودتەوەرانەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆ دەگرێت. مارکس لەم دەلاقەیەوە دوو ئەنجام هەڵدەهێنجێت:

١- جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت لەلایەن هیگڵەوە، دیاردەیەکی مێژووییە کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا روویداوە.

٢- چونکە هیگڵ بێ ئاگایە لە هۆکارە مێژووییەکان ئاگای لەوە نییە کە ئێستا ناسازگاریی دژبەرەکان (اچداد)ی نێوان کەشی سیاسی و کەشی تایبەتیی کەسەکان جێگەی ئەوی گرتۆتەوە.

بڕیاردانی مارکس سەبارەت بە ئەندێشەی سیاسیی هیگڵ لەڕاستیدا کۆبەندی بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئەزموونە مێژووییەکانی لەسەر دەوڵەتی مۆدێرنیشە. لەو رووەوە کە لە روانگەی مارکسدا چەمکی هیگڵ بۆ دەوڵەتی مۆدێڕن بە شێوەی راستییەکی ئاوەژووکراو گەڵاڵە کراوە، جارێکی تر پێویستە ئەم چەمکە بەشێوازی جێگۆڕکێی فوێرباخی ئاوەژوو بکرێتەوە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیی ئەم شۆڕشی جێگۆڕکێیە لەم گریمانیەدا حەشارە کە کۆمەڵگەی مرۆیی گوزارەیەکی دیاریکراو نییە ئەنجام و لێکەوتەی بکەری مرۆییە، چونکە کۆمەڵگە رۆڵی "هەڵگر" دەگێڕێت، کەواتە خوازیاری هەبوونی بابەتێکی چالاکی مرۆییە. ئەوەی کە پێشتر جێگەی لە قەڵەمڕەوی زەرووڕەتدا بوو، ئێستا دەبێتە ناوەندی ئازادی. ئەم شۆڕشە بەیانگەری ئەوەیە کە مرۆڤ و چالاکیی کۆمەڵایەتی ئەو هاوچەشنن. بەپێی بۆچوونی مارکس مرۆڤ هەمەك و کۆبەندی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی خۆیەتی. لەم رووەوە کۆمەڵگەی ئازادکراو دروست هەمان خودی ئازادکراوە.

مارکس ئەم "خود"ە بە "گەوهەری کۆمۆنیستی" ناودێر دەکات. لەڕوانگەی ئەوەوە کۆمەڵگەی شارستانیی مۆدێڕن لەسەر بنەمای تاکگەراییە، بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگەی شارستانی لەڕووی



چییەتییەوە مۆدێلێکی بەکۆمەڵایەتیکراو لە مرۆڤ دەدا بەدەستەوە. بەم پێیە ئێمە دەبێ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا سەرکەوین . کۆمەڵگەیەك کە بتوانێت بەسەر ئەم جیاوازییانەدا سەرکەوێت بەبڕوای مارکس "دیموکراسیی راستەقینە"یە. بەبۆچوونی مارکس، دیموکراسی راستەقینە لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگە دەگونجێ کە لەوێدا ئیتر تاك لە هەمبەر کۆمەڵگە ناوەستێتەوە. دیموکراسیی راستەقینە لە شوێنێك هەیە کە جودایی و نامۆیی لەنێوان مرۆڤ و پێکهاتەی سیاسیدا نەبێت. دیموکراسیی راستەقینە بەمانای لەناوچوونی جیاوازیی چینایەتی و هەژارییە. ئامانجی دەوڵەت دەبێ بەم شێوەیە بێگ. ئامانجی کۆمەڵگەی شارستانی وەك کەشی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیش هەر ئەمەیە. مارکس لەم بارەیەدا پێداگری لەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگەی مۆدێڕندا مرۆڤ دابەش دەبێتە سەر دوو کەسی لێك جیاواز. یەکیان شارۆمەند و ئەویتر بۆرژوا. لە چوارچێوەی دەوڵەتدا مرۆڤ بەپێی رێسا گشتییەکان دەژی و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شارستانیدا گریمانەکە بەم جۆرەیە کە ئەو لەسەر بنەمای پێویستییەکان و بەرژەوەندییە خودتەوەرانەکانی خۆی رەفتار دەکات.

لەم رووەوە مارك دەپرسێت: لە چ هەل و بارودۆخێکدا ئەم پاڕادۆکسە لەئارا هەڵدەگیرێت؟ تاکەکان دەتوانن لە کاردا بە هەمان شێوە کە وەك شارۆمەند رەفتار دەکەن، لە ئاستی گشتیی کۆمەڵگەشدا بەشداری بکەن. ئەم شێوەیە بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسیی راستەقینە، ئازادیی سنووردارکراو بە نەزمی سیاسی لە کۆمەڵگە مۆدێڕنەکاندا دەبێ بگۆڕێت بۆ ژیانێکی ئاشکرای ئابووریی مرۆڤەکان. لەم مانایەدا رۆڵی کار زۆر سەرەکییە. مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی کارەکەرە و ئەگەر لە دۆخێکی نامرۆڤانەدا کار بکات لە مرۆڤایەتی دوور و لە خۆنامۆ دەبێت.

بەبۆچوونی مارکس مرۆڤ لە سیستەمی سەرمایەداریدا لەخۆنامۆیە و ڕەگی هەموو لەخۆنامۆییەکان لەخۆنامۆیی ئابوورییە، بەڵام لەخۆنامۆیی ئابووری بە چ مانایەکە:

١. یەکەم چەشنی لەخۆنامۆیی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ خاوەندارێتیی تایبەتی.
٢. دووهەم چەشنی لەخۆنامۆیی دەگەڕێتەوە بۆ بازاڕ. ڕەخنەی مارکس لە ئابووریی سەرمایەداری هاوکات ڕەخنەیەکی ئاکاری و فەلسەفیشە لە بارودۆخی سەپێنراو بەسەر مرۆڤدا لەلایەن سەرمایەدارییەوە.

بەبۆچوونی مارکس لێکدانەوەی ڕەوتی کامڵبوونی سەرمایەداری لێکدانەوەی پرۆسەی کامڵبوونی مرۆڤ و زاتی مرۆڤە لە ڕەوتی مێژوودا. دەتوانرێ هەموو ئەندێشە بنەماییەکانی مارکس لە بواری ڕاڤەی ئابووریی مێژوو لە حەوت خاڵدا کورت کرێتەوە:

١. یەکەمین ئەندێشەی بنەمایی مارکس ئەوەیە کە مرۆڤەکان دێنە ناو پەیوەندیگەلێکی دیاریکراوەوە کە سەربەستە لە ئیرادەی ئەوان. لەم ڕووەوە بەبۆچوونی مارکس دەتوانرێ لەرێگەی شیکردنەوەی وزەکانی بەرهەمهێنان، شوێنپێی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی مرۆڤ هەڵبگیرێت.
٢. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەتوانرێ ژێرخانێك و سەرخانێك لێکجیا بکرێنەوە. ژێرخان بریتییە لە هێزە بەرهەمهێنەرەکان و کاروبارەکانی سەبارەت بە بەرهەمهێنان. سەرخان بریتییە لە دامەزراوە سیاسی و کلتووری و مافەکییەکان.
٣. سازگاری گۆڕانی مێژوویی بریتی لە دژوازیی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی ناو بەرهەمهێنانە.
٤. مارکس لەم دژوازییانەدا ئاماژە بە خەباتی چینایەتیش دەکات. خەباتی چینایەتی لە نێوان ئەو بیچمانەدا کە مرۆڤ لە ململانێی نێوان هێزەکان و



پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنیدا دەیناسێت، دەورێکی سەرەکیی هەیە. خەباتی چینایەتی تەوەری سەرەکیی ناو "مانیفێستی کۆمۆنیست"ی مارکسە. بەپێی بۆچوونی ئەو، سەرتاسەری مێژوومێژووی خەباتی چینایەتییە. هەموو کۆمەڵگەکان دابەش دەبنە سەر چینگەلێك کە لە بەربەرەکانێی یەکتریدان. لەم ڕووەوە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی مۆدێرن جیا نییە لە کۆمەڵگەکانی پێش خۆی و لەم خاڵەدا جیاوازییەکی لەگەڵ ئەواندا نییە. بەڵام چینی دەسەڵاتدار و چەوسێنەر لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا واتە بۆرژوازی، هەندێ تایبەتمەندیی هەیە کە لە رابردوودا نەیبووە. بۆرژوازی بەبێ گۆڕینی بنەڕەتیی بەردەوام و هەمیشەیی لە کەرەستەکانی بەرهەمهێناندا ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت و پیادەی بکات. سیستەمی سەرمایەداری دەتوانێ بەردەوام و زێدە لە جاران بەرهەم بهێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەو زێدەبوونە روو لە زیاتربوونە لە دارایییدا هەژاری بۆ بەشی گەورە و زۆرینەی جەماوەر دەمێنێتەوە. ئەم پارادۆکسە لە کۆتاییدا بە قەیرانێکی شۆڕشییانە و پرۆلیتاری کۆتایی دێت کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك دەگرێتەوە، شێوەی چین بە خۆوە دەگرێ وەك گشتێکی کۆمەڵایەتی هەلی بەدەستهێنانی دەسەڵات و گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەهێنێت. شۆڕشی پرۆلیتاریا بە پشتیوانی و بەشداری زۆرینە و بۆ بەرژەوەندی هەمووان کامڵ دەبێت. لەم ڕووەوە شۆڕشی پرۆلیتاری نیشانەی لەناوچوونی چینەکان و دیارنەمانی پەیوەندییە دوژمنکارانەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. مارکس لە زاتی پرۆلیتاریادا تایبەتمەندیی ئەوپەڕی مسۆگەری بەجیهانیبوون دەبینێت و بایەخێکی تایبەت و هەڵگری پەیامێکی مێژوویی بۆ پرۆلیتاریا رەچاو دەکات. بەپێی بۆچوونی مارکس، خەباتی چینایەتی بەرەو ساردبوونەوە دەچێت. لەم

رووەوە گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو جەمسەری بوون هەنگاو دەنێن. هەندێکیان لە دەوری بۆرژوازی و هەندێکیان لە دەوری پرۆلیتاریا کۆدەبنەوە و گۆڕانی هێزەکانی بەرهەمهێنان. سازوکاری بزاڤ و گۆڕانی مێژووی پێکدێنێت.

٥. بەبۆچوونی مارکس دیالکتیکی هێزەکانی بەرهەمهێنان نیشاندەری تیۆریی شۆڕشە. لەم روانگە مێژووییەدا شۆڕشەکان تەنیا رووداوگەلێکی سیاسی نین  بەڵکو بەیانگەری زەروروتێکی مێژوویین.

٦. مارکس لە راڤە مێژووییەکەی خۆیدا ئاگایی بە راستییەکی کۆمەڵایەتی نازانێت. ئەمە ئاگایی مرۆڤەکان نییە کە راستییەکان روون دەکەنەوە ، بەڵکو ئەمە راستیی کۆمەڵایەتییە کە ئاگاییەکان دیاری دەکات.

٧. مارکس لە سەر بنەمای سیستەمە ئابورییەکان ئاماژە بە هەندێ قۆناغی جیاواز لە مێژووی مرۆڤایەتی دەکات. ئەو کۆمەڵێك شێوازی جیاوازی بەرهەمهێنان لێکجیا دەکاتەوە وەك: شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن، فیۆداڵیزم و بۆرژوازی. شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن  و فیۆدالی و بۆرژوازی لە مێژووی رۆژئاوادا ئەنجام دراون. تایبەتمەندیی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن کۆیلەداری و تایبەتمەندیی شێوازی بەرهەمهێنانی فیۆدالی سیستەمی ئەرباب و رەعیەتی  و تایبەتمەندیی شێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی سیستەمی کار و دەستحەقە. هەر شێوازێکی بەرهەمهێنان پێکهاتەی چینایەتیی دیار و تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ وێنە فیۆدالیزم پێکهاتەیەکی پیکهاتوو لە پاشا، کلێسا و جوتیارە“ سەرمایەداری لە خاوەن زەوییە گەورەکان، بۆرژوا و وردە بۆرژوا، پرۆلیتار و لۆمپەنی پرۆلیتاریا پێکدێت. روانگەی گشتیی مارکس ئەوەیە کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری قۆناغێکی زەرووریيە لە



جادەی گۆڕانی بەرەو سۆسیالیزمدا. مارکس لەنێوان روانگەی خۆی و روانگەی هاوچەرخەکانیدا سەبارەت بە سۆسیالیزم گەلێك جیاوازی دادەنێت. سۆسیالیزمی مارکس بەپێچەوانەی سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی لەسەر بنەمای راستییە کردەکییە مێژووییەکان و بەربەرەکانێی چینی کرێکار وەستاوە. بەپێچەوانەی تیۆرییەکەی پرۆدۆن، لە روانگەی مارکسدا  شۆڕش تەنیا رێکخستنی کرێکاران لە بەرانبەر دەوڵەتدا نییە و بەپێچەوانەی لوویی بلان کە ئەگەری روودانی شۆڕش دەبەستێتەوە بە هەبوونی دەستەیێکی بچووك لە شۆڕشگێڕان، مارکس ئەو ئەگەرە تەنیا لەڕێگەی رێکخستنی چینی کرێکارەوە دەبینێت. لەم رووەوە هەنگاوی یەکەم لای مارکس بۆ مسۆگەربوونی شۆڕش، دەسەڵات بەخشین بە پرۆلیتاریا لەبەرگی چینی دەسەڵاتداردایە. دەوڵەت لە ئامرازی دەستی چینی سەرمایەدار رزگاری دەبێت و دەبێتە رێکخراوێکی چینی کریکار.

ئەم روانگەیە مارکس بەرەو باسکردن سەبارەت بە کۆمۆنیزم رادەکێشێ . مارکس دەڵێ: "کۆمۆنیزم کلیلی مەتەڵی مێژووە و خۆی دەزانێ کە کلیلی والاکەری ئەوە. " بەبۆچوونی مارکس ﴿کۆمۆنیزم﴾ رێگەچارەی ململانێی نێوان سروشت و مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤە. مارکس کۆمۆنیزم لە بەرانبەر چەمکی بەرپرسیارێتیی گشتیدا دادەنێت، هەروەها بەڕای ئەو کۆمۆنیزم هۆکاری نەتەوەیی کردنی زەوییەکان و ناوەندیکردنەوەی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانە. ئەو پرۆسەیە دەبێتە هۆی هاوکاریی مرۆڤە ئازادەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان سادە و شەفاف دەبێتەوە. خەڵك لە تەنگ و چەڵەمەکانی پاژگەرای و تاکێتی رزگار دەبن و پێویستییەکیش بە پارە نابێت، بەڵام مارکس وردەکارییەکانی شی ناکاتەوە و دیاری نەکردووە کە کێ بەرپرسیار دەبێت و چ کێشەگەلێك لە پەیکەری

دەسەڵاتدا دەردەکەون و ... . ئەوەی مارکس بەشێوەی گشتی دەیڵێ لەڕاستیدا ئەوەیە کە لەنێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیدا قۆناغێك لە گواستنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرمایەدارییەوە بەرەو کۆمۆنیزم لە ئارادا دەبێت. هاوپێ لەگەڵ ئەم قۆناغەدا قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی هەیە کە لەوێدا دەوڵەت ڕۆڵی دیکتاتۆری شۆڕشی پرۆلیتاریا بەجێ دێنێ. کارکس لە تیۆریی یازدەهەمی خۆیدا سەبارەت بە فوێرباخ رادەگەیەنێت: "فەیلەسووفەکان تەنیا جیهانیان لە روانگە جیاوازەکانەوە راڤە کردووە ، بەڵام ئێستا سەردەمی گۆڕینی جیهانە". مارکس نکۆڵی لە فەلسەفە ناکات، بەڵکو هەوڵی پێشکەشکردنی فەلسەفەیەکی پراکتیکی دەدات کە کاریگەر بێت بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە جیهاندا و سوودبەخش بێت. گۆڕانە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان هاوپێی یەکترن. مارکس دەڵێ: فەلسەف ناتوانێ بەبێ سەرنجدان بە پرۆلیتاریا خۆی مسۆگەر بکات. پرۆلیتاریاش ناتوانێ مسۆگەر بێت مەگەر ئەوەی لە فەلسەفە تێبگات و مسۆگەری بکات." لەم رووەوە یازدەهەمین تیۆریی مارکس سەبارەت بە فوێرباخ تەنیا تێڕوانینێك نییە بۆ گۆڕان لە بابەتی تیۆریی رووتەوە بۆ "جیهانی راستەقین". مارکس فەیلەسووفە و زۆر باش دەزانێ کە بەبێ چەمکە پەتییەکان، لەڕاستیدا جیهانی راستەقینە بوونی نابیت، بەڵام ئەو گۆمان لە فەلسەفە دەکات. چونکە بەپێچەوانەی ئایدیالیست ئەڵمانییەکان بەم جۆرە بیر ناکاتەوە کە ئاگایی بنەمای واقیعییەتە. بەبۆچوونی مارکس ئەندێشە و ئاگایی لە پلەی یەکەمدا ئاوێتەی چالاکیی مادین. "ئاگایی هیچ شتێك نییە جگە لە ژیانی ئاگایانە." بەبۆچوونی مارکس، ئێمە کاتێك مرۆڤین کە بە ئازادانە و ئاگایانە بەرهەم بهێنین. ئەو ئازادی بە چەشنێك زیادبوونی داهێنەرانە لە



شتگەلێکدا دەزانێ کە لە رووی مادییەوە سەرەکی و زەروورین. مارکس لە نووسینەکانی خۆیدا ئاماژە دەکات: "ئەگەر کێشە تیرییە گرینگەکان رەگیان لە پارادۆکسە کۆمەڵایەتییەکاندایە، کەواتە چارەسەرەکەیان تەنیا لەڕێگەی سیاسییەوە دەگونجێ نەك فەلسەفی. مارکس وەك بیرمەندێکی مێژووگەرا هەوڵ دەدات باوەڕە مرۆییەکان لەدەستی هەرمانێتیی پووکەڵی مێتافیزیك رزگار بکات. بەڕای ئەو ئەوەی بەشێوەی مێژوویی ئافرێنراوە دەتوانێ بەشێوەی مێژووییش بگۆڕێت و گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەو بەنۆبەی خۆی جۆرێك زاتگەرای ئەرەستۆییشە، چونکە باوەڕی وایە کە گەوهەری مرۆیی بوونی هەیە و کۆمەڵگەی دروست دەبێ بە شێوەیەك بێت کە ئەم گەوهەرە تیایدا سەرهەڵبدات و دیارکەوێت. بەبۆچوونی مارکس ئێمە کاتێك مرۆڤی کە بتوانین لە تایبەتمەندیی جۆرەکیی خۆمان لەگەڵ دیترانددا هاوبەشی بکەین. تاکی مرۆیی و ژیانی جۆری دوو شتی جیاواز و لێك جیا نین. ئێستا لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا کارکردە کەمینەییەکانی خۆی کە بریتین لە خودمسۆگەری وجوودی جۆرەکیی ئەوە، بگۆڕێت بۆ تەنیا ئامرازێك بۆ مانەوەی ماددی. مارکس کۆمەڵگە یەك کە بە کردەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان ببن بە کۆمەڵێك تاکی بێڕیشە و هەڵگری مامەڵە پێکردن، رەت دەکاتەوە. بەگوتەیەکی تر مارکس دەیەوێ پشتگیری لە گۆڕینی مرۆڤەکان بکات بۆ بەهای سەودا و مامەڵە، چونکە لە سەرمایەداریدا هەمووشت دادەبەزێتە سەر ئاستی کاڵا و ئەگەریش شتێك هەیە تەنیا لەبەر بەهای مامەڵەییەکەیەتی.

لە بارودۆخی بازاڕدا تاکەکان وەك هەندێ یەکەی پەتی و ئەبستراکت لەگەڵ یەکدی مامەڵە دەکەن و مرۆڤەکان دەبن بە کاڵا. ئامانجی سۆسیالیزم چاککردنەوەی ئەم کەلەبەرەی نێوان بیچمی سیاسی و ناوەرۆکی

کۆمەڵایەتییە. مارکس خوازیاری لەناوچوونی مامەڵەی کاڵایی لەبەستێنی ئابووریدایە. لەم رووەوە ئەو لە بیری "سڕینەوەی بەکاڵابوون"دایە لە کەسایەتی مرۆییدا.

مرۆڤناسیی سیاسیی مارکسی ریشەی لە واتایەکی زۆر بەرفراوانی چەمکی کاردایە و دەشێ بگوترێ کە لە پەیوەندی لەگەڵ جسمی مرۆڤدا بەواتای سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە.  ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئاڵۆزتر دەبێت کاریش بەناچار پسپۆڕانەتر دەبێتەوە. مارکس ئەم دیاردەیە بە دابەشکردنی کار ناودێر دەکات. دابەشکردنی کار لەڕاستیدا نموونەیەکی ترە لە جودایی لە چینی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاك و گشتدا.

لەڕوانگەی مارکسدا، لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا شتە بەرهەمهێنراوەکان لەلایەن ئەو کەمینەیەوە کە کەرەستەی بەرهەمهێنانی بەدەستەوەیە یان چاودێری بەسەردا دەکەن، دیاری دەکرێن. مارکس دەڵێ هەر بەم هۆیە کرێکار لەکاتێکدا کار ناکات خۆی لە ماڵێدا دبینێتەوە و کاتی کار کردن هەستێکی لەو جۆرەی نییە. لەخۆنامۆیی کرێکار نەك تەنیا بەو مانایەیە کە کارەکەی بۆتە ئۆبژە، بەڵکو لێی جودا و نامۆش دەبێت. لەم رووەوە سەرمایەداریی دونیایەکە کە تیایدا سۆبژە و و ئۆبژە ئاوەژوو بوونەتەوە، شوێنێکە کە تاکەکەس بۆتە بەندەی بەرهەمەکەی و چارەنووسەکەی وابەستەیە بە بەرهەمە دەستکردەکەی ئەو. ئەم پرۆسەیە کە لەوێدا جێگەی زیندوو و مردووەکان گۆڕدراوە بەتایبەت لە شێوەی کاڵای جیهانیدا واتە پارە، روخسارێکی ئاشکرا و هەستەوەر بەخۆوە دەگرێت. " هەرچەندە پارەکەم بەهێزتر بێت من بەهێزتر و دەوڵەمەندترم." مارکس دەڵێ: "پارە سۆزانییەکی جیهانییە" کە هەموو مرۆڤەکان و هەموو تایبەتمەندییە سروشتییەکان ئاوقای یەك دەبن. بەبۆچوونی مارکس دەسەڵاتی پارە



دەکەوێتە دەست چینی سەرمایەدار چونکە ئەوانن کە کەرەستەی برهەمهێنانیان لە دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە. لەم رووەوە ئەگەر کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بکەونە خاوەندارێتیی هاوبەشەوە و کەواتە کۆنترۆڵی هەموانەوە سەرەنجام چینەکان خۆیان لەناو دەچن. ئەگەر پرۆلیتاریا دوایین چینی مێژووییە لەو رووەوەیە کە لەپاش شۆڕشی دژە سەرمایەداری ئیتر چینێك لە ئارادا نامێنێت. لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا ئێمە لە کۆتی چینی کۆمەڵایەتی رزگار دەبین. دەرفەتمان دەبێت کەسایەتییەکانمان پەروەردە بکەین، بەڵام بەهەرحاڵ شۆڕشی سۆسیالیستی نوێنەرێکی دەوێ و ئەم نوێنەرەش پرۆلیتاریایە.

## ئەلێکسی دۆتۆکڤیڵ

لە پرۆسەی تێپەڕین لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینیدا هەندێ لە باشترین بیرمەندانی ئەورووپا و ئەمریکا هەوڵیاندا ئەو گۆڕانانەی بهەوی گەشەی چاوەڕوان نەکراو و لە کوتوپڕی دانیشتوان، زانست، دەسەڵاتی ماشێن، سوودی ئابووری، بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی، زانست و پەروەردە، شارەکان، سوپا، حکوومەتەکان و بیچمە نوێیە سیاسییەکان روویان دەدا، بناسن. هەوڵ بۆ ناسین و راڤەی ئەو رووداوانە بووە هۆی دەرکەوتنی زانستەکانی مرۆڤناسی، کۆمەڵناسی، زانستی سیاسی و ئابووری. ئە لقە زانستییانە لەڕاستیدا دەرەنجامی هەوڵی روونکردنەوەی ئەو گۆڕانانە بوون کە لە جیهانی رۆژئاوا لە سەردەمی نێوان شۆڕشی فەڕەنسا و داهێنانی تەلەفۆندا روویاندابوو.

هیچکام لە دامەرێنەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەڕادەی تۆکڤیڵ قسەی لەسەر تایبەتمەندییەکانی سەدەی نۆزدەهەم نەکردووە. سەیر ئەوەیە کە تۆکڤیل گەلێ بابەتی لەسەر سەدەی بیستەمیش ئامادە کردووە. ئەو جادووگەر یان پێشگۆیەکی گەرۆك نەبوو، بەڵام بەباشی لەو تایبەتمەندییانە ئاگادار بوو. تۆکڤیڵ دەڵێ: توانای دیتنی رەنجی دیترانم نییە، بەڵام داهاتوو دەبینم."

ئەوکاتەی تۆکڤیڵ لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا قسە لەسەر داهاتووی ئەمریکا یان داهاتووی ئەورووپا دەکات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بەجۆرێك باس لە جیهان دەکات کە ئێستاکە بەهەمان شێوەیە. بۆچوونەکانی ئەو زۆربەیان کۆنن بەڵام دەزگای تیۆریی ئەو نیان و رەهاپەرێزە. یەکێك لە بەناوبانگترین پێشگۆییەکانی ئەو کە بەردەوام لە زمانی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە:



"دوو نەتەوەی گەورە لە جیهاندا هەن کە رابردووەکانیان جیاواز بووە بەڵام داهاتوویەکی هاوشێوەی یەکیان دەبێت. ئەمانە، رووسەکان و ئەمریکییەکان... یەکیان خاوەنی ئازادییە و ئەویتریان لە دۆخی کۆیلەداریدایە. ئەگەرچی خاڵی دەسپێکیان جیاوازە و رێگەیان جیایە بەڵام وادیارە هێزێکی نەناسراو و رەمزاوی بەلای یەکدا رایاندەکیشێت بۆ ئەوەی رۆژگارێك چارەنووسی نیوەی جیهان بگرنە دەست.

ئەمرۆژ، تۆکڤیڵ بیرمەندێکی بەرجەستەیە کە ئەندێشەکانی بۆ توێژینەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و کۆمەڵگە دیموکراتیکە هاوچەرخەکان، شیایانی سەرنجە. لەپاش تێپەڕینی پتر لە سەد و پەنجا ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی تۆکڤیڵ دا بەناوی (دیموکراسی لە ئەمریکا) ئەم کتێبە هێشتا یەکێکە لەو گرینگترین کتێبە کلاسیکە تایبەتانەی سەبارەت بە ئەمریکییەکان یان رەنگە بەگشتی هەموو کۆمەڵگە دیموکراتیکەکان.

شۆڕشی ساڵی ١٨٣٠ بەدوای شۆڕشی فەڕەنسادا، تۆکڤیلی بردە قووڵایی ئەو بیرەوە کە پرۆسەی ترێزهەڵنەگری دیموکراتیك، بۆ داهاتووی فەڕەنسا و ئەمریکا بەڕێوەیە.

پێشینەی ململانێ درێژخایەنەکانی چینی ئەریستۆکرات لە بەرانبەر چینی مامناوەند یان ئەو خەڵکانەی تردا کە بێ بەشن لە دەسەڵاتی سیاسی، بە مەبەستی سەرکوت و سڕینەوەی ئازادی لە درێژەی سەدە و چەرخەکاندا تۆکڤیلی نوقمی ئەندێشە کردبوو. ئەو هەوڵیدا بە سەرنجدان بە ئەمریکا وەك نموونەیەك لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك، چاوێك بەسەر ئەم هەلومەرجانەدا بخشێنێتەوە و لەم ناوەندەدا چارەی ئەورووپا بنووسێت. لەم رووەوە بیرەوەری و کارتێکەرییەکانی رووداوەکانی ساڵی ١٨٣٠ لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا لە ئەندێشەی ئەودا هەبوو. رەخنە و پێداهەڵکوتنرکانی ئەو لە ئەزموونی

ئەمریکا هەموویان لەڕووی ئەم بیرەوەرییانەوە و لە بەراورد لەگەڵ ئەواندا گەڵاڵە کرابوون. بەم حاڵەوە تۆکڤیل بە چەندین جار نکۆڵی لەوە دەکات کە لە بیری گشتاندن یان گواستنەوەی ئەزموونی ئەمریکا بۆ فەڕەنسادا بووە. بەبۆچوونی تۆکڤێل کێشەی گرینگ لە وڵاتەکەی ئەو یان لە ئەمریکا ململانێی ئایینی نییە بەڵکو فەڕەنسا و ئەورووپا بەوە گەیشتوون کە کاتی دیاریکردنی چارەنووس و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و کلتوور هاتووە. هەر لەم رووەوە تۆکڤێل داکۆکی لەوە دەکات کە فەڕەنسا و ئەورووپا دەبێ لەوە تێبگەن کە کات و مەرجێك بۆ دووپاتکردنەوەی رابردووەکان و پشت گوێ خستنی واقعییەتی دیموکراسی نەماوەتەوە. بەم پێیە خولیا دیموکراتیکەکانی تپکڤێل لەڕاستیدا وڵامی ئەوە بۆ رووداوەکانی ئەورووپا. روانگەکانی ئەورووپا سەبارەت بەوەی لە ئەمریکا پەسەندی دەکات ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە لە سیاسەت و مێژووی ئەمریکادا پەسەندیان ناکات.

یەکێك لە چەمکە ناپەسەندەکان لەلای ئەو لە دەقی ئەزموونی سیاسیی ئەورووپادا، ئەمدێشەی دەوڵەتە.

بەبۆچوونی تۆکڤێل ئەندێشەی ئەورووپایی سەبارەت بە دەوڵەت، ئیتر کارامە نییە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتیکی مۆدێرن و لەگەڵی ناگونجێت. لەم رووەوە جەخت دەکاتەوە کە "لە بۆ دونیایەکی نوێ، ئێستا پێویستیمان بە زانستی سیاسیی نوێ هەیە"، تۆکڤێل ئەم رایەی لە چوارچێوی دوو پرسیاردا دێنێتە بەرباس:

١. بۆچی ئەمریکا کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ دیموکراتە؟
٢. بۆچی فەڕەنسا لە پرۆسەی گەشەی بەرەو دیموکراسیدا تاو ئەو رادەیە بێتوانایە لە پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسیی ئازادیگەرادا؟



بەم شێوەیە خاڵی دەسپێکی تۆکڤێل تەوەری دیموکراسی یان کۆمەڵگەی دیموکراتیکە کە لە گشت بەرهەم و نووسینەکانیدا رەنگی داوەتەوە. دەشێ بگوترێ تۆکڤێل گەشتیارێکە کە بەشوێن گەوهەرێك واتە دیموکراسیدا دەگەڕێ. گەڕانەکەی ئەو هەوڵ و کۆششێکە بۆ تێگەیشتن لە چییەتیی دیموکراسی و تێگەیشتن لەم خاڵە کە هیوای بە چ شتێك بێت و لە چ بترسێت. لەم رووەوە کلیلی دیموکراسیی ئەمریکا لە تایبەتمەندیگەلێکدا دەبینێت کە هۆکاری جیاوازیی ئەمریکا لە ئەورووپان. بەبۆچوونی تۆکڤێل یەکێك لە سەرنجە گرینگەکانی سەبارەت بە ئەمریکا ئەوەیە کە ئەوان شۆڕشێکی دیموکراتیکیان تێپەڕاندووە و لە چارەنووسی هاوشێوەی فەڕەنسا کە لەژێر دەسەڵاتی ئیستبداد و هەرج و مەرجدایە، دوور دەکەوێتەوە. تۆکڤێل دەزانێ کە ئەمریکا هیچکات خاوەنی سیستەمی کۆن نەبووە یان ململانێی توندوتیژانەی نێوان سیستەمی کۆن و چینی مامناوەند لەو وڵاتە رووی نەداوە. ئەمریکا دەوڵەتێکی برۆکراتیکی ناوەندگەرایە و هەروەها بەتاڵ لە ناوچە گەورە و مێترۆپۆلەکان و ناوەندە گەورە پیشەسازییەکان. ئەمریکا بەستێنێکی گەورەی نییە و تا رادەیەك لە چینە مامناوەندە وەرزێڕەکان پێکهاتووە و ئەو هۆکارە سەرەکییە کە دەبێتە هۆی یەکسانیی هەل و مەرجەکان، لەوێ بەجێگەی دەوڵەتی سیاسی دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت. تۆکڤێل دەڵێ خەڵکی ئەمریکا لە بنەڕەتەوە هەست بە نایەکسانی لە بەرانبەر یەکتری ناکەن، لەحاڵێکدا لە فەڕەنسا چینە جیاوازەکان لەسەر جیاوازییە پێگەییەکانیان بەردەوامن. بە گوتەیەکی تر تۆکڤێل کۆمەڵگەی ئەمریکا بە دەرکەوتی پەرەسەندنی بەتەواویی پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەزانێ. بەبۆچوونی ئەو مانای دیموکراسی پێکهێنانی یەکسانییە لە هەل و مەرجەکاندا. کۆمەڵگەیەك دیموکراتیکە کە لەوێدا هەموو

تاکەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکسان بن. هەڵبەت بەرای ئەو ئەم یەکسانییە بەمانای یەکسانی لە بیرکردنەوەد یان یەکسانیی ئابووری نییە.

یەکسانیی کۆمەڵایەتی بەبۆچوونی تۆکڤیڵ بەشێوەیەکە کە هیچ چەشنە کێشە و جیاوازییەکی میراتی دەوری نەبێت یان ئەوەی گشت پۆست و پێگەکان و هەروەها هەموو پیشەکان لەبەر دەستی هەمواندا بن و ئەگەر جیاوازییەکی بنەڕەتی لە مەرجەکانی ئەندامانی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نەبێت، لەم حاڵەتەدا دەبێ حاکمییەت بە تەواوەتی لەدەستی هەموو خەڵکدا بێت. لەم ڕووەوە تۆکڤیڵ لەو بڕوایەدایە کە پێناسەی دیموکراسی تەنیا بە مانای قەبووڵکردنی یەکسانیی مەرجەکان نییە بەڵکو بەمانای قەبووڵکردنی حاکمییەتی هەموو خەڵکە کە لەسەر بنەمای یەکسانیی لە مەرجەکاندا دەوەستێت. لەم ڕووەوە ئەوەی ئەمریکا لە ئەورووپا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پڕەنسیپی حاکمییەتی خەڵك پڕەنسیپێکی بێناوەرۆك و شاراوە نییە. ئەم پڕەنسیپە لەلایەن (هەموانەوە) قەبووڵکراوە و لەڕێگەی یاساوە رەسمییەتی پێدەدرێت. بەگوتەیەکی تر رای تۆکڤیڵ لەسەر ئەوەیە کە پڕەنسیپی حاکمییەتی خەڵك لە یاساکاندا دەردرکێ و لە کاروباری رۆژانەدا لەبەرچاو دەگیرێ. لەم ڕووەوە تۆکڤیڵ باوەڕی وایە کە لەپاش پڕەنسیپەکانی یەکسانی لە مەرجەکاند و حاکمییەتی خەڵك، پێناسەیەکی سێهەمیس پێویستە و ئەویش پڕەنسیپی دارشتی دیموکراسییە کە لەڕاستیدا دەرهاوێشتەی کاریگریی رای گشتییە. رای گشتی پڕەنسیپێکە لە ئاراستەی دەستەبەرکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی دیموکراسی لە ئەمریکا، بۆ ئەوەی رای گشتی لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا کاریگەریی هەبێت هەرتاکێك ئەرکە لەسەری وەك تاکەکانی تر لە ئەرکەکانی خۆی ئاگادار بێت و بە هەمان رادەش خاوەنی دەسەڵات بێت کە گشت هاووڵاتیانی تر و شارۆمەندانی تر لە دەسەڵات بەهرەمەندن. بەم شێوەیە تاك



پهێڕەوی لە دەوڵەتی کۆمەڵایەتی دەکات چونکە یەکانگیری و یەکپارچەیی ئەو لەگەڵ هاووڵاتیاندا شتێکی سوودبەخش و پڕقازانجە بۆ ئەو.

بەم شێوەیە دەوڵەتی دیموکراتیك بە هەمان شێوە کە یەکسانیی مەرجەکان دەستەبەر دەکات رێگریشە لەوەی کۆمەڵگە بکەوێتە حێر رکێفی تاکەکان یان گرووپە سیاسییەکان. بەبۆچوونی تۆکڤیڵ دەوڵەتی تەواو دیموکراتیك وڵاتێکە کە هیچ شۆپێك لە نفووز و کاریگەرییە تاکییەکان تیایدا بەرچاو نەکەوێت. تۆکڤیڵ لەو باوەڕەدایە کە پێناسەی کۆمەڵگەی دیموکراتیك هاوپێیە لەگەڵ پێوەری یەکسانیی مەرجەکان کە دەبێتە هۆی جیاوازی ئەم کۆمەڵگەیە لە کۆمەڵگەکانی تری ناو مێژووی ئەورووپا.

لەڕوانگەی تۆکڤێڵدا هەموو کۆمەڵگە ئەورووپاییەکان هەتا بەر لە چاخی دیموکراسی وەك دەوڵەتشارە کۆنینەکانی یۆنان و رۆم، هەموان گرفتاری نایەکسانی لە مەرجەکاندا بوون و بههۆی حاکمییەتی راستەوخۆوە ئەو نفووە بەربڵاوەی هەندێ لە خێزانە دیارەکان دەیانسەپاند بەسەر خەڵکانی تردا بەڕێوە دەچوون لەلای تۆکڤێڵ لە بارودۆخی پاش رووداونی شۆڕشی فەرەنسا، ئیتر پێناچێ مۆدێرنەکان بنەماکان و هەروەها ئازادی بەپێی پێوەری نایەکسانی لە مەرجەکاندا پێناسە بکەن، چونکە ئەو گومانی وایە کە بەڕووداونی شۆڕشی فەرەنسا نایەکسانییەکان لەناوچوونی، بەگوتەیەکی تر بەبۆچوونی تۆکڤیل، ئازادی رەچاوکراوی مۆدێرنەکان ناشێ لەسەر بنەمای هەبوونی جیاوازی لە نەزمەکان و دەوڵەتەکان بێت و چونکە ئازادیی رەچاوکراوی مۆدێرنەکان لسەر بنەمای نایەکسانی لە مەرجەکاندا نییە، کەواتە دەبێ لەسەر بنەمای واقیعییەتی دیموکراتیکی یەکسانی لە مەرجەکاندا بێت کە بە بڕوای ئەو نموونە گونجاوەکەی هەمان ئەمریکایە. شتێك کە تۆکڤیل لە بواری پێکهاتەی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا بە قورسی دەخاتەژێر کاریگەریی خۆی،

رادەی بەرفراوانی ناوەندپەرێزییە لەو پێکهاتەیەدا. لەڕاستیدا ستایشی تۆکڤیل بۆ سەربەخۆیی هەرێمی و ناوەندپەرێزی لە ئەمریکا دەتوانرێ وەك رەخنەیەكی جیددی لە برۆکراسیی ناوەندگەرا لەفەرەنسا لەبەرچاو بگیرێت و ئەمە دیاردەیەکە کە تۆکڤیل لە دواین نووسراوەیدا واتە سیستەمی کۆن و شۆڕشی فەرەنسا، بە قورسی خستوویەتە بەر سەرنج و باسی لێوەکردووە

هەلومەرجێك کە تۆکڤیل لە ولاتەکەی خۆیدا دەیبینێت، هانی دەدا بۆ بیرکردنەوە لەسەر برۆکراسیی ناوەندگەرای فەرەنسا و ئەنجامە نەگریسەکەی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەمریکا ناوەندپەرێزیی سیاسی بۆتە هۆی گەشەی داهێنەرییە تاکییەکان و کۆمپانیا تایبەتییەکان. بەم پێیە ئازادییە ئەمریکاییەکان لەسەر بواری پاراستن و پەرەپێدانی ناوەند و دامەزراوە هەرێمی و ئەیالەتییەکان وەستاوە. بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تۆکڤیل تەنیا ستایشگەرێکی ناڕەخنەگر ی دیموکراسیی ئەمریکا نییە. ئەوە راستە کە دیموکراسی بەڕای ئەوان بەمانای هەولدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی ئاسوودە بۆ زۆرینەی خەڵکە، بەڵام ئەم ئاسوودەییە هەمیشە لە مەترسیشدایە. لەڕاستیدا دوو مەترسیی سەرەکی لە سەر رێی دیموکراسی هەیە:

١- هەموو دیموکراسییەکان توانای بە ئیستبدادی بوونیان هەیە، چونکە دەسەڵاتە هەرێمییەکان توانای بەرەنگاربوونەوەیان لەبەرانبەر ئیستبداددا نییە.

٢- دیموکراسییەکان حەزیان لە بڵاوکردنەوەی خایەماڵی و ماستاوچێتییە، ئەو شتەی پێی دەڵێن "خەڵك خەڵەتێنی".

بەڵام تۆکڤیل لەو باوەڕەدایە کە سروشتی ئیستبداد کە هەڕەشە لە دیموکراسیی مۆدێرن دەکات جیاوازە لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا و تا ئێستا نموونەیەکی لەو چەشنە لە رابردوودا نەبووە. ئیستبدادی مۆدێرن رەوابینتر و ئاسانگیرترە لە ئاوەڵدوانە کۆنینەکەی خۆی. ئیستبدادی مۆدێرن بەجێی



ئەشکەنجەدانی مرۆڤەکان، بەرەو دارمانیان دەبات. بە زمانی تۆکڤیل ئیستبدادی مۆدێرن رێگە لە مرۆڤەکان دەگرێت کە بەپێی خواستی خۆیان بیر بکەنەوە و هەست بکەن و کار بکەن و چارەڕەشیان دەکات. لەم رووەوە گەورەترین هەڕەشە لەسەر دیموکراسیی مۆدێرن سێنترالیزە و کەڵەکە بوونی دەسەڵات لای یاسادارێژانە. بەبۆچوونی تۆکڤیل هەندێ سازوکاری دیاریکراو لە بنکە و دامەزراوەکاندا هەن کە دەتوانن رێگە لەمجۆرە هەڕەشانە بگرن. یەکیان، سازوکاری جودایی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە: دەسەڵاتی یاسادارێژ کە بەرپرسی چاودێری و هاوئاهەنگییە، دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و حکوومەتێکی خودموختاری هەرێمییە. لەنێوان لقە حکوومەتییەکانی ئەمریکادا پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری یەکانگیر و یەکپارچەیە . تۆکڤیل تەواو لەژێر کاریگەریی ئەم راستییەدایە کە بڕیارەکانی هێزی دادوەری لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتییە و تەنیا پشت بە یاسا بابەتییەکان نابەستێت. داوەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە هەندێ لە یاساکان بە ئەساسنامەیی بزانێت و بەم شێوەیە رێگە لە جێبەجێ کرانیان بگرێت. لەم رووەوە بەڕای تۆکڤیل دەسەڵاتی دادگا ئەمریکییەکان یەکێك لە بەهێزترین و بێوێنەترین رێگرەکان لەبەرانبەر ئیستبدادی سیاسیدا پێکدەهێنێت. لەحاڵێکدا سازوکارەکانی یاسای بنەڕەتی نەتوانن بەشێوەی ئۆتۆماتیکی گەرەنتییە پێویستەکان لە بەرانبەر ئیستبداددا دەستەبەر بکەن. هەر لەم رووەوە تۆکڤیل خوازیاری پەرەپێدانی سازوکارە نائەساسنامەییەکانی وەك دامەزراندنی چاپەمەنیی ئازاد و ئەنجوومەنە خۆبەخشانەکانیشە. بەبۆچوونی تۆکڤیل رۆژنامەکان لە فەرەنسا هەرکام ئامرازی دەستی چینەکانن، بەڵام لە ئەمریکا وانییە. چاپەمەنی لە فەرەنسا بەشێوەیەكی تەواو برۆکراتیك بەرێوە دەبرێن، بەڵام لە ئەمریکا بەهۆی نەبوونی میترۆپۆلێکی ناوەندی، هۆیەکی گرینگ هەیە بۆ ناسێنتراڵ بوونی بەرێوەبردنی رۆژنامە

نوێیەکان. ئەنجوومەنەکان لە ڕۆژنامەکان پڕبایەخترن و لەنێوان دوو جۆر لەو ئەنجوومەنانەی کە هەن، ئەوانەی مەبەستی سیاسییان هەیە بایەخێکی زیاتریان هەیە. ئەنجوومەنەکان خاوەنی دوو تایبەتمەندین: هەم وەك دوو ئامرازی گرینگ لە دیموکراسیدا کاردەکەن و هەم وەك گەرەنتییەك لە بەرانبەر ئیستبدادی زۆرینە دێنە هەژمار. بەپێی بۆچوونی تۆکڤیڵ تەنانەت ئەگەر ئەنجوومەنەکان وەك کەرەستەیەکی جەماوەری بە هێزێکی مەترسیدار دابنرێن، زۆریی ژمارەکەیان لە ئەمریکا خۆی هەلومەرجێك دێنێتە ئاراوە کە مەترسییەکانی یەکتر پووچەڵ دەکەنەوە. بەم شێوەیە کاتێ تۆکڤیڵ لە ئەنجوومەنەکان و پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا دەدوێ، هۆگرییە بنەڕەتییەکانی ئەوان بۆ دیموکراسیش لەبەرچاو دەگرێت. بەبۆچوونی ئەو گرینگترین روخسارەی دیموکراسی یەکسانییە لە مەرجەکاندا. مەبەستی تۆکڤیڵ لە یەکسانی، بەشداربوون لە مافی یەکسانی پێکهێنانی سەرقاڵی و سەرگەرمییەکان، دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە پیشە و کار، مافی ژیانی یەکسان و مافی یەکسان لە بەدەستهێنانی ساماندایە. تۆکڤیڵ گرینگایەتی یەکسانی لە نەریتەکان و باوەڕەکان و یاساکانی دیموکراسی بەواتەی "تاکگەرایی" کۆبەندی دەکات و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە تاکگەرایی هەستێکی نیان و بەچێژە کە ڕێگە بۆ هەر شارۆمەندێك ئاوەڵا دەکات خۆی لە حەشامەتی هاووڵاتیان جیا کاتەوە و بتوانێ تێکەڵی کۆمەڵەی هاوڕێیان و خێزان بێت. تۆکڤیڵ دوو فاکتەری گرینگ بۆ تاکگەرایی ڕەچاو دەکات:

١- ئیمان لە کرداردا و دادوەری و هۆگرایەتیی مرۆڤەکان بۆ ئاوەزگەرایی وەك لاگیرییەکی بنچینەیی بۆ باوەڕ و ئەندێشەکانی خۆی،

٢- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆ وەك تاکە بابەتی گرینگ. ئەم بابەتە فاکتەری خودبەرژەوەندییە لە تاکگەراییدا.



هەر لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندنێك لە ئەریستۆکراسی دەدات بەدەستەوە. ئەریستۆکراسیی هەموان، لە جووتیارەوە بگرە هەتا پاشا، دەگەڕێنێتەوە بۆ چینێکی مەزن. بەڵام دیموکراسی ئەو زنجیرانە تێکدەشکێنێ و ئەم جەشنە پەیوەندییانە لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە. بەم پێیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا ئیتر مرۆڤەکان بەشێوەی سروشتی پەیوەند و پەیوەست نین بە یەکترەوە و هەریەکە و خۆی بە سەنتەر دەزانێ. لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی ئەریستۆکراسی کە حەزی بەختەوەری و ئاسوودەیی بەهۆی هەندێ کۆسپی وەك زنجیرە پلەکان و چینەکان و پەروەردەوە بەرتەسك دەبێتەوە، کۆسپێك لەئارادا نییە و حەز و ئارەزووەکان گشتی دەبنەوە. بەبۆچوونی تۆکڤیڵ مەترسییەك لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە ڕەنگە دیموکراسیخوازی بەرەو ئیستبداد و تەنانەت تاکگەرایی ڕەهاش بشکێتەوە.

پارتە سیاسییەکان و ئەنجوومەنەکان بەگشتی و بەکردەوە دەورێکی گرینگیان هەیە لە شەڕی دژی تاکگەرایی ڕەهادا. چونکە ئەوان تێدەکۆشن بۆ پەرەپێدانی ئەخلاقییات و ئەوەش پێویستی بەوەیە کە شارۆمەندان بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان نەکەنەوە و بایەخێکی زیاتر بە بەرژەوەندی و ئاسوودەیی گشتی بدەن. بەم جەشنە ئەو مۆدهێکە پەیوەندییەی پارتە سیاسییەکان پێك دەهێنن دەبێتە هۆی ئەوەی شارۆمەندان زانیارییەکی زیاتر لەسەر خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بەدەست بهێنن. تۆکڤیڵ زێدە لە پێویستیی هەبوونی ئەنجوومەنە سیاسییەکان، داکۆکی لەسەر پێویستیی پەرەپێدان و گەشەپێدانی زۆر گرووپی تر بۆ بەدیهێنانی باڵانس لە مەرجەکانی یەکسانیدا دەکات. ئەو بە گەڵاڵە کردنی پێکهێنانی ئەنجوومەنە بازرگانییەکان هەوڵدەدات بۆ داڕشتنی پلانێك بۆ جێگەگیرکردنی پێگەگەراییەکانی سەردەمی ئەریستۆکراتی. مرۆڤەکان لە چالاکیی کشتوکاڵی دادەبڕێن و سەلیقە بازرگانی

و پیشەکارییەکانی خۆیان تاقیدکەنەوە. ئەمریکاس بەبۆچوونی تۆکڤیلّ ریّگەی خۆی هەر لەم ریّچکەیەوە تیّپەڕاندووە. تۆکڤیلّ بە قەبوولّکردنی ئەم رایە پیّداگری لەسەر فاکتەری ماتریالیستیی تاکەکان لە کۆمەلّگە دیموکراتیکەکاندا دەکاتەوە و لەهەندیّ سەرنجی وەك فیتیشیزمی (fitishism) کالاّیی خورد دەبیّتەوە. بەبۆچوونی ئەو بەو مانایەیە کە شارۆمەندی ئەمریکایی هەندیّ پالّنەری لەخۆیدا هەیە کە پیّدەچیّ بەرەو ئەوینیّکی پڕتەوژم لە چیّژخوازیی مادیی بەریّت. بەپیّی بۆچوونی تۆکڤیلّ، ئایین حەز و تینوێتی بۆ دارایی و کردارەکانی حاکمییەت نیانتر دەکات و بەریّکخستنی خیّزان، بەچەشنیّکی ناڕاستەوخۆ یارمەتیی ریّکخستنی کۆمەلّگە و دەولّەت دەدات.

تۆکڤیلّ لەنیّوان رۆحی ئایین و رۆحی ئازادی لە ئەمریکا پەیوەندی و یەکانگیرییەکی سەیر و سەمەرە دەبینیّت. ئەو ئایین-ی بە "یەکەمین دامەزراوەی سیاسیی ئەمریکا" ناوبردووە و واتیّگەیشتووە کە کاتیّ پیۆریتیّنەکان لە نیوئینگلەند جیّگیر بوون نەك تەنیا باوەڕیّکی ئەندیّشەی دینییان لەگەلّ خۆیاندا هیّنا، بەلّکو خاوەنی ئەندیّشەگەلی کارامەی دیموکراتیکیش بوون. ئەو تەنانەت ئیلهامبەخشی ماکس ڤیبیّری کۆمەلّناسی ئەلّمانیشە و دەلّیّ لەنیّوان رۆحی ئایینی و رۆحی سەرمایەداری لە ئەمریکادا پەیوەندییەکی دەروونی هەیە و سەرقالّبوون بە داراییەوە پەیوەندی هەیە بە سەرقالّبوون بە خوداوەندەوە، کەواتە تۆکڤیلّ رۆحی ئایینی وەك ئامرازیّکی پەیوەندیدەر و یەکپارچەساز لە کۆمەلّگەی دیموکراتیکدا دەزانیّت کە هەویّنی دەسەلاّتی کۆنی خۆی دۆڕاندووە و دەبیّ هەویّنیّکی نویّ بدۆزیّتەوە. تۆکڤیلّ لای وایە ئایین لە ئەمریکا شیّوازیّکە بۆ هەستکردن و پەیوەست بوون بە کۆمەلّگەیەکەوە تا ئەوەی شیّوازیّکی باوەڕی بیّت.

بەکورتی لە کتیّبی تۆکڤیلّدا چوار ئەندیّشەی سەرەکی دەکەویّتە بەرچاو:



١. ئەندیّشەی دیموکراسی.
٢. ئەندیّشەی شۆڕش.
٣. ئەندیّشەی سیفەتی کۆمەلاّیەتی
٤. ئەندیّشەی خوداوەند.

مەبەستی تۆکڤیلّ لە دیموکراسی هەبوونی حکوومەتیّکی دیموکراسی، هەبوونی حکوومەتیّکی نویّنەرایەتی و لەسەر بنەمای یاسایە بە داکۆکی کردن لەسەر رۆلّی داهیّنەرانەی خەلّك. ئەم بۆچوونە دەگاتە ئەندیّسەی شۆڕش. تۆکڤیلّ لەو باوەڕەدایە ئەمریکاییەکان لە جیاوکیّکی گەورە بەهرەمەندن و بەبیّ خەسارییّ ئەوتۆ لەلایەن شۆڕشەوە بە دیموکراسی گەیشتوون. بەم پیّیە ئەوان بەجیّی ئەوەی لە رەوتی ژیاندا بە یەکسانی بگەن، هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە یەکسانن و لەڕاستیدا بە یەکسانی لەدایك بوون.

تۆکڤیلّ باوەڕی وایە کەسایەتی و سیفەتی کۆمەلاّیەتی ئەمریکاییەکان لەلایەن پەیوەندیی ئەوان لەگەلّ حکوومەت و دامەزراوە و بنکە رینگ و چارەنووسسازەکانەوە دیاری دەکریّت و سەرەنجام دیموکراسی پیّویستی بە ئایینە، چونکە چاودیّری دیموکراسی دەکات و ریّگەی لیّدەگریّت لە وەرچەرخان بەرەو ئیستبداد. ئایین بۆ دیموکراسی وەك لغاویّك وایە بۆ ئەسپ و ئەرکەکەشی ریّنوێنی و پیّکهیّنانی هاوسەنگییە.

# بێنیامین کۆنسانت

له خوێندنه‌وه‌ی باوەڕ و بەرهەمەکانی بێنیامین کۆنستانتدا هەوڵ دەدەین ئەوە دەربخەین کە رەچەڵەکی رەوتی گۆڕانەکان و بیچمگرتنی روانگەی لیبراڵی لە پرسە یەزدانی-سیاسییەکاندا لە کوێوەیە و بەتایبەتی وەڵامی ئایین بۆ ئەم پرسیارانە چی بووە.

هۆبز، چەمکی "تاك"ی بۆ چارەسەری پرسی یەزدانی-سیاسی و هەروەها پێشگیری لەو کارەساتانەی لە ناسازگاریی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتەوە (سیاسەت و ئایین) دەکەوتنەوە، داهێنابوو. ئەو لەدواییدا لەسەر بنەمای ئەو چەمکە واتە تاکی سیاسی، چەمکی رەهاگەرایی هێنایە ئاراوە. لۆك و رۆسۆ لە روبەڕووبونەوە لەگەڵ چەمکی رەهەگراییدا، پەرەیان بە روانگەی هۆبز دا، بەڵام ئەوان چەمکێکی تریان لە "تاك"ەوە داهێنا کە لە بنەڕەتەوە ئاشتیخواز و یەککگرتنخواز بوو. چەمکی تاك بووە بناغەیەك بۆ حاکمییەتێکی نوێ کە لە روانگەی هۆبزدا لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی و لەڕوانگەی رۆسۆدا لەسەر بنەمای ئیرادەی گشتی بوو.

رۆسۆ بە زەقکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانەی دەرهاوێشتەی سەرچاوەی پرهێزی لیبراڵیزم بوون، کۆتایی بە قۆناغی یەکەمی لیبراڵیزم هێنا. دووهەم قۆناغی لیبراڵیزم کە لە نیوەی یەکەمی سەددەی نۆزدەهەمدا پێی هەڵگرت، لێکچوونێکی کەمی لەگەڵ قۆناغەکەی پێشوودا هەبوو، چونکە ئەم دوو بڕگەیە بههۆی روانگەکانی رۆسۆ و هەروەها شۆڕشی فەرەنسا لێکجیا دەبوونەوە. لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەهەم، شۆڕشی فەرەنسای هەم لەڕووی دەرەنجامەکانی و هەم لەلایەن



کارکردی شۆڕشەوە قەبووڵکرد و دانی پێدا نا. زۆرینەی لیبراڵە فەرەنسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، روانگەکانی "بۆرك"یان سەبارەت بە شەرمەزارکردنی شۆڕشی فەرەنسا قەبووڵ نەکرد، ئەگەرچی خۆیان چاك و خراپی شۆڕشیان لێکجیا دەکردەوە، بەڵام لەڕووی فیکرییەوە لایەنگری شۆڕش و بەدژی رێژیمی رابردوو بوون. بە گەڕانەوە بۆ رابردوو دەبینین شێوازی رووبەڕووبوونەوانە بەلامانەوە جێگەی سەرسووڕمانن، چونکە لە رژێمی رابردوودا بەڕاستی ئازادییەکان زیاتر دەستەبەر دەکران، بەڵام لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش پاساوێکیان هەبوو بۆخۆیان. رژێمی فەرەنسا هەتا بەر لە شۆڕش بەهەر حاڵ لەسەر هەندێ پڕەنسیپ بونیاد نرابوو کە خەباتی لیبراڵیزم بەدژی ئەو پڕەنسیپانە بوو،

پڕەنسیپگەلێك کە پەیوەندییان بە حاکمییەتی رەهای پاشا و دەسەڵاتی سیاسیی کلێساوە هەبوو.

بەم حاڵەوە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەپێچەوانەی لیبراڵەکانی سەدەی هەژدەهەم بەشێوەیەکی سەیر و نائاسایی مەزهەبی بوون و هەر لەم رووەوە رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان لە روانگەی سیاسییەوە راڤە دەکرد. ئەوان هەروەها باوەڕیان بە رەگەزێك یان چەمکێکی نوێ هەبوو کە لە قۆناغی یەکەمی لیبراڵیزمدا بوونی نەبو. ئەو رەگەزەش مێژوو بوو. لەڕوانگەی ئەواندا گشتی بوونی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان کە پێشتر بەشێوەی ئیرادی و سروشتی بیچمی دەگرت ئیتر لە واتای گەوهەر و سروشتی ئەواندا جێگەی نەبوو، بەڵکو ئەمجارە لە قاڵبی چەمکی "مێژوویی" یان لە ئەندێشەی "کامڵبوونی مێژوویی"دا بیچمی دەگرت.

بێنیامین کۆنستانت، لیبراڵێکی نموونەیی سەدەی نۆزدەهەمە. ئەو دژایەتیی لەگەڵ روانگەی "حاکمییەتی بێسنوور"دا دەکرد کە لە شۆڕشی فەرەنسادا گەڵاڵە کرا. بەجێی ئەو باس لە بەستێنێکی تاکی دەکات کە بە گشتی لە دەرەوەی کەشی فیکریی شۆڕشدایە. ئەو قۆناغی یەکەمی لیبراڵیزم کە لەوێدا تاکی سروشتی

رووبەڕووی نەزمی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە قەبووڵ دەکات، بەڵام قۆناغی دووهەمی ئەو کە ئەم تاکە لەبەرژەوەندیی بیپم گرتنی حاکمییەتی گشتی و خەڵکدا ڕەتدەکاتەوە، قەبووڵ ناکات. ئەو لە بەهژەوەندیی ئازادیی نیگەتیڤدا سەرەتا لیبراڵیزمی ڕەسەن قەبووڵ دەکات و بۆ دژایەتی و بە دژی قۆناغی دووهەم کە ئازادیی پۆزێتیڤە سوودی لێوەردەگرێت. بێگومان بێنیامین کۆنستانت و کاریگەرییەکەی ئەو بووە هۆی ئەوەی ەلۆڵ بوونی ڕوانگەی لیبراڵی بەرچاو ڕووداوی شۆڕشگێڕانە بەرچاو نەکەوێت. لەلایەکەوە ئەو سەرسەختانە هەواداری شۆڕش و دژی ڕژێمی کۆنە و لەلایەکی ترەوە بە ڕەخنەگرێکی زۆر جیددی و کاریگەر لە پرسی ئەخلاقییات و ڕۆحی شۆڕشدا دێتە هەژمار.

بەبۆچوونی کۆنستانت مانای شۆڕش ململانێی نێوان سیاسەتی هەڵبژاردن و سیاستەمی میراتییە. کۆنستانت لایەنگری سیستەمی هەڵبژاردنە چونکە بەڕای ئەو ئەو سیاسەتی لەسەر بنەمای یەکسانییە و یەکسانیش بەڕای ئەو بەمانای دوایین ئامانجی مێژوویی مرۆڤ دێتە هەژمار. بەبۆچوونی کۆنستانت لووتکەی مرۆڤایەتی شتێك نییە جگە لە  یەکسانیخوازی. لەڕوانگەی ئەودا چەمکی یەکسانی ئیتر جێیەکی لە تیۆریی دۆخی سروشتیدا (کە لەلایەن لیبراڵەکانی بەر لە شۆڕشی فەڕەنساوە گەڵاڵە کرابوو) نییە، بەڵکو جێگەی ئەو لە مێژوودایە.

دەزانین تیۆریی دۆخی سروشتی وەك پێویست دەبێتە هۆی بیچمگرتنی پەیکەرەی سیاسی لەسەر بنەمانی ئەندێشەی حاکمییەتی ڕەها لەڕوانگەی کۆنستانتدا شۆڕشی فەڕەنسا ئەوەی سەلماندبوو کە لەبۆ ئازادییە سیاسییەکان ەئچ چەمکێك مەترسیدارتر نییە لە حاکمییەتی ڕەها. کۆنستانت چوارچێوەی تیۆریی خۆی بەم شێوەیە گەڵاڵە دەکات: "گەڵاڵەی پەتیی حاکمییەتی خەڵکی لەهەر حاڵەتێکدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئازادیی تاك" چونکە حاکمییەتی خەڵکی لەڕووی یاساییەوە بەمانای سەروەریی ئیرادەی گشتی بەسەر ئیرادە پاژەکی



و تاکییەکاندایە. بەبۆچوونی کۆنستانت حاکمییەت تەنیا لە بیچمێکی بەرتەسك و ڕێژەییدا بوونی هەیە. بەواتایەکی تر ئەوە قەبووڵ ناکات کە کۆمەڵگە بەشێوەی گشتی حاکمییەتێکی بێسنوور بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا بسەپێنێت، چونکە بەشێك لە ژیانی مرۆیی پێویستە بە تاکی و سەربەست بمێنێتەوە و لەدەرەوەی هەرێمی یاساداڕێژی و پیادەکردنی بڕیاری کۆمەڵگە بمێنێتەوە.

دەبێ لەوە تێبگەین کۆنستانت دژی ئەندێشەی حاکمییەت نییە، بەڵام لەگەڵ ئەندێشەی حاکمییەتی بێسنووری خەڵکیدا نییە کە ڕۆسۆ باوەڕی پێی بوو، بە پووچەڵی دەزانێت. لە ڕەخنە لە ڕۆسۆدا دەڵێ پەیمانی کۆمەڵایەتی کە تا ئەو ڕادەیە بەسوودی ئازادی بەگوێدا چەپاوە و دووپات کراوەتەوە لەڕاستیدا گرینگترین تەوەری پشتگیری لە هەموو ئیستبدادێکە. کۆنستانت دەڵێ: کاتێ ڕۆسۆ ڕادەگەیەنێ حاکمییەت هەڵگری دابەشبوون نییە یان ناتوانێ شێوەی نوێنەرایەتی بەخۆیەوە بگرێت، ئەم واتایە دروست بەم مانایەیە کە حاکمییەت ناتوانرێ جێبەجێ بکرێت. بەبۆچوونی کۆنستانت ڕۆسۆگەرایی و ئەندێشەی ڕۆسۆیی ڕەنگدانەوەی کارەساتەکانی شۆڕشی فەڕەنسایە. لەم ڕووەوە کە ئەرگێکی خەڵەتێنەری وەك چەمکی ئیرادەی گشتی دەخاتە پاڵ خۆی کە برگێکی ئەوەوە کۆمەڵە پەرچەکردارێکی وەك نەفرەتی کەسانە، بەرژەوەندیخوازییەکان و ترس هان دەدرێن و دەکارن. کۆنستانت هەروەها ئەوە دەدرکێنێت کە ڕۆسۆ زیاترین خەساری گەیاندۆتە فەڕەنسا، چونکە ئەندێشەی کۆماریی کۆنی هێناوەتە ناو سەنتەری ئاگاییە مۆدێڕنەکانەوە.

بەم پێیە بەبۆچوونی کۆنستانت بێبەختی و شکستەکانی شۆڕشی فەڕەنسا لە بنەڕەتەوە بهۆی ئەندێشەی حاکمییەتی خەڵکی ئەوەوە نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی ئەندێشەی دەوڵەتشاری کۆنینەی (ئیسپارت)ە کە ڕۆحی شۆڕشگێڕەکانی لەدەستی خۆیدا گرتووە و داگیری کردووە. ئەگەر شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکان سەرەڕای نییەتە

پاکەکەیان ببنە زۆردار، هۆیەکەی ئەوە نییە کە ئەوان کوێرانە پەیڕەوی لە لۆژیکی حاکمییەتی خەڵکی دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە لە چەمکی ئازادی بە هەمان خوێندنەوە و واتا کۆنەکەی تێدەگەن و دەخوازن لە فەرەنسای مۆدێرندا ئازادییەکی کەونارا (لەڕووی واتاییەوە) جێگیر بکەن. بەڵام کۆنستانت جیاوازیی نێوان ئازادیی کۆنینە و ئازادیی مۆدێرن چلۆن نیشان دەدات؟ دەبێ بزانین ژێدەری سەرەکیی ئەم دوونواڕییە(dichotomy) کۆنستانت دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو جۆری ئازادی کە مۆنتسکیۆ لە کتێبی رۆحی یاساکاندا دیاریی کردوون. لەم کتێبەدا مۆنتسکیۆ سەرنجی هەموان بەلای جیاوازیی نێوان ئینگلستانی مۆدێرن و ئیسپارتی کۆن رادەکێشێت. ئەگەرچی ئەو هیچکات زاراوەی "ئازادیی مۆدێرن" بەکار ناهێنێت، بەڵام ئاماژە بە چەمکێکی نزیك لەو دەکات. مۆنتسکیۆ، ئیسپارت بە جەمسەری سەرەکی و خاڵی وەرچەرخانی سیاسەت لەسەر بناغەی زانایی (فچیلت) دەزانێ. لەڕوانگەی ئەوەوە ئیسپارت دەیرێکە کە لەڕێگەی بێبەشکردنی ئەندامەکانی لە هەموو دەرفەتە مرۆییەکان، جگە لەو دەرفەتانەی پەیوەندییان بە کارکردە رەسمییە گرووپییەکانەوە هەیە، وەفادارییەکی یەکپارچەی بۆ خەڵکەکەی دەستەبەر کردووە.

کۆنستانت ئازادیی کۆنینە بە بەشداریکردنی چالاکانە و بەردەوام بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی گشتی دەزانێت. بەڵام ئازادیی مۆدێرن بەبۆچوونی ئەو جۆرێك بەهرەمەندیی ئاشتییانە لە سەربەخۆیی تاکی و تایبەتی. لە کۆمارییە کۆنەکاندا پێوەری سەرزەمین بەو مانایە بوو کە هەر شارۆمەندێك لەڕووی سیاسییەوە خاوەنی بایەخی تاکییە. بەم پێیە تەواوی خەڵك لە کاروباری یاسادارێژی، ناردنی دەنگ، دادوەرییەکان و هەروەها بڕیاری جەنگ و ئاشتیدا، دەوریان هەبوو، کەواتە ئیمتیازی ئازادیی کۆن ئەوە بووە کە هەموو خەڵکی لەڕیزەی حاکمەکان نزیك دەکردەوە. خەڵکی کۆن رەزایەتی زیاتریان لە هەبوونی کۆماریی خۆیان هەبوو و کەمتر بەهرەیان لە ژیانی تایبەتی وەردەگرت، بەڵام لەبۆ مۆدێرنەکان پێچەوانەی



ئەمەیە، نزیکەی هەموو بەهرەمەندی و ئارەزووەکانی خەڵکی مۆدێرن پەیوەستە بە ژیانی تایبەتیی ئەوانەوە و ئەو جیاوکەی ئەم ئازادی بەم خەڵکەی دەبەخشێت لەوەدایە کە نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن چونکە مۆدێرنەکان لە ژیانی گشتیی خۆیاندا بەرژەوەندیگەلێکی زۆر زووتێپەڕیان هەیە . بەم شێوەیە ئازادیی مۆدێرن شتێکە لە چەشنی توانستی کرداری پۆزێتتیڤ بە هەمان شێوەی ئازادیی سەردەمی کۆن بەڵام لەم ناوەندەدا جیاوازییەك هەیە کە لەڕاستیدا مێژووییە. ئازادیی کۆن تەنیا لە کۆمەڵگە کەم دانیشتووەکاندا کە لەڕووی واتا نیشتمانییەکانەوە و هاوشێوە لەڕووی مەزهەبییەوە دەگونجێت. بەم پێیە روونە کە کۆنستانت مەبەستی سەروەری دان بە پرەنسیپە مۆدێرنەکان بە سەر پرەنسیپە کۆنەکاندا نییە. ئەو تەنیا دەیەوێ بڵێ کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ بەختیاریی مرۆیی لە دەوڵەتشارە کۆنەکاندا بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ هەلومەرجەکانی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا. کۆنستانت وەك مۆنتسکیۆ نالێ ئازادیی مۆدێرن زێدە لە ئازادییەکانی کۆن لە سروشت و گەوهەری مرۆڤەوە نزیکن و یان ئازادییەکانی کۆن نامرۆڤانەن. ئەو تەنیا دەڵێ بەکاربردنی سیاسەتەکانی کۆن لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی مۆدێرندا خەساری جیددی بۆ مرۆڤەکان دێنێتە ئاراوە، چونکە ژیانی ئەوان تووشی دژهۆنی دەکات. کۆنستانت دەڵێ: تەنیا لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا ئەم ئەگەرە دێتە پێشەوە کە ئازادییەکانی سەردەمی کۆن وەك کەرەستەیەك بۆ پاساودانەوەی ستەم سوودیان لێوەربگیرێت.

تایبەتمەندیی پلۆرلیستیی کۆمەڵگەی مۆدێرن وەك جیاوازیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی خوازراوبوونی ئازادیی کۆن دەکاتە زەمینەیەك و بیانوویەکی گونجاو بۆ ئیستبدادی سیاسی. باسەکەی کۆنستانت لەم بوارەدا بەلایەنی زۆرەوە رووی لە شکستی تیۆریسازە سیاسییەکانی یۆنان لە دەستنیشانکردن  و پەرەپێدانی جیاوازیی مۆدێرن لە نێوان کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتدایە. چەمکی مۆدێرنی

مافی تاکی بە مەبەستی بەرگری لە جودایی نیوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی بەکار دەهێنرێت. هەر لەم رووەوە کۆنستانت دەڵێ لە کۆمەڵگەی کۆندا تاك بە تەواوی فیدا و قوربانیی کۆمەڵ دەبێت. ئەم نەبوونە گشتییەی مافی تاکی یان سەربەخۆیی کەسانە لە کۆمەڵگەی کۆندا درەهاویشتەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەوڵەتشار بوو. خەڵکی سەردەمی کۆن لەو باوەڕەدا بوون کە گشت بەها مرۆییەکان، جگە لە فەلسەفە، لە بەستێنی سیاسیدا روودەدەن. بەم پێیە شارۆمەندان بەختەوەریی خۆیان لە کاروباری شارۆمەندیدا دەبینی، چونکە جگە لەمە نەیاندەتوانی بیر لە شتێکی تر بکەنەوە. بە هەمان شێوە کە هیچ پەنایەکی باوەڕپێکراو لە بەرانبەر ئۆتۆریتەی سیاسیدا لە ئارادا نەبوو، هیچ بژارێکی باشتر بۆ بەشداریی سیاسی لەئارادا نەبوو. کۆنستانت بە روونی باس لەوە دەکات کە ناتوانێ دان بە روانگەی ئەرەستۆ بۆ " شارۆمەندیی هەمەکی" وەك سەرکەوتنێکی شکۆدار لە بەختەوەریی مرۆڤدا بنێت. کۆنستانت هەوڵدەدات لە رێگەی لادانی راڤەی گەردووناسانەی یۆنانی لە ژیانی سیاسی و سەقامگیرکردنی شرۆڤەیەکی ناگەردووناسانەوە تیۆرییەکەی ئەرەستۆ راست بکاتەوە. ئەرەستۆ گوتوویەتی "دەوڵەتشار" سەروەرە بەسەر تاکدا و شارۆمەندی بەرزترین بەختەوەرییە بۆ مرۆڤ. کۆنستانت لە ژێر کاریگەریی مۆنتسکیۆدا هەوڵ دەدات بۆ رەچەڵەك و ئاخێزگەی شارۆمەندیی کەونارا، لە بیچمێکی تەواو ناغایەتگەرایانە و نائەرەستۆییەوە روونکردنەوەیەکی تر بدۆزێتەوە. ئەو هەوڵ دەدات شێوەی دەرکی غایەتگەرایانەی کۆمەڵگە کۆنەکان لە خورافە و ئەفسوون پاکژ بکاتەوە و بەم شێوەیە چەمکی شاری کلاسیك لە راستی نزیك بکاتەوە. بەکورتی بەبۆچوونی کۆنستانت گرینگترین جیاوازیی نیوان دەوڵەتشاری یۆنانی و دەوڵەتی مۆدێرن دەرکەوتنی جیاوازییەکی بەرجەستەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی لە دەقی مۆدێرنیتەدایە. لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا ئازادبوون لە بەندی سیاسەت ئامانجێکی پۆزێتیڤە نەك



بێبەشی و بەتاڵیی رووت. کۆنستانت دەگات بەم روانگەیە و ئیدعا دەکات سیستەمی نوێنەرایەتی ، دۆزینەوە و داهێنانی مۆدێرنەکانە. بە واتایەکی تر بەڕای کۆنستانت شارۆمەندانی مۆدێرن لەبەر هۆیەکی مۆدێرن بەها دەدەن بە نوێنەرایەتی، چونکە ئەم نوێنەرایەتییە چوارچێوەیەکی بنەڕەتی بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی ئەوان لە دوورەپەرێزبوون لە بەشداریکردنی بەردەوام لە سیاسەتدا دەستەبەر دەکەن. "نوێنەرایەتی" لەگەڵ ئەوەدا کە شارۆمەندان دەرگیری ژیانی سیاسی دەکات، هاوکات رزگاریشیان دەکات لە ژیانی سیاسی. بەم پێیە بەکردەوە پەیوەندییەکی چڕوپڕ هەیە لە نێوان پرەنسیپی نوێنەرایەتی و ئازادیی مۆدێرندا. کۆنستانت لەم بارەیەدا لە رۆسۆ دوور دەکەوێتەوە. رۆسۆ، ئازادی لە چوارچێوەیەکی رەواقی یان ئیسپینۆزایی و بەواتایەی گونجانی میازەکان و توانستەکان، پێناسە دەکات. لەڕوانگەی رۆسۆدا مرۆڤ لەو کاتەدا ئازادە کە ئارەزووەکانی لەگەڵ تواناکانیدا بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزوانەی یەکسان بن. رۆسۆ بە ئیلهام گرتن لە سیستەمی ئیسپارت، بەشێوەیەکی رەشبینانە دەڵێ ئازادی لە کۆمەڵگە گەورەکاندا لەسەر دابەشکردنی کار وەستاون، ئەستەمە. کۆنستانت بەپێچەوانەی رۆسۆ ئازادی وەك کارکردی دەرفەتە لەبەردەستەکان دەزانێ و لەم بارەیەدا بایەخێك بە بەختیاری یان بەها گشتییە مرۆییەکان نادات.

کۆنستانت چەمکی ئازادی لە ئاوەڵدوانە کۆنینەکەی واتە چەمکی (خود بەڕاستگەڕاوی self-realization) جیا دەکاتەوە. ئەو نەك تەنیا ئازادی بە تەواوکەری ئامانجی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت بەڵکو بە سەرچاوەی سەرەکیی دەرفەتە بێژمارەکان دەزانێ. بەم شێوەیە ئازادی بە بۆچوونی کۆنستانت بەمانای توانایی هەڵبژاردن لە نێوان دەرفەتەکان و هەڵە زاپاسەکانە. کەسێك بە مەرجێك ئازادە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان زاپاسگەڵی گونجاو و شایانی سەرنج بخەنە بەر دەست. بەپێی بۆچوونی کۆنستانت ئازادیی بزوێنەری ئەندێشەی شەفافییەتە. شەفافییەت

بەبۆچوونی کۆنستانت کەشی گفتوگۆ و دیالۆگ و هەروەها گۆڕینەوەی ئەندێشەکانە، چونکە کاتێ ئەندێشەکان لە نێوان هەمواندا سەنگ و سووك بکرێن، ئەگەری ئاشکرا بوونی حەقیقەت و لەناوچوونی هەڵە زیاتر دەبێت. بەم پێیە ئەندێشەی شەفافییەت لە گەلاڵەی لیبراڵیزمی کۆنستانتدا بابەتێکی سەرەکییە. شەفافییەت مافێکی پیرۆزە. لە یاسای لیبراڵیدا شەفافییەت بەرۆحی حکومەت دادەنرا. ئەمە بەبۆچوونی کۆنستانت بەو مانایەیە کە شەفافییەت کاریگەرترین گەرەنتییە بەدژی حکوومەتە ئیستبدادی و سەرەڕۆکان.

توانایی شارۆمەندەکان بۆ یەکدەنگکردن و ڕێکخستنی بەرەنگاری دواگەرەنتییە کە ڕێگە لە ستاندنەوەی متمانەی خەڵك لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەگرێت.

بەم شێوەیە کۆنستانت بڕوای بە ئەندێشەی "بەختەوەریی گشتی" نییە چونکە لە مەودای شۆڕشی فەڕەنسادا ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان تاوان و خەیانەتەکانی خۆیان بەناوی خەڵکەوە ئەنجام دەدا و هەروەها ئەوەیکە ئەندێشەی بەختەوەریی گشتی بەشێوەی پۆشتە خاڵێکی نیگەتیڤ و نەرێنی لەخۆ دەگرێت چونکە هەمیشە بەرژەوەندی ڕوانگەگەلێکی لێکنەچوو لە گرووپ و شاندە سیاسییەکاندا هەیە. کۆنستانت سەرنجی خۆی دەخاتە سەر کەشی تایبەتی لەچوارچێوەی کەشی گشتیدا. ئەو بە مەبەستی سازگارکردنی وەفاداری و بڕوای کەسانە لەگەڵ ئەرکی شارستانیدا، بەرگری لە دەنگدانی نهێنی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات. بەبۆچوونی کۆنستانت تایبەتی بوون بەستێنی شەفافییەتە، بەڵام جیاکردنەوەی شارۆمەندان لە سەربەخۆیی ئابوورییان لەڕێگەی چەمکی شارۆمەندیی گشتییەوە، خەڵەتاندنی خەڵك و شەڕەنگێزییە، چونکە کاتێ سەربەخۆیی تایبەتی و ئازادی لەناو بچێت مافی سیاسیش لەناو دەچێت. هەر لەم ڕووەوەیە کە کۆنستانت پێیوایە ئازادیی شارستانی و ئازادیی سیاسی پەیوەندییەکی دوولایەنە و دەروونییان لەگەڵ یەکدا هەیە. کۆنستانت پێداگرانە داوا لە هاووڵاتییانی خۆی دەکات کە کرداری گشتییان



ئاوێتەی سەربەخۆیی تایبەتی بکەن و یەکانگیری بکەن. ئەم داوایەی بەگشتی لەو ڕووەوەیە کە کۆمەڵگە پێگەیشتوو و پێشکەوتنی شارستانییەت پەیوەندیگەلێکی نوێ لەنێوان مرۆڤەکاندا هێناوەتە ئاراوە.

بەڕای کۆنستانت مرۆڤی مۆدێرن سروشت و گەوهەرێکی نوێی بەدەست هێناوە. ئەو تەنیا لە دەقی مێژوودا نییە، بەڵکو "لە" مێژوو و "بۆ" مێژووشە. بەم پێیە تەنیا دامەزراوە مێژووییە گونجاوەکان بۆ گەوهەرێمرۆیی بریتین لە: حکومەتی نوێنەرایەتی، حاکمییەتی زۆرینە، سیاسەتی دادوەریی سەربەخۆ، ئاسانگیری و فرەمینبەریی ئایینی و ئازادیی چاپەمەنی".

ئەنجام ئەوەیە کە یارمەتی بنچینەیی کۆنستانت بۆ تەوەرە سیاسییە نوێیەکان ئەوەیە کە پاساوێکی تۆکمە و ڕێکوپێکی سەبارەت بە مەترسیی بەکارهێنانی ئاڕمانی کۆنینەی شارۆمەندێکی گشتی بۆ دۆخ و بوارە مۆدێرنەکان ئامادە کردووە. ئەندێشەی لیبراڵی ئەو بە مەبەستی خەبات بەدژی پێشێلکردنی مافی تاکی و قۆرخکردنی دەسەڵات لە دەستی دەوڵەتێکی ناوەندیکراودا، گەڵاڵەکراوە. کۆنستانت دەڵێ ستایش و پێداهەڵکوتن بە سیاسەتەکانی کۆن لە ئەورووپای مۆدێرندا بە مانای نکۆڵیکردن و بریندارکردنی سنووری نێوان کەشی تایبەتی و کەشی گشتییە.

## جۆن ستیوارت میل

جۆن ستیوارت میل نووسەرێکی چەند روخسارەیە. ئەو ئابوریزان، لۆژیکناس و فەیلەسووفی سیاسی و رۆژنامەنووسێکی تەردەستە. ئەگەرچی کتێبەکانی ئەو لە بوارەکانی ئابووری و لۆژیکدا بۆ ئەمرۆ هێندە نوێ و کارامە نین، بەڵام بەرهەمەکانی ئەو لە بوارەکانی تردا بەتایبەت لە سیاسەت و ئەخلاقدا زۆر گرینگ و شایانی سەرنجن.

هاوچەرخەکانی بە "قیدیسی ئەقڵگەرایی" ناویان هێناوە و ئەمڕۆکە ئێمە وەك لیبراڵێکی راستگۆ و گەرموگوڕ نەك قیدیس و یان روخسارەیەکی رادیکاڵی سیاسی، لەو تێدەگەین. ئەو لەم باوەڕەدایە کە هەموو مەعریفەکانی جیهان لەڕێگەی ئەزموونە هەستەکییەکانەوە بەدەست دێن. دژی ئەو فەیلەسووفانەیە کە ئیدعا دەکەن هەندێ بەشی ناسکردنی حەقیقەتی ئەنجامگیرانە و لێکدراو (drowing and conclosion)و دەروونی یان شەوودین. بەگوتەی ئەمڕۆژینکان میل کەسێکی ئەزموونگەرایە، ئەو خۆی ئەو نازناوەی قەبووڵ نەدەکرد بەڵام لەچوارچێوەی لۆژیکیی خۆیدا سوودی لێوەردەگرت. جێگەی میل لە مێژووی فەلسەفەی ئینگلستاندا لە چەقی هێڵێکی درێژ لە نەریتی ئەزموونگەراکان، لە بیکەن و لۆك هەتا بێرتراند راسێڵ و ئەی.جی. ئایێردایە. بوونی میل، لەبەر ئەو رۆڵەی لە پەرەپێدانی میتۆدۆلۆژیك و تیۆریکی مەعریفەدا هەیبووە، ئەم نەریتە ئەزموونییەی بەهێز و دەوڵەمەند کردووە. ناکرێ تیۆری سیاسیی میل لە بوارە فیکرییەکانی تری جیا بکرێتەوە. ئەو سیاسەت بە لقێکی توێژینەوەیی جیا لە لۆژیك و مێژوو و ئەخلاق نازانێ. ئامانجی ئەو ئەوەیە کە لە توێژینەوەی سیاسەت



و کۆمەڵگەدا ئەو ئەزموونانەی لە توێژینەوەی بوارە پەیوەندیدارەکاندا بەدەستهاتووە، بهێنێتە کایەوە.

سەرەتا باس لە سیستەمی لۆژیکیی میل دەکەین. لە دەورووبەری ساڵی ١٨٣٧ میل بە کتێبی دەروازەیەك بەرەو فەلسەفەی پۆزێتیڤیستی لە نووسینی ئۆگست کۆنت ئاشنا دەبێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەندێشەکانی کۆنتەوە. ئەو دوابەدوا دەست دەکات بە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ کۆنت. کاریگەریی ئاڵوگۆڕی ئەندێشەکانی نێوان کۆنت و میل بەئاشکرایی لە کتێبی (لۆژیك)ی میلدا دیارە. ناوبانگی کتێبی لۆژیکی میل زیاتر لەبەر شرۆڤە و لێکدانەوەکانی ئەوە لەسەر بەڵگاندنە ئیستقراییەکانە (inductive). میل پێنج میتۆدی بەرجەستە لە سەلماندندا دیاری دەکات (رێککەوتن، ناکۆکی، لێکدانی رێککەوتن و ناکۆکی، پاشماوەتی و میتۆدی هاوڕێیی فرەچەشن). بەم شێوەیە بەبۆچوونی میل تەواوەتی پرۆسەی سەلماندن (ئیستقرا) وابەستەیە بە ئاستی متمانەی یاسای هۆکارێتییەوە. لەو باوەڕەدایە کە گشتی بوونی یاسای هۆکارێتی جۆرێکە لە سەلماندن کە لە ئەزموونەکانی ئێمەدا دەردەکەوێت. بەم پێیە بەبۆچوونی ئەو تەنیا بێچمێکی سەلماندن کە شایانی دان پێدانانە، هەمان ئەزموونە. ئەزموون لە زاتی خۆیدا هەڵگری فاکتەرەکانی ئەو ئەندیشەیەیە کە مەرجە بۆ لۆژیك. لەم رووەوە زەین تەواو وابەستەیە بە هەستەوەرەکانەوە. لۆژیك بەواتای زانستی کارکردی زەین، دەبێ سەروکاری لەگەڵ دیاردەکانی گونجاو لەگەڵ هەستەوەرەکان بێت. بەم پێیە دان بەهیچ مەعریفەیەکدا نانرێت مەگەر ئەوەی لەڕێگەی هەستەکانەوە بەدەست هاتبێت. میل لەو باوەڕەدایە کە بەکاربردنی میتۆدی سەلماندن لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هۆی بە ئەنجام گەیشتنی دەسکەوتی توێژینەوە زانستییەکانە. میل بێگومان لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بۆ گەیشتن بە

کۆمەڵناسییەکی زانستی، لەژێرکاریگەریی ئۆگست کۆنتدایە، بەڵام هاوکات کەناڵی سوودگەراکانیشی گرتۆتەبەر.

لەساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا گرووپێکی بەرجەستەی بیرمەندە ئینگلیزییەکان کۆمەڵێك پرەنسیپی لۆژیکیان لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا گەڵاڵە کرد. جێریمی بێنتامی ریفۆرمخواز بەو ئەنجامگیرییانەی لە باسەکەی دێڤید هیومدا سەبارەت بە بەرژەوەندییە سروشتییەکان لە رەوتی سوودگەراییدا بەدەستی هێناوە پێوەرێکی تۆکمەی روونی لە سەنگ و سووکی ئەخلاقی رەوتی سوودگەراییدا دا بەدەستەوە. تیۆری ئەخلاقیی بێنتام لەسەر ئەم گریمانەیە وەستابوو کە بەدواهات و ئەنجامەکانی کردارە مرۆییەکان پێوەری سەنگ و سووك کردنی شایستەییەکانی ئەوە و جۆری ئەو بەدواهاتانەی کە پەیوەندیدارن بە بەختەوەریی مرۆییەوە لەڕاستیدا دەرهاویشتەی هۆگری چێژ و دووری لە چەرمەسەرییە. بێنتام گوتوویەتی ئەوەی ددەمێنێتەوە لەبەر سنوور و رادەی ئەم چێژەیە، چونکە بەختەوەریی کۆمەڵگەیەك بەگشتی شتێك نییە جگە لە کۆ و کەڵەکە کردنی بەرژەوەندییەکانی تاکی مرۆیی. بەم شێوەیە، پرەنسیپی "سوود" مانای دەروەستیی ئەخلاقی بە سەرنجدان بە زیاترین بەختەوەری بۆ زیاترین ژمارەی مرۆڤەکان کە لە پرۆسەیەکی زانستیدا ئامادەن، روون دەکاتەوە. سوودگەرایی، نەوەیێك پاش بێنتام کاریگەریی خۆی لە کەسایەتیی جۆن ستیوارت میلدا دەبینێتەوە. بۆچوونە سوودگەرایانەکانی میل لەڕاستیدا روونکردنەوەیەکی شیکراوەیە سەبارەت بە تیۆرییە ئەخلاقییەکانی سوودگەرایی. میل بە تەواوی هاودەنگە لەگەڵ پرەنسیپەکانی میل بە تەواوی هاودەنگە لەگەڵ پرەنسیپەکانی بێنتام سەبارەت بە زیاترین بەختەوەریی بۆ زیاترین مرۆڤەکان وەك بۆچوونێکی بنەمایی لە بەهای سوودگەراییدا، بەڵام ئەوە قەبووڵ ناکات کە گشت جیاوازییەکانی نێوان چێژەکان هەڵگری پێوانە کردن و ژماردن بن. بەبۆچوونی



میل هەندێ لە جۆرەکانی چێژ کە شێوەی ئەزموونی مرۆڤیان بەخۆوە گرتووە لەڕووی چۆنیەتییەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە و تەنیا کەسانێك کە هەردووك جۆری چێژیان تاقیکردۆتەوە دەتوانن بڕیار لەسەر چۆنیەتیی رێژەیی ئەوان بدەن، ئەمەش بەهای ئەخلاقیی چێژە مەزنترەکانی ناو بوونەوەرەکان ئاشکراتر دەکات.

چ شتێك خەڵك بۆ دروستکاری هاندەدات؟ میل دەڵێ رێککەوتنی گشتی سەبارەت بە رۆڵی بەها ئەخلاقییەکان یارمەتیی بەرەو پێش بردنی دروستی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەدات، بەڵام میل بەپێچەوانەی بێنتام خۆی بە بەها کۆمەڵایەتییە داسەپاوەکان لە دەرەوە لە بواری شەرم و تۆڵەدا کە دەرەنجامی کردارە نادروستەکان بەژانتر دەکەن، بەرتەسك ناکاتەوە. لە روانگەی میلەوە مرۆڤ بە بەهاگەلێکی دەرەکیی تری وەك ویژدان و هەستکردن بە تاوان رادەچڵەکێ، چونکە ئێمە هەستێکی کۆمەڵایەتیمان سەبارەت بە دیتران هەیە، ئارەزووە ناخۆپەرستانەکان بۆ بەختەوەریی هەموان زۆرجار بۆ ئێمە شێوەی نموونەیەکی ئەخلاقی بەخۆوە دەگرێت، تەنانەت ئەگەر ئەویتر بههۆی کارە نادروستەکانمەوە سەرزەنشت یان سزای من نەدات، من خۆم سەرکۆنە دەکەم و ئەم هەستە ناخۆشە پاشهاتێکی بەژانی بۆ من هەیە.

هەروەها بەڕای میل باشترین بەڵگە بۆ خوازراویی بەختەوەری ئەوەیە خەڵك بەڕادەیەك مەیلیان بۆی هەیە و چونکە هەموو تاکێکی مرۆیی حەزی لە بەختەوەریی خۆیەتی. ئەنجام ئەوەیە کە ئێمە هەموان پێمان خۆشە هەمووکەس بەختەوەر بێت. میل سەرەنجام دەڵێ کارکردە کۆمەڵایەتییەکانی سوودگەرایی لەگەڵ تەوەری نەریتیی باڵاکردنی دادگەری یەك دەگرنەوە. دادگەری بریتییە لە رێزدانان بۆ خاوەندارێتی و لەبەرچاوگرتنی مافی تاکە شارۆمەندەکان لە کەڵك وەرگرتن لە پرەنسیپی سوودگەراییدا، گشت ئەم رەگەزانەی دادگەری لەئاستی

پێویستدا دەپارێزرێن و لەبەرچاو دەگیرێن. میل هەروەها پێداگری دەکاتەوە کە کەڵکوەرگرتنی سنووردار و گونجاو لە یاسا یاساغە دەرەکییەکان لە بواری سوودگەراییدا سازگاری و هاوئاهەنگییەکی باشتری لەگەل ڕێزی ڕەسمی بۆ ئاسوودەیی گشتی هەیە. بەبۆچوونی ئەو بەرگری لە ئازادیی مرۆیی بەتایبەت بۆ ژیانی دادگەرانە زۆر پێویست و حەیاتییە.

ئازادی، تەوەری سەرەکیی شاکارەکەی میل واتە کتێبی (وتارێك لەمەڕ ئازادی)یە کە لە ساڵی ١٨٥٩ بە چاپی گەیاندووە. ئەم وتارە نەك تەنیا بەرگری لە چەمکی ئازادیی نەریتیی لۆك دەکات بەڵکو دەقێکە کە تیایدا ئەندێشەی ئازادی بە باشی پەرەی ستاندووە. لەلای لۆك و لیبراڵەکانی هاوئاراستەی ئەو مەبەست لە لیبراڵیزم بەرگری کردن لە سەربەخۆیی تاکە لە بەرانبەر دەستتێوەردانی حاکمە ئایینی و نائایینییەکاندا. بەڕای ئەوان ئازادیی سیاسی لەڕاستیدا هەمان ئازادیی تاکێتیی ئازادە، بەڵام لەلای میل وانییە. ڕەسەنایەتیی کتێبی "وتارێك لەمەڕ ئازادی" لەم ڕاستییەدا حەشارە کە چەمکی ئازادیی کۆمەڵایەتیش زیاد دەکاتە سەر بەستێنی ئازادیی سیاسی.

میل بە هەمان شێوەی پێشینەکانی خۆی باوەڕی قورسی بە ئازادی لە بەندی دەوڵەت هەیە، بەڵام لە هەر شوێنێك کە لەم باوەڕەی دەدوێت پێ لەسەر ئەم خاڵە دادەگرێ کە ئازادی هەر بەو ڕادەیە بایەخدارە کە جەبر و زەرووڕەتە کۆمەڵایەتییەکان. میل، "وتارێك لەمەڕ ئازادی"ی لە کات و شوێنێکدا بەچاپ گەیاند کە سنوورە داسەپاوەکان لەلایەن دەوڵەتەوە کەـ بەڵام سنوورە داسەپاوەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە زۆر بوون. لەم ڕووەوە میل لە یاسا تۆمارنەکراوەکان و گوشارەکانی ڕای گشتیدا تووخمێك لە سنووربەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت کە بەڕادەی خودی دەوڵەت بەهێزن. بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵگەیەکی شارستانیی ڕەسەن دەبێ هەمیشە ئازادییە شارستانییەکان لە بۆ شارۆمەندەکانی خۆی



دەستەبەر بکات و ئەم ئازادییانە لە بەرانبەر دەستتێوەردانەکانی هەر دەوڵەتێکدا بپارێزێت. ئەم بابەتە تەنانەت لە کاتێکیشدا کە حکوومەت خۆی لەسەر بنەمای بەشداریکردنی خەڵك دامەزرابێت هەر دیسان ڕاستە. بەبۆچوونی میل ستەم و ئیستبدادی زۆرینە، بەتایبەت بۆ ئازادییە تاکییەکان جێگەی مەترسییە. میل ئاماژە بەوە دەکات باوترین شێوەی چارەسەر ئەوەیە داوا لە کەمینە بکرێ زۆرینە ڕازی بکەن ڕوانگەکانی خۆیان بگۆڕن یان فێر بن سازگاری و هاوئاهەنگی بکەن لەگەڵ نۆرمە جێکەوتووە کۆمەڵایەتییەکاندا.

میل باڵانسی نێوان ئازادیی تاکی و دەسەڵاتی حکوومەتی بەشێوەیەکی تر گەڵاڵە دەکات. بەپێی بۆچوونی ئەو دەسەڵات تەنیا لەبەر یەك ئامانج دەبێ بەشێوەیەکی دروست و دادگەرانە بەسەر کۆمەڵگەدا جێبەجێ کرێت و ئەو ئامانجەش پشتگیری لە خەسارگەیاندن بە دیترانە. هەرچەندە دەسەڵات بەرپرسایەتییەکی ڕوون و دیاریکراوی لە ئەستۆیە لە پاراستنی شارۆمەندان لە بەرانبەر شکاندنی سنوورەکانی یەکتردا، بەڵام کارێکی تری نییە بەسەر کارەکانی تریانەوە کە ئەنجامی دەدەن. میل، تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە پرسی ئازادییەوە هەیە پاژ بە پاژ هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ئازادییەوە هەیە و هاوپەیوەندن بە چەمکی نەریتی ژیانەوە و هەروەها ئازادییەکانی پەیوەندیدار بە پرسی بەختەوەرییەوە، دێنێتە بەر باس.

بەم شێوەیە ئازادیی ئەندێشە و باوەڕ و ڕادەربڕین (چ گشتی و چ تایبەتی) و ئازادی کردەوەی تاکی بەشێوەیەك گەڵاڵە کراوە کە خەسارێك لەسەر ئازادیی ئەوانی تر و زیانێك تووشی ئازادیی شارۆمەندان نەکات. حەقیقەت لەڕێگەی ئازادی ڕادەربڕینەوە بەردەوام دەبێت و لە بێنەوبەرەی بیروڕا دژبەرەکاندا، تۆکمەتر و بەهێزتر دەبێتەوە. میل بە داڕشتنی بنەمای تیۆرییە بونیادییەکەی خۆی هەوڵی وەسف و دانپێدانانی هەرکام لە چەمکەکانی ئازادی داوە کە ناوی دەبردن.

١- میل ئاگادارمان دەکاتەوە کە حەقیقەت تا ئەو جێیەی بگونجێ پێویستی بە پشتیوانی هەیە. بەبۆچوونی ئەو حەقیقەت هیچکات ڕەها نییە. حەقیقەت ئەو لێکدانەیە کە لە کێشمەکێشمی دژبەرەکانەوە بەدەست دێت.

٢- ئازادیی کردەوە بەڕادەی ئازادیی ئەندێشە بەربلاو و پەرەدار نییە، چونکە کردەوەی ئەوانی تریش دەگرێتەوە.

٣- میل لە ئەنجامدا ئاماژە بە دوو نموونە دەکات کە بەڕای ئەو دەتوانن بونیادی تیۆریی سەرلەبەری "وتارێك لەمەڕ ئازادی" بن.

أ. تاك تەنیا بههۆی زیندووبوونیەوە بەهایەکی بۆ کۆمەڵگە نییە.

ب. بەڵام تاك دەتوانێ کاری وا بکات بۆ بەرژەوەندیی دیتران زیانبار یان بەنرج بێت و لەبەر ئەوەی دەتوانێ سەرچاوەی ئەم جۆرە کردەوانە بێت بایەخی پێدەدرێت.

پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت میل تەنیا بایەخ بە ئازادیی تاك نادات، بەڵکو بایەخ بەو سنوورە بنچینەیی و پێویستانەش دەدات کە دەبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بخرێنە سەر ئازادیی تاك، بەڵام میل لەنێوان بەهای باوەڕە دژبەرەکان و مەترسیی کاریگەری کەسانێك کە بههۆی بەتاڵی لە ئامرازی فیکرییەوە بەرپرسیارێتیی سیاسییان نییە، جیاوازی دادەنێت. ئەو لەم بوارەدا سێ گریمانە دەخاتە بەردەست:

١- دەتوانرێ خەڵکی ئاسایی رابهێنرێن بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی سیاسی.

٢- کەسانێك کە بە پەیڕەوی و گوێڕایەڵی کردن بۆ حکوومەت رازین، ژمارەیەکی بەرچاو و چارەنووسساز پێکدههێنن.

٣- تەنیا ئەو ژمارە کەمەی بڕوایان بە حکوومەت نییە، ناڕازین لەو دەسەڵاتەی کە خەڵك لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەخشیویانە بە حکوومەتەکان.



ئەگەر دان بە هەبوونی هەرچەشنە جیاوازییەکی راستەقینە لەنێوان "حکوومەت لەبۆ خەڵك" و "حکوومەت لەلایەن خەڵکەوە"دا بنێین ئەم تێبینییەی میل بەو مانایەیە کە خەڵك توانای پاراستنی کۆمافی خۆیانیان نییە. ئەم پرسە سەرنجمان بۆلای باسەکانی میل لە کتێبی " چەند تێبینییەك لەسەر حکوومەتی نوێنەرایەتی" رادەکێشێت کە لەڕاستیدا کۆبەندی ئەو بۆچوونانەیە کە میل لە بەرهەمەکانی خۆیدا گەلاڵەی کردوون. میل لە نووسینی ئەم کتێبەدا سەرنجی خۆی زیاتر دەخاتە سەر کەڵکەڵەکانی پڕەنسیپە بنچینەییەکانی حکوومەت تا پەرەپێدان بەو پڕەنسیپانە. بەم شێوەیە بەهای گشتیی ئەو کتێبە تەنیا لە پەیوەندی ئەو لەگەڵ سوودگەرایی و ئازادیدایە. چونکە تەنیا کاتێك دەتوانرێ تێبینیی گونجاو بۆ بیچمێکی شەفاف لە حکوومەت و گونجاو لەگەڵ نیازەکانی خەڵکدا لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم بابەتانە و گرینگایەتییەکانیان لە زەینی خەڵکدا روون کرابێتەوە. میل لە راڤەکانی خۆی سەبارەت بە کارکردە گونجاوەکانی حکوومەتدا، جەخت لەسەر چییەتیی دینامیکی چاودێرییە حکوومەتییەکان دەکاتەوە. لەڕوانگەی ئەودا هەرچەندە رادەی هۆشیاری و هاندەرێتی و لایەنگرێتیی خەڵك زیاتر بێت، حکوومەت پێویستییێکی کەمتری هەیە بە گەرەنتی کردنی پێشکەوتن.

دووهەم پێوەر بۆ حکوومەتێکی باش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی پراکتیکیی ئەو حکوومەتە و بەرزبوونەوەی چۆنیەتیی ئەو. ئەو بیچمە لە حکوومەت کە لەگەڵ ئەم پێوەرە دەگونجێت حکوومەتێکە کە لەوێدا شارۆمەند هەم خاوەنی دەنگ و مافە و هەم خاوەنی ئەرك و بەرپرسیارێتی. بەبۆچوونی میل، سێ مەرج هەیە کە بەپێی ئەوان حکوومەتی نوێنەرایەتی ئەگەری پراکتیزەبوونی هەیە.

١. خەڵك خوازیاری بن و پێی رازی بن.

٢. خەڵك بتوانن بیپارێزن.

٣. خەڵكی بەتوانا بۆ پاراستنی ﴿حكوومەتەكە﴾ ئەركەكانی سەرشانیان ئەنجام بدەن.

لەم رووەوە مەبەستی میل لە حكوومەتی نوێنەرایەتی چەشنێك لە حكوومەتە كە لەوێدا هەموو یان لانیكەم بەشێك لە خەڵك بتوانن لەرێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەكانی خۆیانەوە چاودێریی حكوومەت بكەن. بەڕێوبەرایەتی راستەقینە و پراكتیكی دەكەوێتە دەست شارەزایان بەڵام چاودێریی كۆتایی دەبێ لەلایەن نوێنەرانی تەواوی خەڵكەوە ئەنجام بدرێت. ئەوان بەڵێنی ئەوەیان داوە كە تەواوەتی خەڵك ئاگادار بكەنەوە و ئەو بەرپرسانەی توانایی بەڕێوەبردن و ئیدارەكردنی بواری بەرپرسیارێتییەكەی خۆیانیان نییە لەكار لادەدرێن یان داوای روونكردنەوەیان لێدەكرێت. لەحكوومەتی نوێنەرایەتیشدا هەروەك هەموو مۆدێلەكانی تری حكوومەت مەترسیگەلێك لە ئارادا هەیە كە بریتین لە:

١. ئەو مەترسییانەی لە كەمتەرخەمی و بێتوانایی خەڵكەوە سەرچاوە دەگرن.

٢. ئەو مەترسییانەی لە وابەستەی نوێنەرەكان بە بەرژەوەندیگەلێكەوە كە سازگار نین لەگەڵ ئاسوودەیی گشتیی كۆمەڵگەدا، سەرچاوە دەگرن.

سازوكاری بەرگریی خەڵك لەسەر بنەمای رەزامەندی و خواستی ئەوانە لە ئاگادار كردن و چاودێریدا و ئەگەر ئەوان تێگەیشتنێكی راستەقینەیان لە دیموكراسی هەبێت دەتوانن ئەم ئامانجانە بپێكن و رێگە لە گومراییەكان و خراپ تێگەیشتنەكان بگرن.

بەبۆچوونی میل ئەگەری دوو جۆرە تێگەیشتن لە ناوی دیموكراسی هەیە.

ئەندێشەی نابی دیموكراسی لەمەدا كورت دەبێتەوە كە حكوومەت ەی هەموو خەڵك بێت و بەدەست هەموو خەڵكەوە بێت و بەشێوەیەك لە شێوەكان دەستیان تیایدا هەبێت. ئەندێشەی دیموكراسی لە مانا گشتییەكەیدا بریتییە لە



حكوومەتی هەموو خەڵك لەلایەن زۆرینەی خەڵكێكەوە كە مافی یەكسانیان تیایدا هەیە.

چوارچێوەی تیۆریكی دیموكراسی لەڕوانگەی میلدا، لەڕاستیدا دەرهاویشتەی مۆدێلی پێشنیاریی ئەو بۆ پڕەنسیپی "بەختەوەری حكوومەتی" یە:

١- ئاستی ئەو سەرنجەی بۆ بەهرەمەندی لە چۆنییەتییە گونجاوەكان لە ئاراستەی پارێزگاری لە حكوومەت دەدرێتە حكوومەت.

٢- رادەی ئەو مەیلەی بەرەو زیادكردنی ئاستی چۆنیەتییە گونجاوەكان بۆ راهێنانی شارۆمەندان و نوێنەرەكانیان نیشان دەدرێت.

میل، بۆ پراتیككردنی ئەم پێوەرە گرینگی بەم دوو پڕەنسیپەی ژێرەوە دەدات:

١. پڕەنسیپی بەشداریكردن كە پێویستی بە هاوكاریكردنی هەرچی زیاتری شارۆمەندان هەیە بۆ بەرزكردنەوەی ئامانجەكانی راهێنان لەسەر پاراستنی حكوومەت.

٢. پڕەنسیپی ركابەرایەتی كە بایەخ دەدات بە لێوەشاوەیی و نفووزی شارۆمەندە شارەزاتر و كارامەترەكان و لەم باوەڕەدایە كە هەرچەندە رادەی پسپۆڕی زیاتر بێت دەتوانرێ ئامانجەكانی راهێنەری-پارێزگەرانە بەرزتر بكرێنەوە.

بەم شێوەیە، پرسی میل ئەمەیە كە چلۆن ئەم دوو پڕەنسیپە پێكەوە سازگار بكات و بیانخاتە پاڵ یەك. دەشێ لە دوو رێگەوە ئەم دوو پڕەنسیپە لە ژیانی سیاسی پڕاكتیكیدا لێكبدرێت بەكار بهێنرێت:

١. باڵانسی نێوان بەهاكانی ركابەرێتی و بەشداریكردن كە دەتوانرێ لەهەركات و ساتێكدا لەڕێگەی دامەزراوە سیاسییەكانەوە ئەنجام بگرێت.

٢. دەتوانرێ لەڕێگەی وردەوردە باشتركردنی ركەبەرێتی شارۆمەندان و راكێشانی ئەوان بەرەو بەشداریكردن، ململانێی نێوان بەهاكانی ركەبەرێتی و بەشداریكردن دابمركێنرێت.